# ئەنتوان چێخەف

## لە پلاتۆنۆڤ-ەوە بۆ باخی گێلاس

# ئەنتوان چێخەف

## لە پلاتۆنۆڤ-ەوە بۆ باخی گێلاس

دانا ڕەئووف

٢٠١٧

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨٢٤)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.info

■ ئەنتوان چێخەف لە پلاتۆنۆڤ-ەوە بۆ باخی گێلاس

نووسینی: دانا ڕەئووف

بابەت: لێکۆڵینەوەی شانۆیی

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٦٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٣٤٢)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

■مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

ISBN 978-91-639-3116-1

## پێڕست


**سەرەتایەک** ........................................ ١٥

**بەشی یەکەم**

دەروازەیەک بۆ ناساندنی چێخەف، وەک شانۆنامەنووسێک .... ٢٥

**بەشی دووەم**

ئەنتوان پاڤلۆڤیچ چێخەف، بیۆگرافیا ........................................ ٥٣

**بەشی سێیەم**

پلاتۆنۆڤ، دەروازەیەک بۆ شانۆنامەکانی چێخەف .................. ٦٩

پلاتۆنۆڤێکی بڵاونەکراوە ........................................ ٧١

هێڵی گشتیی ڕووداوەکان ........................................ ٧٤

دەستپێکی شانۆیی ........................................ ٧٦

چێخەفێکی بێ ئەزموون ........................................ ٧٨

پلاتۆنۆڤ لە پلاتۆنۆڤدا ........................................ ٨٣

چوار ئافرەت و پلاتۆنۆڤێک ........................................ ٨٤

**بەشی چوارەم**

نەورەس دیدێکی کۆمیدی بۆ تراجیدیای ژیان ......................... ٩٣

نەورەس لەسەر شانۆی هونەری مۆسکۆ ................................ ٩٧

هەموویان عاشقی کەسێکی هەڵەن ........................................ ١٠٠

ڕووکاری دەرەوەی ڕووداوەکان ........................................ ١٠٥

هونەر و خۆشەویستی ........................................ ١٠٦

ئەرکادینا، دایک/ئەکتەر ........................................ ١١٢

مۆتیڤەکان و گەشەی ڕووداو ........................................ ١١٤

سەفەر وەک ئامرازێکی دراماتۆرگی ........................................ ١١٩
کەنستەنتین و نینا و ئەرکادینا... ................................................ ١٢١
نەورەس لە هاملێتدا ................................................................. ١٢٨
سێکوچکەی مۆتیڤەکان ........................................................... ١٣٠
سمبۆلی باڵندەیەک لەنێوان ئیبسن و چێخەفدا ........................... ١٣٤

**بەشی پێنجەم**

خاڵە ڤانیا، ژیانی لادێ بەرجەستەی تەوژمی ئازارەکانی مرۆڤ دەکات ١٣٥
لەدەستدانی ڕۆح ...................................................................... ١٣٩
سەردانێکی چاوەڕوانکراو ......................................................... ١٤١
بە کۆیلەکردنی کۆمەڵگە ............................................................ ١٤٣
ململانێی ژیان ......................................................................... ١٤٦
خۆشەویستی لە بازنەیەکی داخراودا ......................................... ١٤٧
سێکوچکەیەکی درامی ............................................................. ١٤٩
کارکردن وەک شووناسی مرۆڤ ............................................... ١٥٠
پێوەندییەکان لە مەسەلە خودگەراییەکانەوە ............................. ١٥٤
دوکتۆر ئەستروٚڤ و قەیرانێکی ڕۆحی ..................................... ١٥٧
سۆنیا/یلێنا و پێوەندییەکی دووفاق ......................................... ١٦٠
مۆسیقای ژیان و کۆتایی پەردەی دووەم ................................ ١٦٢
مۆسیقای ژیان و کۆتایی پەردەی دووەم ................................ ١٦٤
سەرەتایەک بۆ تێکشکاندنی ڤانیا ............................................. ١٦٥
فیشەکێک بە پووچگەرایی ژیانەوە ............................................ ١٦٧
کارکردن و کەوتنی مرۆڤەکان ................................................... ١٧١
ماڵئاواییەکی پڕ لە ئازار ........................................................... ١٧١
سمبۆلەکان و دابڕانێکی تەکنیکی ............................................. ١٧٤
دوا مەنەلۆژ و ڕاڤەیەکی دینی ................................................. ١٧٧

**بەشی شەشەم**

سێ خوشک، درامایەک و خاڵی بەر لە کۆتایی ........................ ٧٩
یەکەم خوێندنەوە لە مۆسکۆ ...................................................... ١٨٢
سرووش و مۆتیڤەکان ............................................................ ١٨٤
یەکەم نمایشی سێ خوشک ....................................................... ١٨٥
گەمەی دەسەڵات و ڕەوتی ڕووداوەکان ................................. ١٨٦
ڕێگەیەکی تر بۆ ژیان ................................................................ ١٨٩
ڕۆڵی سوپا و ژیانی سێ خوشکەکە ....................................... ١٩٣
خەونێکی هاوبەش .................................................................... ١٩٧
ئاگرەکەی پەردەی سێیەم و عەشقێکی بێ هیوا ....................... ٢٠٠
خۆشەویستییەکان جیاوازن ........................................................ ٢٠٤
هاوسەرگیرییەکی هەڵە و گۆڕینەوەی ڕۆڵەکان ....................... ٢٠٧
ڤێرشینین و توزینباخ ................................................................. ٢١٢
سمبۆلی ڕەنگەکان و سێ خوشکەکە ....................................... ٢١٥
دیدێکی ئایندەبینی .................................................................... ٢١٩
دەرکەوتنی کارەکتەرەکان بەر لە دەرکەوتنیان ........................ ٢٢٠
پزیشکەکانی چێخەف ................................................................. ٢٢٢
چەمکی کات و هێزی دەنگ ........................................................ ٢٢٦
دیدێکی کۆتایی ......................................................................... ٢٢٨

**بەشی حەوتەم**

باخی گێلاس، کۆمیدیایەک و کۆتایی بازنەکە ........................... ٢٣١
تراجیدیا لە فۆرمی کۆمیدیادا ..................................................... ٢٣٤
تراجیکۆمیک .............................................................................. ٢٤٠
باخی گێلاس لە چوار پەردەدا ..................................................... ٢٤٢
دەروازەیەکی شیکاری ................................................................ ٢٤٣
ڕۆنانێکی درامیی لێکچوو ........................................................... ٢٤٦
بەرەو سمبۆلیزم ......................................................................... ٢٤٨

ژووری منداڵەکان ........................................................ ٢٤٩
مانایەکی فرەمەودا ........................................................ ٢٥٣
کاتێکی بزۆز و جووڵەی مێژوو ........................................ ٢٥٨
کێشەی چینایەتی ........................................................ ٢٦٢
دوو کچ و دوو چارەنووسی جیاواز ........................................ ٢٦٥
ڕەوشی جوولەکەکانی ڕووسیای تسار ........................................ ٢٦٦
سروشت و گەمەی لیبوکەکان ........................................ ٢٦٨
لەپاخین/ترەفیمەڤ و هاوکێشەیەکی دووفاقیی دژ بەیەک ........ ٢٧٢
ئاستی ڕاستییەکان و چەمکی گوێزانەوەی دەسەڵات .............. ٢٧٨
ماڵئاوایی و کۆمەڵگەیەکی ڕوخاو ........................................ ٢٨١
ڕێژەی نەگۆڕ ........................................................ ٢٨٥
ڤاریا/لەپاخین ........................................................ ٢٨٦
کۆتاییەکان و مەودایەکی قووڵ ........................................ ٢٩٠

**بەشی هەشتەم**

شانۆنامەکانی چێخەف: دیدێکی گشتگر ........................................ ٢٩٣
کات و شوێن ........................................................ ٢٩٧
سمبۆل ........................................................ ٣٠٠
ململانێ ........................................................ ٣٠٣
دیالۆگ و هەژموونی بێدەنگی ........................................ ٣٠٦
خاڵی گەیشتن و ماڵئاوایی ........................................ ٣٠٨
لە چاوەڕوانیی شتێکدا ........................................................ ٣١٠
هەژموونێکی نادیار ........................................................ ٣١١
کۆتاییەکی کراوە ........................................................ ٣١٤

**بەشی نۆیەم**

ئێمە و چێخەف، دیدێکی کۆتایی و دوا پەیڤی ئەم کتێبە .......... ٣١٥

**پاشکۆکان** ........................................................................ ٣٣٣
١-دوای سەد ساڵ، گەشتێک بۆ لای چێخەف .......................... ٣٣٥
یادی سەد ساڵەی کۆچی چێخەف ......................................... ٣٣٦
یاڵتا و چێخەف ...................................................................... ٣٣٧
خانووە سپییەکە ..................................................................... ٣٣٨
سەردانی ماڵی چێخەف ........................................................... ٣٣٩
شانۆی هونەری مۆسکۆ لە یاڵتا ................................................ ٣٤٢

**پەراوێزەکان** ..................................................................... ٣٤٦
٢-خۆشت بوێم و بنووسە
نامەی خۆشەویستیی نێوان ئەنتوان چێخەف و ئۆلگا کنیپەر ... ٣٤٩
٣-دەقە شانۆییەکانی چێخەف بەپێی مێژووی نووسینیان ........ ٣٦٠

**سەرچاوەکان** ..................................................................... ٣٦١



له ژیـانه واقیعیـیەکەدا، مـرۆڤ له هەمـوو چرکەسـاتێکدا سەرقاڵی یەکترکوشتن یان خۆهەڵواسین نین، هەروەها هەموو کاتێک خواستی خۆشەویستی خۆیشان دەرنابڕن. هەموو کاتی خۆیشیان بۆ ئەوە تەرخان ناکەن، باسی شتی ژیرانە بکەن، بەڵکو ئەوان زیاتر خەریکی نانخواردن، خواردنەوە، چاوچاوێن و گـوتنی شـتی بێمانـا و توورەهـاتن_ ئەمەیـش ئەوەیە، کە دەبێت لەسەر شانۆ ڕوو بدات. دەبوایە دەقێک نووسرابا، کە مرۆڤەکان بێن و بڕۆن، نان بخۆن، باسی ئاووهەوا بکەن و خەریکی یاریی کاغەزێن بن. ژیان دەبێت ڕێک وەک ئەوە وا بێت، کە هەیە و مرۆڤەکانیش هەر ڕێک وەک ئەوە بن، کە هەن. دەبێـت لەسـەر شـانۆیش هەمـوو شـتێک گرێکـوێرە و هاوکـات ئاسـان و سـادە بـن، وەک ئەوەی لە خـودی ژیـان، خۆیدا، بەو جۆرەن. خەڵک لەسەر شانۆ ژەمەکانی ڕۆژانەی خۆیان دەخۆن و لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا بەختەوەر دەبن، یان ژیانیان وێران دەبێت.

ئەنتوان چێخەف

## سەرەتایەك

چـێخەف هەمیـشە وەکـو هێزێکـی گەورە بـۆ لای خـۆی ڕایکێـشاوم، لە چێخەفـدا ژیـانم جـوانتر بینیـوە، شـانۆم لە چێخەفـدا بە شـێوەیەکی تـر دۆزیـوەتەوە، کە لای هـیچ شانۆنامەنووسێکی تر بەو شێوەیە نەمدیوە. چێخەف، بۆ من، ئەو سەرەتایە بوو، کە هەمیشە دەگەڕێمەوە سەری و شتێکی تـری سـەبارەت بە ژیـان لێـوە فێـر دەبـم، دیـدێکی تـرم پـێ دەبەخشێت و زیاتر لە شانۆ و ڕۆڵی شانۆ دەگەم. چێخەف بۆ من لە زۆر ڕووەوە لە شەکسپیر گەورەتر، یان هاوشانی ئەو بووە و وەک دوو هێزی گەورە پرۆسەی شانۆیان دەوڵەمەند کـردووە، دونیایەکیـان بـۆ شـانۆ خوڵقانـدووە، کە بەبـێ ئەوان لەشانۆگەیـشتن زەحـمەتە. لەگەڵ ئەوەیـشدا چـێخەف تـا ساڵەکانی جەنگیی جیهانی دووهەم لەسەر شانۆکانی ئەورووپا زۆر بە کەمـی نمـایش کـراوە و تـەنیـا لای چەنـد شـانۆکارێکی دیاریکراویش ناسراو بووە، بەڵام لەدوای جەنگ و بەتایبەتییش لەدوای ساڵی ١٩٥٠وە، چێخەف بە شانۆکانی ئەورووپا ئاشنا دەبێـت و وەک کیـشوەرێکی تـازە دەدۆزرێـتەوە. لە سـاڵی ١٩٦٠یـش بەدواوە، شـانبەشـانی شەکـسپیر، گرنگتـرین شـانۆنامەنووس بـووە، کە بە بەردەوامـی لەسـەر شـانۆکانی ئەورووپـا، بە خوێنـدنەوەی جـوداوە پێـشکەش کـراوە و هەمیشەیش لە نوێبوونەوەدایە.

چـــێخەف هەرگیـــز پرســـە ئەدەبییەکـــانی لە تیـــۆردا ڕاڤە نەکـردووە و مەسـەلە تیۆرییەکـان، نە کـاری ئەو بـوون و نە سـەرنجی ئەویـان ڕاکێشاوە، بەڵام لە نێوەنـدی نووسـینەکانیدا هەمیـــشە پێـــداگریی لە گرفتێـــک کـــردووەتەوە: ئەو شـــتەی هاوچەرخەکانی خۆی بە ئەدەبی ڕیالیزم ئاماژەیان بۆ دەکرد، چیتـر بـۆ ئەو باسـی لە واقیـع نەدەکـرد و لە ژیـان نزیـک نەدەبووەوە، بەڵکو لەنێو چەند دابونەریتێکدا، بە تەواوی چەقی بەستبوو. جۆرێکی تر لە نووسین بۆ ئەوەی سـەرلەنوێ واقیع لە ڕیالیزمێکی تری هونەریدا ڕەنگ بداتەوە، بۆ ئەو پێویست بـوو. ئەوەی چـێخەف کـردی، گەڕانەوە بـوو بـۆ بنەمـا و ئەگەرەکـانی ســاکارییەکی قـــووڵ، خۆڕزگـــارکردن لە شـــتە زیادەکـان و قووڵبـوونەوەیەکی جیـاواز بەنێـو بنەماکـانی ئەو ساکارییەدا. سـاکارییش لە نووسـیندا شـتێکی سـانا و سـاکار نەبـووە، بەڵکـو ئـاڵۆزی و ئاسـتەنگی خـۆی هەبـووە و هەیە، بەتـایبەتی ئەو زمـانەی دەبێـتە دەربـڕی ئەو واقـیعە، هاوکـات ئامڕازێکی ساکاریش، زۆر جار دەبێتە شتێکی دروستکراو و بێ گیان. ئەو ڕێگەیەی چێخەف گرتیە بەر بۆ دۆزینەوەی ئەو سـاکارییە، پـاککردنەوە و دامـاڵین و تەکانـدنی دابونەریتەکـانی ئەو ڕیالیزمە بوو، کە فۆرم و شێوازەکانی بنەمایەکی بەهێزیان لە ئەدەبی ڕووسیدا هەبووە. چێخەف پێی وا بوو، ئەو ڕیالیزمە چیتر گوزارشت لە واقیعیەتی ژیان و ژیانی ڕۆژانە ناکات.

چــــێخەف ســــەرەتا لە ســـاڵەکانی ١٨٨٨ و ١٨٨٩وە، بە چیرۆکەکانی توانیی تەکنیکێکی نوێ و جودا بۆ ئەو ڕیالیزمە بـدۆزێتەوە، کە لەنێـو وردەکـارییە ڕووکەش و سـاکارەکانی دیـــوی دەرەوەی شـــتە ڕواڵەتییەکانـــدا، شـــتە گەوهەری و قووڵەکـان بـدۆزێتەوە و بەرجەسـتەیان بکـات. لــە چیرۆکــە

کورتــەکانیــدا، تــۆنێکی پــڕ لە خەنــدە و کۆمیــدیایەکی پــڕ لە پێکەنـــین، وەک ئـــامڕاز و میتودێـــک بەکـــار دەهێنێـــت، ئەم کۆمیدیایەش دەبێتە فۆرمێک بۆ خۆدەربازکردن لە دابونەریتە باوەکـــان و داهێنـــانی مێتـــودێکی نـــوێ. ئەم چیـــرۆکە کـــورتە کۆمیـــدی و ســـاتیرانە، تەنهـــا ڕەخـــنە نەبـــوون لە مەســـەلە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو توانج و گاڵتەوگەپیش بوون بە هونەر و ئەدەبی ئەو دەمە. چێخەف دەیتوانی لە پەژارە، زەردەخەنە و لە پێکەنینـــیش جۆرێـــک لە پەژارە دروســـت بکـــات، کە لەم هاوکێشە دژ بەیەکەدا ژیانە تاڵەکەی هەژاران و هەندێک جار ڕەشبینییەکی وای دەخولْقان، کە لە قووڵایی بەرگە کۆمیدی و ساتیرەکەیدا ژیانی پڕ لە ژان و ئازاری پاڵەوانەکانی ببینین. چێخەف دەڵێت: (من وای دەبینم، ئەگەر ئەرکی ئەدەب لەنێو ئەو هەمـــوو ڕســـواییە کەڵەکەبـــووەدا، کە هەیە، تەنهـــا لە دۆزینەوەی "مرواری"دا بێت، کەواتە ئەمە ڕەتکردنەوەی خودی ئەدەبە. ئەدەب، بۆیە هونەرە، چونکە وێنای ژیان وەک خۆی دەکـــات، وەک ئەوەی هەیە. کەواتە لەو حـــاڵەتەدا، کە تەنهـــا "مرواریەکان" دۆزرابێتنەوە، ئەوا ئەدەب ئەرکی خۆی لەدەست داوە). دونیـــاکەی چـــێخەف پـــڕە لەو کەســـانەی، کە دەژیـــن، هاوســـەرگیری دەکەن و دەمـــرن، بەبـــێ ئەوەی هەســـت بە تێپەڕبـــوونی ژیـــان بکرێـــت. ئەم کـــارەکتەرانە خۆیـــان ئەو بەنـــدیخانەیە نـــابینن، کە تیایـــدا زینـــدانی کـــراون، کە ژیانیـــان تراجیدیایە و لە هەمان کاتدا پێکەنینە. ژیان کۆمیدیایەکە پڕە لە ئازار. ئەمەیش ئەو مەسەلانەن دەبێت تیۆریان بۆ بکرێت و خوێندنەوەی ڕەخنەییان لە دووتوێی دەقەکانیەوە بۆ بکرێت.

لەمێژە خەونی ئەوەم هەبووە بە کتێبێک زیاتر لە چێخەفدا قووڵ ببمەوە، مەودا و بنەما و ستراکتورە هونەرییەکەی شی

بکەمەوە، چەندە چێخەف-یشم دەخوێندەوە، چەندە لەسەر شانۆکانی دونیا دەقەکانیم دەبینی و چەندە لەم نووسەرە نزیک دەبوومەوە، گرنگی و گرانیی ئەو پرۆژەیەشم زیاتر بۆ ڕوون دەبووەوە. ئەم کتێبەی بەردەستیشتان لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری نییە سەبارەت بە ژیان و دونیا و بەرهەمە زۆرەکانی چێخەف: چیرۆکەکانی، شانۆنامە ڤۆدڤێل و یەکپەردەییەکانی و دواتریش شانۆنامە درێژەکانی، بەڵکو هەوڵێکی بچووکە بۆ ئاشنابوون بە دیدی شانۆیی و خوێندنەوەیەکیشە بۆ هەر پێنج شانۆنامە گەورەکەی: نەورەس، خاڵە ڤانیا، سێ خوشک، باخی گێلاس، هاوکات یەکەم دەقی درێژی (پلاتۆنۆڤ)، کە لە تەمەنی بیستساڵیدا نووسیویەتی. ئەم کتێبە هەوڵێکی بچووکی منە بۆ ڕوونکردنەوەی مەودا بابەتی و دیدە هونەرییەکانی ئەم پێنج دەقە و دەستنیشانکردنی بنەما سەرەکییەکانی؛ ڕۆنانی درامی، هزر، ئەتمۆسفێر، هاوکات ئەو بەهایانەی چێخەف بەدوایاندا دەگەڕا و ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی چێخەف لە هونەری شانۆ و دەقی شانۆی جیهانیدا کردوونی. ئەم لێکۆڵینەوەیە، چەندە شیکارییەکی وردی دەقەکانی چێخەف و خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەی ڕۆنانی درامی و کارەکتەر و ڕووداوە، هێندەیش دەروازەیەکی بەرینی ڕەخنەییە و یاریدەدەرێکی گرنگیشە بۆ هەموو ئەکتەر و ڕیژیسۆرێک، کە دەیانەوێت کار لە دەقەکانی چێخەفدا بکەن. وەرگێڕانی هەر چوار دەقە گەورەکەی چێخەف-یش لە ڕووسییەوە بۆ کوردی و بڵاوکردنەوەیان لە پرۆژەی زنجیرەی شانۆی بیانی-دا، لە دەزگای ئاراس، چەندە هانی ئەم نووسینەی داوم، هێندەیش ڕێگەخۆشکەر و سەرچاوەیەکی گرنگ و سەرەکیی نووسینی ئەم کتێبە بووە و ئاسانکاریی بۆ کردووم. بەبێ بوونی ئەم

دەقـانەی چـێخەف بە کـوردی، ئەم کتێـبە بەهـایەکی ئەوتـۆی نەدەبوو.

لەم کتێـبەدا، بەش بە بەش، لە پلاتۆنـۆڤ-ەوە بـۆ بـاخی گێلاس، گەشەی چێخەف-ی شـانۆنامەنووس دەبینین؛ تەنانەت لە هەنـدێک شـتی ورد و کۆنکرێتییـشەوە نزیـک دەبینەوە: بـۆ نموونە لە هەموو دەقە شانۆییەکانیدا کارەکتەری (دوکتـۆر)ێک هەیە، جگە لە دوا دەقی، کە هیچ دوکتۆرێکی تیا نییە، چێخەف-ی پزیـشک سـوودی لە ئەزمـوونی خـۆی، بـۆ وێنـاکردنی ئەم دوکتـۆرانە وەرگرتـووە. شـتێکی تـر، کە لە هەمـوو دەقەکانیـدا گەڕاوەتەوە سـەری و بەکـاری هێنـاوە، تەقەکـردنە، لە هەمـوو دەقەکانیدا، جگە لە دوا دەقی، تەقەی تیـا دەکرێت، لەم ڕووەوە گـــوتەیەکی بەناوبـــانگی چـــێخەف هەیە، کە دەڵێـــت: (ئەگەر تفەنگێـک لە سـەرەتای دەقێـک بە دیـوارەکەوە هەڵواسـرابێت، دەبێت لە کۆتاییدا تەقەی پێ بکرێت) بەڵام لە (سـێ خوشـک)دا تەنهـا لە دەرەوەی شـانۆوە گوێمـان لە دەنگـی تەقە دەبێـت، لە بـاخی گـێلاس-دا بە هـیچ شـێوەیەک تەقە ناکرێـت، هەرچەنـدە چەکـیش لەســەر شــانۆ دەبینرێـت. ئەگەر مەرگ بــواری بە چێخەف بدایە، لەوانە بوو باخی گێلاس، کە نە پزیشکی تیایە و نە تەقەیـشی تیـا دەکرێت، سـەرەتایەکی تـر بـوایە بـۆ هـونەری شانۆنامەنووسین لای ئەم نووسەرە گەورەیە.

لە هەمـوو دەقە شـانۆییەکانی چـێخەف-دا وێنەی دایکێکـی نێگەتیڤ، دایکێکی خراپ هەیە، چێخەف خۆی باوکێکی خراپی هەبووە، بەڵام دایکی کەسـێکی میهرەبان بـووە و پێوەنـدییەکی باشی بە دایکیەوە هەبووە: لە ئیڤانۆڤ-دا کارەکتەری (زینەیـدە لیبێـدیڤەی) دایکـی ساشـا، هێنـدە ڕەزیـل و چـاوچنۆکە، قەرزی تازەزاواکەی لە پارەی مارەیی کچەکەی هەڵدەگرێتەوە، لە خاڵە

ڤانیادا، دایکی ڤانیا بە شتی بێماناوە سەرقاڵە و گوێ نادات بە خەم و ئازارەکانی کوڕەکەی، لە نەورەس-دا، ئەرکادینا، کە کەنستەنتین-ی کوڕی لە نینا زیاتر پابەندی دایکیەتی، بەڵام ئەو کوڕەکەی نابینێت و هەندێک جار گاڵتەیشی پێ دەکات. لە سێ خوشکدا، دەکرێت ناتالیا، وەک دایکێکی بێبەزەیی ببینین، کە تەنها بیر لە خۆی دەکاتەوە و منداڵەکان وەک چەکێک دژ بە مێردەکەی بەکار دەهێنێت. تەنانەت لە باخی گێلاس-یشدا، وێنەی دایکێکی خۆویستمان هەیە، هەرچەندە وێنەکە لەم دەقەدا هێندە ئاشکرا نییە. لوبۆڤ ڕنێفسکەیا، ئەو پارە کەمەی بۆ ئانیای کچی دانراوە، دەبات، تا سەفەری پێ بکات بۆ پاریس بۆ لای دۆستەکەی، کە ئانیا خۆی ئەو پارەیەی زۆر پێویستە.

هەرچەندە چیخەف بە کورتەچیرۆک دەستی بە نووسین کردووە، بەڵام شانۆ ئەزموونێکی گرنگی ئەم نووسەرەیە، هەروەک چیرۆک لە سەرەتاکانی ژیانی ئەدەبییەوە دەستی پێ کردووە، چیرۆکی تێکەڵاوی شانۆ کردووە و لە شانۆوە چیرۆکەکانی نووسیوە و چیرۆکەکانی بە شێوەیەکی قووڵ لە ستراکتوری دەقە شانۆییەکانیدان. ئەم ئاوێتەبوونەیش لە چیرۆک و شانۆدا دووبارەبوونەوە نەبووە، هێندەی کارەکتەرەکانی نێو چیرۆکەکانی، لە شانۆنامەکانیدا بە ژیانێکی ترەوە دەرکەوتوون، خودی چیرۆکەکان بوون بە شانۆ و شانۆ لەنێو چیرۆکەکانیدا گەشەی کردووە و بوون بە شتێکی تر. زۆر جار ئەوە دووپات دەکرێتەوە، کە کۆی بەرهەمەکانی چیخەف وەک یەک (ڕۆمان)ی گەورە ئاماژەی بۆ دەکرێت، پریشکی چیرۆکەکانی کەوتوونەتە نێو دەقە شانۆییەکانییەوە،

زۆر جاریش بە شێوەیەک لە شێوەکان چیرۆکەکانی بۆ شانۆ ئامادە کردوون و لەسەر شانۆکان لەدایکبوونەتەوە.

نووسینی دەقە شانۆییەکان بەراورد بە چیرۆکەکانی، بە شەونخونی و ئازارێکی زۆر و گەڕانێکی بەردەوامەوە لەدایک بوون، کە زۆر جار کارێکی خراپی کردووەتە سەر ڕەوشی تەندروستیی ئەم نووسەرە. هەندێک لەو بڕوایەدان، نووشوستی یەکەم نمایشی (نەورەس) لە ساڵی١٨٩٧دا لەسەر شانۆی ئەلکسەندەرنیسکی، هۆکاری ئەو خوێنبەربوونە بەردەوامەی چیخەف بوو، کە تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لێی نەبووەوە.

چیخەف هەر لە دەقە یەکپەردەییە کورتەکانیەوە بەدوای فۆرم و شێوازێکی نوێدا گەڕاوە، ئەم فۆرمەیشی لە سەرەتادا نەدۆزیوەتەوە، هەمیشە جۆرە جیاوازییەک لەنێوان شێوازە تازەکان و ناوەڕۆکێکی کۆندا هەبووە. گەڕان بەدوای شێوەی تازە، کارەکتەری جودا و ئامرازە جیاوازەکاندا، پێوەندییەکی گرنگی بە بەها و دیدە تازەکانیشەوە هەبووە. ئەم گەڕانەی چیخەف لە (پلاتۆنۆڤ) و (ئیڤانۆڤ) و (شەیتانی دارستان)ەوە دەست پێ دەکات، هەروەها تەنها هەوڵێکیش نەبووە بۆ دۆزینەوەی شێوازێکی تازە، بەڵکو گەڕان بووە بەدوای ڕاستگۆیی و بەهاکانی هونەر و ژیاندا. (پلاتۆنۆف) هەر زوو دەدڕێنێت (دوای مردنی بە ماوەیەکی زۆر و بە ڕێکەوت نوسخەیەکی دەدۆزرێتەوە)، بەڵام بە بەردەوامی کار لەسەر (ئیڤانۆڤ) و (شەیتانی دارستان) دەکاتەوە، هەمیشە دەگەڕێتەوە سەریان، ئامادەیان دەکاتەوە، گۆڕانکارییان تیادا دەکاتەوە، سەرلەنوێ دایاندەڕێژێتەوە و لە ئەنجامدا (خاڵە ڤانیا) لە (شەیتانی دارستان)ەوە لەدایک دەبێت. ئەم هەوڵە

بەردەوامـــانەی چـــێخەف (نەورەس، ســـێ خوشـــک و بـــاخی گێلاس) بەرهەم دەهێنن و چێخەف لەم دەقانەیدا، ماناکانی ئەو گەڕانە هـــزرییە لە ئەفرانـــدنی ئەو دەقە شـــانۆییە گەورانەدا دەدۆزێـــتەوە. چـــێخەف لە نامەیەکیـــدا، کە ســـاڵی ١٩٠١ بـــۆ **گـۆرکـی**ی نووسـیوە، دەڵێـت: (ئێـستا هەسـت بەوە دەکەم، کە پێویـــستە بە شـــێوەیەک بنووســـم، لەوەوبەر بەو شـــێوەیە نەمنووسـیبێت، ئەمەیـش سـەبارەت بە مەسـەلە کۆنەکـان نـا، بەڵکو دەبێت بە شـێوەیەکی تـر سـەبارەت بە شـتگەلێکی تـر و لەپێناوی مرۆڤێکی تردا بنووسم)، ئەمەیش ئەو دیدە هەمیشە بزۆز و پڕ لە گۆڕانکارییەبووە، کە چێخەف لە پراکتیکدا کاری لەسەر کردووە.

چێخەف هەر لە چیرۆکە ساتیرە تەنزئامێزە کورتەکانیەوە لە هەوڵی ئەوەدا بووە بەنێو واقیعی ژیانی کۆمەڵگەی ڕووسیدا ڕۆبچێتە خوارەوە و لە کێشە و ئازارەکانی مرۆڤی ئەو واقیعە بگـات. ئەو هەر زوو، لە ژیـانی ڕۆژانەی خۆیـانەوە، لەو ژیـانە ســـەخت و نایەکـــسان و نـــادادپەروەر و تونـــدوتیژە گەنـــدەڵە گەیشتبوو، ساتیرەکانیشی بەرهەڵستییەکی ئەو واقیعە بـوون. چێخەف خەونی نەدەبینی، دەیویست بەرهەمەکانی گوزارشت لەو واقیعە و مرۆڤەکانی بکات؛ کەسـانی خۆویست، بزربـووی ژیانێکی بێمانا، هەندێک جار بێباک، ڕەشبین بەرامبەر بە ئێستا و دواڕۆژ، بێکـار، بەبـێ ڕوتـووش و دەسـکاری و دروشـمی بریقەدار، پاڵەوانەکانی پێک دەهێنن.

چێخەف هەوڵی ئەوەی نەدەدا، لەم واقیعە سەختە گەندەڵەدا وێنـای مرۆڤـی بچـووک بکێـشێت، ئەو نەیدەویـست ڕەوشـی ژیـــانی مرۆڤـــی بچـــووک بـــاس بکـــات، بەڵکـــو باســـی ئەو بەربەستانەی دەکرد، کە ڕێگە لە گەورەیی مرۆڤ دەگرێت، کە

وا له مــرۆڤ دەكــات كــەسـێكی بچــووك بێــت. چــێخەف بە شـێوەیەكی ڕاسـتگۆیانە، لە بنەماكـانی ئەو واقیعـیەتەی پەرەی پێ دابـوو، ئەو شـتانەی دەدۆزیـیەوە، كە لە مرۆڤدا بچـووكن، لەو ئامـادەبوونەی مرۆڤـدا، كە بچووكیـان دەكـاتەوە. چـێخەف كـاری لەســەر گۆڕانكــاریی ئەو ژیــانە بێبــایەخ و ڕەشــبینەی كارەكتەرەكانی نەدەكرد و ئەوەی بۆ خۆیان بەجێ دەهێشت. ئەو بڕوایەكــی پــتەوی بە وزە و هێــزی مــرۆڤ هەبــوو، كە دەتــوانن ژیــانی خۆیــان بگــۆڕن، گەورەیــی لەنێــو چڵپــاوی نایەكسانی و سەختیی ڕۆژگار و گەندەڵیدا بدۆزنەوە. هەر لەم ڕووەوە، ســاكاری و ڕاســتگۆیی لە گوزارشــتدا، بنەمــایەكی فـراوان و گرنگـی پرۆسـە ئەفرانـدنە گەورەكەی چـێخەف پێـك دەهێنێــت، ســاكاری و ڕاســتگۆیی بنەماكــانی ئەو ڕیــالیزمە تایبەتمەنـدەیە، كە چـێخەف لە چیـرۆك و دەقە شـانۆنامەكانیدا كـاری لەسـەر كـردوون و دونیـایەكی تـری بە ڕووی ئەدەب و شــانۆی جیهانیــدا كــردووەتەوە. ڕاســتگۆیی لە گوزارشــتە هونەرییەكانـدا، لە خـودی هـونەردا بنەمـایەكی گەلێـك گرنـگ و پـتەو بـووە بـۆ ئەو، لەم ڕووەوە دەڵێـت: (ئەوەی لە هــونەردا بەرز و جوانە، ئەوەیە بە درۆ قایل نابێت... لە هونەردا ناتوانین درۆ بكەین. مرۆڤ دەتوانێت لە پێوەندییە خۆشەویستییەكانیدا، لە سیاسەتدا، لە پزیشكیدا، درۆ بكات، دەتوانێت فێڵ لە مـرۆڤ بكـات، تەنـانەت خـودی خـودایش فریـو بـدات -كە زۆر جـار ڕووی داوە- بەڵام هەرگیز لە هونەردا نـاتوانین درۆ بكەیـن. لە هونەردا كەس دەستخەڕۆ و لە خشتە نابرێت).

ئەو ئەزمــوونە دەوڵەمەنــدەی چـێخەف، وەك سیـستێمێكی تەواو وایە، یەكەیەكــی هــونەریی چــڕ و ســـەراپاگیرە، لەم ئەزموونەدا شانۆ، چیرۆكەكانی تەواو دەكات و چیرۆكەكانیشی

مەودا هزری و هونەری و کۆمەڵایەتییەکانی نێو شانۆنامەکانی قووڵ و هەمەلایەن دەکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا دەتوانین بڵێین، کە چێخەفی شانۆنامەنووس هێڵێکی جیاواز دەدۆزێتەوە و هێدی هێدی گەشەی خۆی دەکات، گەشەی پرۆسە شانۆییەکە گەشەی چێخەفە، گەشەیەکە پڕ لە بەرگری، لە نوێبوونەوە، لە دوورکەوتنەوە لە دابونەریتە کۆنەکانی شانۆ، لە ڕێساکانی شانۆی سەردەمەکەی، تا لە کۆتاییدا بنەما نوێ و ستراکتورە جیاوازەکەی بۆ شانۆ ڕۆ دەنێت. لەم بوارەدا ستانیسلاڤسکی و نمیرۆڤیچ دانچنکۆ، کە دەقەکانی لە شانۆی هونەری مۆسکۆ نمایش دەکەن، ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەیان لە بەردەوامی و گەشەی پرۆسە هزری و هونەرییەکەی چێخەفدا گێڕاوە.

**دانا ڕەئووف**
**٢٠١٦/١٠/١٩**

# بەشی یەکەم

## دەروازەیەك بۆ ناساندنی چێخەف
## وەك شانۆنامەنووسێك

(١)

شـانۆنامەکانی ئەنتـوان چـێخەف ١٨٦٠- ١٩٠٤ بەشـێکن لە ڕەوتـــی واقیعـــیەت لە شـــانۆی ئەورووپیـــدا، ئەوەی جێگـــەی گومانیش نییە، ئەوەیە، کە چێخەف لە زۆر ڕووەوە واقیعیەتی شانۆنامەنووسەکانی ئەورووپای تێپەڕاندووە. چێخەف توانیی مامەڵەیەکی بابەتییانە لەگەڵ واقیع بکات. ئەگەر بەشێکی زۆری نووســەرانی ئەورووپــا، لەســەر بنەمــا بیۆگرافیاکــانی ژیــانی خۆیــان شــانۆنامەکانیان داڕشــتبێت، بـۆ نمـوونە سـتریندبێرگ، ئەوا چێخەف شانۆنامەکانی وەک ئامڕازێک بۆ گوزارشتکردن لە ژیــانی تــایبەتی خــۆی و پێــوەندییــەکــانی بەکــار ناهێنێـت، هەروەهـا شـێوازێکیش نـەبـوون بـۆ گوزارشـتکردن لە خـودی خــۆی. کارەکتەرەکــانی چــێخەف دیــد و دونیــابینی و بیــر و بۆچوونەکـانی ئەو نـاخەنە ڕوو، بەڵکـو ئەو کارەکتەرەکـانی بە تەنهـا لەسـەر شـانۆ، بە گوتـارە ناتەبـا و بـەبێـدەنگی و زمـانی جەستە و ئاماژەوە، بەجێ دەهێڵێت، کارەکتەرەکانیشی چۆن لە دونیـا گەیـشتوون، بەبـێ فەلـسەفە و زمـانێکی تەمـومژاوی، دەخـرێنە ڕوو، لە هەڵوێـست و کـاردانەوەی ئەوەی دەیـکەن و دەیڵـێن، ڕەنـگ دەداتەوە. ئەو مـامەڵە بـابەتگەلییەی چـێخەف لەگەڵ هـــونەری درامـــا و وێنـــاکردنی واقیعـــیەتەکەی، دەروازەیەکـی نـوێ بە ڕووی شــانۆ و درامــای هــاوچەرخی ئەورووپیدا دەکـاتەوە، بـۆ نمـوونە چـێخەف مەودا دەروونییـە ڕیالیزمییەکــانی کەســایەتییەکان و دیــدی گفتوگــۆ و پرســە

گەورەکان، کە سیما سەرەکییەکانی ڕیالیزمی شانۆی ڕووسی بوون و پابەندی دەکردن بە کات و شوێنەوە، لا دەبات، لەبری ئەوە گرۆتیسکێکی ژیانی ڕۆژانە، لە ئاستە جۆراوجۆرەکانیدا بەرجەستە دەکات، کە ڕێگەیەکی نوێ بۆ دیدی چێخەف، چ لە شانۆ و چ لە کورتەچیرۆکەکانیدا دەکاتەوە. شانۆی چێخەف ئەو ئاستەیە، کە لەوێوە ئاڕاستەیەکی تازە بۆ شانۆ دەستی پێ کرد.

(٢)

ئەگەر ئیبسن سەرەتایەکی نوێ و دەستپێکی تری مێژووی شانۆ بێت، ئەوا بەبێ هیچ گومانێک چێخەف سەرەتایەکی تری شانۆیە؛ چێخەف کۆتایی بە قۆناغێک لە ڕۆمانسییەت هێنا و بنەمایەکی تریشی بۆ واقیعیەتی ئەورووپی داڕشت، کە سەرەتاکەی لای هێنریک ئیبسن ١٨٢٨- ١٩٠٦، ئاوگوست ستریندبێرگ ١٨٤٩- ١٩١٢، ئەمیل زۆلا ١٨٤٠- ١٩٠٢ و تەوژمی ڕیالیزم و ناتورالیزمی فەرەنسی سەری هەڵدابوو. چێخەف بۆ نموونە، وەکو ئیبسن هیچ وێنەیەکی سمبۆلی بەسەر ناوەڕۆکە واقیعیەکەیدا ناسەپێنێت، هەروەها جیهانێکمان بۆ بەرجەستە ناکات، کە لەسەر بنەماکانی خێر و شەڕ، وەک هێزە دەرەکییەکان ڕۆنرابێت، بەڵکو لەسەر بنەمای کێشە و ململانێ ناوەکییەکان کاری کردووە.

چێخەف، هەر لە سەرەتا بەراییەکانییەوە لە بواری نووسینی دەقە شانۆییەکانیدا، قسەی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەی وەک تەکنیک بەکارهێناوە؛ ئەم قسانەی ژیانی ڕۆژانە ڕووداوەکان بەرەوپێشەوە دەبەن، هاوکات ڕووکاری

دەرەوەی کارەکتەرەکـان دەخەنە ڕوو، گوزارشـت لە ڕەوشـە ناوەکییەکان دەکەن و پێوەندییەکانی کارەکتەرەکان بە یەکتر و بە ڕووداوەکـانەوە دەخەنە ڕوو. ئەو ڕیـتمە مۆسـیقییە چـڕە سەمفونیئاسـایە، لە دەقە گەشـەکردووەکانی دواتریـدا زیـاتر دەردەکەوێت و دەبێتە مۆرکێکی تایبەت بە چێخەف.

(٣)

زیـاتر لە سـەد سـاڵ لەمەوبەر مەکـسیم گـۆرکی ١٨٦٨-١٩٣٦ لە یەکێک لە نامەکانیدا، کە بۆ چێخەفی ناردووە دەڵێت (دەزانـی ئێـوە چـی دەکەن؟ ئێـوە خەریکـی ئەوەن ڕیـالیزم لەتـوپەت دەکەن. بـا وا بێـت! بە دۆزەخ!) گـۆرکی مەبەسـتی لە ڕیـالیزم ئەو واقیعـیەتە ڕووکەشـە بـوو، کە ڕەخنەگـر و بینەرانیش چاوەڕوانیان دەکرد. ئەو نمایشانەیشی لە ساڵەکانی ١٨٨٠دا لەسەر شانۆکانی مۆسکۆ و شـارەکانی تری ڕووسـیا، لە ڕووی سـتایلەوە پێـشکەش دەکـران، بە ڕیـالیزم نـاوزەد کرابـوون. چـێخەف وەک پزیـشکێک، چـۆن هەر نەخۆشـێک ڕەوشێکی تایبەت و خودگەرایە بەو نەخۆشە، سەیری شـانۆی دەکرد، نائارامی و دڵنیانەبوون لە کردارەکانی مرۆڤدا، ناتەبایی و جیاوازی لە خستنە ڕووی کەسایەتییەکان و تەواونەکردن و پچڕانی دیالۆگەکان، لەو ڕیالیزمەی شـانۆ و ئەدەبی ڕووسـیی ئەودەمەدا جێگـەی نەدەبـووەوە. مەکـسیم گـۆرکی هەسـت بە ڕیـالیزمە تایبەتمەنـدەکەی چـێخەف دەکـات و دەزانێـت شـانۆنامەکانی ڕووە ڕاسـتەقینەکەی ژیـانی ڕۆژانە، بە هەمـوو وردەکارییەکـانیەوە، لە ئاسـتێکی تـری واقیعـدا بەرجەسـتە دەکـات. لای چـێخەف وشـەیەک، دەنگـی مۆسـیقایەک لە

دوورەوە، هاتنە ژوورەوەیەکی لەپڕ و چاوەڕواننەکراوی کارەکتەرێک، بێزارییەکی کتوپڕ، دەنگێک لە پشت پەردەکانەوە، ماڵئاواییکردنێک، تاسە و ئارەزووی کەسێک، خۆشەویستییەکی بێ هیوا، هەنگاو لەدوای هەنگاو لە دەروازەکانی وەهمەوە زەمانێکی تایبەت بەخۆی دەخولقێنێت، کە بە تەواوی پریشکێکە لە وەهمەکانی ژیان. ئەو میتودەی چیخەف بەکاری دەهێنا، لەو ستایلە ناڕاستەوخۆیەدا کۆدەبێتەوە، بۆ نموونە کە کارەکتەرەکان پێکەوە قسە دەکەن، ڕاستییەکان لەوەدا نییە ئەوان باسی دەکەن، بەڵکو لەوەدایە، کە ئەوان نایڵێن. پەیڤەکان تەنها بۆ پەیڤن. ئەوان دەدوێن بەبێ ئەوەی وەڵامی یەکتری بدەنەوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان، هەریەکەی لە ئاوازێک دەخوێنێت، هەریەکە و بە خودی خۆیەوە سەرقاڵە. ئەوان بۆ ئەوە لە دیالۆگدا نین تا وەڵامی یەکتری بدەنەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بیر لە شتێکی تر بکەنەوە. جار لەدوای جار پشووەکان لەنێو پەیڤەکاندا دروست دەبن، ئەمەیش لەبەر ئەوەیە ئەوان لە یەکتری ناگەن، یاخود بە تەواوی گوێ لە یەکتری ناگرن. ژیان لای چیخەف ڕەوتی خۆی لەنێو پشووەکاندا وەردەگرێت؛ لەوانەیە ڕووداوگەلێکی گرنگیش لەنێو ئەم پشوانەدا ڕوو بدات. چیخەف بەهاکانی بێدەنگیی گەڕاندەوە بۆ شانۆ و سەرلەنوێ ئەو بەهایانەی لە درامادا دۆزییەوە. ڕووداوە گرنگەکان لای چیخەف لەسەر شانۆ ڕوو نادەن، بەڵکو لە دەرەوەی شانۆ و دوور لە چاوی بینەرانەوە ڕوو دەدەن، بەڵام هەژموونیان بەسەر کارەکتەر و ڕەوتی ڕووداوەکانەوە هەیە، هەندێک جار ئاڕاستەی ڕووداوەکانیش دەگۆڕن.

(٤)

زۆر جار پێکەنین لە دەقەکانی چێخەفدا، کە لە نمایشەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە و ئەو کۆمیدیایە دروست دەکات، کە چێخەف مەبەستیەتی، لە شتێکی ساکارەوە دروست دەبێت، بۆ نموونە کارەکتەرەکانی لەو بڕوایەدان لە چەقی گرنگیپێدان و جێگەی سەرنجی هەموانــدان و بڕیــار لای ئەوانە، لە کاتێکـدا ئـێمەی بینەران، لە هۆڵەکەدا دەبینین ئەم کارەکتەرە لە پەراوێزدایە و تەنانەت توانای خۆگرتنەوەی لەو پەراوێز و پشتگوێخستنەدا نییە. تەواونەکردنی ڕستەکان، پرسیارە بێ وەڵامەکان و جێهێڵانی ڕووداوەکان بە تەواونەکراوی، لەنێو پانتاییەکدا پێکدادەچن، کە بێدەنگی و پشووەکان هێندەی ئەوەی دەوترێت و ئەوەی ڕوو دەدات گرنگە، ئەم نەبوونی ناوەندگەراییە لە دەقەکانی چێخەفدا، لەگەڵ ڕۆژگاردا بوونەتە شتێکی ئاسایی و مۆرکێکی تایبەتمەندی نەک تەنها چێخەف، بەڵکو نەریتێکی تری شانۆیی.

پاڵەوانەکانی هیچ ڕەوتێکی هزریی دیاریکراویان نییە، بەڵکو ئەو زەنگانەیان بە دەستەوەیە، کە لە بێدەنگی و دڵەڕاوکێی واقیعی ژیانی ئەو ڕووسیایەدا دەزرنگێتەوە، کە بانگەشەی لەدایکبوونی شتێکی نوێ دەکات. چێخەف شانۆی لە بەشانۆکردن ڕزگار کرد، درامایەکی بێ درامای نووسی و تراجیدیایەکیش، کە لە بنەڕەتدا خاڵییە لە هەموو توخمە درامی و تراجیدییەکان. ستانیسلاڤسکی لە یادەوەرییەکانیدا دەڵێت: (دەقە شانۆییەکانی چێخەف ڕووداوگەلێکی زۆر لەخۆ دەگرن، بەڵام ئەمە بە ڕووکاری دەرەوەیدا لە گەشەکردندا نییە، بەڵکو بە ڕووکاری ناوەوەیدا. لە نەبوونی ڕووداوە دەرەکییەکاندا لای ئەو کارەکتەرانەی چێخەف خوڵقاندوونی، ڕووداوێکی

نـاوەکیی پــڕ لە کێـشەی ســەخت خــۆی شــاردووەتەوە. لای چێخەف باشترین شت ئەوەیە، کە دەبێت کرداره شانۆییەکان لە ماناکـانی ناوەوەیـدا تێگەیـشتبیت) ئەم تەکنیـک و فـۆرمەی چێخەف لە دەقە شـانۆییەکانیدا دایهێنـاوە، لەگەڵ ڕۆژگـار کۆن و بەسەر نەچوون، بە پێچەوانەوە بە هەنگاوی خێرا خۆی لە کاتە مۆدێرن و پۆست مۆدێرنەکانی ئەم ڕۆژگارەمانەوە نزیـک دەکاتەوە.

(٥)

کۆمیـدی و گرۆتیـسک بـۆ چـێخەف ڕێگـەیەکـی ســەخت و تەکنیکێکـی جـودا بـووە بـۆ ئەوەی لە دابـونەریتە باوەکـانی ئەو کاتە ڕزگاری بێت؛ مەودا و ستراکتورە چێخەفییەکەیش هەر وا بە ئاســانی بــۆ نەوەکــانی دوای چــێخەف ئاشــکرا نەبــوون، بەتـــایبەتی بە هـــۆی ئەو دیـــد و خوێنـــدنەوە کلاســـیکییە لە قاڵبـدراوەی شــانۆی هــونەری مۆســکۆ بەســەر چــێخەف-دا ســەپاندبوویان. ستانیسلاڤسکی ١٨٦٣- ١٩٣٨ چێخەفـی لەنێـو بـــازنەیەکی داخـــراوی ڕاڤەیەکـــی ســـایکۆلۆژی/تراجیـــدی و سروشتگەرادا بەند کردبوو، بەم شێوەیەیش بنەمـا ئەبسورد و گرۆتیسکە چڕە کۆمیدییەکەی چێخەف دیارنامێنیت. چـێخەف لەم ڕووەوە لەگەڵ ستانیسلاڤسکی لە کێـشەیەکی بەردەوامـدا بـــووە، بەتـــایبەتی ئامـــاژەی بـــۆ ئەوە دەکـــرد ئەو کۆمیـــدیای نووســیوە، نەک تراجیـدیا. چـێخەف ســاڵی ١٩٠٢، لە پەیڤێکـی ڕۆژانەیـدا، لەگەڵ ئەلێکسـەندەر تیکنۆڤـۆ، نووسـەرێکی گەنجـی ئەو سەردەمە، کە زۆر جار سەردانی چێخەفی کردووە، دەڵێت: (ئێـوە دەڵـێن، دەقەکـانم وا لە خەڵـک دەکەن دەسـت بـکەن بە گریان، من ئەمەم لە خەڵکی تریشەوە بیستووە، بەڵام من لەبەر

ئەم هۆکـارە نەمنووسـیون. ئەوە ئەلێکسییە (ستانیسلاڤسکی)، کە کارەکتەرەکانی منی کردوون بە گرینۆک). چێخەف هەر لە هەمـان گفتوگۆیـدا، بە تیکنۆڤـۆ دەڵێـت (هەمـوو ئەوەی مـن دەمەوێت بە شـێوەیەکی ڕاستگۆیانە بە مرۆڤی بڵێم "سـەیری خۆتـان بـکەن، سـەیر بـکەن ژیانتـان چ بێچـارە و بێزارکـار و بێتامە!" ئەوەی گرنگە مـرۆڤ لەمە بگات، لەبەر ئەوەی، ئەگەر لەمە بـگەن، بە دڵنیـاییەوە ژیـانێکی تـر و باشـتر بـۆ خۆیـان دەخـولقێنن) لەم ڕووەوە دەتـوانین بڵـێن، ئەو کۆمیـدیایەی چێخەف خولقاندوویەتی، جۆرێک نییە لە تەکنیکێکی شانۆیی، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ لەژیانگەیشتن.

چـێخەف بە وردی هەنـدێک دەنگـی وەک مۆتیـڤ و بنەمـایەکی مۆسـیقیی بەکـار دەهێنـا، ستانیسلاڤسکی لە دیـدە سروشـتگەراکەی خـۆیەوە نمایـشەکانی بەم کـاریگەرییە دەنگییـانە بارگـاوی دەکـرد، نەک بـۆ بەرجەسـتەکردنی مۆتیڤەکـانی چـێخەف، بەڵکـو زیـاتر بـۆ ئەوەی لە کەش و ئەتمۆسفێرە سروشتییەکەوە نزیک بێتەوە و وێنەیەکی تەواوی واقیع بـۆ سـەر شـانۆ بگـوێزێتەوە، ئەمەیـش بە دڵـی چـێخەف نابێت. چـێخەف لە یەکێک لە پرۆڤەکانـدا و بە دەنگی بەرز تـا ستانیسلاڤسکی گـوێی لـێ بێـت، دەڵێـت: (شـانۆنامەیەکی تـازە دەنووسـم، کە بەم شـێوەیە دەسـت پـێ بکـات: کەشـوهەوایەکی خۆشـی هەیە، چەنـد بێدەنگ و ئـارامە، نە گوێمـان لە جریـوەی چـۆلەکەیە، نە لە حەپەی سـەگ، نە کوکـوی کوکـوختییەک، نە نـاڵەی بایەقوشـێک، نە چرکەچرکـی سـەعاتێ و نە زەنگـی گالیـسکەیەک)، هاوکـات لە یەکێـک لە نامەکانیـدا، کە بـۆ ئۆڵگـا کنیـپەری نووسـیوە، دەڵێـت (دیمەنێـک، کە پێویـستە لە دوانـزە چرکە زیاتر نەخایەنێت، کەچی لای ئەو "واتە ستانیسلاڤسکی"

چـل چـرکه دەخايەنێـت)، بەڵام چـێخەف ئەوەيـشى زۆر بـاش دەزانى، کە تەنها شانۆى هـونەرى مۆسکۆ دەقەکانى ئەوى لە هەمـوو جـۆرە شـتێکى نەخـوازراو پاراسـتبوو، هەر ئەوانـيش دەقەکانى ئـەميـان گەياندبووە سـەرکەوتنە گەورەکان. شـانۆى هــونەر، چــێخەف دەکــات بە شانۆنامەنووســێکى پــلە يەک، چێخەف-يش شانۆى هونەر دەکات بە شانۆيەکى هونەرى.

ئەمەيش يەکێکە لەو هۆکارانەى، کە تا دواى دووەم جەنگى جيهانى و سەرەتاى شەستەکانى سەدەى ڕابردوو، چێخەف لە ئەورووپا نمايش نەکراوە، تا کۆمەڵێک ڕيژيسۆر لە ڕووسيا و هەنــدێک لە وڵاتــانى ئەورووپــا، بەتــايبەتييش فەرەنــسا، سـەرلەنوێ چێخەف وەک کيشوەرێکى تازە دەدۆزنەوە و لەنێو ئەو دابـونەريتە سروشـتگەرايەى تيـاى بەنـد کرابـوو، ڕزگـارى دەکەن. ئەو نمايشانە ڕۆڵێکى گرنگ لە خوێندنەوەيەکى نوێ و دۆزيـنەوەى ميکـانيزمێکى تـر بـۆ دۆزيـنەوە و گەشـەى بنەمـا کۆميدى و گرۆتيسکييەکەى دەقەکانى چێخەف دەبينن.

(٦)

دەقە شـانۆييەکانى چـێخەف شـيعرن، بەڵام جـۆرێکى تـر لە شـيعر: ئەو شـيعرەى چـێخەف نووسـيويەتى، لەنێـو مۆسـيقادا خـۆى حەشـارداوە؛ نەورەس، خـاڵە ڤانيـا، سـێ خوشـک، بـاخى گـێلاس کۆمیـدى نـين، وەکـو چـێخەف ئامـاژەى بـۆ کـردوون، هەروەهـا درامـايش نـين، وەکـو بينـەران تێيگەيـشتوون، بەڵکـو شاکارى شـيعرين، مۆسـيقايەکى جودان، کە لەوێدا و بەدەر لە هەمـوو ڕێـسا و بنەمـا و دابـونەريتە شـانۆييەکان، خولْقـاون، تەنانەت (پشـوو) و (بێدەنگى)يەکانيش ڕيتم و هارمۆنى و شيعر و ئـاواز و مۆسـيقاى خۆيـان هەيە. مۆسـيقاى چـێخەف، ئەو

مۆسـيقايەيە، کە لە پـشت وشـە و مانـای دێڕەکـانەوە، لە قـووڵاویی دەقەکەوە دەردەچێت، گەوهەری بنەمـا نادیارەکـانی دەق/نمایـشە، کە لە هـزر و هەسـت و سـۆزی کارەکتەرەکانـدا چڕ دەبێتەوە. بە هەر شـێوەیەک دەقەکـانی چـێخەف، لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکانەوە، سایکۆلۆژی، مارکسی، بوونگەرایی یـاخود مێـژووی ئەدەبەوە بخوێنینـەوە، مۆسـیقا و شـیعرێکی بەرز ئاوێزانی ئەو چێخەف-ە دەبێتەوە، کاتێک دەیخـوێنینەوە. لەبەر ئەوە سەیر نییە، کە هەندێک لە ڕەخنەگرە گەورەکان چێخەف بە مۆزارت بەراورد دەکەن. چێخەف هێندە چڕ دەنووسێت، کە بە کەمتـرین وشـە و دەسـتەواژەکان، گوزارشـت لە دونیـا ئـاڵۆزەکەی مـرۆڤ دەکـات، لەم ڕووەوە، (هارۆڵـد پینـتەر) ١٩٣٠- ٢٠٠٨ و (سـامۆیل بێکێـت) ١٩٠٦- ١٩٨٩ قوتـابییەکی بەئەمەکی چێخەف-ن. هەر وەک کارەکـانی ئەوانیش، بونیـا و ڕیـتم و ئەو شـیعرە شـانۆییە چـڕە تەواوەی، کە لە وشـە جوانەکانەوە دەرناچێت، بەڵکو لە بەکارهێنانی وشەی ڕاست لە سـاتی ڕاسـتی خۆیـدا، گـرنگە. ڕێژیـسۆرەکانی سـەرەتای شەسـتەکان لە ڕووسـیا و ئەورووپـا توانییـان ئەو شـیعرە بـدۆزنەوە و چـێخەف بە شـێوازێکی تـر و بە تەکنیکێکـی تـر نمایش بکەن.

(٧)

چـێخەف بە تەکنیکێکـی سـاکار و سـتراکتوێکی چـڕ و دروسـتکردنی ئەتمۆسـفێرێکی تـایبەت بنەمـا گرۆتیـسکییە کۆمیـدییەکان، لەنێـو سـتایلە لیریکییەکەیـدا چـڕ دەکـاتەوە، ئەمەیـش دەبێـتە هـۆی گەشـەکردنێکی نـاوەکی، کە لە خـودی بـابەتەکەدا، واتـا چیرۆکـی شـانۆنامەکەدا، ڕەنـگ دەداتەوە و

یەکەیەکی گشتگر و یەکگرتوو پێک دەهێنێت. هەروەها دینامیک و هارمۆنیەتێکی چڕ لەنێو دەقە یەکپەردەیی و شانۆنامە درێژ و گەورەکانیدا هەیە، هەندێک لە ڕەخنەگرەکانیش ئاماژەیان بۆ ئەوە کــردووە، کە دەقە کــورت و ڤــۆدڤێلە یەکپەردەییەکــانی چێخەف، وەکو پێشەکی و دەروازەیەکی کۆمیدی وان بۆ دەقە گەورەکــانی دواتــری. ڤۆدڤێلەکــانی کلیلــی کــردنەوەی دەرگــا گەورەکــانی شــانۆی چــێخەفن و چــێخەف لە ڤۆدڤێلەکــانەوە گۆڕانکــارییە بنەڕەتییەکــانی لە شــانۆدا دەســت پــێ کــردووە. ڤۆدڤێل بۆ چێخەف ئەو فۆرمە بووە، کە گوزارشت لە چەمکە دژەکان و پووچگەرایی ژیان دەکات: شتە دژەکانی ژیان لە ڕەوشــە کۆمیــدی و تراجیدیاکانــدا، کە هەمیــشە پێوەنــدییەکی بەهێــز کۆیــان دەکــاتەوە. ڕەوشــێکی دڵــتەزێن لە فــۆرمێکی کۆمیدیدا، ڕەوشێکی کۆمیدی لە شێوازێکی درامی و تراجیدیدا، ئەم بارودۆخە پڕ لە دژبەیەکانەی ژیان، بابەتی ڤۆدڤێلەکانی چــێخەف-ن. هەر لەبەر ئەوەیــشە، چــێخەف بە درێژایــی ئەزموونی خۆی گرنگیی بە ڤۆدڤێل داوە و ڤۆدڤێلی بە درامای یەکپەردەیی و کۆمیدیای یەکپەردەیی ناوزەد کردووە، مێژووی یەکەم دەقی ڤۆدڤێلیشی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٨٥ (لەسەر ڕێگــەیەکــی درێــژ) و دواتــر (ورچ) ١٨٨٧ (زەماوەنــد) ١٨٨٩ (ساڵئاهەنگ) ١٨٩١، دوا ئەزموونیشی (زیانی تووتن)ە١٩٠٢، کە بەر لە شانۆنامەی (باخی گێلاس) نووسیویەتی. (زیانی تووتن) یەکێکە لە دەقە چڕ و گرنگەکانی چێخەف، کە سەرەتا ساڵی ١٨٨٦ نووسیویەتی و سەرلەنوێ بە هەمان ناوەوە، بەڵام بە شێوازێکی ئەبسورد، گرۆتیسک و لەنێو چەمکەکانی لیریکێکی چڕدا دایڕشــتووەتەوە. زۆربەی شــارەزایان و ڕەخنەگرانــی بــواری چــێخەف ئاماژەیــان بــۆ ئەوە کــردووە، چــێخەف دوای

ڤۆدڤێلی (زیانی تووتن) توانیویەتی (باخی گێلاس) بەو شێوەیە، کە کارەکتەرەکانی بە تۆن و شێوازێکی کۆمیدی ڕۆناوە، بنووسێت. سیما گرنگەکانی ڤۆدڤێلی چێخەف ئەوەیە، کە هەموو کارەکتەرێک مۆرکێکی تایبەتی هەیە، هەروەها هەریەکەیان بە زمانی تایبەتی خۆی دەدوێت، درێژدادڕ نەبێت، لە هەموویشی گرنگتر، ئەوەیە، کە لە جوولەیەکی بەردەوامدا بێت. دەکرێت بە کورتی بەم جۆرە پێناسەی ڤۆدڤێل بکەین: ئەوەی لە ژیاندا ئاسایی نییە، لە ڤۆدڤێلدا شتێکی ئاساییە، ئەمەیش گەوهەر و سروشتی ئەم هونەرەیە، کە چێخەف دەستێکی باڵای تیا هەبووە.

(٨)

چێخەف لە هەردوو دەقە بەراییە درێژەکەیدا (ئیڤانۆڤ)، کە لەسەر داوا و ڕاسپاردەی (فیۆدۆر کۆرشی) ڕیژیسۆر و بەڕێوبەری شانۆ، بە ماوەیەکی کورت لە پایزی ١٨٨٧دا نووسیویەتی و (شەیتانی دارستان) ١٨٨٩ بە ڕوونی ئەوەی پیشان داوە، کە ئەو بەدوای فۆرمێکی نوێی دراما دەگەڕێت؛ ڕووداوەکان، کۆتایی پەردەکان بە شێوەیەکی شانۆیی، پشوو و بێدەنگی، کاریگەرییەکان، ئەمانە و زۆر شتی تر گرنگ بوون بۆ چێخەف، هەرچەند مەسەلەکانی تر، بۆ نموونە موتیڤە ناوەکییەکە و ڕۆحی دراماکە بەهایەکی زۆریان بۆ ئەو هەبووە. ئەمەیش مانای ئەوەی دەگەیان چۆن بتوانێت بەرجەستەی ژیانە ناوەکییەکەی کارەکتەر و دیمەنەکان بکات و پێکەوەشیان ببەستێتەوە. لێرەوە گەڕان بەدوای کاریگەرییە سایکۆلۆژییەکان، مەنەلۆژە پڕ لە چینی جیاوازی تۆن و گوزارشت و دیدێکی چڕ، بێدەنگییە گوتەئامێزەکان، پشوو،

مۆسیقایەکی ڕۆحی و ژیانێکی ڕۆژانەی بێڕتووش و وەک خۆی، دەست پێ دەکات. ئەکتەری بەناوبانگی فەرەنسی (ژان لوی بارۆت) لەم ڕووەوە سەبارەت بە دەقەکانی چێخەف گوتوویەتی (هەموو خولەکێکی دەقەکانی چێخەف پڕە، بەڵام ئەم پڕبوونە لە دیالۆگدا نییە، بەڵکو لە بێدەنگی و هەستکردنە بە ژیان. چێخەف شانۆنامەکانی لە (بێدەنگی)دا ڕۆنراون و تەنها لە ئێستادا دەژین). جۆرج بێرناردشۆ-یش ١٨٥٦ – ١٩٥٠ سەبارەت بە چێخەف دەڵێت: (هەر جارێک درامایەکی چێخەف دەبینم، دەمەوێت هەموو بەرهەمەکانی خۆم فرێبدەمە ناو ئاگرەوە).

ئەم دید و تەکنیکە چێخەفییە لە (ئیڤانۆڤ) و دواتر لە (شەیتانی دارستان)دا دەردەکەون، لە (خاڵە ڤانیا)دا قووڵ دەبنەوە، بەڵام بە تەواوی لە (نەورەس)دا گەشە دەکەن. (شەیتانی دارستان) مانگی دوانزەی ساڵی ١٨٨٩ لە شانۆیەکی بچووک لە مۆسکۆ نمایش دەکرێت، بەڵام ڕەخنەگرەکان بێبەزەییانە دایدەپڵۆسن، بە شێوەیەک چێخەف تا لە ژیاندا بووە، هەرگیز نە بڵاوی کردووەتەوە و نە ڕێگەی داوە نمایش بکرێتەوە. خۆی سەرلەنوێ کاری لەسەر کردووەتەوە و بە ناوی (خاڵە ڤانیا)وە دەردەکەوێتەوە.

(٩)

ستراکتورە دراماتۆرگییە نوێیەکەی چێخەف، کە هەر لە سەرەتاوە دەردەکەوێت: بەدحاڵیبوونی دیالۆگ، جۆرە دژایەتییەک لەنێوان وشە و کردارە فیزیکییەکاندا، کە ڕەوشە کۆمیدییەکان دروست دەکات، هاوکات ئەو بابەتەی لە هەموو دەقەکانی چێخەفدا دووبارە دەبێتەوە، بۆ نموونە ئەو ئاهەنگەی

هەرگیز ناگێڕدرێت: لە (نەورەس)دا بە ئاهەنگێکی پڕ لە کێشە و پشێوی دەست پێ دەکات، کەنستەنتین نمایشەکەی سەرکەوتوو نابێت، دایکی، ئەرکادینا، کە خۆی ئەکتەرە، گاڵتە بە توانا هونەرییەکانی کوڕەکەی دەکات و نمایشەکەی دەشێوێنێت. گەیشتنی پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ و یلێنای ژنی بۆ مۆڵک و خانووەکەی دەرەوەیان، لە (خاڵە ڤانیا)دا، نابێتە ئەو ئاهەنگەی هەندێک چاوەڕوانی دەکەن. لە (سێ خوشک)دا ناتالیا-ی ژنی ئەندێی هەموو ئاهەنگە نەریتگەراکانی ئەو خێزانە، بە شێوەیەک لە شێوەکان قەدەخە دەکات، ئیرینا و توزینباخ هەرگیز زەماوەند ناکەن و خەونی گوێزانەوەی سێ خوشکەکەیش بۆ مۆسکۆ نایەتە دی. لە (باخی گێلاس)دا، ئەو ئاهەنگەی لوبۆڤ ڕانێفسکەیا خۆی بۆ ئامادە کردووە، بە هۆی فرۆشتنی باخی گێلاسەکەوە ناگێردرێت و لەپاخین و ڤاریایش، هەرچەندە خەون بە هاوسەرگیرییەوە دەبینن، بەیەک ناگەن و هەرگیز ئەو زەماوەندە ناگێڕن.

(١٠)

شانۆنامەکانی چیخەف دابەش دەکرێن بەسەر دوو جۆردا: یەکەم، ئەو شانۆنامانەی، کە ڕووداوەکانی ڕاستەوخۆن، ئەمەیش بەرهەمەکانی سەرەتای دەستپێکردنی دەگرێتەوە، بۆ نموونە شانۆنامە یەک پەردەییە ڤۆدڤێلەکانی، هەروەها (ئیڤانۆڤ) و (شەیتانی دارستان). دووهەم، شانۆنامە درێژەکانی، نەورەس، خاڵە ڤانیا، سێ خوشک و باخی گێلاس، ئەو شانۆنامانەن، کە بە ڕووداوە ناڕاستەوخۆکان ئاماژەیان بۆ دەکرێت. جیاوازییەک لە شێواز و ستراکتوری ئەم دوو جۆرەدا هەیە، هەروەها لە ناوەڕۆکیشدا. لە جۆری یەکەمدا

ڕووداوەکـــان ڕووبەڕووی بیـــنەران دەبـــنەوە، لە جـــۆری دووهەمدا، ڕووداوە سەرەکییەکان لە دەرەوەی شانۆکەوە ڕوو دەدەن، ئەوەی بە شـــێوەیەکی کـــراوەیش ڕوو دەدات، زیـــاتر ڕووداوێکـی نـاوەکییە. هاوکـات واقیعێکـی نـاوەوە و واقیعێکـی دەرەکیشمان هەیە؛ واقیعە دەرەکییەکە ساکارە و بە شێوازێکی شـاعیری گوزارشـتی پـێ دەکرێـت، بەڵام واقـیعە نـاوەکییەکە، قووڵە و پڕە لە سمبۆل و ئاماژەی دوور و نزیک.

(١١)

ئەوەی چێخەف نووسیویەتی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بزووتنەوەی واقیعیەت و ناتورالیزمییەوە نییە، چێخەف گرنگی بە وێنـاکردنی دیـوی دەرەوەی واقیـع نـادات، بەڵکو ڕۆدەچێتە خـوارەوە بەنێـو ژیـانی نـاوەوەی کارەکتەرەکانیـدا، بـۆ نمـوونە چـــێخەف وەکـــو پزیـــشکێک ڕەوش و بـــارودۆخە چـــڕ و پێکداچووەکانی نـاوەوەی مـرۆڤ و پەیوەندییەکانی بە دونیـای دەرەوە و هەسـتی نـامۆبوون و دابـڕان و کەوتـن، لە مرۆڤـدا بەرجەستە دەکات. هەروەها چێخەف وەک ناتورالیزمییەکـانیش گرنگی بە وردەکارییەکانی ڕووکـاری دەرەوەی ژیـانی ڕۆژانە و تۆمارکردنیـان نـادات، کارەکتەرەکانیـشی لە بنەماکـانی ژینگە و دەوروبەر و میراتەوە شی ناکاتەوە. تەنانەت ئەو سیمایانەی لە ڕوانـــگەی سروشـــتەوە مامەڵەیـــان لەگەڵ دەکـــات و لە دەقەکانیـدا بەرجەسـتەیان دەکـات، بـۆ نمـوونە دەریـاچە لە (نەورەس) و بـاخێکی گـێلاس لە (بـاخی گـێلاس)دا، ڕۆڵێکـی گرنگیـــان هەیە و دەکرێـــت وەک مۆتیـــڤ و کـــارەکتەرێکی سەرەکی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. سروشت لای چێخەف وێنە یان تەنها دیکۆرێک نییە بۆ ڕووداوەکان، بەڵکو دەبێتە سمبۆل

و مۆتیڤێکی سەرەکی لەستراکتوری دەقەکەدا. ستانیسلاڤسکی وتەنـــی (ئەوانە هەڵەیەکـــی گەورە دەکەن، کە دەیانەوێـــت دەقەکانی چێخەف پێشکەش یان لە نواندناندا بەرجەستە بکەن. لە دەقەکـانی چـێخەف-دا پێویـستە مـرۆڤ هەبێت، ئەمەیـش مانـای وایە بـژی، ببیـت و بەدوای ئاسـتە قووڵەکـانی ڕۆحـدا بگەڕێت، ئاڕاستە گرنگەکان بدۆزیتەوە. لێرەدا چێخەف لە فرە ماناییەکەیـدا بەهێـزە، زۆر جـاریش لە ئـامڕازە نەبینراوەکانیـدا. هەنـدێک جـار ئەو ئیمپرۆشـیونیزمە، لە هەنـدێک جێگـەی تـردا سـمبۆلیزمە، لە هەنـدێک شـوێنی تـردا پێویـستە ڕیـالیزم بێـت، تەنانەت هەندێک جاریش ناتورالیزم).

ئەوەی بە لای چێخەف-ەوە گرنگە و لە شانۆنامەکانیدا کاری لەسـەر کـردوون، دەرخـستنی هۆکـارە ناوەکییەکـانی دەروونـی مـرۆڤە، ئەمەیـش لە ڕێگـەی سـتراکتورێکی ئاسـایی و چەنـد ڕووداوێکـــی ڕۆژانە و پەیڤێکـــی واوە، کە ژیـــانی ڕۆژانە و گوزەرانمـان دیـاری دەکەن. چێخەف لەم ڕووەوە دەڵێت: (داوا لە پـاڵەوانە پیـاو و ژنەکـان دەکرێـت، کە لەسـەر شـانۆ مـوجیزە بخولقێنن، بەڵام ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا، لە باشترین ڕێکەوتدا فیشەکێک نانێین بە ناوچەوانی خۆمانەوە، خۆمان هەڵناواسین یان نـاکەوینە سـەرچۆک بـۆ دەربڕینـی خۆشەویـستییەک...، نەخێـر، زۆربەی کاتەکان خەریکی نـانخواردن، خـواردنەوە و باسـی شـتی بێماناکردنین. دەبێت ئەم جۆرە کەسانە لەسەر شانۆکان ببینـرێن، دەبـوایە دەقێکمـان بنووسـیایە، کە کارەکتەرەکـان دێـن و دەڕۆن، نـانی ئێـوارە دەخـۆن، باسـی کەش و ئـاووهەوا و گەمە دەکەن، ئەمەیش نـەک لەبەر ئەوە، کە نووسـەرەکە ئەمەی دەوێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە ژیـانە واقیعـیەکەدا وا دەگوزەرێـت- کەواتە ئێـوە ناتورالیزمییەکەی زۆلا-تان دەوێت؟ - نەخێر، نە نـاتورالیزم و نە ڕیالیزمیش. مرۆڤ نابێت خودی چوارچێوەکە برازێنێتەوە. مرۆڤ

دەبێت لێگەڕێت ژیان چۆنە، وا بێت، مرۆڤەکانیش هەر بەو شێوەیە بن، کە هەن، ڕەسەن و لە نەژادەوە، نەوەک فووتێکراو و دروستکراو بێت). ئەم چەند دێڕەی چێخەف گوزارشت لەو مانیڤێستە چێخەفییە دەکات، کە ستراکتوری دەقەکانی پێک دەهێنێت و دیدە ساکارە فەلسەفییەکەی ئەویش بۆ شانۆ دەخاتە ڕوو، هاوکات ئەم پەرەگرافە بچووکە ڕۆڵێکی گەورەی لە تێگەیشتنی دیدی چێخەف-دا هەبووە. چێخەف لە نامەیەکی تریدا، کە ساڵی ١٨٨٧ بۆ میخائیلی برای نووسیوە، هەر لەسەر ئەم بابەتە دەڵێت: (شانۆنامەنووسەکانمان، دەقەکانیان پڕ کردووە لە فریشتە و هەروەها شەڕانی و لێبوکەکان، من نازانم ئەمانە لە کوێی ڕووسیادا، ئەم کارەکتەرانە دەدۆزنەوە... بەڵام من جیاوازم لەوان، لە دەقە شانۆییەکانی مندا، فریشتە یان تەنها یەک شەڕانییش، بوونی نییە... هۆکارەکەیشی ئەوەیە، کە من نازانم کێ بێتاوانە و کێ تاوانبارە).

چێخەف دەقەکانی یان ئەو واقیعیەتەی ئەو پەیڕەوی دەکرد، لەسەر بنەماکانی واقیع داڕشتبوو؛ کارەکتەرەکانی بە مانا تەقلیدییەکەی پاڵەوان، پاڵەوانی گەورە نین، بەڵکو ئەوان کەسانێکی ئاسایین و دەژین: دێنە ژوورەوە، دەچنە دەرەوە، خەریکی نانخواردن و چا خواردنەوەن و باسی ئاووهەوا دەکەن. وەک چێخەف خۆیشی ئاماژەی بۆ کردووە، ئەم شێوەنووسینە جۆرە هەڵبژاردنێک نەبووە بۆ ئەو، بەڵکو ژیان خۆی وایە و بەم شێوەیە ڕەوڕەوەی ژیان دەگوزەرێت، چێخەف گوتوویەتی (ژیان لەسەر شانۆ دەبێت هاوشێوەی ژیان، ساکار و لە هەمان کاتدا دژوار و سەخت بێت)، ئەمەیش وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، جۆرە مانیڤێست و پرۆگرامێکە، کە دیدی چێخەف بۆ هونەری شانۆ دیاری

دەکـات. ئەو لە ژیـانی ڕۆژانەمانـدا، شـتە گەورەکـان لە شـتە بچووکەکانــدا، ڕەوشـــە کۆمیــدییەکان لە تراجیدیاکانــدا و بە پێچەوانەیـــشەوە، دەبینێـــت. واقیعـــیەتەکەی چـــێخەف لە وردەکارییە سـاکارە بینـراو و نەبینراوەکـانی ژیـانی ڕۆژانەوە دەست پێ دەکات؛ ئەو وردەکارییە بێمانایانەی ژیانی ڕۆژانە گەوهەری ژیانمـان بـۆ دەدۆزنەوە، نەک ڕووداوە دەرەکیـیە تونــدوتیژ و پــڕ لە هاتوهاوارەکــان. ئەمەیــش مانــای ئەوە ناگەیەنێـت، کە کارەکتەرەکـانی چـێخەف سـاکار و بێگـرێ و ئاسـان بـن، بە پـێچەوانەوە کارەکتەرەکـانی چـێخەف چـڕ و ئاڵۆزن و پڕن لە مەودای جودا و دەوڵەمەند و ژیانی ڕۆژانە چڕ دەکەنەوە. چێخەف بە مانـا تەقلیـدییەکە، پاڵەوان دروسـت ناکـــات، بەڵکـــو هەمـــوو کارەکتەرەکـــانی ئەو پـــاڵەوانن و پێوەنـدییەکی ئـاڵۆزیش پێکەوەیـان دەبەسـتێتەوە. هەر لەبەر ئەوەیـــشە، جـــووڵە لە دەق و نمایـــشەکانی چـــێخەف-دا جووڵەیەکی بەکۆمەڵە، وەک لەوەی تاکەکەسی بێت.

کە ستانیسلاڤسکی خەریکی (نەورەس) دەبێت بـۆ شـانۆی هونەری مۆسکۆ، ئەم پێشنیارە بۆ چێخەف دەکات، لە کۆتـایی پەردەی ســـێیەمدا، دوای ئەوەی ئەرکادینـــا و تریگـــۆرین دەگەڕێنەوە بۆ مۆسـکۆ، ئافرەتێک بە منداڵێکی شیرەخۆرەوە، کە دەگری، بهێنێتە سـەر شـانۆ، ئەمەیـش بـۆ ستانیسلاڤسکی هۆکـــارێکی واقیعـــی هەبـــووە. چـــێخەف لە وەڵامـــدا بە سەرسووڕمانەوە گوتوویەتی ("واقیعی"، شانۆ هـونەرە! تـابلۆی پیاوێـک بهێـنە، لـووتی لێـبکەرەوە و لەبـری ئەوە، لـووتێکی ڕاســتەقینەی پێــوە بــکە. ئەمە واقیعیــیە، بەڵام تابلۆکەمــان شێواندووە).

(١٢)

خۆکوشــتنەکەی تریپلیــۆڤ لە نەورەســدا، ئەو گــوللەیەی ڤەینێتــسکی لە (خـــاڵە ڤانیـــا)دا دەینێـــت بە ســـریبریکۆڤ ڤلادیمیرەڤیچـــی پرۆفیـــسۆرەوە، مردنـــی توزینبـــاخ لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکـــدا لە (ســـێ خوشـــک) هەمـــوو ئەم ڕووداوانە نامـانگەیەنێتە هـیچ چارەسـەرێک، ئەمـانە تەنهـا بـۆ ئەوەن تا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، ئەوەمان پیشان بدات، کە هـیچ ڕێگـەچـارەیەک بـۆ ئـێمەی مـرۆڤ لەسـەر ئەم گـۆی زەوییە نییە. ئەم ژیانە، کە زۆر بە هێواشی لای چێخەف چڕ و بچووک دەبێتەوە، ئەو دیمەنانەی، کە لە بێدەنگی و نائامـادەیی کارەکتەرەکانەوە ڕۆ دەنرێت، لەپڕ لە ڕیزبەندی ڕووداوەکاندا گۆڕانکـاری و ئاڵوگۆڕییـان بەسـەردا دێـت، تەنهـا بە جـووڵەی هەسـت و سـۆز، ئەو کـۆت و بەنـدە هەرگیـز تـەواونـەبـووەی ڕەوشی ڕۆح، ئەمانە لە کۆنسێپتی ڕووداوەکاندا چەنـدە سـاکار و ئاسان دەردەکەون، هەروەک ژیانی ڕاستەقینەی خۆمـان چڕ و گرژ و ئاڵۆزیشن. قورسـایی دەقەکانیـشی لە هـیچ شـوێنێکدا نییە، لە هەمـان کاتـدا، دەکرێت بڵێن لە هەمـوو شـوێنێکیشدایە، ئەوەی لە پەراوێـزدایە بە بەرچاومـانەوە هەڵدەکشێت و گەشـە دەکـات، ئەوەی لە چەقـی ڕووداوەکانیـشدایە لەپـڕ دەبێـت بە شـتێکی ئاسـایی و بێبەهـا، یـان کۆمیـدی، ئەمەیـش یەکـێکە لە نهێنییەکـــانی چـــێخەف، کە بەردەوام ســـەرنجی ئەکـــتەر و ڕیژیـــــسۆرەکانی دونیـــــای بە لای خۆیـــــدا ڕاکێـــــشاوە. ستانیسلاڤسکی دەڵێت: (چـێخەڤ باشـتر لە هەر کەسـێکی تـر لەوە گەیشتووە، کە کرداری شـانۆیی دەبێت بە مانـای کردەی دیوی ناوەوە لێک بدرێتەوە، چونکە تەنها لەسـەر بنەمـای ئەم

جۆرە کـرداره دەتوانرێـت بە شـێوەیەکی پـوختە بەرهەمـی شـانۆیی ڕۆبنرێـت و پەرەی پـێ بـدرێت، لە کاتێکـدا کـرداره دەرەکییەکـان تەنهـا دەمارەکانمـان دەلاوێنێـتەوە و سـەرقاڵیان دەکـات، یـان دەیانهەژێنێت، کـرداری نـاوەکی گیانمـان گیـرۆدە دەکـــات، داگیـــری دەکـــات و دەیکـــاتە مـــوڵکی خـــۆی) کارەکتەرەکـانی، کە لە زۆر ڕووەوە دەوڵەمەنـدن و چەنـدان تـۆێژاڵ لەخـۆ دەگـرن، لە ئەتمۆسـفێرێکی سەرسـوورهێنەردا دەژیـن و دەجـوولێنەوە، کە زۆر لە واقـیعەوە نـزیکن، بەڵام لە بزوانـدنێکی شـاراوەدا، تـۆنێکی زۆر تـایبەتی چێخەفـی لەخـۆ دەگرن. ئەم بزواندن و جێگۆرکێیە، بە پلەی یەکەم بە دیقەت و وریاییەکی بێسنووردا دەخوڵقێن، بۆ نمـوونە لەو ئامـاژانەدا، کە چـێخەف دایـناون: وەرزەکـانی سـاڵ، سـەری کـاتژمێر، کەش و ئاووهەوا، گۆڕانکاری لەنێوان بێدەنگی و ئەو دەنگانەی لە پڕ بێدەنگییەکە تێک دەشکێنێت، کە هەموویان بەشێکی بچووکن لە نەخـــــشەی ئەو تەونە ســــــایکۆلۆژییەی بە شــــــێوەیەکی چـــــاوەڕواننەکراو مـــــۆرکێکی زینـــــدوو، لە هەمـــــان کاتـــــدا دەوڵەمەندیـشی پـێ دەبەخـشێت. چـێخەف ئەم شـتانە بـۆ ئەوە بەکـار ناهێنێـت تـا کـاریگەرییە شـانۆییەکان لەو دیمەنـانەدا بەرجەسـتە بکـات، بەڵکـو بـۆ ئەوەیە ڕۆحـی نـاوەوەی ژیـان دەربخات.

ئارامی و بێدەنگییە دەرەکییەکانی کارەکتەرە سەرەکییەکان، هەروەهـا ژیانە نـاوەکییە چڕ و ئاڵۆزەکانییـان، لە یەک کاتدا و لەسـەر چەنـدان ئاسـت و بە چەنـدان ئاڕاسـتەدا دەسـووڕێنەوە. هەرچەنـدە بە زۆری کێـشە و ململانێکـان لەنێـو دەمـامکێکی نادیـاردا خۆیـان حەشـار داوە؛ ئاڵۆزییەکـان لە دیمەنـێکەوە بـۆ دیمەنێکـی تـر گەشـە دەکەن. ئەو پێوەنـدییە نادیـارەی، کە

کارەکتەرەکـان، لە چەنـدان شـێوە و شـێوازی جـودا پـێکەوە دەبەسـتێتەوە، لە ئەنجامیـشدا هێنـدە تونـد دەبێـت و هێنـدە دەجەڕێت، دڵەڕاوکـێ و پەشـێوییەکانمان هـیچ دەربـازبوونێکی بـۆ نیـیە. پـشووەکان و ئەو بێـدەنگییەی لە سـتراکتوری دەقەکانیـدا گەشـە دەکەن، زیـاتر و زیـاتر دەبـنە زمـانێکی دەوڵەمەنـد و ڕۆڵێکـی گرنگیـان لە ڕۆنـانی دەقەکانیـدا هەیە. چـێخەف سـاڵی ١٨٨٦، لە یەکێـک لە نامەکانیـدا سـەبارەت بە بەهای بێدەنگی و پشووەکان، دەڵێت (من نـازانم چۆن وەهـایە، گەورەتـرین ئاسـتەکانی بەختیـاری و سـاتە قـووڵە خەمبـار و کارەساتئاسـاکان، بە زۆری لە بێدەنگیـدا گوزارشـتیان لـێ دەکرێت: کەسـە عاشـقەکان بە باشـی لە بێدەنگیدا لە یەکتـری دەگەن).

(١٣)

هەرچەندە کارەکتەرەکانی چێخەف لایەنی شەڕ و خراپەیان تێـدایە، بەڵام ئەم شـەڕە چەمکێکـی ڕەهـای نیـیە، لایەنێکـی ڕوونـاکیش لەنێـو ئەو تـاریکییەی کارەکتەرەکانـدا، هەمیـشە ئامادەییەکی نادیار و زۆر جاریش بەهێزی هەیە. ئەو شـەڕەی چـێخەف ئـاوێزانی نـاوەوەی کارەکتەرەکـانی دەکـات، لە ململانێیەکـی بەهێـزدایە لەگەڵ خـودی خـۆی، نەک لەگەڵ کارەکتەرەکانی تر و دونیای دەرەوەدا. ئەم کارەکتەرانە خەون بە سەربەسـتییەوە دەبیـنن، بەڵام کەم یـان هەرگیـز ئەو خەونەیـان نـایەتە دی، هەوڵەکانیـشیان بـۆ بەدەسـتهێنانی ئەو سەربەسـتییە هەمیـشە سـەرکەوتوو نابێـت. لە شـانۆنامە و هەروەهـا چیرۆکەکانیـشیدا، هەردەم ئەو ڕەوشـانە دووبـارە دەبنەوە، کە مرۆڤیان تیا بەندە، بەندی بەندیخانە نا، بەڵکو لەو

ڕەوش و دیـــــالۆگە تراجیـــــدی/کۆمیـــــدیانەدا، کە هـــــیچ دەربازبوونێکیان نییە. هیچ بەربەستێک، کەسانێک یان هێزێکی دیـاریکراو ئەم کـارەکتەرانەی بەنـدی بـارودۆخ و ڕۆژگـار و ڕەوشە ناهەموارەکان نەکردووە، بەڵکو خۆیان خۆیان ناچـاری ئەو بـارودۆخە کـردووە. هــیچ کەسـێک ئەو ڕێگـەیەی لــێ نەگرتوون، کە سەربەست نەبن، خۆیـان لەنێو سـاتە تراجیدی، کۆمیدییەکاندا ئەو ڕێگەیەیـان بە خۆیـان نەداوە. کارەکتەرەکان پاڵەوان، هەروەها شەڕخواز و شەڕانی، یان ڕەش و سپی نین، بەڵکو مرۆڤی ئاسایین، کە هەمـوو توخمەکانی مـرۆڤ لە چاکە و خراپە، باش و خراپ، لەخۆ دەگرن.

ئەم کارەکتەرانە هەمیشە ئامادەگییەکی بەهێزیان هەیە و لە هەموو چرکەساتەکانی نمایش/دەقەکاندا هەژموونێکی بەهێزیان بەسەر تێکڕای ڕووداوەکانەوە هەیە؛ پیتەر بـرۆک ئامـاژەی بۆ ئـەوە کـردووە، کـە پاڵـەوانـەکـانی چێخـەف بـەردەوام لـەنـاو ڕووداوەکانـدا دەژیـن و بـوونێکی بـەردەوامیـان لـەسـەر شـانۆ هەیە، ئەگەر لەساتێکدا لەسەر شانۆیش نەبن، ئەوا لەژوورێکی تـردا، لـە نهۆمی سـەرەوە یان خـوارەوە، یـاخود لـەژوورەکەی پـشتەوەدا ژیـانی خۆیـان دەژیـن. بـروک ئامـاژە بـۆ ئەوەیـش دەکـات، کە بەدحـاڵیبوونێکی گەورەیە، چـێخەف بە نـاتوورالیزم ناوزەد بکرێت، بروک دەڵێت: (وشـەیەک، وەسـتانێکی بێزارکەر، دەنگــی مۆسـیقایەک لە دوورەوە، دەنگــی پـشت کالوسـەکان، هـاتنە ژوورەوەیەک، ماڵئاواییکردنێک -هەنگاو لەدوای هەنگاو زمـانی وەهمێـک بـۆ خـۆی دەخوڵقێنێـت، کە بە تەواوی ئەو وەهمەیە لە پریشکەکانی ژیانەوە وەرگیراوە). بروک، کە بـاخی گـێلاس-ی لەسـەر شـانۆی بودونـۆڤ نمـایش کـرد، بـاخەکەی لەسـەر شـانۆ، بە شـێوەیەکی کۆنکرێتی بەرجەستە نەکردبوو،

بەڵکو لە شانۆ بۆشەکەیدا، ئەو باخەی بۆ فەنتازیای بینەران بەجێ هێشتبوو، تا خۆیان بەو شێوەیەی دەیانەوێت لە هزری خۆیانـــدا، بیخـــوڵقێنن. هەر لەم ڕووەوە دەڵێـــت: (چـــێخەف دروستکەری فیلمە، کە هیچ شتێکی کەم نییە، بەڵام لەبری ئەوەی لە دیمەنێکەوە بگوێزێتەوە بۆ دیمەنێکی تر ـیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترـ لە هەستێکەوە بۆ هەستێکی تر، بەر لەوەی قوورس و ناخۆش ببێت، دەگوێزێتەوە. لە ساتێکی هەستیاردا، کە بینەر بە تەواوی لەگەڵ کارەکتەرەکەدا یەکانگیر دەبێت، ڕەوشێکی چاوەڕواننەکراو دێت و ئەو ساتە هەستیارە دەبڕێت. هیچ شتێک جێگیر نییە. چێخەف وێنای کەسانی خـــودگەرا و کـــۆمەڵ لە بـــارێکی گۆڕانکـــاریی هەمیـــشەییدا دەکێشێت، ئەمەیش درامای جووڵەی ژیانە، کە لای ئەو گریان و پێکەنین، خەم و خۆشی تێکەڵاو دەبێت).

(١٤)

ئەو وردەکارییـــانەی هەنـــدێک جـــار چـــێخەف لە ڕێنمـــایی دەقەکانیدا بۆ ئەکتەرەکانی تۆمار کردوون، بۆ نموونە: (بەسەر ئامـاژە بـۆ دۆرن دەکـات، هەناسـەیەک هەڵدەکێـشێت، کتێـبەکە دەگرێت بە دەستیەوە، شانێک هەڵدەتەکێنێ، کەمێک ڕادەمێنێ، بە چـــاو بەدوای شـــەپقەکەیدا دەگەڕێ، لەدوایەوە دەڕوات، باوێشک دەدات، بە گۆرانیوتنەوە شـەبقەکەی لەسـەر دەکـا، بە دەنگی بەرز، گوێی خۆی دەگرێ... هتد) لەوانەیە بۆ هەندێک کەس، ئەم ڕێنمایانە هێندە گرنگ نەبن، بەڵام بۆ چێخەف جۆرە دەرگـــایەک بـــوون، کە لەوێـــوە دەچێـــتە ژوورەوە. ئەو نەیویـــستووە بە ئەکتەرەکـــان بڵێـــت چـــی لە پـــشت ئەو دەرگایانـــەوەن، بەڵکـــو ئەوان دەبێـــت خۆیـــان بەدوای ئەوەدا

بگەڕێن. ئەو دەیویست تەنها شوێنی دەرگاکانیان پیشان بدات و ئەکتەرەکان خۆیان ئەو دەرگایانە بکەنەوە و بچنە ژوورەوە.

دەقەکانی چیخەف پڕن لەو جۆرە دەرگایانە، دەکرێت شوێنەکانی بدۆزرێتەوە، بەڵام هەموو خوێنەرێک، ڕیژیسۆر و ئەکتەرێک دەبێت خۆیان بەو دەرگایانەدا بڕۆن. ئەوەی لە پشت دەرگاکانیشەوەیە، هەرگیز هەمان شت نییە، هەموو ئەکتەرێک شتی خۆی لە پشت ئەو دەرگایانەوە دەدۆزێتەوە، هەروەها ڕیژیسۆرەکانیش لە پشت ئەم دەرگایانەوە دیدێکی هونەری و ئێستاتیکی بۆ ڕاڤە و خوێندنەوەکانی خۆیان دەکەن. چیخەف نەیدەویست هیچ شتێک بۆ ئەکتەرەکانی شانۆی هونەر و تەنانەت ستانیسلاڤسکی-یش ڕاڤە بکات و وەڵامی پرسیارەکانی نەدەدانەوە. ئەو هەمیشە بە پێداگرییەوە دەیگوت (من ئەوەی هەیە نووسیومە، هەموو شتێک لەوێدا نووسراوە)، ئەمەیش تەنها ئەو وەڵامە بوو، کە ئەکتەر و ڕیژیسۆرەکان لە چیخەف-ەوە دەستیان دەکەوت.

(١٥)

ئەوەی چیخەف جیادەکاتەوە، ئەوەیە هەموو کارەکتەرێکی دونیایەکی تایبەتمەندی خۆی و هەر یەکەیان چیرۆکی تایبەتی خۆی هەیە. جیهان ناوەندێکی گرنگ و بزۆزە، هەموو مرۆڤێکیش بۆ خۆی لەنێو ئەم ناوەندەدا خاڵی ڕووداوەکانە و پەیوەستە بە دونیا و دونیای دەرەوە. کارەکتەرەکانی چیخەف لەنێو ئەم ناوەندە گرنگەی جیهانەوە مامەڵە لەگەڵ خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانی خۆیان و دەوروبەرەکەیان و کەسایەتییەکانی تردا دەکەن. درامایش بۆ چیخەف تەنها ئەدەبێکی ڕووت نەبووە، بەڵکو بەر لە هەموو شتێک، هونەری

شـــانۆ بـــووە؛ هەر لەبەر ئەوەیـــشە نابێـــت تەکنیـــک و فـــێڵە هونەرییەکان لە خودی دەقە شانۆییەکە گرنگتر بن، نووسـەری شـانۆیی دەبێت هونەرمەنـد و شـاعیر بێت و شـانۆ بخـاتە ژێـر هەژمـــوون و کاریگەرییەکـــانی خـــۆیەوە، نەک بە پـــێچەوانەوە، شانۆ دەق بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

چێخەف بیوگرافیای خۆی لە دەقەکانیدا نەنووسیوە، هەروەها هەوڵ نادات بیروباوەڕی خۆی لەنێو شـانۆنامەکانی و لە ڕێگـەی کارەکتەرەکـــانیەوە دەببرێـــت، دەقەکـــانی وانەی ئاکـــار و پڕوپاگەنـدەی سیاسـی و ئامۆژگـاریی کـۆمەڵایەتی و بۆچـوونی سـەپێنراو نـین. تەنـانەت، کە چـێخەف باسـی ڕۆڵـی هـونەر و هـونەرێکی نـوێ لە شـانۆنامەی (نەورەس)دا دەکـات، دەبێـت بە بەشـێک لە هـزری کـارەکتەری (کەنستەنتین)، کە شـانۆنامەکەی لەنێو شانۆنامەکەدا نووسیوە، نەک دیدی چێخەف. لە نامەیەکیدا، کە ساڵی ١٨٨٩ بۆ میخائیلی برای نووسیوە، دەڵێت: (چ سوودێکی تیایە، ئەگەر هەموو کارەکتەرەکان لە خۆت بچن، کێ گرنگی بە من، یان بە تۆ دەدات؟ یان بیروباوەڕەکانی تۆ یان هیی من؟).

شانۆنامەکانی چێخەف باسی خۆشەویستی، جیابوونەوە و دابڕان، پیربوون، ململانێی نەوەکان، خەون بـە بەناوبـانگبوون، شانۆ و ئەدەبیشەوە دەکات. لە (نەورەس)دا ماشا کەنستەنتینی خۆش دەوێت، کەنستەنتین نینـای خۆش دەوێت، نینا عاشـقی تریگۆرین بووە، ئەرکادینا تریگۆرینی خۆش دەوێت، تریگۆرین ئامادەیە بە هەموو کەسێکی تری بگۆڕێتەوە، هەمـوو عاشـقن، بەڵام بە کەسێکی هەڵە. لە (خـاڵە ڤانیـا)یشدا، ڤانیا یلێنـای ژنـی پڕۆفیـــسۆری خـــۆش دەوێـــت، بەڵام یلێنـــا چـــاوی لەســـەر ئەستروڤە، سۆنیا بۆ ئەستروڤ دەسووتێت، بەڵام ئەستروڤ نایبینێت. ئەنجامەکانی ئەم پێوەندییانەیش کۆمەڵێک گرێکوێرەی

دەروونیــی ســەختن و چــێخەف بە ئاســانی و بە تەکنیکێکــی ساکار مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، هەروەک ئەوەی دیمەنێک بن لە ژیانی ڕۆژانە. هەروەها دەگوترێت، هەمان باس لە هەموو دەقەکانیــدا دووبــارە دەبــنەوە و هەر هەمــوو دەقەکــانی بەرجەستەیەکی دەوڵەمەندی ژیانی ڕووسیایە لە دەوروبەری کۆتــایی ســەدەی ڕابــردوو. لەگەڵ ئەوەیــشدا ئەم دەقــانە زۆر جیاوازن. (نەورەس) پیشاندانی کۆنتراستە گەورەکانە، لەنێوان گفتوگۆ هۆشیارەکان و هەستە بەهێزەکان، خاڵە ڤانیا لە هەموو دەقەکــانی تــری زیــاتر نــزیکە لە مــرۆڤەوە و ڕیالیــستە، لە دەقەکانی تریشی ساکارترە، سێ خوشک لە ڕووی هەستەوە، لە هەموویان دەوڵەمەندترە و باخی گێلاس-یش وەک مۆزارت سـووکە، هەروەهــا لەگەڵ قوورســی و قــووڵیی مـۆزارت یەک دەگرێتەوە. ئەمەیش ئەو واقیعیەتەیە چێخەف مێژوویەکی تری بۆ شانۆی ئەورووپی پێ تۆمار کرد.

(١٦)

ڕەوتــی چــێخەف، وەک شانۆنامەنووســێک لە جــوولەیەکی بازنەییدا بەرجەستە دەبێت، لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات، کە لە دەقە سەرەتاییەکانیدا، پشت بە بنەما شـانۆییە تەقلیدییەکان، بەتــایبەتییش (ئیڤــانۆڤ) و ڤۆدڤێلەکــانی دەبەســتێت. دواتــر لە دەقە درێژەکانیـدا: نەورەس، خـاڵە ڤانیـا، سـێ خوشـک-دا، ئەم بنەمایــانە تێــک دەشــکێنێت و شــتێکی تــر بونیــاد دەنێــت. لە کۆتاییەکــانی ژیانیــدا، ســـەرلەنوێ لە (بــاخی گــێلاس)دا بە شێوەیەک لە شێوەکان، دەگەڕێتەوە بۆ سەر هەندێک لەو یاسا و بنەما شانۆییانەی سەرەتای دەستپێکردنی، بەڵام لە فۆرم و شێوازێکی گەلێک پێشکەوتووتر و قووڵ و جیاوازەدا.

# بەشی دووەم

## ئەنتوان پاڤلۆڤیچ چێخەف

## بیۆگرافیا



چێخەف لەگەڵ خانەوادەکەیدا

ئەنتوان پاڤلۆڤیچ چێخەف، ٢٩ی مانگی یەکی ساڵی ١٨٦٠ لەشاری تەگانرۆگ لەباشووری ڕووسیا، کە دەکەوێتە سەر کەنارەکانی دەریای ڕەش، لەدایک بووە. باپیری، لە باوکییەوە، کۆیلە بووە، کە پێیان گوتراوە (موژیک)، بەڵام دەتوانێت ژیانی خۆی و خێزانەکەی بکڕێتەوە و لە ژیانی کۆیلایەتی ڕزگاریان بێت. باوکی بازرگانێکی بچووک و مرۆڤێکی بێبەزەیی و توندوتیژ بووە لەگەڵ خانەوادە و منداڵەکانیدا، چێخەف لە نامەیەکی ساڵی ١٨٩٢دا، سەبارەت بە باوکی گوتوویەتی: (دێتەوە یادم، کە ئەو چۆن پەروەردەی دەکردم، یان ڕاستتر وایە بڵێم، بەرلەوەی تەمەنم بگاتە پێنج ساڵان، کەوتە لێدانم. هەموو بەیانییەک، کە لە خەو هەڵدەستام، یەکەم شت بیرم لێی دەکردەوە، ئەوە بوو؛ ئاخۆ ئەمڕۆ لێدان دەخۆم؟!). ساڵی ١٨٧٦ خانەوادەکەی، جگە لە چێخەف، بە هۆی نابووتبوونی باوکییەوە، لە ترسی خاوەن قەرزەکان دەگوێزنەوە بۆ مۆسکۆ، بەڵام چێخەف لەبەر تەواوکردنی خوێندن لە تەگانرۆگ دەمێنێتەوە و بە وانەگوتنەوەی منداڵی دەوڵەمەندەکان دەژی. ساڵی ١٨٧٩ دوا ئامادەیی لە تەگانرۆگ تەواو دەکات و ئەویش دێتە مۆسکۆ و لە کۆلێژی پزیشکی دەست بە خوێندن دەکات، هاوکات بۆ ئەوەی یارمەتیی بنەماڵەکەی بدات، دەست دەکات بە نووسین و ساڵی ١٨٨٠ بۆ یەکەم جار لە هەفتەنامەیەکدا، دوو کورتە نووسینی ساتیر بڵاو دەکاتەوە. ساڵی ١٨٨٤ خوێند تەواو دەکات و بڕوانامەی پزیشکی وەردەگرێت و هەر لەم ساڵانەیشدا، نیشانەکانی تووشبوونی بە نەخۆشدی سیل دەردەکەون. لەنێوان ساڵانی ١٨٨٥- ١٨٨٧دا، لە هاویندا لەگەڵ هەموو خێزانەکەیدا، لە گوندی (بابکینو)، کە نزیکەی هەشت میل لە مۆسکۆوە دوورە، دەژین. لەم ناوچەیەدا، بۆ یەکەم

جاریش کاری پزیشکی دەکات و چارەسەری جوتیار و هەژارەکانی ئەو ناوچەیە و دەوروبەرەکەی دەکات. کاریگەرییەکانی ژیانی ئەم هاوینانە لە بابکینو، لە هەموو دەقە شانۆییەکانیدا، بەتایبەتییش (سێ خوشک) بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕەنگی داوەتەوە.

چێخەف لە هەموو ژیانیدا، لە یەک کاتدا پزیشک و نەخۆش بووە، ئەمەیش وای کردووە، لە نزیکەوە لە ئازارەکانی نەخۆش و گرفتەکانیان تێبگات و زیاتر لێیانەوە نزیک بێتەوە و لە نووسینەکانیشیدا ڕەنگیان داوەتەوە. چێخەف سەبارەت بە خۆی هەوڵی داوە لە هەموو ژیانیدا نەخۆشییەکەی خۆی لە خەڵک و تەنانەت لە خۆیشی بشارێتەوە، کە ساڵی ١٨٨٩ (نیکۆلا)ی براشی بە نەخۆشیی سیل دەمرێت، چێخەف تووشی ڕەشبینی و دڵەڕاوکێ دەبێت و بۆ یەکەم جار چارەنووسی نزیکی خۆشی، کە مردنە، دەبینێت.

ساڵی ١٨٨٦ یەکەم کۆمەڵەچیرۆکی لە کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاو دەکاتەوە، هاوکات لەسەر داوای ئەلێکسی سوڤۆرین، لە ڕۆژنامەی (کاتی نوێ) دەست دەکات بە نووسین. لە ساڵی ١٨٨٧یشدا یەکەم شانۆنامەی (ئیڤانۆڤ)، کە بە دە ڕۆژ دەینووسێت، لە مۆسکۆ دەخرێتە سەر شانۆ. ئیڤانۆڤ سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست ناهێنێت، بەڵام لە ساڵی ١٨٨٩دا بە سەرکەوتنێکی گەورەوە لە سان پیتەشبۆرگ نمایش دەکرێتەوە. هەر لە ساڵی ١٨٨٧دا، یەکەم کۆمەڵەچیرۆکی لە دەزگاکەی سوڤۆرین بڵاو دەکرێتەوە و دوو شانۆنامەی ڤۆدڤێلی یەکپەردەییش (ورچ و خوازبێنی) دەنووسێت. لە مانگی دەی ساڵی ١٨٨٨دا، ئەکادیمیای زانستی ڕووسی پاداشتی پۆشکین، کە یەکێکە لە پاداشتە ئەدەبییە هەرە



گرنگەکانی ڕووسیا، بە بۆنەی بڵاو کـــردنەوەی کـــۆمەڵەچیرۆکی (لە ئێـوارەدا)ی پـێ دەبەخـشێت. هەر لەم ســـاڵەدا، چـــوار شـــانۆنامەی کـورتی یـەکپـەردەیـی دەنووسـێت، هەروەهـا پێـنجەم کـۆمەڵەچیرۆکی بڵاو دەکرێتەوە.

چـێخەف لە ســەرەتادا، لەژێـر چەنـدان نـاوی خواسـتراودا، بـۆ نموونە: برای بـراکەم، دوکتـۆرێکی بێ نەخۆش، پیاوە بێ سپڵەکە بڵاو کـــردووەتەوە، بەڵام ئەو نـــاوەی زیـاتر چـێخەف نـاوی پـێ دەرکـرد (ئانتۆسـیا شـیکۆنتە) بـوو، کە ئەو مامۆســـــتایەی وانەی ئـــــاییینی مەســـیحییەتی لە تەگـــانڕۆگ پـــێ دەگـــوت، نـــاوی نـــابوو. لێکۆڵەرەوەکان پەنجاودوو ناوی خوازراویان دۆزیوەتەوە، کە چـێخەف لە بـڵاو کـردنەوەی نووسـینەکانیدا بەکـاری هێنـاون، ئەمەیش لەبەر ئەوە بووە، کە بتوانێت زۆرترین نووسین بڵاو بکاتەوە تا بتوانێت ئەوەندەی پارە دەست بکەوێت، پێی بژی و یارمەتیی خانەوادەکەیشی پێ بدات.

تەگـانڕۆگ گرنگییەکـی زۆری لە ژیـانی چێخەفدا هەبـووە؛ ئەم شارە لە زۆر ڕووەوە لە شارەکانی تری ڕووسیا نەچووە، تەگانڕۆگ شارێک بووە لە کەناری دەریا و هەمیشە پێوەندیی بە دونیای دەرەوە بەهێز بووە. زمانی گرێکی هاوشانی زمـانی ڕووسی بووە و لە ژیانی ڕۆژانە و لەسـەر شـەقامەکان بەکار

هاتووە، هەر لەم شارەدا زمانی تورکی، فەرەنسی، ئیتاڵی و ئینگلیزی بە دانیشتوانەکەی نامۆ نەبووە. شانۆی ئەم شارە بە هۆی ئەو فرەکولتووریییەوە، گەشاوە و پێشکەوتوو بووە، هەروەها ئۆپێرای ئیتاڵیی لێ بووە، بە هۆی ئەم ئۆپێرایەوە، تیپە گەورەکان بە نمایشەکانیانەوە سەردانی ئەم شارەیان کردووە. کتێبخانە گەورەکەی تەگانرۆگ، کە بەرهەمە کلاسیکییە ڕووسی و جیهانییەکانی دونیای تیا بووە، سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیریی باش بوون بۆ چێخەف. چێخەف هەرچییەکی لەم کتێبخانەیەدا دەست بکەوتایە، دەیخوێندەوە و دوایی بۆ براکانی دەگێڕایەوە. هەر لەم شارەدا، جگە لە کتێبخانە، لەگەڵ هاوپۆلەکانی دەچێت بۆ شانۆی شارەکە، لەم شانۆیەدا کۆمیدیا و ئۆپەرێت، هەروەها شانۆنامەی نووسەرە گەورەکانیش، بۆ نموونە شەکسپیر، شیللەر و شانۆی کلاسیکی ڕووسی، گۆگول و ئۆستروڤسکی تیا نمایش کراوە.

چێخەف هەر لە سەرەتاکانی هەرزەکارییەوە، پێوەندییەکی بەهێز و ڕاستەوخۆی بە هونەری شانۆوە هەبووە، تەمەنی سیانزە ساڵان دەبێت، کە دایکی دەیبات بۆ شانۆی تەگانرۆگ، هاوکات زۆربەی ئەو نمایشە ڕووسی و بیانییانەی دیوە، کە لە تەگانرۆگ پێشکەش کراون. دایکی ئارەزوویەکی زۆری لە شانۆ هەبووە، ژیانی تەرخان کردبوو بۆ پەروەردەی منداڵەکانی و ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆری بەسەریانەوە هەبووە. چێخەف ئەم ڕۆڵەی دایکی هەمیشە لە یاد بووە، پێوەندییەکی بەهێزی پێوەی هەبووە و بۆ هەموو شتێک پرسیاری لێ کردووە، زۆر جاریش گوتوویەتی "بەهرەکەمان لە باوکم و ڕۆحیشمان لە دایکمەوە وەرگرتووە."

دواتـر چـێخەف لە مـاڵی هاوڕێکـانی نمایـشی ئەماتۆرئاسـای ڕێکخـستووە و خـۆی دەوری تیـا بینیـوە، هەروەهـا دەکەوێـتە نووسینی دەقی درامی و پرۆسە و خوێندنەوەی ئەدەبی کلاسیکی ڕووسـی، دواتـر شـەکسپیر و شـۆپنهاوەر دەخـوێنێتەوە. هەر لەم شارە، کە قوتابیی ئامادەیی بووە، لەنێوان ساڵانی ١٨٧٨-١٨٨١دا یەکەم دەقی درێژی چوارپەردەیی خۆی (پلاتۆنۆڤ)ی نووسیوە، کە تـا خـۆی لە ژیانـدا بـووە، نە نمـایش کـراوە و نە بڵاویـش کـراوەتەوە، هاوکـات چـێخەف خۆیـشی نەگەڕاوەتەوە سـەری، پـسپۆڕانی ئەدەبـی ڕووسـی ئەم دەقەی چـێخەف بە یەکێـک لە نهێنییـە ئاشـکرانەکراوەکانی ژیـانی ئەدەبیـی چـێخەف دادەنـێن. چـێخەف ئەم دەقەی نـاردووە بـۆ ئەکـتەری گەورەی ڕووسـی (ماریــا یارمۆلۆڤــا) ١٨٥٣- ١٩٢٨، بەڵام هــیچ وەڵامێکــی لە یارمۆلۆڤاوە بەدەست ناگات، ئەمەیش چێخەف دڵگران دەکات و تووشی نائومێدی دەبێت و هەموو دەستنووسەکەی لەناو دەبات، سـوێندیش دەخـوات چیتـر بـۆ شـانۆ نەنووسـێت و ڕوو نەکـاتە شـانۆکان. بە شـێوەیەکی ڕێـکەوت نوسـخەیەکی ئەم دەقە لەنێـو ئەرشــیفەکەیدا مــاوەتەوە. ئەم دەقە لە ســاڵی ١٩٢٣دا بــڵاو کراوەتەوە.

ســاڵی ١٨٧٩ کــە خوێنــدنی ئامــادەیی تەواو دەکــات، بــۆ خوێندنی زانکۆ بەرەو مۆسکۆ دەکەوێتە ڕێ، هەرچەندە هەموو خێـزانەکەی سـێ سـاڵ لەوەوبەر لەبەر نـابووتبوونی بـاوکی و قەرزێکـی زۆر تـەگانرۆگیـان بەجـێ هێـشتبوو و لە مۆسـکۆ بە کـولەمەرگی دەژیـان. هەر لەم قۆنـاغەی ژیانیـدا، دوای ئەوەی دێتە مۆسـکۆ، جگە لە بـابەتە سـاتیر و چیـرۆک و بەسـەرهاتە کورتەکـان، ڕیپۆرتـاژێکیش بە نـاوی (پریـشکەکانی ژیـان لە مۆسکۆ) بڵاو دەکاتەوە.



چـــێخەف لە ســـەرەتای ژیـــانی مۆســـکۆیدا، چەنـــد گوتارێکی ڕەخنەی شانۆییش دەنووسـێت، بـۆ نمـوونە کە ژنە ئەکـــتەری بەناوبـــانگی فەرەنـسی (سـارا بەرنـارد) ١٨٤٤- ١٩٢٣ لە مۆســـــکۆ یەکێـک لە کارەکـانی نمـایش دەکات، چێخەف لە گوتارێکی ڕەخنەییـــــدا، باســـــی ئەوە دەکـات، کە سـارا بارنـارد بە توانـــــا و شـــــارەزایە، بەڵام نەیتوانیـــوە کـــارەکتەرەکە بەرجەســـتە بکـــات، لەبـــری ئەوە کارەکتەرەکەی لە پشت تەکنیک و توانای ئەوەوە، وەکو ئەکتەر بزر کردووە. چێخەف ئەوەی دووپات کردووەتەوە، کە سارا بەرنارد لە ڕۆڵەکەیدا خرۆشاوە و بە شێوەیەکی ناسروشتییانە زێدەڕۆیی لە هەڵسوکەوتەکانیدا کردووە.

چێخەف لە ماوەی پێنج ساڵدا ١٨٩٢-١٨٩٧ لە مێلیخۆڤە، کە دەکەوێتە دەرەوەی مۆسکۆوە، خانوویەکی گەورە دەکڕێت و لەوێ لەگەڵ بنەماڵەکەیدا دەژی، لەم ناوچەیەدا خەریکی کاری پزیشکی دەبێت، بە چڕی کار دەکات و بەشێک لە گرنگترین چیرۆکەکـانی دەنووسـێت، هاوکـارییەکی زۆری جوتیارەکـانی ئەو ناوچەیە دەکات، بە خۆڕایی چارەسەریان دەکات و ڕێگەو قوتابخانەیەکیـان بـۆ دەکـاتەوە، بەشـداریی چەنـدان پـرۆژەی کـۆمەڵایەتی بـۆ بەرژەوەنـدیی خەڵکـی هەژاری نـاوچەکە و دەوروبەری، بـۆ نمـوونە کەمپینـی دژ بە بـڵاو بـوونەوەی

نەخۆشیی کۆلێرا و ئەو برسێتییەی بە شێوەیەکی زۆر بڵاو بووبووەوە، دەکات. لە چیرۆکەکانی ئەم کاتەیدا، چەندان وێنەی توندوتیژ و ژیانی چەرمەسەری و هەژاری و نامرۆڤانەی هەژارەکانی گوند و شارەکانی ئەو ڕووسیيانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە دونیاکەی ئەویان پێک دەهێنا. هەر لەم خانووەیشدا شانۆنامەی (نەورەس) دەنووسێت، باری تەندروستیی خراپتر دەبێت، ئەمەیش ناچاری دەکات، خانووەکە بفرۆشێت و لە ساڵی ۱۸۹۹وە لەبری مێلیخۆڤە، بگوێزێتەوە بۆ یاڵتا. چێخەف بۆ ئەم مەبەستە، لە کۆتاییەکانی ساڵی ۱۸۹۸دا پارچە زەوییەک لە یاڵتا، لە نیمچە دوورگەی کریم دەکرێت و خانووبەرەیەکی گەورە و مۆدێرنی لەسەر دروست دەکات. ژیانی ئەو پێنج ساڵەی چێخەف لە مێلیخۆڤە لە بەشێکی زۆری بەرهەمەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، بۆ نموونە چیرۆکی (خانووی ژمارە ٦)، ژینگە و کەشی (نەورەس)، خاڵە ڤانیا و باخی گێلاس، لەژێر کاریگەرییەکانی ئەو پێنج ساڵەی ژیانی مێلیخۆڤەدا نووسراون.

ساڵی ۱۸۸۹ یەکەم نمایشی (شەیتانی دارستان) پێشکەش دەکرێت، بەڵام دوای چەند نمایشێک، بە هۆی خراپیی کارەکەوە، ڕادەگیرێت و چێخەف تا خۆی لە ژیاندا بوو، چاپی ناکات، دواتر کاری تیا دەکاتەوە و سەرلەنوێ دایدەڕێژێتەوە و بە ناوی (خاڵە ڤانیا)وە بڵاوی دەکاتەوە. ساڵی ۱۸۹٦ شانۆنامەی (نەورەس) لەسەر شانۆی ئەلکسەندەرنیسکی، لە شاری سان پێتەشبۆرگ، بە نووشوستییەکی تەواوەوە نمایش دەکرێت، ئەم نووشوستییە کاریگەرییەکی زۆر خراپی بەسەر باری دەروونی و ڕەوشی تەندروستیی چێخەف-ەوە بەجێ

دەهێڵێت، چیخەف بڕیار دەدات، چیتر بۆ شانۆ نەنووسێت. بڕیارێک، کە هەمیشە لێی پاشگەز دەبێتەوە.

ساڵی ١٨٩٠ چیخەف لە ڕێگەی سیبیریاوە، گەشتێک بۆ دوورگەی ساخالین، کە وەکو بەندیخانەیەکی گەورە وا بووە، دەکات و بۆ ماوەی سێ مانگ دەمێنێتەوە، تا لە ڕەوش و بارودۆخی ئەو زیندانییانە بکۆڵێتەوە، کە لەوێدا ژیاون. چیخەف لەم زیندانە گەورەیەدا، کە وەک جێگەی هاوار و ناڵینی سەختی هەموو مرۆڤایەتی، بە ئازاد و کۆیلەوە، ناوزەدی کردووە، بە شێوەیەکی ورد تێبینییەکانی تۆمار دەکات، دیدار لەگەڵ کاربەدەستەکانی دوورگەکە و پاسەوانەکان و زیاتر لە دە هەزار لە بەندکراوەکان دەکات، لە هەموو ڕوویەکەوە لە ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی ئەو دوورگەیە دەکۆڵێتەوە. سەبارەت بە ساخالین دەڵێت: (ساخالین کۆنترین جێگەو تاقە شوێنێکی دەگمەن و شیاوە، کە لێکۆڵینەوە لەسەر تاوانبارانی ئەو ئۆردووگا زۆرەملێیە بکرێت). هەموو گەشتەکە هەشت مانگ دەخایەنێت، کە دەگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ، ئەنجامی گەشتەکەی، ساڵی ١٨٩٥ لە کتێبێکدا بە ناوی (دوورگەی ساخالین)ەوە بڵاو دەکاتەوە، بەر لە بڵاوکردنەوەیشی لە کتێبێکدا، وەک زنجیرەگوتارێک لە گۆڤارێکدا بڵاوی کردووەتەوە. چیخەف کتێبەکەی بە دیدێکی ساردی بێلایەن و لە هەمان کاتدا، هەستێکی گەرمی مرۆڤدۆستییەوە، وەک پرۆتێستێک دژ بەو مامەڵە نامرۆڤایەتییانەی لەگەڵ بەندکراوەکاندا دەکرا، دەنووسێت. ئەم کتێبە بە هۆی ئەو پەردە هەڵماڵینانەوە، بەتایبەتی سەبارەت بە خراپی و نادادپەروەری و توندوتیژیی ڕەوش و ژیانی زیندانییەکانەوە، دەبێتە جێگەی سەرنج و گفتوگۆی چینێکی

زۆری کۆمەڵگەی ڕووسیای ئەو کاتە. ئەو گەشتەی چێخەف بۆ دوورگەی ساخالین، جۆرێکە لە گەشتێکی پلانبۆدارێژراوی سمبۆلی، گەشتێک بۆ ژێرزەمین و سەردانێک بۆ دۆزەخ، کە دواتر لە زۆربەی نووسینەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

ساڵی ١٨٩٥ سەردانی تۆلستۆی لە یاسنایا بولینا دەکات و یەکەم دیداری لەگەڵ ئەم نووسەرە گەورەیەدا ئەنجام دەدات. تۆلستۆی دەرکی بەوە کردبوو، کە چێخەف دیاردەیەکی جیاوازە و بەهایەکی گەورەی بۆ کورتەچیرۆک و نۆڤێلتەکانی و کەسایەتیی چێخەفیش دادەنا، بەڵام دەقە شانۆییەکانی هیچ گرنگی و بەهایەکیان لای تۆلستۆی نەبووە. جارێکیان لە ئامادەبوونی چێخەف خۆیدا، گوتوویەتی: (ئێوە دەزانن، کە من حەزم لە شەکسپیر نییە، بەڵام دەقە شانۆییەکانی ئێوە زۆر خراپترن).

ساڵی ١٨٩٧ نەخۆشییەکەی زۆری بۆ دەهێنێت و خوێنێکی زۆر هەڵدەهێنێتەوە و بۆ یەکەم جار ناچار دەبێت لە نەخۆشخانە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی سیلەکەی بکەوێت. ساڵی ١٨٩٨ باوکی دەمرێت، هەر لەم ساڵەیشدا ستانیسلاڤسکی، لە شانۆی هونەری مۆسکۆ، کە تازە لەگەڵ نمیرۆڤیچ دانچنکۆ دایانمەزراندبوو، دەقی (نەورەس) بە سەرکەوتنێکی ئێجگار گەورەوە پێشکەش دەکەن. ئەم سەرکەوتنە تەنها بۆ چێخەف نابێت، بەڵکو سەرکەوتنێک بووە بۆ شانۆی هونەری مۆسکۆ، ستانیسلاڤسکی، نمیرۆڤیچ و هەموو ڕەوتی شانۆی ڕووسی، تەنانەت جیهانیش. هەر لە سەروبەری پرۆڤەکانی نەورەسدا، عاشقی ئۆڵگا کنیپەر ١٨٦٨-١٩٥٩، کە یەکێک دەبێت لە ئەکتەرەکانی شانۆی هونەری مۆسکۆ و ڕۆڵی ئەرکادینا لە نەورەس دەبینێت، دەبێت. ساڵی

١٩٠١ ئەم پێوەنــدییە خۆشەویــستییە قــووڵ دەبێــتەوە و بە هاوسەرگیری کۆتایی دێت و چێخەف و ئۆڵگا کنیپەر، دوور لە چاوی خەڵک و کەسوکار، بە تەنها زەماوەندی هاوسـەرگیری دەگێڕن. چێخەف و ئۆڵگا کنیپەر، هەمیشە دوور لەیەک دەژین، چێخەف لە یاڵتا و کنیپەریش لە مۆسکۆ، بەڵام هەموو ڕۆژێک نامە بۆ یەکتر دەنووسن، بەم شێوەیە ئاگاداری ژیانی یەکتر دەبـن. کـۆی ئەم نامــانە لە کتێبێکـدا، بە نـاوی (دڵـدارە هەرە ئـازیزەکەم) بـڵاو کـراونەتەوە و تـا ئێـستایش وەرگێـڕدراونەتە سـەر زۆربەی زمانەکانی دونیا. چێخەف لەدوای نمایشکردنی نەورەس، بە تەواوی بۆ شانۆی هونەری مۆسکۆ دەنووسێت. خـاڵە ڤانیـا، سـێ خوشـک و بـاخی گـێلاس، یەک لەدوای یەک لەسەر ئەم شانۆیە سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنن.

چــێخەف بەردەوام ســەفەری بــۆ دەرەوەی ڕووســیاش کردووە، بۆ نموونە ساڵی ١٨٩١ بەرەو ڤێنا، ڤێنیسیا، فلۆرەنس، ڕۆم، مۆنتی کـارلۆ و پـاریس دەڕوات، لەم وڵاتـانەوە نـامە بـۆ ئۆڵگــا کنیــپەر، خوشــکەکەی، ستانیسلاڤــسکی، نمیــرۆڤیچ و ســوڤورین دەنێرێـت. لە یەکێـک لە نامەکانیـدا دەڵێـت: (لەنێـو هەمــوو ئەو شــوێنانەی بینیــومن، خۆشــترین یــادەوەریم لە ڤێنیسیا هەیە. ڕۆم بە شـێوەیەکی زۆر لە شـارکۆڤ دەچێت و نیاپـڵ-یـش پیـسە. دەریـایش سـەرنجـی ڕانـەدەکێشام، لەبەر ئەوەی تاقـەتم لێی چووبوو. خۆشـم نـازانم مەسـەلە چییە، بۆ ماوەی ساڵێکی تەواوە من لە جووڵەدام).

هەرچەنـدە (خـاڵە ڤانیـا)ی لەنێـوان سـاڵانی ١٨٩٦-١٨٩٧دا نووسـیوە و زیـاتر ئامـادەکردن و سـەرلەنوێ نووسـینەوە و داڕشـتنەوەی دەقـی (شـەیتانی دارسـتان)ە و لەوەوبەر لەسـەر شـانۆی شـارۆچکە و هەرێمەکانی تـر نمـایش کرابـوو، بەڵام لە

شانۆی هونەری مۆسکۆ فۆرمی خۆی وەردەگرێت و ئەو سەرکەوتنە بەدەست دەهێنێت، کە بینەران و ڕەخنەگرانی شانۆ چاوەڕوانیان دەکرد. ئەم دەقە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٩٧دا، لەگەڵ شانۆنامەکانی تری چێخەفدا، لە بەرگێکدا بڵاو دەکرێنەوە. مەکسیم گۆرکی، کە خاڵە ڤانیا لە شانۆ بچووک و دوورەکانی دەرەوەی مۆسکۆ و هەرێمەکانی تردا نمایش دەکرێت، دەبینێت، تووشی سەرسامی دەبێت. نمایشەکە کاریگەرییەکی زۆر بەسەر گۆرکییەوە بەجێ دەهێڵێت، بە جۆرێک دوای نمایشەکە نامەیەکی ستایش بۆ چێخەف دەنووسێت. خاڵە ڤانیا، لە مانگی دەی ساڵی ١٨٩٩دا و لە ڕیژی ستانیسلاڤسکی لە شانۆی هونەر نمایش دەکرێت. ستانیسلاڤسکی، جگە لە کاری ڕیژی، هەر خۆیشی ڕۆڵی (ئەستروٚڤ) و ئۆلگا کنیپەریش ڕۆڵی (یەلێنا) دەبینن. هەر لە شانۆی هونەری مۆسکۆ، شانۆنامەی (سێ خوشک) لە ٣١ی مانگی یەکی ساڵی ١٩٠١ و (باخی گێلاس) لە ١٧ی مانگی یەکی ساڵی ١٩٠٤دا بۆ یەکەم جار نمایش دەکرێن.

چێخەف لە ساڵی ١٨٩٩دا گرێبەستێک لەگەڵ دەزگای ئەدۆڵف مارکس لە پیتەشبۆرگ، بۆ چاپکردنی کۆی بەرهەمەکانی نێوان ساڵانی ١٨٩٩- ١٩٠٢، لە دە بەرگدا، واژوو دەکات. هەر لەم ساڵەدا خانووەکەی یالتا تەواو دەبێت و نۆڤێلتی (خانم و سەگەکەی) دەنووسێت. ساڵی ١٩٠٠ بە ئەندامی ئەکادیمیای ڕووسی هەڵدەبژێردرێت و ساڵی ١٩٠٣ چاپی دووهەمی کۆی بەرهەمەکانی لە شانزە بەرگدا، لە بنکەی دەزگای بڵاوکردنەوەی ئا. ف. مارکس بڵاو دەکرێنەوە. مانگی دوانزەی ساڵی ١٩٠٣ دوا چیرۆکی خۆی بە ناونیشانی (بووک)ەوە نووسیوە، کە لە ساڵی ١٩٠٤دا بڵاو کراوەتەوە.

تـا دێـت بـاری تەندروسـتیی چـێخەف خـراپ دەبێـت، ئەم ڕەوشـــە خـــراپەی تەندروســـتیی، چـــێخەف ناچـــار دەكـــات، ســـەفەرگەلێكی زۆر بـــۆ دەرەوەی وڵات، بەتـــایبەتییش بـــۆ فەڕەنـسا بكـات. سـاڵی ١٩٠٤ لەگەڵ ژنەكەی، بە مەبەسـتی چارەسەركردن بەرەو بەرلین و لەوێوە بۆ شـاری بادینقێیلـەر لـە ئـەڵمانیا بەڕێ دەكەون، لەوێ نیوەشـەوی ١٤ لەسـەر ١٥ی مانگی حەوت، لە ژووری هۆتێلێكدا، لە تەمەنی چلوچوار ساڵیدا كۆچی دوایـی دەكـات. هەفتـەیەک دواتـر، لە مۆسكۆ بە خـاک دەسپێردرێت.

ئۆڵگـا كنیـپەر لە یاداشـتەكانیدا بەم شـێوەیە مەرگ و دوا ساتەكانی ژیانی چێخەف دەگێڕێتەوە: (چێخەف سـەعات یەكی شـەو خەبەری بـووەوە، هەناسـەی بۆ نەدەدرا. سـەعات دوو دوكتۆرێـک هـات. "ئەنتـوان هەسـتایە سـەر پـێ، بە پـشتێكی ڕێـكەوە و بە دەنگێكـی بەرز و ڕوون و ئاشـكرا، بە ئەڵمـانی گوتی (هەرچەندە ئەو هیچ ئەڵمـانیی نەدەزانـی): {مـن دەمـرم...} دوكتۆر داوای شەمپانیای بۆ كرد. ئەنتوان پەرداخەكەی گرت بە دەسـتیەوە، بە وردی سـەیری كـرد، بە زەردەخەنەیەكەوە ســەیری منـــی كـــرد و گـــوتی: {زۆر دەمـــێكە شـــەمپانیام نەخـواردووەتەوە} شـەمپانیاكەی خـواردەوە، بە هێمنـی لەسـەر لای چەپ پاڵكەوت و منیش هەر ئەوەنـدە فریاكەوتم ڕابكەمە لایەوە، خـۆم بەسـەر جێگـەكەیدا نووشـتاندەوە و بـانگم كـرد، بەڵام ئەو لە هــەناســەدان كەوتبـوو، وەک منـداڵێک بە ئـارامی خەوی لێ كەوت...). چێخەف تەنها چلوچوار ساڵ ژیا، نەیەكەم شۆڕشـی ڕووسـیی سـاڵی ١٩٠٥ و نـەشۆڕشـی ١٩١٧ی دی، هەرچەنـدە بە گەنجـی مـرد، بەڵام فریـای ئەوە كەوت بەشـێكی زۆری ڕووداوەكـانی ڕووسـیا ببینێـت. چـێخەف بـەهـەسـتی

نووسەرێکی هۆشمەندەوە پێشبینیی ئەوەی دەکرد، کە ڕووسیا بەرەو گۆڕانێکی گەورە دەڕوات و ئەو ڕووسیا کۆنەی جاران هیچ بوارێکی مانەوەی بۆ نەماوەتەوە.

چـــێخەف ســـێ ســـاڵی کۆتـــایی تەمەنـــی بە ئـــازار و ئەشـــکەنجەیەکی زۆرەوە بەســـەر دەبـــات، هەمیـــشە نەخـــۆش، بێهێزییەکـــی تەواو و پیربـــوونێکی خێـــرا، لەگەڵ ئەوەیـــشدا لە نووسین ناوەستێت، جگە لە چیرۆکەکانی، مۆنۆدرامای (زیانی تووتن) و (باخی گێلاس) دەنووسێت، ئامادەی پرۆڤەکانی باخی گـێلاس دەبێـت و لەنێـوان یالْتـا و مۆسـکۆدا جێگـە بە خـۆی ناگرێت.

یـادی لـەدایکبـوونی ٤٤ سـاڵەی چـێخەف دەکەوێـتە یەکەم شـەوی نمایـشی (بـاخی گـێلاس)ەوە، دوای نمایـشەکە، بەبـێ ویـستی چـێخەف، لەسـەر شـانۆ یـادی دەکەنەوە؛ چێخەفێکـی ڕەنگپـەڕیـو، مانـدوو، نەخـۆش و بە کۆکەکـۆک و نزیـک لە مەرگەوە ناچـــار دەکەن، گـــوێ لە گوتـــاری پیاهـــەڵـــدان و چـەپڵـەڕێزانـی ئەکـتەر و بینـەران بگرێـت، هاوکـات ئەم یـادی لەدایکبوونـە، ڕێکەوتـی یـادی ٢٥ سـاڵەی چـێخەف-یشە، وەکـو نووسـەر.

هەرچەنـدە چـێخەف دەرگـای مـاڵەکەی هەمیـشە بـۆ میـوانە بەردەوامەکـانی ئـاواڵا بـووە، بەڵام ئەو کەسـێکی دوورەپەرێـز بـووە و هەرگیـز ڕێگـەی بە کەس نەداوە ژیـانی داگیـر بکـات. چـێخەف چ لە تەمەنـی گەنجێتـی و چ دواتـریش، لە هەڵکـشانی تەمەندا هاوڕێیەکی نزیک و تایبەتمەندی نەبووە، خوشـکەکەی تەنها کەسی نزیک و باوەڕپێکراوی ئەو بووە، بەتـایبەتی وەک ســـکرتێری خـــۆی بـــۆ نووســـین و بەرهەمەکـــانی بە دونیـــای دەرەوە هەڵـــــسوڕاوە. هەنـــــدێک هاوپیـــــشە و هـــــاوڕێی

دوورەپەرێـزی تـری هەبـوون، بەڵام هـیچ کەسـێک بە تەواوی نەبـووەتە کەسـێکی نزیکـی ئەو، تەنـانەت ژنەکەیـشی. خۆیـشی سـاڵی ١٨٩٠، لە یەکێـک لە یاداشـتەکانیدا نووسـیویەتی: (وەک چۆن بە تەنهـا لە گۆڕەکەی خۆمـدا ڕادەکشێم، هەر وایـش بە تەنهـا دەژیـم. هیـوادارم لەو دونیـا بتـوانم سـەیرێکی ژیـانی بەسەرچووم بکەم و بڵێم: خەونێکی جوان بوو!).

# بەشی سێیەم

## پلاتۆنۆڤ و دەروازەیەك بۆ شانۆنامەكانی چێخەف



**پلاتۆنۆڤێکی بڵاونەکراوە**

ساڵی ١٩٢٠، لە سندووقی بانکی ڕووسی_ ئەزۆڤسکی تایبەت بە (ماریا پاڤلۆڤیچ)ی خوشکی چێخەف، ڕەشنووسێکی لەوەوبەر بڵاو نەکراوەی چێخەف دەدۆزرێتەوە. ڕەشنووسەکە، لە یانزە دەفتەری لاپەڕە گەورەدا نووسراوەتەوە، کە بە تەنها هێندەی هەرچوار شانۆنامەکەی تری چێخەف دەبێت. ڕەخنەگرەکان هەر زوو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە چێخەفێکی گەنجی قوتابی، هێشتا فێری هونەری کورتکردنەوە و چڕکردنەوەی نووسین نەبووە، نووسیوە، بەڵام دەقەکە بەو دووورودرێژییەیەوە بۆ خوێندنەوە، جێگەی سەرنجە و چێژی تایبەتی خۆی هەیە.

کە ئەم ڕەشنووسە دەدۆزنەوە، لاپەڕەی یەکەمی پێوە نەماوە، لەبەر ئەوە نازانرێت چێخەف چ ناونیشانێکی بۆ داناوە. ڕەشنووسەکە بە خەتی چێخەف نووسراوەتەوە و لەوە دەچێت چەندان جار گەڕابێتەوە سەری و گۆڕانکاریی لە هەموو لاپەڕەکانیدا کردبێت؛ دێڕ کوژاوەتەوە، وشە و دێڕی تر لێرەولەوێ زیاد کراوە، هەروەها قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ بۆ نووسینەوە و دەستکاریکردنەکان، بۆ نموونە بە مەرەکەبی ڕەش، شین، سوور سەرلەبەر کاری لەسەر ئەم دەقەدا کردووەتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ مێژوویەک بە شوێنی ئەم دەستکاریکردنەوانەوە هەبێت. لەبەر ئەوە هەندێک لەو پسپۆڕانەی کاریان لە ساغکردنەوەی ئەم دەقەدا کردووە، وەک سێ چاپ ئاماژەیان بۆ کردووە. لەوەدەچێت کە چێخەف ئەم دەقەی لەنێوبردبێت، دانەپاکنووسکراوەکانی دڕاندبێت و ئەم ڕەشنووسە سەرەتاییە لەو هێرشی لەناوبردنە ڕزگاری بووبێت، بۆ یەکەم جاریش ساڵی ١٩٢٣ لەژێر ناوی

(ڕەشنووسێکی پاکنووسنەکراو)ی ئەنتوان چێخەف_دا بڵاو دەکرێتەوە.

کە بۆ یەکەم جار لەنێوان سالانی ١٩٢٩-١٩٣٣دا کۆی بەرهەمەکانی چێخەف لە ٣٠ بەرگدا، بڵاو دەکرێتەوە، ئەم دەقە بێناونیشانە لەژێر ناوی (نەوەیەکی بێباوک) بڵاو دەکەنەوە، دووەم چاپی کۆی بەرهەمەکانی چێخەف، کە لەنێوان سالانی ١٩٤٤-١٩٥١دا چاپ دەکرێنەوە، ئەم ڕەشنووسە بە (دەقێکی بێناونیشان) و لە دوا چاپە گەورە ٣٠ بەرگەکەشیدا، کە لەنێوان سالانی ١٩٧٤-١٩٨١دا بڵاو کراونەتەوە، سەرلەنوێ ناونیشانی (نەوەیەکی بێباوک)ی پێ دەبەخشرێت، بەڵام دواتر بە ناوی کارەکتەری سەرەکیی شانۆنامەکە (پلاتۆنۆڤ)ەوە دەناسرێت.

ئەم شانۆنامەیە، لە چوار پەردە و چەندان دیمەنی درێژی میلۆدرامیدا، جۆرە ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو، بەڵام سەرنج و دید و تێبینییەکان زیاتر سەبارەت بە کارەکتەری سەرەکیی دەقەکەیە (پلاتۆنۆڤ) وەک لە مەسەلە تەکنیکییەکان و فۆرم و شێواز. پلاتۆنۆڤ لە شارۆچکەیەکی بچووکی دوورەدەستی ڕووسی، ژیانێکی بێمانا دەژی، هەردەم پەیڤی جوان، سەبارەت بە کارکردن و ئازادی لەسەر زمانیەتی، بەڵام بە کردەوە هەمیشە مەستە، بەدوای ئافرەتەوەیە و لە کۆتاییشدا بە دەستی ئافرەتێک، کە لە هەوڵی لەخشتەبردنیدایە، دەکوژرێت. چێخەف لە پلاتۆنۆڤدا هێزە کۆمەڵایەتییە دژبەیەکەکان، کە شانە گرنگەکانی کۆمەڵگەی ڕووسی لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا پێک دەهێنێت، دەخاتە ڕوو؛ بۆ نموونە چێخەف کارەکتەرەکانی بەوپەڕی وریاییەوە لە هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگەی ڕووسییەوە هەڵبژاردووە. ئەم کارەکتەرانە بە شێوەیەکی

سمبۆلی بەرجەستەی ئەو کێشە و ململانێ چینایەتی و توندەی نێـوان هێـزە کۆمەڵایەتییەکـان دەکـەن، کە ئامـاژەیەکە بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەو هێزانە: سیستێمێکی کۆن خەریکە بنەماکانی دەڕوخێن، سیستێمێکی نوێش هێشتا بنەماکانی بە تەواوی دەرنەکەوتوون، بەڵام بەڕێوەیە.

پلاتۆنۆڤ وەک سمبۆلی نەوەیەکی ڕۆشنبیری ڕووسی، لە ناوەڕاسـتی سـەدەی حەڤدەهەمـدا، لەنێـوان ئەم دوو بەرەیەدا بزر بووە، هاوکات سمبۆلی ئەو گومانەیشە، کە ئەو قۆناغە مێژووییە هەیەتی. پلاتۆنۆڤ خاوەنی زەویوزار بووە، بەڵام بەر لە دەستپێکردنی شانۆنامەکە لەدەستی داوە، لەبری ئەوە ئەو ئێستا لە گوندێک مامۆستایەکی بچووکە. پلاتۆنۆڤ هیچ هەست و سۆزێکی بۆ دونیا کۆنەکە نییە، لە هەمان کاتدا ناشتوانێت بە تەواوی لایەنگیری ئەو دونیا تازەیەش بگرێت، کە هێشتا بنەماکانی دەرنەکەوتوون. لەم گێژاوەدا، لەنێوان ئەم دوو دونیا جیاوازەدا، کە پلاتۆنۆڤ هەست بە لایەنگیری هیچیان ناکات، دەبێتە قوربانیی مەیخواردنەوە و باوەشی ئافرەت و ژیانێکی بێمانا.

ئەم دەقە بەراییەی چێخەف بە ڕوونی کاریگەریی تورگنێڤ و ئەدەبی ڕووسیی ساڵانی ١٨٠٠ەکانی بەسەرەوەیە. ئەگەر دەقەکەیش هەمووی وەک خۆی بخرێتە سەر شانۆ، شەش تا حەوت سەعات دەخایەنێت، لەبەر ئەوە، هەر لە سەرەتاوە بە ئامادەکردنێکی زۆر و کورتکردنەوەوە نمایش کراوە. پلاتۆنۆڤ لە هەمـان کاتـدا درامـا، کۆمیـدی، تراجیـدیا و ڤـۆدڤێلە، ئەو پـشێوییەی لەم دەقەدایە، لە ڕووی درێـژدادڕییەوە، لە ڕووی زۆریی کارەکتەرەکانەوە، لە ڕووی زۆریی ڕووداوەکانیەوە، لە ژیانی ڕووسی ئەو سەردەمە دەچێت. چێخەف لەو تەمەنەدا

توانیـــویەتی تەرازووی ڕووداوەکـــان لەنێـــو ئەو هەمـــوو شێوازانەدا، لەو ستایلە زۆر جیاوازەدا، ڕابگرێت. ساڵی ١٩٢٨ یەکەم نمایشی ئەم دەقەیش بە ناونیشانی (پلاتۆنـۆڤ)ەوە، لە ئەڵمانیا نمایش کراوە.

### هێڵی گشتی ڕووداوەکان

ڕووداوەکـانی پلاتۆنـۆڤ لە ڕۆژێکـی گەرمـی هـاوین و لە موڵـک و بـاخچەکەی خانەوادەی (ڤۆینیتستێڤ) ڕوو دەدات. بە بـۆنەی هـاوین و دوای زسـتانێکی سـەختی درێـژەوە، دەبێـت ئاهەنگ بگێڕدرێت، بۆ ئەم مەبەستەیش لای (ئاننا) کۆدەبنەوە. (ئاننا) دوای مردنی مێردەکەی (ڤۆینیتستێڤ)ی ژەنەڕاڵ، لەگەڵ کوڕی مێردەکەی (سێرگێی)، کە لە ژنێکی ترە، دەژین. باری دارایـی بەروبـوومی ئەم موڵـک و مـاڵ و بـاخچەیە، هەروەهـا ئاننایش زۆر خراپە. بۆ ئەوەی باری دارایی ژیانیشیان دابین بـکەن، بە بەردەوامـی قەرز دەکەن، قەرزەکـان زۆر دەبـن و ژمـارەی خـاوەن قەرزەکـانیش زیـاتر. هەنـدێک لەو خـاوەن قەرزانە لەنێو میوانەکانـدان و هەمووشـیان مرخیـان لە (ئاننـا) خۆش کردووە. پلاتۆنۆڤ مامۆستایەکی ساکار و ئاسایی ئەم گوندەیە و هاوسەرگیریی لەگەڵ (ساشا) کردووە و منداڵیشیان هەیە. (ئۆسیپ) کەسێکی گومانلێکراوی ئەسپدزە، بەبێ ئەوەی بانگهێـــشت کرابێـــت، ئامـــادە دەبێـــت. ئەم کـــارەکتەرە لە دارستانەکان دەژی و بە نهێنی عاشقی (ئاننا)یە. دوایی ئۆسیپ، لە ڕووداوێکـــی تەمومژاویـــدا دەکوژرێـــت. (ئاننـــا) عاشـــقی پلاتۆنـۆڤ-ە و زیـاتر چـاوەڕوانی گەیـشتن و بینینـی ئەوە، بە گەیـــشتنی ئەویـــش، واتە (پلاتۆنـــۆڤ) ململانـــێ و کێـــشە و خۆشەویـــستییە دێـــڕین و هەســـت و هۆشـــە بەهێزەکـــان،

دەردەکەون و هەڵدەکـــشێن. لەم نێوەنـــدەدا (ســـەرگێی)ی زڕکوڕی ئاننا، کە تازە هاوسەرگیریی لەگەڵ (سۆفیا) کردووە و عاشـقیەتی، ئامـادە دەبـن. (سـۆفیا) بە گەنجـی پێوەنـدییەکی دڵداریی لەگەڵ پلاتۆنۆڤ هەبووە، کە لێرەدا زیندوو دەبێتەوە. پلاتۆنـۆڤ دەچێـتە بـن کڵێـشەی سـۆفیا و لە مێـردەکەی هەڵـدەگێڕێتەوە، ئەو خۆشەویـستییەی لەژێـر خۆڵەمێـشەکەدا دامرکـاوەتەوە، دەژێنێـتەوە و (سـۆفیا) مێـردەکەی لە بەرچـاو دەکەوێت و داوای جیابوونەوەی لێ دەکات. دواتـر پلاتۆنـۆڤ، کە هۆشـی دێتەوە و سەرخۆشـی بەریدەدات، پشتی تێدەکات. دەگەڕێـتەوە بـۆ لای ئاننـا و ژنەکەی خـۆی. (سـۆفیا) هێنـدە ڕەوشــی دەروونیـی تێـک دەچێت، پلانەکـانی پلاتۆنـۆڤ لای (ساشـا) و لای (ئاننـا)یـش ئاشـکرا دەبێت. بـارودۆخی دارایـی ئاننایش هێند خراپ دەبێت، کە چیتر خاوەن قەرزەکان ناتوانن لەسەریان بوەستن، بۆیە (سێرگێی) و (ئاننا) ناچار دەکات باخ و موڵکەکەیان بخەنە مەزادەوە و بیفرۆشن. پارێزگارینەکردنی ســێرگێی لەو مـــوڵکەی لە بـــاوکیەوە بـــۆی مـــاوەتەوە و هەڕاجکردنـــی، جـــۆرێکە لە دابڕانـــی دوو نەوە، جۆرێـــک لە ململانێ لەنێوان ئێستا و ڕابردوودا. سێرگێی هێندەی ناپاکیی ژنەکەی و شــوێنکەوتنی پلاتۆنـۆڤ کـاریگەریی بەســەریەوە دەبێت، هێندە هەڕاجکردنی موڵکەکە ئەو کاریگەرییەی نابێت. لەم کێــشە و بگــرەوبەرەیەدا (ســۆفیا) لە بــارێکی خراپــی دەروونیدا، گوللەیەک دەنێت بە پلاتۆنۆڤەوە و دەیکوژێت.



پلاتۆنۆڤ لە شانۆی نەتەوایەتی لەندەن

پلاتۆنۆڤ، یەکەم تەقەلا شانۆییەکانی چێخەف-ە و چێخەف لە تەمەنی حەڤدە یان هەژدە ساڵاندا، کە قوتابیی ناوەندی بووە لە شاری تاگانڕوگ، نووسیویەتی. سەرەتا ئاماژە بۆ ساڵی ١٨٨١ کراوە، کە ئەم دەقەی تیا نووسرا بێت، چێخەف لەم ساڵەدا ڕەشنووسەکەی ناردووە بۆ خانمە ئەکتەری بەناوبانگی ئەو کاتەی ڕووسیا (ماریا یارمەلۆڤا) لە شانۆی مالی، لە مۆسکۆ، بەڵام دەقەکەی بەبێ هیچ باری سەرنج و هەڵسەنگاندنێکەوە بۆ دەگێڕنەوە. دواتر پسپۆڕانی بواری چێخەف گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی، کە ئەم دەقە لەنێوان ساڵانی ١٨٧٧-١٨٧٨دا، دوای ئەوەی خانەوادەکەی دەگوێزنەوە بۆ مۆسکۆ و ئەو بە تەنها لە تاگانڕوگ ماوەتەوە، نووسراوە. ئەوەی زیاتریش ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە، نامەیەکی برا گەورەکەی چێخەف (ئەلێکساندەر)ە، کە لە مانگی دەی ساڵی ١٨٧٨دا، لە مۆسکۆوە بۆ چێخەفی ناردووە و باسی دەقێک بە ناونیشانی (نەوەیەکی بێباوک) یان (هەتیمچەکان)ەوە

دەکات، کە چێخەف لەوەوبەر بۆ ئەوی ناردووە تا سەیری بکات و ڕای خۆی پێ بڵێ. لەگەڵ ئەوەیشدا، هێشتا هەندێک لێکۆڵەرەوەی تر هەن، کە ئەوە دووپات دەکەنەوە، چێخەف لەو قۆناغەدا دوو دەقی درێژی نووسیوە؛ یەکێکیان (پلاتۆنۆڤ) و ئەوەی تریشیان (نەوەیەکی بێباوک)ە، بەڵام زۆرینەی پسپۆرانی بواری ئەدەب و شانۆی چێخەف پێداگری لەوە دەکەن، کە (پلاتۆنۆڤ) و (نەوەیەکی بێباوک) هەمان دەقن و چێخەف هەر یەک دەقی لەو قۆناغەدا نووسیوە.

هەرچەندە چەندان کارەکتەری (باوک) لەم دەقەدا هەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە ناونیشانی (نەوەیەکی بێباوک)یش لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی دەگونجێت، ئەو باوکانە، وەک باوکێک بە کاری خۆیان، بەرامبەر بە نەوەکانیان، هەڵناسن، کە سەرلەنوێ دەکرێت سمبۆلێکیش بن بۆ ڕووسیای قەیسەری. ئەم کوڕانە هیچ کەسێکی نموونەیی بەرز لە ژیانیاندا نییە تا چاویان لێ بکەن و شتیان لێوە فێر بن، باوکەکانیش لەم نێوەندەدا ئەو نموونە ئایدیاییە نین بۆ کوڕەکانیان و ئامادەییەکی ڕۆحی و فیزیکییان نییە لە ئاڕاستەکردنی کوڕەکاندا. چێخەف خۆی باوکێکی توندوتیژ و بێبەزەیی هەبووە، کە هیچ هەستی بەرپرسیارێتیی نەبووە. چێخەف لەم ڕووەوە لەژێر کاریگەریی ڕۆمانە گەورەکەی تۆرگنێڤ (باوکان و کوڕەکانی)دا بووە، کە هەتیمچە و (نەوەیەکی بێباوک) ڕستەیەکە لەو ڕۆمانە.

**چێخەفێکی بێئەزموون**

هەرچەنـدە چـێخەف-ێکـی گەنـج و بێئەزمـوون ئەم دەقە درێـــژەی نووســـیوە، بەڵام چەنـــدان کـــارەکتەری قـــووڵ و دەوڵەمەنـــــــد و ڕەوشــــــی هەمەچەشــــــنە و ڕووداوی سەرسووڕهێنەر و ڕۆنانێکی درامیی بەهێز و هێڵێکی گشتیی دیـار و تەواو و زینـدوو لەخۆ دەگرێت، کە نووسـەر دواتـر لە دەقە کـورت و درێژەکـانی تریـدا، دەگەڕێـتەوە سـەریان و لە دیدێکی دەوڵەمەند و گەشەیەکی هونەری و تەکنیکێکی نوێ و سـەلیقە و دیقەتێکـی تەواوەوە سـوودیان لـێ وەردەگرێـت. پریـشکی دەقەکـانی دواتـری لەم بەرهەمە بەراییەیـدا هەن، بـۆ نموونە پێوەندییە خۆشەویستییە بێئاکامەکان، ئەو زەویـوزار و باخچەیەی لە مەزاددا دەفرۆشرێت (باخی گێلاس)، حیوارەکانی هاملێت، بە نمـوونە هێنـانەوە (نەورەس)، ئافرەتە بەهێزەکـان و پیـــاوانی بێدەســـەڵات، تەقەکـــردن (خـــاڵە ڤانیـــا) و بـــوونی کارەکتەری پزیشکێک، کە لە هەموو دەقەکانی تری چێخەف-دا هەن. کارەکتەری پزیشکەکەی پلاتۆنۆڤ (نیکۆلای تریلێتسکی) کەسـێکی قـسەڕەقە، کە لە زۆر ڕووەوە هەمـان کـارەکتەری (چیپووتیکین)ە، پزیـشکەکەی شـانۆنامەی (سێ خوشک)، بەڵام بە گەنجـــی، بێگومـــان کێـــشە و ململانێـــی نەوەکـــان، کە لە پلاتۆنۆڤیشدا، بە زەقی دیارە. لەگەڵ هەمـوو ئەم لێکچوونـانەدا، پلاتۆنۆڤ و باخی گێلاس لە زۆر ڕووەوە، لە هەموو دەقەکانی تـری چـێخەف زیـاتر لە یەکتـرەوە نـزیکن، (ئاننـا پێتـرۆڤنە ڤۆژنیتـسێڤە) هەروەک (لوبـۆڤ ڕانێفـسکەیا)ی بـاخی گـێلاس، خاوەن زەویوزارە، هەرچەندە باری داراییان تەواو نییە، بەڵام پـــارە تەخشانوپەخـــشان دەکەن، هەردووکیـــان زەویـــوزار و موڵکەکەیـــان لە مەزاددا دەفرۆشـــرێت. چـــێخەف لەو خـــاڵەوە

دەست پێ دەکات، کە کۆتاییە. بەم شێوەیە پلاتۆنۆڤ، باخی گێلاسی یەکەم و سەرەتایە، باخی گێلاس-یش پلاتۆنۆڤی دووهەمە، بەڵام لە وێنەیەکی قووڵ و گەشەکردوودا. هەندێک لە ڕەخنەگرەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە چێخەف لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا، باخی گێلاس دەنووسێت، گەڕاوەتەوە بۆ سەر پلاتۆنۆڤ و سوودی لێ وەرگرتووە، یان باخی گێلاس-ی لە پلاتۆنۆڤ-دا نووسیوەتەوە. بەم شێوەیە، لە پلاتۆنۆڤەوە دەقە درێژەکانی تری چێخەف لەدایک دەبن، گەشە دەکەن و ئاڕاستەی جودا وەردەگرن، هاوکات گۆڕانکارییەکی گەورە لە شانۆی جیهانیدا دەکات.

چێخەف ئەو ڕیتمە ناوەکییەی لە پلاتۆنۆڤ-دا بەدەستی هێناوە، لە شانۆنامەکانی تریدا پەیڕەوی کردووە و گەشەی پێ داوە. لە ساڵەکانی ١٨٠٠ەکانی ڕووسیادا، شانۆنامەی نووسەرە جیهانییەکان: مەتەرلینگ، هاوبتمان، ئیبسن... هتد وەردەگێڕدرانە سەر زمانی ڕووسی و بە بەردەوامی لەسەر شانۆکان نمایش دەکران، ئیبسن ڕێچکەیەکی کلاسیکی بۆ دەقەکانی خۆی لە پێنج پەردەدا پەیڕەوی دەکرد، کە دواتر زۆربەی شانۆنامەنووسەکانی دونیا پەیڕەویان کردووە. چێخەف لەبری ئەوەی لاسایی ئیبسن بکاتەوە، گەشەی بە فۆرمێکی چوارپەردەیی دا، کە هەر لە سەرەتاوە لە (پلاتۆنۆڤ) و دواتر لە (ئیڤانۆڤ) و دەقە درێژەکانی تریدا بەکاری هێناوە. چێخەف هەموو پەردەیەکیش دابەش دەکات بەسەر دیمەنی بچووکدا، پەردەکانیش لە شێوەی ڕەوتێکی بەردەوامدا، بەبێ ئەوەی پچڕانی تێبکەوێت، گەشەیەکی ئاسایی دەکەن. ئەمەیش ڕۆنانی گشتیی دەقەکەیە، لەم ڕۆنانە درامییەوە، جووڵەیەکی ناوەکیی ڕیتمی دەقەکە، لەنێو ڕووداو، قووڵبوونەوەی هەست

و پێوەندییە چڕەکاندا دەستەبەر دەکات. ئەم سیستێمە چنینە درامییە، لە پلاتۆنۆڤ-دا گەلێک بە هۆشیارییەوە کاری لەسەر کراوە. ڕیتمێکی ناوەکی و دەرەکیی دیمەنەکانی نێو بەشەکانی ڕێک خستووە، زنجیرەی ڕووداوەکانی بە شێوەیەکی لۆژیکی بەیەکەوە بەستووەتەوە و یەکەیەکی هونەری، بابەتی لەنێو هێڵی گشتیی ڕووداو/ کارەکتەر/ ئەتمۆسفێردا خولقاندووە.

چێخەف هەر لەم دەقە بەراییەیدا توانیویەتی ئەتمۆسفێرێکی گرنگ لەنێو ڕووداوەکاندا بخولقێنێت، کە دواتر دەبێت بە یەکێک لە ئاماژە دیارەکانی نوێکردنەوە و داهێنانی تەکنیکێکی تازە، کارەکتەرەکان بە سانایی لە دیالۆگ و مەنەلۆژەکاندا خۆیان ئاشکرا دەکەن و پەردەیان لەسەر هەڵدەماڵرێت. ڕاستییەکان سەبارەت بە ڕەوشی مرۆڤ، هەر لەنێو ئەم قسەوباسە ساکارانەی ژیانی ڕۆژانە و هەڵسوکەوتەکانیانەوە دەردەکەوێت و بەرجەستە دەبێت. پلاتۆنۆڤ کوڕی سەردەمەکەیەتی، کەسایەتییەکە چەندان سیمای دژبەیەک لەخۆ دەگرێت؛ لەگەڵ دەوروبەرەکەی دڵڕەقە، ڕاستگۆیە لەگەڵ خۆی، بێهێزە، لە هەمان کاتدا کەسێکی ئاسان نییە، چ بۆ خۆی و چ بۆ دەوروبەرەکەی و ئەوانی تر. هەرچەندە بەشێکی زۆر لە ڕەخنەگرەکان هەوڵی ئەوەیان داوە، پلاتۆنۆڤ لە بنەمایەکی (دۆن جوان)ییەوە ڕاڤە بکەن و مۆرکێکی دۆن جوان، لە ڕوانگەی ڕۆڵی ئافرەتەوە لە دیدی (پلاتۆنۆڤ)دا بەم کارەکتەرە ببەخشن. پلاتۆنۆڤ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ژیان ئافرەتە، بەڵام چێخەف هەوڵی داوە کارەکتەرەکەی لەو مۆرکە خۆویستەی (دۆن جوان) بێنێتە دەرەوە. ئەو خۆشەویستییەی لە لایەن ئافرەتەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ناتوانێت ژیانی پڕبکاتەوە، هەروەها شتێکیش نییە ببێتە ئەڵتەرناتیڤێک بۆ ژیانی

ئەو. پلاتۆنۆڤ ناتوانێت هیچ کەسێکی بە جیددی خۆشبوێت، زوو بێزار دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ سروشتەکەی خۆی و بۆ نێو خودی خۆی. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین، کە هەمیشە لایەنە بێهێزەکەی پلاتۆنۆڤ-ە دەکەوێتە داوی عەشقەوە؛ ئافرەت تەنها بەسەر لایەنە بێهێزەکەی پلاتۆنۆڤ-دا سەردەکەوێت و بە ئاسانی زەفەری پێ دەبات. پلاتۆنۆڤ هۆشیارە بەرامبەر لایەنە بێهێزەکانی خۆی و ئەو غەدرەی ڕۆژگار لێی کردووە، دەزانێت چارەنووس بە ڕێچکەیەکی تریدا بردووە و ئەوەی ئەو ڕۆژێک لە ڕۆژان خەونی پێوە دیووە، نەهاتووەتە دی؛ کە سۆفیایش دوای ئەو هەموو ساڵە لە ماڵی ئاننا دەبینێتەوە، پێی دەڵێت:

**چارەنووس بە چەشنێک غەدری لێ کردم، کە من بە هیچ شێوەیەک، لەو کاتەدا بە خەیاڵمدا نەدەهات، کە ئەو دەمە تۆ بایرۆنێکت لە مندا دەبینی و منیش ئەو وەزیرە چاوەڕوانکراوەی کاری گرنگی پێ دەسپێردرا، یان کریستۆفەر کۆلۆمبوس-ێک. بەڵام سۆفیا، من مامۆستام و هیچی تر نا. پلاتۆنۆڤ، پەردەی یەکەم**

پلاتۆنۆڤ لەگەڵ هەموو ئەو بارودۆخەیشدا کەسێکی زیرەکە، هەستێکی بەهێزی بە یەکسانی هەیە، دەزانێت دونیا پڕە لە گێل و نەزان، کە هیچ هیوایەکیان نییە، ڕقی لە تەمەڵی و بێکارییە، بەڵام خۆی ناتوانێت هیچ بکات و توانای هیچ کارێکی نییە، کە کاریگەریی بەسەر خۆی، یان ڕووداوەکانەوە هەبێت، بەڵکو لەبری ئەوە، هەمیشە قسەی لووس و بەباقوبریق دەکات، هەندێک جاریش هێرش دەکاتە سەر خەڵک و سەرکۆنەیان دەکات، تا دواتر داوای لێبوردنیان لێ بکات.

مەودا هـــونەرییە ســـەرەتاییە نادیارەکـــانی شـــانۆنامەکانی چێخەف لە ژیانی ڕۆژانەوە، لە هەڵسوکەوت و پەیڤە ساکار و ســـــاناکانی کارەکتەرەکـــــانیەوە دەردەکەون، ئەمەیـــــش کـــاریگەرییەکی بەهێـــز لەنێــو ڕووداوەکـــان و پێوەنـــدییەکانی کارەکتەرەکانیدا بەجێ دەهێڵێت، بۆ نموونە لەپڕ هۆشمەندیی کارەکتەرێکی وەکو (پلاتۆنۆڤ)، کە لەوانەیە هەموو مەوداکانی لای خـوێنەر و بینەر ئاشکرا و ڕوون بـن، شـتێکی جیـاواز و ناتەبـــا، لەپـــشت لـــۆژیکی ڕووداوە دەرەکییەکـــانەوە، لـــێ دەردەکەوێت. ناپاکی، خۆشەویستییەکی بەهێز، وەدەرکەوتنی پێوەندییەکان، کوشتن یان مەنەلۆژە درێژ و پەیڤە لاوەکییەکان، چارەســـەری پاڵپـــشت و هۆکارەکـــانی هەنـــدێک لەو کـــردارانە دەکـــەن، کە پلاتۆنـــۆڤ، ئاننـــا، ســـۆڤیا یـــان ساشـــا دەیـــکەن. لە ناتەبـایی ڕەوشـێکدا یـان لە گۆڕانکـارییەکی خێـرای دیمەنێکـدا، هێڵی گشتیی ڕۆنانە دراماییەکە ئاشکرا دەکات.

### پلاتۆنۆڤ لە پلاتۆنۆڤدا

چـێخەف لەم دەقەدا کـاری لەســەر کـارەکتەری ســەرەکیی شـانۆنامەکە (پلاتۆنـۆڤ) کـردووە: پێوەنـدیی ڕووداوەکـان بەم کـــارەکتەرەوە لە لایەک و پێوەنـــدییەکانی تـــر بە خـــۆی و بە کارەکتەرەکـــانی تـــرەوە، لـــە لایـــەکـــی تـــر. لە ســـەرەتادا وا دەردەکەوێت، کە پێوەندی پلاتۆنۆڤ بە کارەکتەرەکانی ترەوە، لاوازە و هـــیچ قووڵبـــوونەوەیەکی تیـــا نیـــیە، بەڵام هەمـــوو کارەکتەرێک پێوەندییەکی بازنەیی بەم کارەکتەرەوە هەیە و لە جـــووڵەیەکی بەردەوامـــدایە بە هەموویـــانەوە، یـــان ئەوەتـــا هاوســـۆزن لەگەڵـــی، یـــان ڕقییـــان لێـــی دەبێـــتەوە. هەمـــوو کارەکتەرێـــک لەم دەقەدا ڕەنگـــی تـــایبەتی خـــۆی هەیە، ئەم

کـــــارەکتەرانە هەریەکە و بە شـــــێوازی خـــۆی، لە دیـــــدی پێوەنـــدییەکانی خـــۆیەوە، پلاتۆنـــۆڤ-مـــان پـــێ دەناســـێنێت. بۆچـــوونی هەمـــوو کارەکتەرەکـــان ســـەبارەت بە پلاتۆنـــۆڤ جیاوازە و بۆچـوونی هـیچ یەکێکیـان لە بۆچوونی ئەوانـی تـر ناچێت. ئەوەی لەم دەقەدا جێگـەی سـەرنجە، ئەوەیە پلاتۆنۆڤ بە کردارەکـــانی هەمـــوو کارەکتەرەکـــان بەرەو ڕووخـــان و کەوتنێکی تەواو دەبات: ئاننـا، ساشـا، سـۆڤیا، سـەرگێی... هتـد، بەڵام کەوتنـی یەکجـارەکی و کۆتـایی شـانۆنامەکە (پلاتۆنـۆڤ) خۆیەتی، کە بە دەستی سۆڤیا دەکوژرێت.

بـازنەی پێوەنـدییەکانی کـارەکتەری پلاتۆنـۆڤ بە تێکـڕای چارەنووس و ژیانی کارەکتەرەکانی ترەوە بەستراوەتەوەو لە زۆر ڕووەوە پێوەنـــدییەکی دووفـــاقیی خۆشەویـستی، لە یەک کاتـدا، بەبـێ ئەوەی کەسـیان بەوی تریـان بزانێـت، بە چەنـدان ئافرەتەوە دەبەستێتەوە. لەو ساتانەیش پلاتۆنۆڤ لەسەر شانۆ نیـیە، هـیچ شـتێکی ئەوتـۆ ڕوو نـادات، بە دەرکەوتنـی ئەویـش کێـشە و ململانێیەکـی بەهێـز و هەسـت و هۆشـێکی چـڕ و هەمەلایەن دەردەکەوێت، وەکو میکانیزمێکی پڕ لە وزە و هێز، ڕووداوەکان دەجووڵێنێت و دەیانبات بە ڕێوە.

ئەم شـانۆنامەیە مەودایەکی ئەدەبیی گەورە لەخۆ دەگرێت و وێنەیەکـی دانـسقەی ئەو بنەمـا ڕۆشـنبیرییەمان بـۆ ڕوون دەکاتەوە، چێخەف لێوەی فێر بووە، سەرچاوەکانی ڕۆشنبیریی ئەم نووسەرە گەنجەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە بە شێوەیەکی قـووڵ و لـۆژیکی لەم دەقەیـدا بەکـاری هێنـاوە. چـێخەف وەکـو گەنجێکـی خـوێنەوار و هۆشـمەند، دەقەکەی پـڕە لە ئامـاژە بـۆ ئەدەبـــی جیهـــانی و نـــاوە گەورەکـــانی ئەدەب: شەکـــسپیر، نیکراســـوف، بـــایرون، ئەسترۆفـــسکی، پوشـــکین، گۆگـــۆل،

دۆستۆیڤسکی، هاوکات داستانەشیعرییە ڕووسییەکان... هتد، کە چێخەف لە جێگەی خۆیدا و لەسەر زاری کارەکتەرەکانی و لە سیاقی ڕووداوەکاندا بەکاریان دەهێنێت. لەم ڕووەوە دەقەکە پـــــوختەی هەمـــــــوو ئەو شـــــــتانەیە ئەو لەو تەمەنەدا خوێنـدوونیەتییەوە و لەسـەر شـانۆ بینیـونی و کاریگەرییـان بەسـەریەوە هەبـووە، هاوکـات کـۆکردنەوە و سـەرلەنوێ بەکارهێنـانەوەی ئەدەبـی کلاسـیکی و هاوچەرخەکـانیەتی و درێژکردنەوەی کولتوورێکی گەورەی جیهانییە.

**چوار ئافرەت و پلاتۆنۆڤێك**

لەم دەقە بەرایـیەی چـێخەف-دا چـوار کـارەکتەری ئـافرەت هەن: ئاننـا پێتـرۆڤنە ڤۆژنیتـسیڤە، سـۆفیا یگـۆرۆڤنە، ساشـا ئیڤـانۆڤنە، مـاریە یفیمـۆڤنە، کە هەرچواریـان ڕۆڵێکـی جیـاواز لەوی تریـان دەبینێـت و هەرچواریـشیان ڕوویەکـی جـودای کـارەکتەری پلاتۆنـۆڤ-مـان بـۆ دەردەخەن. هاوکـات ئەم ئافرەتـانە بە شـێوە و شـێوازی تـر، لە دەقە درێژەکـانی تـری چـێخەف-دا دەردەکەونەوە و بەردەوامـی دەدەن بە ژیـانی خۆیان.

ئاننـــا پێتـــرۆڤنە ڤۆژنیتـــسیڤە، کە بێـــوەژنێکی خـــاوەن زەویـــوزاری ئەرســـتۆکراتییە، وێنەیەکـی تـری (ئەرکادینـا) لە (نەورەس) و (ڕانێفـسکەیا) لە (بـاخی گـێلاس)دایە. ئاننـا لە پلاتۆنۆڤدا سمبۆلی حەز و ئارەزووە شـەهوانییەکانە، هەروەک کـارەکتەری (یلێنـا)ی (خـاڵە ڤانیـا) هـیچ کارێـک ناکـات و تەنهـا دەیەوێت بە هەر نرخێک بووە، پلاتۆنۆڤ ڕاو بکات و بیکات بە هیی خۆی، کە مەستیش دەبێت، ڕاستی دەڵێت و پەردە لەسـەر

ژیـانی خـۆی هەڵـدەماڵێت. لە پەردەی سـێیەمدا، دوای ئەوەی چەند پێکێک شەراب دەخواتەوە بە پلاتۆنۆڤ دەڵێت:

**هـــیچ شـــتێک لەوە خراپتـــر نیـــیە، کە ئـــافرەتێکی پێشکەوتووخواز و خوێندەوار بێت... کە لە ژیاندا هیچ ئەرک و کارێکت نەبێت... من بۆ چی باشم، بۆ چی دەژیم؟**

**پشوو**

**من کەسێکی بێموراڵم، بەبێ ئەوەی گوناهی خۆم بێت... من ئافرەتێکی بێموراڵم، پلاتۆنۆڤ... (پێدەکەنێت) ئا؟ تۆیشم خۆش دەوێت، هەر لەوانەیشە لەبەر ئەوە بێت بێموراڵم... (ناوچەوانی دەسڕێت) هەموو شتێک بۆ منیش بەرەو خراپتر دەچێت... هەمیشە بۆ ئەم جۆرە کەسانە هەر وا بووە... من دەبوایە بووبوومـایە بە پرۆفیـسۆر، یـان بەڕێـوبەری قوتابخـانەی شوێنێک... ئەگەر بووبوومایە بە دیپلۆمات، ئەوا هەموو دونیام تێک دەدا... ئـافرەتێکی خوێنـدەوار بێـت و ... هـیچ کارێکـت نەبێت... پێویست نەبێت، هەر زۆر بە ئاسانی... ئەسپ و مانگا و سەگ، هەن، چونکە پێویستن، بەڵام مرۆڤ ژن بێت، ئەوە هیچ پێویست نییە، شتێکی زیادەیە... وا نییە؟ بۆچی تۆ هـیچ ناڵێیت؟**

**پلاتۆنۆڤ، پەردەی سێیەم**

هەر لەم ڕووەوە شـــــەرابخواردنـــــەوە و هەوەســـــە شەهوانییەکانی و داگیرکردنی پلاتۆنۆڤ و عەشقێکی بێموراڵ و بێـسنوور، بـۆ ئەو دەبێـتە هیـوا و پەیـام و ئەو کـارەی بۆشـاییەکانی ژیـانی پـێ پـڕ دەکـاتەوە. لە پەردەی دووهەمـدا، دوای ئەوەی هەوڵەکـــانی لەگەڵ پلاتۆنـــۆڤ نـــاگەنە هـــیچ بەرئەنجامێک، دەڵێت:

**ئەگەر نەتوانم بە شێوەیەکی سەرڕاست بۆ من بیت، ئەوە لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆداو بەزۆر و بە توندوتیژی دەتبەم...! کاتی ئەوە هاتووە، کە هەردووکمان لەم ڕەوشی چاوەڕوانییە گێلە بێینە دەرەوە... بێزارم لەمە... من بەزۆر دەتبەم بۆ خۆم... پلاتۆنۆڤ، پەردەی دووهەم**

بەشـــێکی زۆری کارەکتەرەکـــان لە چـــواردەوری ئاننـــا کۆبـــوونەتەوە؛ بازرگـــان، ســـەرمایەدار، مامۆســـتا، ئـەســـپدز، پزیشک، قوتابی. ئەم کارەکتەرانە لە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵن و هەریەکەیــان بە شــێوەیەک لە شــێوەکان پێوەنــدییەکیان بە ئاننـاوە هەیە و هەندێک لە سیماکانی کـارەکتەری ئاننـا دیـاری دەکەن. ئەم کارەکتەرانە و هەریەکەیان لە پێگەی خۆیەوە، لەو ڕۆڵەی بۆی دیاری کراوە، لایەنێک لە لایەنەکانی ئاننا دەخاتە ڕوو، پەردە لە ڕووی وێــنەیەک لە وێــنە جوداکـــانی ژیـــانی هەڵدەماڵن. لەم نێوەندە کۆمەڵایەتییەدا ژیـانی و چارەنووسـی، بەتایبەتییش دوای فرۆشتنی موڵک وماڵەکە، دەردەکەوێت.

لە بەینی سۆفیا و پلاتۆنۆڤ-دا پێوەندییەکی خۆشەویستی، لە ڕۆژگارەکانی زانکۆوە هەبووە، بەڵام دوای ئەوەی بە ڕێکەوت لە مـــاڵی ئاننـــا یەکتـــری دەبینـــنەوە، ئەم خۆشەویـــستییە ســەرهەڵدەداتەوە. سـۆفیا ئێـستا ژنـی (سـێرگێی)یە، کە زڕکـوڕی ئاننــایە و ئەوانــیش دێــن بــۆ ئەم ئــاهەنگە هــاوینەیە و دوای ئەو هەموو ساڵە، سەرلەنوێ پلاتۆنۆڤ و سۆفیا یەکتری دەبیننەوە و عەشقە دێرینەکەشیان سەرهەڵدەداتەوە. سۆفیا بە ئاننا دەڵێت:

**ئەمە کارەساتە! حاڵم گەیشتووەتە ئەو ئاستەی، کە چەندان ڕۆژ تێدەپەڕێت بەبێ ئەوەی بیر لە مێردەکەم بکەمەوە، لە**

**ئامادەبوونیشیدا هەستی پێ ناکەم، هەست ناکەم چی دەڵێت... من بە تەواوی تاقەتم لێی چووە... چی بکەم! (بیر دەکاتەوە) چ ترسناکە! کاتێکی زۆر بەسەر ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەماندا تێنەپەڕیوە، کەچی هەر لە ئێستاوە...**
**پلاتۆنۆڤ، پەردەی دووهەم**

پلاتۆنۆڤ دەچێتە بن کلێشەی سۆفیاوە، مێردەکەی لە بەرچاو دەخات. سۆفیا دەگاتە ئەو باوەڕەی، کە هاوسەرگیرییەکەی هەڵەیەکی گەورە بووە؛ سێرگێی لەوەتەی زانکۆی تەواو کردووە، هەوڵی ئەوەی نەداوە کارێک بکات، بەڵکو وەک کەسێکی بێکار بە قەرز و بەسەر باوەژنە بێوەژنەکەی باوکیەوە دەژی. سۆفیا پلانی ئەوە دادەنێت، کە واز لە مێردەکەی بهێنێت و لەگەڵ پلاتۆنۆڤ بڕوات، ژیانێکی تازە، کامەران و پڕ لە خۆشی و کارکردن لە شوێنێکی تر، لەگەڵ پلاتۆنۆڤ دەست پێ بکات. کە سۆفیا خۆی ڕادەستی پلاتۆنۆڤ دەکات و بڕیار دەدات لە مێردەکەی جیابێتەوە، هەست بە مەترسییەکانیش دەکات، ژیانێکی بەختیار یان سەرگەردانییەکی تەواو؛ سۆفیا دەڵێت:

**من ناتوانم! بەرگەی ئەمانە ناگرم، زیاد لەوەی لە توانای مندایە! (دەستی دەگرێت بە سنگیەوە) ئەمە مەرگی منە یان... بەختیاری! خەریکە دەخنکێم، چ هەوایەکی ناخۆشە!... یان ئەوەتا ئەو دەبێتە مەرگی من یان... هەروەها ئەو پەیامی ژیانێکی تازەی پێیە! من تۆم خۆش دەوێت، من نزای خێرت... بۆ دەکەم، ژیانە تازەکە! ئەوە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە!**
**پلاتۆنۆڤ، پەردەی دووهەم**

سۆفیا دەیەوێت شتێکی تر لە پلاتۆنۆڤ دروست بکات، بەهایەک بە ژیانی ببەخشێت، لەو زەلکاوەی تێی کەوتووە، ڕزگاری بکات، خۆشەویستیی پێ ببەخشێت و فێری کاری بکات، پێکەوە کار بکەن و ژیانێکی تازە دروست بکەن. کارکردن مانا بە ژیان دەبەخشێت. سۆفیا بە پلاتۆنۆڤ دەڵێت:

**من دەتکەم بە کەسێک، کە کار دەکات! میخایل، ئێمە دەبین بە مرۆڤ! نانی خۆمان دەخۆین، ئارەقە دەکەینەوە و دەستمان دەقڵیشێت... (سەری دەخاتە سەر سنگی پلاتۆنۆڤ) من کار دەکەم...**

**پلاتۆنۆڤ، پەردەی سێیەم**

چێخەف لەم یەکەم بەرهەمەیەوە باسی گرنگیی کار لە ژیانی مرۆڤدا دەکات، کە دەبێتە بنەما و مەسەلەیەکی سەرەکی لە هەرسێ دەقە سەرەکییەکانی تریدا: خاڵە ڤانیا، سێ خوشک و باخی گێلاس.

ساشا، ژنە فەرمییەکەی پلاتۆنۆڤ، پلاتۆنۆڤ-ی زۆر خۆش دەوێت، کە پێوەندییەکانی پلاتۆنۆڤ-یشی بۆ ئاشکرا دەبێت، سەرەتا وا دەزانێت لەگەڵ ئاننا، بەڵام کە بۆی دەردەکەوێت پێوەندیی بە سۆفیایشەوە هەیە، تووشی ڕەوشێکی دەروونیی خراپ دەبێت، بەرەو بارێکی دینی و خەڵوەت دەڕوات و هەوڵ دەدات کۆتایی بە ژیان بهێنێت و خۆی بکوژێت. خۆشەویستی و هاوسەرگیرییەکەی ساشا و پێوەندییەکانی بە پلاتۆنۆڤ-ەوە بنەمایەکی یەکسانی نییە، هەمیشە ساشا پلاتۆنۆڤ دەلاوێنێت، منداڵەکانیان بەخێو دەکات و پلاتۆنۆڤ-یش بەردەوام پێوەندیی ژێربەژێری بە

ئافرەتی ترەوە هەیە. لە بەشی یەکەمدا، سێرگێی لە پلاتۆنۆڤ دەپرسێت، ئایا لەگەڵ ساشا بەختیارە:

**سێرگێی**

**ببورە، پرسیارێک بە دڵێکی کراوەوە. تۆ بەختیاری لەگەڵ ئەودا؟**

**پلاتۆنۆڤ**

**هاوڕێی دێرین، ئەمە لەگەڵ خێزانە... ئەگەر من ئەو لەدەست بدەم، ئەوە تاهەتایە حسابم دەرچووە... ماڵێکی خۆت! ڕۆژێک دێت تێدەگەیت. تۆ بە شێوەیەکی تەواو لەگەڵ ئەو هەستەدا نەژیاویت تا بزانیت بوونی خێزان مانای چییە. من ساشاکەی خۆم بە یەک ملیۆن ناگۆڕمەوە... ئێمە ئەوەندەی بکرێت پێکەوە گەورە بووین... ئەو گێلە و منیش بەکەڵکی هیچ نایەم...**

**پلاتۆنۆڤ، پەردەی یەکەم**

که لە بەشی دووهەمیشدا، پلاتۆنۆڤ پرسیار لە ساشا دەکات، کە ئەوی خۆش دەوێت، ساشا وەک ئافرەتێکی ئاسایی خۆشەویستیی خۆی بۆ مێردەکەی دەردەبڕێت، هەر لەبەر ئەوەی مێردێتی و خێزانی یەکترن، ئەمەیش بۆ ساشا شتێکی ساکار و بەڵگەنەویستە و شتێک نییە گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

**پلاتۆنۆڤ**

**/.../ منت خۆش دەوێت؟**

**ساشا**

**چ پرسیارێکە! چۆن دەتوانم تۆم خۆش نەوێت؟**

**پلاتۆنۆڤ**

**دەزانم، بەڵام ئەو شتە خۆشە چییە منت لەبەر خاتری خۆش دەوێت! پێم بڵێ چی وات لێ دەکات منت ئاوا خۆش بووێت!**

**ساشا**

**ئمم... بۆچی تۆم خۆش دەوێت؟ ئەمڕۆ تۆ چەند سەیریت، میخائیل! چۆن دەکرێت من تۆم خۆش نەوێت، کە تۆ مێردی منی؟**

**پلاتۆنۆڤ**

**منت هەر لەبەر ئەوە خۆش دەوێت، کە پیاوی تۆم؟**

**ساشا**

**من لێت تێناگەم.**

**پلاتۆنۆڤ، پەردەی دووهەم**

ژنی چوارەمیش ماریە یێفیمۆڤنە-یە، کیژێکی گەنجی تەمەن بیست ساڵییە، کیمیا دەخوێنێت، سروشتێکی ئەرستۆکراتی هەیە، پێی خۆش نییە دەستی ماچ بکەن و هەمیشە بوارێک لەنێوان خۆی و ئەوانی تردا دەهێڵێتەوە. ماریە ئافرەتێکی هەستناسکە و زوو زوو دەست بە گریان دەکات، پلاتۆنۆڤ هەر لە سەرەتای ئەم ئاهەنگەدا سەرکۆنە و گاڵتەی پێ دەکات. ماریە بەرگرییەکی بێهێز لە خۆی دەکات، دواتر ناچار دەبێت لە بەڕێوبەرایەتیی پەروەردە شکاتی لێ بکات، کە لە دوا بەشدا، ئەنجامی ئەو شکاتە بە دوورخستنەوەی پلاتۆنۆڤ لە گوندەکەی خۆی کۆتایی دێت. ماریە لە شکاتەکەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە، لەگەڵ هەموو ئەو سەرکۆنە و گاڵتانەی پلاتۆنۆڤ بە ماریەی دەکات، ماریە دڵی دەچێت بە پلاتۆنۆڤدا. ماریە لە کۆتایی شانۆنامەکەدا بە پلاتۆنۆڤ دەڵێت:

**/.../ من هیچم ناوێت... تۆ تەنها کەسێکیت... من نامەوێت هیچ شتێک لە کەسی ترەوە بزانم! چیت دەوێت لێم بکە... تۆ... تۆ تەنها ئەو کەسەیت! (دەگری)**

**پلاتۆنۆڤ، پەردەی چوارەم**

پلاتۆنۆڤ هەموو ئەم ژنانە بەیەکەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان دەستخەڕۆ دەکات، بۆ ئەم ناپاکی لەوی تریان دەکات تا دوای ساتێکی تر ناپاکی لەوی تریشیان بۆ یەکێکی تریان بکات، هەروەها ئەم ژنانەیش ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا پلاتۆنۆڤیان دەوێت و هەریەکەیان بە شێوەیەک دەیەوێت پلاتۆنۆڤ بە لای خۆیدا ڕابکێشێت و بیکات بە هیی خۆی.

ئەگەر چەمکەکانی سەربەستی و لەدەستدانی سەربەستی و ملکەچکردنی مرۆڤ، بە ئارەزووی خۆی یان بەزۆر، چ بە شێوەیەکی ناوەکی و چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و سەرزارەکی، بابەتگەلێکی گرنگ و سەرەکیی نووسینەکانی چێخەف، بە درێژایی ژیانی ئەدەبی، پێک بهێنێت، ئەوا لەم کارە سەرەتایەی ژیانیدا بە ڕوونی دیارە. پلاتۆنۆڤ لە هەر چرکەساتێکدا، کە هەست بە لەدەستدانی ئەو سەربەستییەی هەیەتی، دەکات، یاخی دەبێت و ئامادەیە ژیانی کەسی بەرامبەر لەم پێناوەدا تێک بشکێنێت. پلاتۆنۆڤ، کە مەست دەبێت، وەکو مرۆڤێکی بێ ویست دەکەوێتە ژێر حەزە شەهوانییەکانیەوە، خۆی ڕادەستی ئەو ئافرەتە دەکات، کە لەوەوبەر بە هۆشیاری لە خشتەی بردووە. کە کاریگەریی شەرابیشی بەسەرەوە نامێنێت و بەئاگادێتەوە، ئەوە لە هەموو پەیمانەکانی پەشیمان دەبێتەوە.

بەم جۆرە پلاتۆنۆڤ، وەکو کەسێکی ڕادیکاڵ و ئیدیالیزم هیچ بە هیچ ناکات و ناگاتە هیچ مەبەست و ئەنجامێک، لەبری ئەوەی ببێت بە (هاملێت)ێکی گوندە دوورەدەستەکانی ئەو دەمەی ڕووسیا، گەمەیەکی توندوتیژ و قێزەوەن و بێمانا لەگەڵ خودی خۆی و دەوروبەرەکەی دەکات. پلاتۆنۆڤ تەنها لە بواری ئافرەتدا سەرکەوتنی تەواو بەدەست دەهێنێت، ئەم سەرکەوتنەیش کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت.

# بەشی چوارەم

## نەورەس
## دیدێکی کۆمیدی بۆ تراجیدیای ژیان



چێخەف و ئەندامانی شانۆی هونەری مۆسکۆ


چێخەف دوای دابڕانێکی زۆر لە شانۆ و سەرنەکەوتنی دەقە شانۆییەکانی تری (ئیڤانۆڤ) و (شەیتانی دارستان)، لە ساڵی ١٨٩٤دا دەست دەکات بە نووسین و ساڵی ١٨٩٥ یەکەم ڕەشنووسی (نەورەس) تەواو دەکات. بەر لە نووسینی ئەم شانۆنامەیەیش، چەندان جار لە نامەکانیدا باسی دەستپێکردن و پرۆسەی نووسین و ناوەڕۆک و تەواوکردنی ئەم کارەی بۆ هاوڕێ نزیکەکانی کردووە. ساڵی ١٨٩٥ بۆ سوڤۆرین دەنووسێت (من دەقێکی شانۆیی دەنووسم/.../ شتێکی سەیر دەنووسم) لە نامەیەکی دواتردا دەڵێت (هیچ ئارەزووی نووسینی دەقی شانۆییم نییە)، بەڵام لە نامەیەکی تریدا، کە لە ٢١ی مانگی دەی ساڵی ١٨٩٥دا بۆ سوڤۆرینی ناردووە، دەڵێت (ئیدی باوەڕ بکەیت یا نەیکەیت، خەریکی نووسینی دەقێکی شانۆییم، کە لەو بڕوایەدام تا کۆتایی مانگی نۆڤەمبەر تەواوی دەکەم. هەرچەندە خۆم لە بنەما سەرەکییەکانی دراما دوور دەگرم، بەڵام چێژ لە نووسینی دەبینم. کۆمیدیایەک، سێ ڕۆڵی ژن، چوار ڕۆڵی پیاو، چوار پەردە، دیمەنێکی سروشت، کە بەسەر دەریاچەیەکدا دەڕوانێت؛ گفتوگۆیەکی زۆر سەبارەت بە ئەدەبیات، ڕووداوگەلێکی کەم، مشتومڕێکی زۆر دەربارەی عەشق هەڵدەگرێت)، دوای مانگێک لە نامەیەکی تریدا سوڤۆرین ئاگادار دەکاتەوە، کە لە نووسینی دەقە شانۆییەکەی بووەتەوە. (لە نووسینی دەقەکە بوومەوە، من بە تۆنی بەرز دەستم پێ کرد و بە پێچەوانەی هەموو یاسا و ڕێساکانی هونەری دراماوە، بە تۆنێکی ئێجگار نزم و هێدی کۆتاییم پێ هێناوە. وەکو نوڤێلتێکی لێ دەرچووە. من زیاتر ناڕازیم تا ڕازی، کە ئەم دەقە تازە لەدایکبووەیشم دەخوێنمەوە، سەرلەنوێ دەگەمە ئەو باوەڕەی بە هیچ شێوەیەک شانۆنامەنووس نیم). چێخوف

وەک خۆی لەو نامەیەیدا ئاماژەی بۆ کردووە، بە پێچەوانەی ڕێساکانی هونەری دراما و ستراکتورە نەریتگەراییەکانەوە، کاری لە نەورەس-دا کردووە: ململانێکان لە پەردەکانی سەرەتاوە گەشە ناکات تا دواتر بە شێوەیەکی تراجیدی یاخود کۆمیدی بگاتە خاڵی کۆتایی و چارەسەر، بەڵکو لەبری ئەوە، کارەکتەرەکان وەک زنجیرێک پێکەوە بەستراونەتەوە. چێخەف لە دەقەکانی تریدا گەڕاوەتەوە سەر ئەم فۆرمە و کاری لەسەر کردوون و بە تەواوی گەشەی پێ داون.

هەرچەندە چێخەف نارازی بوو لەوەی ئەو نووسیویەتی و خۆی بە شانۆنامەنووس نەدەزانی، لەگەڵ ئەوەیشدا دەیزانی شتێکی نوێ و جیاوازی نووسیوە. شانۆنامەکانی دەنارد بۆ هاوڕێ نزیکەکانی تا بیخوێننەوە، هاوکات دەیویست لەسەر شانۆکان نمایش بکرێت. لەبەر ئەوە چێخەف ڕازی دەبێت (نەورەس) لەسەر شانۆی ئەلکسەندەرنیسکی لە شاری سان پێتەشبۆرگ نمایش بکرێت.

هیچ سەرکەوتنێک هێندەی کەوتن و نووشوستی یەکەم شەوی نمایشی (نەورەس) لەسەر شانۆی ئەلکسەندەرنیسکی، لە ١٧ی مانگی دەی ساڵی ١٨٩٦دا ناوبانگی دەرنەکردووە، ئەم نووشوستییەی نەورەس بەزەقییەوە لە مێژووی شانۆی جیهانیدا تۆمار کراوە. چێخەڤ بەم هەرەسە هونەرییە تووشی نائومێدییەکی گەورە دەبێت و نایەوێت جارێکی تر بۆ شانۆ بنووسێت.

## نەورەس لەسەر شانۆی هونەری مۆسکۆ



ستانیسلاڤسکی و فلادیمیر نمیرۆڤیچ

دوای دوو ساڵ بەسەر ئەو نووشوستە گەورەیەدا، (نەورەس) واتە لە ساڵی ١٨٩٨ سەرکەوتنێکی گەورە لەسەر شانۆی هونەری مۆسکۆ، بەدەست دەهێنێت. سەرەتا چێخەف بە هیچ شێوەیەک نایەوێت بچێتە ژێر باری ئەوەی، کە جارێکی تر نەورەس نمایش بکرێتەوە. نمیرۆڤیچ (فلادیمیر نمیرۆڤیچ ١٨٥٩- ١٩٤٣ لەوەوبەر هاوڕێی چێخەف بووە و لە نزیکەوە یەکترییان ناسیوە)، نامەیەک بۆ چێخەف دەنێرێت و دەڵێت: (ئەگەر تۆ ڕێگەم نەدەیت کار لە دەقەکەتدا بکەم، وەک ئەوە وایە دەست بخەیتە بینم و بمخنکێنیت، لەبەر ئەوەی (نەورەس) تەنها دەقێکی مۆدێرنە وەک ڕێژیسۆر سەرنجی منی ڕاکێشاوە، هەروەها تۆیش تەنها نووسەرێکی مۆدێرنی، کە شتێکی گەورەتر پێشکەش بە شانۆیەک دەکەیت، کە ڕێپۆرتوارێکی هەبێت. ئەگەر دەتەوێت و پێتان باشە، بەرلەوەی پرۆڤەکان دەست پێ بکات، دێم بۆ لات و گفتوگۆی (نەورەس) و ئەو پلانەی بۆ نمایشەکە هەمە، دەکەین). دواتر نمیرۆڤیچ لە

یاداشتەکانیدا، دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە هەرچەندە یەکەم نمایشی شانۆی هونەری مۆسکۆ (تسار فیۆدۆر)ی تۆلستۆی بوو، بەڵام شانۆی هونەر بە شانۆنامەی (نەورەس) ناوبانگی دەکرد و بەو ستایلە تازەیەی چیخەف سەرەتا هونەرییە پتەوەکانی دەست پێ دەکات. نمیرۆڤیچ لە یادەوەرییەکانیدا دەڵێت (ئێمە لەگەڵ نمایشی (نەورەس)دا گەیشتینە ئەو (پشوو)ە قووڵانەی، کە بەشێکن لە خودی ژیان خۆی). لەم نمایشەدا مایرهۆڵد ڕۆڵی "کەنستەنتین"، ستانیسلاڤسکی "تریگۆرین"، ئۆڵگا کنیپەر "ئەرکادینا" دەبینن.

چیخەف خۆی نمایشەکە نابینێت و لە یاڵتا دەبێت، کە دەشگەڕێتەوە، شانۆی هونەری مۆسکۆ، نمایشێکی تایبەت لە یەکی مانگی پێنجی ساڵی ١٨٩٩دا، بۆ چیخەف بەبێ دیکۆر و کەوالیسەکانی پێشکەش دەکەن. چیخەف سەبارەت بەو نمایشە لە نامەیەکیدا دەڵێت: (نەورەس-م بەبێ دیکۆر بینی؛ ناتوانم دەقەکە بە شێوەیەکی بێلایەنانە هەڵسەنگێنم، لەبەر ئەوەی نەورەس خۆی بە شێوەیەکی نەفرەتی ڕۆڵەکەی دەبینی، هەمیشە بە دەنگێکی بەرز لووشکەلووشکی گریانی بوو، تریگۆرینیش (نووسەرەکە) بەسەر شانۆکەدا هەر هاتوچۆی دەکرد و وەک ئەوەی هاکا ببورێتەوە، قسەی دەکرد؛ ئەو "هیچ ویستێکی خۆی نییە" و ئەکتەرەکەیش بە شێوەیەک بەدحاڵبوو، کە من دڵم تێکەڵ دەهات. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زۆر خراپ نەبوو، سەرنجڕاکێش بوو. لە هەندێک شوێندا، لەو بڕوایەدا نەبووم لەوەی، کە ئەوە من نووسیومە).

لەدوای نمایشە سەرکەوتووەکەی (نەورەس)ەوە، کە لەڕێژی نمیرۆڤیچ و ستانیسلاڤسکی بوو، ناوی چیخەف بوو بە بەشێکی گرنگ بە ناوی شانۆی هونەری مۆسکۆوە، ئەو

شـــانۆیەی ستانیسلاڤـــسکی و نمیـــرۆڤیچ، لە گفتوگـــۆیەکی بەناوبـانگی هەژدە سـەعاتیـدا، لە چێشتخانەی سلاڤیانـسکی لە مۆسـکۆ، سـتراکتور و بنەمـا هـونەری و هـزری و جـۆری بەڕێوەبردنەکەیـان لە مـانگی شەشـی سـاڵی ١٨٩٧دا بـۆ دانـا. لەدوای ســەرکەوتنە مێــژووییەکەی نەورەسیــشەوە ١٨٩٨، وێـنەی نەورەس-ێـک بە شـێوەیەکی هێڵکـاری بـووە لۆگـۆ و سـمبۆلی شـانۆی هـونەری مۆسـکۆ، سـەرکەوتنێکی گەورە بـۆ شـــانۆی هـــونەری مۆســـکۆ و بـــۆ چـــێخەف-یـــش، وەک شــانۆنامەنووس. ستانیسلاڤــسی لە (ژیــانی هــونەریم)دا بەم شـــێوەیە باســـی نمایــشەکەی نەورەس لە شــانۆی هــونەری مۆسکۆ دەکات: (شانۆ تازەکەمان لەدایک بوو. ئەم نمایشە بۆ چێخەف و مێژووی شانۆ مانـایەکی تایبەتمەند لەخۆ دەگرێت، بەبێ ئەم سـەرکەوتنە، بێ هـیچ گومانێک، دوو دەقەکەی تـری چـێخەف، سـێ خوشـک و بـاخی گـێلاس بە هـیچ شـێوەیەک لەدایـک نەدەبـوون). ئەوەی لەم نمایـشەدا ڕووی دا، جـۆرێکی تازە بوو لە هونەری ڕیژی و ستایلی نواندن، کە ڕووبەڕووی جـۆرێکی نـوێ لە نووسـینی دەقـی شـانۆیی بـووەوە، هاوکـات هەردووکیـان بەرەو یەک ئامـانج دەڕۆیـشتن و لەگەڵ یەکتـر دەگونجان.

شانۆی هونەری مۆسکۆ دەیویست ئەڵتەرناتیڤ بێت بۆ ئەو شـانۆیانەی هەبـوون، کە چ لە ڕووی ڕێپۆرتـوار و چ لە ڕووی نوانـدن و هـونەری ڕیـژی و پێکهێنەرەکـانی تـری نمایـشەوە ســـتایلێکی نەریتگەرییـــان خوڵقانـــدبوو. لەدوای ئەو نمایـــشە ســـەرکەوتووەی (نەورەس)ەوە، دەقەکـــانی چـــێخەف دەبـــنە ناوەنـــدێکی گرنـــگ بـــۆ ستانیسلاڤـــسکی، کە لە هەوڵـــی بە پراکتیزەکردنی تیۆرەکانیدا بوو سەبارەت بە ڕیالیزمی نـاوەکی

و بەرجەســـتەکردنی ســیـــستێمەکەی. ستانیسلاڤـــسکی لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: (دوای سەرکەوتنی نمایشی (نەورەس) و (خاڵە ڤانیا)، نەدەکرا شانۆکەمان بەبێ دەقێکی تازەی چێخەف بێت، بەم شێوەیەیش لەو کاتەوە چارەنووسمان پابەند بوو بە دەستی ئەنتوان پاڤلۆڤیچەوە: ئەگەر دەقێکی بۆ نووسیین، ئەوە ئـێمەیش وەرزێکـی شـانۆییمان دەبێـت، ئەگەر هیچیـشمان بـۆ نەنێرێـت، ئەوە شـانۆکەمان هەمـوو درەوشـانەوەیەکی خـۆی لەدەست دەدات).

**هەموویان عاشقی کەسێکی هەڵەن**

نەورەس بە زمانێکی ساکار، تەکنیکێکی بەرزی شانۆیی و فەلسەفەیەکی قووڵی ژیانەوە، چیرۆکی یانزە مرۆڤمان، کە لە یەکێک لە شارە گچکە و دوورەدەستەکانی ڕووسیا، لەکەنار دەریاچـــەیـــەکـدا دەژیـــن، بـــۆ دەگێڕێتـــەوە. بەســـەرهات و ڕووداوەکـــانی نەورەس باســـــی مەســـــەلە هەتاهەتـــایی و هەنووکەییەکانی مرۆڤ: خۆشەویستی، جیابوونەوە و دابڕان، پیربـوون، شـەڕی نێـوان نەوەکـان، بەناوبـانگبوون، هـەروەهـا شانۆ و ئەدەب، دەکەن. لەپاڵ ئـەمانـەیشدا، باسـی خەونـی ئەو کەسـانە دەکەن، کە دەیانەوێـت بـبن بـەئەکـتەر و نووسـەر و ناوبانگ دەربکەن. لەم ڕووەوە، بابەتی سەرەکیی نەورەس، لە پێوەنـدی و پابەنـدبوونی هونەرمەنـد بە ژیـانەوە، هەروەهـا پابەنـدبوونی هـونەر بە واقـیعەوە، دەدوێـت. ئەوەی فـۆرمی ســـتراکتورەکەی ئەم دەقەیـــش پێـــک دەهێنێـــت، کـــردارە دەرەکییەکـان نـین؛ بینەران زوو دەگەنە ئەو ئەنجـامەی، کە لە دوو سوعاتی نمایشەکەدا، شتێکی ئەوتۆ، بەتـایبەتی لە ڕووی

کـرداره دەرەکییەکـانەوە، ڕوو نـادات، بەڵکـو لەسـەر ئاسـتی ناوەوە، شتگەلێکی ئێجگار زۆر ڕوو دەدات.

کارەکتەرەکـان وەک زنجیـرەیەک پـێکەوە بـەسـتراونەتـەوە، فۆرمێک، چێخەف لە نەورەسدا بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر بەکـاری هێنـاوە: مدڤیـدێنکا عاشـقی ماشـایە، کە کەنـستەنتینی خۆش دەوێت، کەنستەنتین عاشقی نینایە، نینایش تـای عەشـقی بۆ تریگۆرین لێ هـاتووە، کە لەگەڵ ئەرکادینـا دەژی، بەڵام ئەو خۆشەویـسـتیی بـۆ ئەرکادینـا نیـیە، لەبەر ئەوە لە پەردەی سێیەمدا بڕیار دەدەن لە مۆسکۆ، بە دزیی ئەرکادیناوە یەکتری ببینن. هەموویان عاشقن، هەمووشیان عاشقی کەسێکی هەڵەن، خولیـای ئەو شـتەن، کە نیـانە- ژیـانێکی تـر، شـوێنێکی تـر بـۆ زیندەگی، هەروەها عیشقێکی تر.

چـێخەف لە نەوەرس-دا، درامـایەکی سـایکۆلۆژیی چـڕ و سەخت، لەسەر بنەمـا و باکگرونـدێکی کەش و ژینگە، بە چەنـد ئـامرازێکی نـوێی شـانۆیی و زمـانی دەقـی شـانۆیی-یەوە پێـشکەش دەکـات. ئـامرازە نـوێیەکەی چـێخەف لەم دەقەیـدا نمایـشکردنی (ژیـان)ە لەسـەر شـانۆ و ئـامرازە گوزارشـتئامێزەکان، بەرجەسـتەی هەلـومەرج و ڕەوشـەکەی ژیـان دەکەن. ڕووداوەکـان و پێـوەدانگە درامیـیەکە سـادە و ساکارە، هێڵی گشتیی دەقەکە و هەموو توخمەکان لە پێوەندیی کارەکتەرەکاندا، پێکەوە دەبەستێتەوە.

چێخەف ئەو جۆرە پێوەندییە بەکار ناهێنێت، کە دوو کەس پێوەنـدییەکی خۆشەویـستییان هەیە، لەپـڕ یەکێکیـان دڵـی بە کەسێکی تردا دەچێت (کەسی سێیەم)، بەڵکو لەبری ئەم جۆرە پێوەنـدییە خۆشەویـستییانە، خۆشەویـستیی یـەکلایـەنـە بەکـار دەهێنێـت. ئەگەر دوو کەس دڵیـشیان بەیەکەوە بێـت، ئەوا ئەو

خۆشەویستییە کەمخایەنە سەرناکەوێت و زوو تێک دەچێت: پێوەندیی نینا و کەنستەنتین دەشێوێت، نینا و تریگۆرین بەردەوام نابن، بەڵام پێوەندیی نێوان ئەرکادینا و تریگۆرین زیاتر لەنێو بەرژەوەندییەکاندا پتەوە و بە یەکگرییوویی دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا بۆ ماوەیەک، لەبەر ئەو خۆشەویستییە کاتییەی بۆ نینا هەیەتی، دەستی لێ بەردەدا، دواتر پشت دەکاتەوە نینا و دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەرکادینا. ئەو خۆشەویستییە بەهێزەی مدڤیدێنکا بۆ ماشا هەیەتی، هەروەها پەلینای دایکی ماشا بۆ دۆرن، ماشا بۆ کەنستەنتین و کەنستەنتین و نینا، کۆمەڵەچیرۆکێکی ڕاستەقینەی تراجیدیی ژیانی ئەم کارەکتەرانەن، کە ڕەوش و ڕێچکەی ڕووداوەکان بەرەوپێشەوە نابەن. ئەم کارەکتەرانە، هەر هەموویان لە خۆشەویستیدا دۆڕاون، غەمگینن و تەنانەت لە ژیانی خۆیان لە خودی خۆیشیان ڕازی نین. چۆن عەشقی نینا، کەنستەنتین تێک دەشکێنێت، ئاوایش عەشقی کەنستەنتین، ماشا تێک دەشکێنێت: کەنستەنتین هیچ هەستێکی بۆ ئەو عەشقە بەهێز و قووڵەی ماشا نییە؛ لە ئەنجامدا ماشا هەست بە پیربوونێکی ڕۆحی دەکات، تەنانەت هەستی دایکایەتییشی لەدەست دەدات. ماشا خۆی ئەنجامی خۆشەویستییەکی یەکلایەنە و بێئاکامی خۆشەویستی پەلینای دایکیەتی بە دۆرنی دکتۆرەوە؛ هەر لەم ڕووەوە ماشا لەوانەیە کچێکی ناشەرعیی دۆرن بێت، نەک کچی شەمرایڤ. ماشا بە دۆرن دەڵێت:

**/.../ من باوکی خۆمم خۆش ناوێ... بەڵام دڵم بڕوای بە ئێوەیە، بە هەموو گیانمەوە هەست دەکەم کە ئێوە لە منەوە نزیکن... جا یارمەتیم بدەن، یارمەتیم بدەن تا کارێکی نابەجێم**

**نەکردووە، تا دەستم نەچووەتە ژیانی خۆم و بەفیڕۆم نەداوە... چیی تر ناتوانم لەوە زیاتر... ل٤٤**

ماشا خۆی قایلە بەو ڕۆڵە غەمگین و ناشادەی خۆی و بەو تراجیدیایەی ژیانی، ئەو ڕۆڵی خۆی دەبینێت، چێژ لەو ژیانە پەژارە و عەشـــقە بێـــوەڵامەی خـــۆی دەبینێـــت. یەکەم دیالۆگەکانیشی لەگەڵ مدڤیدێنکا دووپاتکردنەوەیەکە بۆ ئەو ڕۆڵەی خۆی، کە لای ئەو شتێکی بەڵگەنەویستە و گەیشتووەتە ئەو قەناعەتە.

**مدڤیدێنکا**
**پێم ناڵێن ئێوە بۆ هەردەم ڕەشپۆشن؟**
**ماشا**
**ئەوە من ماتەمینی بۆ ژیانی خۆم دەگێڕم،**
**من بەدبەختم. ل١٥**

دواتـریش، کە ماشـا شـوو دەکـات، شـوو بە مامۆسـتای قوتابخـانەکە، مدڤیـدێنکا دەکـات، ئەو شـووکردنەیش تەنهـا ڕاکردنە لەو واقیعە نالەبار و ژیانە پەشێوی و بەدبەختییەی تیایدا دەژی. ماشا لە سەرەتای پەردەی سێیەمدا بە تریگۆرین دەڵێت: **(من شوو دەکەم بە مدڤیدێنکا ل٦٨)** ئەمەیش مانای وایە، کە ماشا دەیەوێت بەم شووکردنە لە واقیعی ژیانی خۆی ڕابکـات؛ لە مـاڵەوە دووربکەوێـتەوە، لە کەنـستەنتین و لە یادەوەرییەکان خۆی بشارێتەوە. مدڤیدێنکا تەنها ئۆبێکتێکە، تەنهـا نـاوێکە بـۆ ئەوەی ماشـا شـووی پـێ بکـات. بـوونی مدڤیدێنکا و ئەو هاوسەرگیرییە، لەنێو شتە دژبەیەکەکاندا ڕوو دەدات، لە خۆشەویـستییەوە نیـیە، هەر لەبەر ئەوەیـشە ئەو ژیانەی لە سەرەتاوە دروستی دەکەن، بریتییە لە دۆزەخێک بۆ

هەردووكیـان: لەم هاوسـەرگیرییەدا مدڤیـدێنكا، وەك مرۆڤێـك بچـووك و بچـووكتر دەبێـتەوە، دەبێـتە میـوانێكی نەخـوازراو، سەپانێكی ئەو كێڵگەیەی ماڵی ماشایە.

لەم زنجیـرەی كارەكتەرانەیـشدا، هـیچ كەسـێك ڕۆڵـی سـەرەكی یـان پـاڵەوانی نیـیە، بەڵكـو هەمـوو یەكێـك لەم كـارەكتەرانە دەكرێـت لە چاوتروكانێكـدا ببێـت بە كـارەكتەری سـەرەكی و لە ڕەوشـی ئەم كـارەكتەرەوە و لەم چركەسـاتەدا سـەیری ئەوانـی تـر بكەیـن. هەمـوو كارەكتەرێـك و ئەو حیوارانەیـشی دەیڵـێن، دەكرێـت لە هەمـان كاتـدا، لە چـەنـدان ڕووەوە سـەیر بكرێن و بە شـێوازی جیاواز مامەڵەیـان لەگەڵ بكرێـت: لەنـاوەوە، كە لەم لایەنەوە زیـاتر قـووڵ و جیـددییە، هاوكـات لە ڕووكـاری دەرەوە، كە زۆر جـار لە فـۆرمێكی كۆمیدی، یان تراجیكۆمیكدا دەردەكەوێت، بۆ نموونە ڕۆڵەكەی كەنستەنتین، یـان كارەكتەرەكـانی تـر، دەبێت لە هەمـان كاتـدا لەنـاوەوە؛ ڕۆڵـی كـەنستەنتین و كـارەكتـەرەكانی تـر لـەدیـوی ناوەوە هەڵگری هەمان هەستن و بۆ یەكتر دەبن بـەپشتیوان و لە ڕووكاری دەرەوەیش تەنزئامێز و دوورەپەرێز دەردەكەون. ستانیسلاڤـسكی لەم ڕووەوە گوتـوویەتی: (چـێخەف لەسـەر شانۆ، لە ئاستێكی بەرزدا دەسەڵاتی بەسەر ڕووكاری دەرەوە و نـاوەوەی ڕاسـتییەكاندا دەشـكێت)، هەروەهـا گەڕان بەدوای پەیـامێكی تایبەتیـدا لای هەر كارەكتەرێـك لە كارەكتەرەكـانی چـێخەف-دا، بە هەڵە دەكەوێـتەوە، لەبەر ئەوەی ناكرێـت هـیچ حیوارێـك لە دیـدە گـشتییەكەی دەقەكە جیـابكرێتەوە، بەڵكـو دەبێـت هەمیـشە سـەیری ئەوەیـش بكرێـت، لە كۆنتێكـستی ڕووداوەكاندا، چی لە كارەكتەرەكانی تر ڕوو دەدات.



دیمەنێک لە نەمایشی نەورەس لە شانۆی هونەری مۆسکۆ

ئەرکادینـــای ژنە ئەکـتـەر، ڕۆژێکـی خۆشـی هـاوین لەگەڵ یـارەکەی، تریگـۆرینی نووسـەر دێـن بـۆ خـانووە هـاوینەکەی سـۆرینی بـرای، کـوڕەکەی (کەنـستەنتین)، کە خـەونـی ئـەوەی هەیە، ببێتـە نووسـەر، لەوێ دەژی، هەروەهـا بـرا بەتەمەنەکەی (سۆرین) ئەمە جگە لە کەسانێکی تریش، بۆ نمـوونە شـەمرایێڤ و پەلینـای ژنــی و ماشــای کچــی، دۆرنــی پزیـشک، نینـا، کە کیژێکی گەنجە، مدڤیدێنکای مامۆستا، کە یەکێکە لە کارەکتەرە کۆمیــدییەکانی چــێخەف. لە پەردەی یەکەمــدا، نمایــشێکی ئەماتۆرئاسـای هەرزەکارانە، لەم کەنـاری دەریـایە، لە شـێوەی شـانۆی هـاوینەدا پێـشکەش دەکرێت، کە بە پـشێوی و ئـاژاوە کۆتــایی دێـت. لە پەردەی دووەمـدا کەنـستەنتین لە ئەنجـامی خۆشەویـستییەکی بێئاکـامەوە هەوڵـی خۆکوشـتن دەدات. لە پەردەی سێیەمدا، ئەرکادینا و تریگۆرین خۆیان ئامـادە دەکەن بــۆ ئەوەی بگەڕێــنەوە بــۆ مۆســکۆ، تریگــۆرین دەیەوێــت بمێنێتەوە، ئەرکادینـا ناچـاری دەکـات، لە کاتێکدا ئەو لە پـشتی

ئەوەوە نینا لەخشتە دەبات، بڕیار دەدەن لە مۆسکۆ یەکتری ببین و پێوەندییەکی خۆشەویستی ببەستن. پەردەی چوارەم دوو ساڵ بەسەر ڕووداوەکاندا تێپەریوە، وەرزی پایزە و زۆر شت گۆرانکارییان بەسەردا هاتووە، ئەم گۆرانکارییانە هەموو کارەکتەرەکان، کەم و زۆر دەگریتەوە، بەڵام کارەکتەری نینا لە هەموو ڕوویەکەوە گۆرانکاریی بنەڕەتیی بەسەردا هاتووە. هەموو ئەو کارەکتەرانەی لە دیمەنی یەکەمدا دەردەکەون، لەم پەردەی چوارەمەدا سەرلەنوێ کۆدەبنەوە، ئەرکادینا و تریگۆرین هەر پێکەوەن، ئەو پێوەندییە ژێربەژێرەی نێوان نینا و تریگۆرین بە شێوەیەکی شکستخواردوو کۆتایی هاتووە، منداڵێکی لێی بووە، کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە و مردووە، خۆیشی هەندێک لە خەونەکانی هاتوونەتە دی و بووە بە ئەکتەر. کەنستەنتین نووسەرێکی مامناوەندییە، بەڵام گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی، کە نە دەتوانێت بنووسێت و نە دەشبێت بە نووسەرێکی ڕاستەقینە و نە خۆشەویستیی نینایشی لە یاد دەچێت. لە ئەنجامدا، دوای ئەوەی نینا بۆ ماوەیەکی کورت دەبینێت، هیچ ڕێگەچارەیەکی لە بەردەمدا نامێنێت، دەستنووسەکانی دەدڕێنێت و گوللەیەک دەنێت بە سەری خۆیەوە و کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت.

**هونەر و خۆشەویستی**

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەیە، کە دوو مەسەلەی سەرەکی لەنێو ڕووداوەکان و لەگەڵ کارەکتەرەکان و لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا، لە چەقی شانۆنامەکەدان و بەهایەکی گەورەیان هەیە؛ ئەوەیش بەهاکانی هونەر و خۆشەویستییە و هەموو کارەکتەرەکان بە شێوەیەک لە

شـێوەکان بەم دوو مەسـەلەیەوە بەسـتراونەتەوە. هەمـوو ئەو شـــتانەی لەســـەر شـــانۆ ڕوو دەدەن، یـــان دەگـــوترێن و دەردەکەون، گوزارشـــتی جـــودای ئەم دوو مەســـەلەیە، یـــان ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بەم دوو مەسەلەیەوە (خۆشەویستی و هـونەر)ەوە هەیە. هەمـوو ڕووداوەکـانیش باسـی ئەو مرۆڤـانە دەکەن، کە خۆشەویستی دەکەن و کاری هونەری دەخوڵقێنن.

زۆر جـــار پێوەنـــدیی کارەکتەرەکـــان بە مەســـەلەکانی هونەرەوە، لەسـەر ئاستێکی بەرز پابەندی مەرگ و ژیانن، بۆ نمـوونە لای کەنستەنتین و نینـا. نینـا لەپێنـاوی ئەوەی ببێت بە ئەکتەر، هەموو شتێک لەدوای خۆیەوە بەجێ دەهێڵێت: ژیانێکی ئارام، ماڵە باوان و خۆشەویستەکەی، کەنستەنتین-یش بەدوای فۆرمێکی نوێی شانۆدا دەگەڕێت. کەنستەنتین هەر لە سەرەتای پەردەی یەکەمدا باسی فۆرم و شێوازی نوێ دەکات و دەڵێت:

**/.../ دەبێ شێوازی نوێ بخوڵقێنین، پێویستمان بە شێوازی نوێیە، خۆ ئەگەر ئەو شـێوازە نوێیەمـان پێ بەرهەم نەیەت، چاکترە هەر دەستی لێ هەڵگرین.ل٢٢**

کەنـستەنتین خۆشەویـستی (نینـا) تێکـی دەشـکێنێت، وەکـو نووســـەرێکی ناکـــام و بێهیـــوایش کۆتـــایی بە ژیـــانی خـــۆی دەهێنێت.

ئەم مەسـەلانە لای ئەرکادینا/ئەکتەر، تریگۆرین/نووسـەر لە ئاستێکی تـردایە، ئەمـان بەناوبـانگن، ڕێگە دوورەکەیـان بڕیـوە، بـــەڵام لـــەڕواڵـــەتـــدا چـــەقیـــان بـــەســـتووە و هـــەمـــان شـــت دووبـــارەدەکـــەنـــەوەو ددان بە یەکتریـــدا نـــانێن، بەتـــایبەتی کەنـستەنتین/ ئەرکادینـا، کەنـستەنتین/ تریگـۆرین و یەکتـــری وەلاوە دەنێن.

بەم شـــێوەیە شـــانۆنامەی (نەورەس) شـــەڕی نەوەکـــان، کۆن و نوێ، مرۆڤە بەهرەمەند و بێبەهرەکان دەخاتە ڕوو. لەم شـــــــەڕەدا کەنـــــــستەنتین بـــەهونەرەکەیـــەوە نـــوێنەری نەوەیەکـی نـوێیە و دژی چیـنە نــــــاودار و هونەرمەنــــــدە تەقلیدییەکانە، دژی فۆرمە کۆن و چەقبەستووەکانە و دژی ئەو هـونەرەیە، کـە لـەسـەر بنـەما تەقلیدی و سواوەکان دارێژراوە.



نەورەس لە شانۆی هونەری مۆسکۆ

ئەوەی لەنێوان ئەم کارەکتەرانەیشدا هاوبەشە، بەتایبەتی لە پێوەندییـەکانیـان بە مەسـەلە هونەرییەکانەوە، ئەوەیە، نووسـەر پرسە هونەرییەکانی بە بنەما کۆمەڵایەتییەکانەوە بەستووەتەوە و پێگەی هونەر و هونەرمەندیشی کردووەتە بە شێکی گرنگ و جیانەکراوەی کۆمەڵگە، هەروەها چۆن مەسەلە هونەرییەکان بنەمـا و پێگەیەکـی کۆمەڵایەتییـان هەیە، بە هەمـان شـێوەیش مەســـەلەکانی خۆشەویـــستی، گیروگـــرفتە دەروونییەکـــان و ڕەوشە ناهەموارەکان، بەشێکن لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان و بنەمـایەکی کۆمەڵایەتیی بەهێزیشیان هەیە. کێشە و قەیـرانە خۆشەویستییەکان تەنها ڕەگێکی قووڵی سایکۆلۆژیی لە هەست و هۆشی مرۆڤدا نییە، بەڵکو لە ڕەوشە کۆمەڵایەتییەکەیشیاندا. چـــێخەف لە بنەماکـــانی پێوەنـــدییە خۆشەویـــستییەکان و چەمکەکـــانی ئەدەب و هــــونەرەوە، ژیـــان و سیـــستێمی کـــۆمەڵگەیەک دەخـــاتە ڕوو. مــرۆڤ پابەنــدی کــۆمەڵگە و

دابونەریتەکـانیەتی، لە هەمـان کاتـدا سەربەسـتە، یـان ناچـار دەکریـّت بەرپرسـیاریەتیی ژیـانی خـۆی و ئەوەی دەیکـات، هەڵبگریّت. کەسیّکی هەڵەت خۆش بوویّت، لەگەڵ دابونەریت و بنەمـا و یاسـاکانی کۆمەڵگەیـشدا تووشـی کیّشەت دەکـات. بـۆ کەنـستەنتین و نینـا هەردوو مەسـەلەکە، خۆشەویـستی و هـونەر، تـیّکەڵاو دەبـن؛ گرفتەکـانی هـونەر لە هەمـان کاتـدا گرفتەکانی خۆشەویستییشن و دەبنە مۆتیفیّکی بەهیّز و پابەند بە ژیـانەوە. گرفـت و تەنگەژەکـانی هـونەر بـۆ ئەوان هیـی خۆشەویستییـشە. خـاڵیّکی گرنگـی تـریش، کە هەنـدیّک لە ڕەخنەگرەکـان ئاماژەیـان بـۆ کـردووە، ئەوەیە کارەکتەرەکـانی نەورەس لە جـۆرە بۆشـاییەکی سیاسـیدا دەژیـن، ئەوان باسـی هـونەر، ئەدەب و شـانۆ دەکەن، بەڵام خۆیـان واقیعـی ژیـان، لە دەرەوەی موڵک و زەویوزارەکەیانەوە نابینن. بیّگومان چیّخەف بە وریاییەوە، ویّنەی کارەکتەرەکانی لە نەورەسدا بەو شـیّوەیە کیّـشاوە، کە چـاو لە ڕاسـتییەکانی واقیعـی دەرەوەی کۆمەڵگەکەی خۆیان بپۆشن.

چـیّخەڤ توانیـویەتی ئەم دوو مەسـەلەیە، ئەم دوو جەمسەرە، ئەم دوو بنەما گرنگە، بە شـیّوەیەکی فراوان قووڵ بکـاتەوە و مەودایەکـی هەمەچەشـنیان پـیّ ببەخـشیّت و گیروگرفت و پشیّوییە کۆمەڵایەتییەکان، مەسـەلە ئابوورییەکان لە ڕوانـگەی پیّوەنـدییەکانەوە بخـاتە ڕوو. چـیّخەڤ هەر لە دەستپیّکی شانۆنامەکەوە، مەسەلەکانی هونەر و خۆشـەویستی شانبەشانی یەکتر بەڕیّوە دەبات و بەیەکەوە دەیانخـاتە ڕوو؛ کارەکتەرەکانمـان پیـشان دەدات و گیروگـرفتە دەروونـی، کـۆمەڵایەتی و عەشـقە ئاڵۆزەکانیـان ئاشـکرا دەکـات و مۆتیڤەکانیان دەبەستیّت بە یەکەوە.

کەنـستەنتین و نینـا، کە نمایـشە شـانۆییەکەیان پێـشکەش دەکەن، تەنها دوو گەنجی بێئەزموونن، خەون بە بەردەوامـی و گەشەی هونەری خۆیانەوە دەبینن، لەنێوان بینەرانیشدا، ئەوەی ئەوان خەونـــی پێـــوە دەبیـــنن، دانیـــشتوون، دوو کەســـی بـاوەڕپێکراوی بوارەکـانی ئەدەب و هـونەر: ئەرکادینـای دایکـی کەنـستەنتین، کە ئەکتەرێکــی ناســراوە، هاوکــات تریگــۆرینی نووســەر. پێوەنـدییەکانی ئەم چـوار کـارەکتەرە چەنـدە لەسـەر ئاستە ئێرۆتیکییەکان دەجووڵێنەوە و ئەکتیڤن، بە هەمان شێوە لەسەر ئاستە هونەرییەکانیش.

ئەو دەقەی کەنـستەنتین نووسـیویەتی، کە چـێخەڤ دیـد و بیروبۆچـوونە شـانۆییەکانی کەنـستەنتین-ی تیـا بەرجەسـتە دەکات، وەک مۆدێلێک لە تەوژمە ئەڤاندگار و سمبۆلیزمەکانی ئەو ســـەردەمەوە وەردەگرێـــت، بەتـــایبەتییش (مـــۆریس مەتەرلینـــگ) ١٨٦٢ - ١٩٤٩ و تەوژمـــی ســـمبۆلیزمەکانی فەڕەنـــسا. ئەو تەوژمە ســـمبۆلییە، لەو زەمەنەدا بووبـــوو بەئاوازی دەربڕینی کۆمەڵێ شاعیر و هونەرمەندی شێوەکار و شـانۆ. شـانۆ بچووکەکـانی پـاریس کەوتبـوونە نمایـشکردنی شـانۆنامەی ئەزمـوونگەری، کە ڕوونـاکی، تـاریکی و سـێبەر، کـۆلاژی ئەبـستراک، دیـدی خەونەئـامێز، دەنـگ و بـووکەڵە و تەنـــانەت بۆنیـــشیان بەکاردەهێنـــا. هەنـــدێک لە ســـەرچاوە مێژووییەکـــان ئامـــاژە بـــۆ ئەوە دەکـــەن، کە لە یەکێـــک لەو نمایشانەدا، بۆنیان بەناو هۆڵی بینەراندا پرژاندووە، هەروەکو ئەوەی کەنـستەنتین لە نمایـشەکەی خـۆی و نینـادا، لە کـاتی دەرکەوتنی دوو (چاوە سوورەکان)دا، بۆنی گۆگرد و شـتی تـر بڵاو دەکاتەوە.



دیمەنێک لە نەورەس
لەسەر شانۆی نەتەوایەتی لە لەندەن

کەنستەنتین وەکو خەونێک بیر لە دەقەکەی دەکاتەوە، پاشەڕۆژی زۆر دووری دونیایەکی مردووی وێنا کردووە، کە لە مەنەلۆژێکی درێژدا، نینا بەرجەستەی دەکات، هاوکات وەک سمبۆلیزمەکان، بەکارهێنانی کاریگەرییە شانۆییەکان، ڕەنگ و بۆن: دەرکەوتنی دوو خاڵی سوور، وەک چاو و بڵاو کردنەوەی بۆنی گۆگرد. هەموو دەقەکە بۆ نینا نامۆیە و هەر لە سەرەتاوە ڕەخنە لە کەنستەنتین دەگرێت و دەڵێت: **(نمایشکردنی شانۆگەرییەکەی ئێوە سەختە، کارەکتەری زیندووی تێدا نییە ل٢٧)** بەڵام کەنستەنتین، دەیەوێت لە دابونەریتە باوەکان لابدات و وەک خەونێک مامەڵە لەگەڵ کارەکتەرەکەی نینا دەکات. کەنستەنتین ڕاستەوخۆ، وەک نووسەری دەق و ڕێژیسۆری نمایشەکە بە نینای ئەکتەر دەڵێت:

**(کارەکتەری زیندوو! ژیان نابێت وەک ئەوەی هەیە، یان وەک ئەوەی پێویستە، نمایش بکرێت، بەڵکو بەو شێوەیەی، کە لە خەونەکانماندایە. ل٢٧)**

نینا هەر دوای ڕەخنەکەی لە کەنستەنتین باسی گرنگیی تریگۆرین دەکات، دەیەوێت بزانێت گەنجە یان پیرە، ئەمەیش ئەوە دەردەخات، کە نینا تەنها وەک نووسەرێک بە تریگۆرین سەرسام نییە، بەڵکو وەک پیاوێکیش. نینا دەڵێت:

**/.../ دایکتان بۆ من گرفتێک نییە، لەو ناترسم، بەڵام تریگۆرین لێرەیە... نمایشکردن لە بەردەمی ئەودا، هەم دەمترسێنێ و هەم مایەی شەرمیشە... نووسەرێکی وا ناسراو... باشە ئەو گەنجە؟ ل٢٧**

نینا لێرەدا کەنستەنتین، نەک هەر وەک پیاو، کە ئەو خۆشی دەوێت، بەڵکو وەک هونەرمەندیش بریندار دەکات. بێگومان نمایشەکەی کەنستەنتین بۆ ئەرکادینای دایکیشی، کە ئەکتەرێکی نەریتگەرایە نامۆیە و ڕاستەوخۆ ڕەخنەی لێ دەگرێت و بە تەنز و پێکەنینەوە دەڵێت: (**بەڵێ، ئۆباڵت بە گەردنم، کاریگەریی شانۆیی هەر وا دەبێت. ل٣٤)**

کەنستەنتین، لە کۆتایی شانۆنامەکەیشدا، دوای ئەوەی دەبێتە نووسەر و لە گۆڤارەکاندا نۆڤێلتەکانی بڵاو دەکرێنەوە، بە ڕوونی و بە پێداگرتنەوە دەڵێت: (**من تا دێت زیاتر و زیاتر دەگەمە ئەو بڕوایەی کە کار لە فۆرمی کۆن و نوێدا نییە، بەڵکو لەوەدایە کە مرۆڤ کاتێک دەنووسێت لە ڕاستیدا بیر لە هیچ جۆرە فۆرمێک ناکاتەوە، ئەو بۆیە دەنووسێت، چونکە خودی نووسین، ئازادانە و بێپەروا لە ڕۆحیەوە سەردەکات. ل١٠٩)**

ئەم بیروبۆچــوونە هونەرییــانەی، کە لەم شــانۆنامەیەدا لە لایەن کەنــستەنتین ســـەبارەت بە فـــۆرم و شـــانۆ و ئەدەب دەخرێنە ڕوو، نابنە چەند پەرەگرافێکی تیۆریی وشک، بەڵکو دەبـــن بە بەشـــێک لە کـــارەکتەری کەنــستەنتین و پرۆســـە شانۆییەکە، بەمەیش پێوەدانگە درامییەکە و ڕووداوەکان تۆکمە و ڕوونتر دەکات.

**ئەرکادینا، دایک/ئەکتەر**

ئەرکادینا ئەکتەرە، ئەکتەرێکی (گەورە) و دیارە، بەڵام وەک مرۆڤ کەسێکی بچووکە، بۆ ئەوەی هونەرمەندێکی گەورەیش بێت، وەکو مرۆڤیش دەبێت هەندێک شتی تری هەبێت. ئەرکادینا ئافرەتێکی تەرپۆش و قەشەنگ و بەسەلیقەیە، ئەم سیفەتانەی زیاتر دەرەکین و لە ناوەوەیدا ئەو کەسە گەورەیە نییە؛ ئەوەی بە لای ئەوەوە گرنگە سەرکەوتن، جلی جوان، پیاهەڵدانە، کەسێکی خۆویستە و جگە لەخۆی توانای هەستکردنی بەوانی ترەوە (تەنانەت کوڕەکەیشی) نییە. ئەرکادینا بە شێوەیەکی ڕەق، بێ هەست و هۆش سەیری نمایشەکەی کەنستەنتین دەکات، ئەو گوێ بەوە نادات، کە کەنستەنتین کوڕێکی گەنجە و هەست بەو کاردانەوەیەی خۆیشی ناکات. زۆر جار ئەو پرسیارە دووبارە دەبێتەوە، ئایا ئەرکادینا کارەکتەرە، یان کەسێکە هەمیشە لە بەرجەستەکردنی ڕۆڵێکدایە؟ ئەرکادینا ڕۆڵی (هەستەکان) و ڕۆڵی (ژیانێک) دەبینێت، ئەمەیش بچووکی ئەو وەک مرۆڤ و وەک دایکیش دەردەخات. لە پەردەی چوارەمدا، بێباکی و سەرقاڵبوون بەخۆ و نەبوونی هەستی دایکایەتی دەگاتە ترۆپک؛ دۆرن لە ئەرکادینا دەپرسێت **(بەڕاست ئیرینا نیکەلاییەڤنا ئێوە پێتان خۆشە کە کوڕەکەتان نووسەرە؟ ل١٠٧)**، ئەم پرسیارە هیچ بۆ ئەرکادینا ناگەیەنێت، هەست بە بوونی کوڕەکەی ناکات و ڕاستەوخۆ لە

وەڵامدا دەڵێت (**باوەڕ بکە هێشتا هیچیم نەخوێندووەتەوە، هەر کاتم بۆ هەڵناکەوێت. ل١٠٧**)، بە بۆچوونی زۆربەی ڕەخنەگرەکان، ئەم وەڵامەی ئەرکادینا، توندوتیژترین و بێبەزەییترین حیوارەکانی نەورەس-ە، هەر ئەم حیوارەی ئەرکادینا پەردە لەسەر بچووکی ئەو، وەک مرۆڤ و وەک دایک هەڵدەماڵێت، ڕاستی ئەرکادینامان بۆ دەردەخات و کێشەی دوو نەوە، دایک و کوڕ دەخاتە ڕوو.

## مۆتیڤەکان و گەشەی ڕووداو

لە پەردەی دووهەمدا، کە کەنستەنتین دێتە ژوورەوە، نەورەسێکی پێکراوی بە دەستەوەیە و دەیخاتە بەرپێی نینا و دەڵێت (**بەم زوانە بە هەمان شێوە خۆشم دەکوژم ل٥٧**). نینا لەوە ناگات و بە کەنستەنتین دەڵێت (**من تێناگەم**) کەنستەنتین-یش هەوڵ دەدات، ئەوەی بۆ ڕوون بکاتەوە، کە بەبێ ئەو هەست بە بەختیاری ناکات. کە تریگۆرین دێتە ژوورەوە، ئەوە کەنستەنتین شوێنەکە بەدەم چەند تەنزێکی پڕ لە ئیرەییەوە چۆڵ دەکات. ڕارایی و دڵەڕاوکێ و بێپەروایی و تووڕەیی کەنستەنتین زۆر گەورەیە؛ چیخەف لەم دیمەنەدا بەو کەلوپەلانەیشی بەکاری هێناون، تفەنگێک و نەورەسێکی کوژراو، هێندەی تر ڕەوشی دیمەنەکە و کارەکتەری کەنستەنتین بەهێز دەکات.

چیخەف بۆ ئەم دیمەنە سوودی لە پێوەندییەکان و ژیانی تایبەتی خۆی وەرگرتووە، ساڵی ١٨٩٢ لەگەڵ لیڤیتان، کە هاوڕێیەکی نزیکی بووە، دەچێت بۆ ڕاو؛ لیڤیتان هونەرمەندی وێنەکێش بووە و لەو ڕۆژەدا سۆسکەیەک دەپێکێت و بە دوو باڵی بریندارەوە لەبەر پێیاندا دەکەوێت. چیخەف لەم بارەیەوە

نووسیویەتی: (من باڵندەکەم هەڵگرتەوە، دەنووکێکی درێژ، دوو چـــاوی گەورەی ڕەش و پەڕێکـــی نایـــاب و قەشـــەنگ. تێڕوانینەکەی گوزارشـتی لە پرسـیارێکی بێدەنگ دەکرد. چی لەمە بکەم؟ لیڤیتـان بە ناشـیرینی پێدەکەنێت و حیلکەحیلکیەتی، چاوەکـانی دەنوقێنێـت و بە دەنگێکـی لەرزۆکەوە داوای لـێ کردم: "سـەری بکێشە بە زەوییەکەدا..." منیش گوتم، ناتوانم. ئەو بە شێوەیەکی پەشۆکاو هەر شانەکانی هەڵتەکاند و سەری جووڵاند و سەرلەنوێ داوای لێ کردم. باڵندەکەیش بەردەوام بە چاوە پڕ لە پرسیارە بێدەنگەکانیەوە سەیری دەکردین. لە کۆتاییدا هیچ ڕێگەیەکی ترم نەدۆزییەوە، جگە لە پێشنیارەکەی لیڤیتـــان نەبێـــت، کە بیکـــوژین. بەو شـــێوەیەش دونیـــا لە بوونەوەرێکی جوان و خۆشەویست هەژارتر دەبێت، هەروەها دوو گێلەپیاویش بۆ شێوکردن دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە).

ئەم دیمەنە ئاماژەیەکە بۆ جۆرە پێوەندییەکی ئیرۆتیکییش لەنێوان نینا و کەنستەنتین-دا، هەروەها وێنەیەکی ئەوانیش وەک دوو هونەرمەند دەخاتە ڕوو؛ کەنستەنتین ڕاستەوخۆ باسی ئەوە ناکات، کە ئەو هەست بە چی دەکات، لەبری ئەوە دیمەنێک بۆ نینا نمایش دەکات: نەورەسێکی مردووی پیشان دەدات، کە ئەو خۆی کوشتوویەتی، بۆ ئەو ئافرەتەی خۆشی دەوێت و ئەو هیچ وەڵامێکی نییە. ئەمەیش جۆرە زمانێکی مەجازی و ناڕاستەوخۆ و پڕ لە ئاماژەیە، کە کەنستەنتین بەکاری دەهێنێت. نینا لەم زمانەی کەنستەنتین ناگات و نازانێت مەبەستی چییە، زمانی نینا وەک مرۆڤ و وەک هونەرمەند جیاوازە لەو زمانەی کەنستەنتین بەکاری دەهێنێت، نینا دەڵێت:

**لەم ماوەیەی دواییدا ئێوە بە هەموو شتێک تووڕە دەبن، قسەکانتان نادیارن، بە سمبۆل دەدوێن. ئەوەتا ئەم نەورەسەیش وا دیارە سمبۆلێک بێت، بەڵام بمبورن، من لێی تێناگەم... (نەورەسەکە دەخاتە سەر قەنەفەکە) من لەوە سادەترم لە ئێوە تێبگەم. ل٥٨**

کەنستەنتین دەزانێت چی دەکات و هۆشیارە لە مەبەستی ئەو دیمەنەی ڕێکی دەخات، بە ڕوونی دەڵێت، چۆن ئەم نەورەسەم کوشتووە، بەم زوانە ئاوهایش خۆم دەکوژم. کەنستەنتین دەڕوات و تریگۆرین بە دەفتەرەکەی دەستیەوە دێتە ژوورەوە، هاتنە ژوورەوەکەی، هەڵسوکەوت و قسەکردن و مامەڵەکردنی لەگەڵ نینایش، بەرجەستەی نووسەرێک دەکات. لە دەفتەرێکی بچووکدا نەخشەی چیرۆکێکی نوێ دادەڕێژێت، کە لە گفتوگۆ و دیدارەکانی خۆی لەگەڵ ماشا و نیناوە سرووشی وەرگرتووە. ئەوەی تریگۆرین لە دەفتەرەکەیدا تۆماری دەکات، تەکنیکێکە چێخەف بە درێژایی ژیانی بەکاری هێناوە، چێخەف لە زۆر ڕووەوە سوودی لە خۆی، وەک نووسەرێک وەرگرتووە بۆ وێنای کارەکتەری تریگۆرین. ئەمەیش هێڵێکی تری چێخەفە، کە گەڕاوەتەوە بۆ سەر ژیانی خۆی و لەم دەقەدا بەکاری هێناوە. چێخەف هەروەک تریگۆرین بە بەردەوامی لە دەفتەرێکی بچووکدا، ڕۆژانە سەرنج و تێبینییەکانی خۆی تۆمار کردووە، دواتر گەڕاوەتەوە سەریان و بە ڕێکوپێکی لە چیرۆک و دەقە شانۆییەکانیدا بەکاری هێناون، ئەم تێبینییانەیشی دواتر کۆکراونەتەوە و لە چەند بەرگێکدا بڵاو کراونەتەوە. چێخەف

خـۆی لەنێـوان کـارەکتەری کەنـستەنتین و تریگۆرینـدا دابەش کردووە.

تریگـۆرین، وەک نووســەر جێگــەی خــۆی کــردووەتەوە، بەرهەمەکــانی بــڵاو دەکــرێنەوە و ناســراوە، بەڵام پیــشەی نووسەری بۆ ئەو بووەتە جۆرە هەراسانی و بێدەرەتانییەک، کە خۆی لە چارەنووسێکی گران و ناخۆشدا پێناسەی دەکات. تریگـــــۆرین لەم پەردەیەدا لە دیـــــالۆگێکی درێـــــژدا، ئەم هەناسەسوارییەی نووسەربوون بۆ نینا ڕوون دەکاتەوە:

**/.../ من دەبێ بنووسم و بنووسم و بنووسمەوە... هێشتا بە تەواوی لە نووسینی چیرۆکێک نەبوومەتەوە، هەست دەکەم، ئیتـر لەبەر هەر هـۆیەک بێـت، کە دەبـێ چیرۆکـی دووەم بنووسم، ئینجا سێیەم و دواتر چوارەمیش بنووسم... من بێوچان دەنووسم، ناتوانم بە شێوەیەکی تر کار بکەم. جا من لە ئێوە دەپرسم، ئەمە چ شتێکی خۆش و پرشنگداری تێدایە؟ ل٦١**

مەسـەلەی خۆشەویستی، وەکو سـمبۆلێکی کۆنکرێتی لەم بەشی دووهەمەدا بەرجەستە دەبێت؛ نەورەسـە مردووەکەیش ئەو سـمبۆلەیە، ئەم نەورەسـە تەنهـا پەیڤێکـی نێـوان نینـا و کەنستەنتین نییە، بەڵکو نینا و تریگۆرین-یشە. تریگۆرین، کە دێتە ژوورەوە، نەورەسەکە لەسەر قەنەفەکە دەبینێت، شتێک لە دەفتەرەکەیدا دەنووسێت، نینا دەیەوێت بزانێت تریگۆرین چیی نووسیوە. تریگۆرین دەڵێت:

**هیچ، هەر شتێکم تۆمار کرد... دیمەنێک بە خەیاڵمدا هات... (دەفتەرەکە دەشارێتەوە) دیمەنێک بۆ چیرۆکێکی بچووک؛**

**کیژێکی لاو، کیژێکی وەک ئێوە، لە لێوار دەریاچەیەک دەژی؛ وەک نەورەسێک دەریاچەکەی خۆش دەوێت، هەروەک نەورەسێکیش کامەران و سەربەستە. بەڵام بە ڕێکەوت کەسێک پەیدا دەبێت و چاوی پێی دەکەوێت، لە وەڕسی و دەستبەتاڵیدا کیژەکە دەکوژێت، هەروەک ئەو نەورەسە. ل٦٧**

تریگۆرین هەروەک کەنستەنتین ئەو نەورەسە مردووە وەک سمبۆل و میتافۆرێک بەکار دەهێنێت، لای کەنستەنتین نەورەسەکە خۆیەتی، بەڵام لای تریگۆرین نەورەسەکە ئەو کچە گەنجەیە، کە ئەو دەیەوێت لە چیرۆکێکدا بینووسێت، ئەو گەنجەیەش لە نینا دەچێت یان ئەوە. ئەم لێکچوون و پێکەوەبەستنەوەیەی نێوان نینا و نەورەسێک، هەر لە پەردەی یەکەمەوە کاری لەسەر کراوە؛ نینا خۆی لە پەردەی یەکەمدا دەڵێت: (/.../ **منیش دڵم هەروەک نەورەسێک هۆگری ئەم دەریاچەیە بووە... ل٢٥)**

لە دیالۆگەکانی پەردەی دووهەمدا، سێ هونەرمەند: کەنستەنتین، تریگۆرین و نینا، لە ڕێگەی هونەرەوە گوزارشت لەو خۆشەویستییە دەکەن، کە ئاڕاستەکانی ژیانیان دیاری دەکات؛ هەرسێکیشیان بەجیا بۆ کەسی بەرامبەرەکەی، ئەو ڕەوتە سمبۆلییەی ژیان و خۆشەویستی دەخاتە ڕوو: کەنستەنتین دیمەنە هێماگەلییەکەی خۆی ئامادە دەکات، نینا لەنێوان دوو دونیای جیاوازدا، گەمەی نواندنی خۆی دەکات، تریگۆرینیش کورتەی ئەو چیرۆکەی دەیەوێت بینووسێت، لە دەفتەرەکەیدا تۆماری دەکات. سێ ڕێگە بۆ خولقاندن، سێ ڕێگەیش بۆ خۆشەویستی.

هەرچەندە کارەکتەری تریگۆرین لە چەقی ڕووداوەکاندایە، بەڵام خۆی کەسێکی پاسیڤە، چالاک نییە و خۆی خاوەنی کرداری ڕووداوەکان نییە: لە پەردەی یەکەمدا یاوەری ئەرکادینایە و حیواری زۆر کەمە، تەنها دیمەنێک ئەو ڕۆڵی سەرەکیی تیا هەبێت، ئەو دیالۆگە دووروودرێژەی پەردەی دووهەمە لەگەڵ نینادا؛ تەنانەت لەم دیمەنەیشدا نینا دەستپێشخەرە و ئەو ڕەوتی دیمەنەکە دەجووڵێنێت. بێگومان ئەو دیمەنە کورتەیش، کە دەیەوێت خۆی لەژێر ڕکێفی ئەرکادینا دەربهێنێت. عەشقی تریگۆرین بۆ نینا ڕاستەقینە نییە، بەڵکو تەنها هەوڵێکە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە دەستی ئەرکادینا. تریگۆرین دەیەوێت لە ڕێگەی نیناوە ژیانی خۆی بگۆڕێت، نینا تەنها ئامرازێکە بۆ ڕزگاربوون لەو تەڵەیەی ژیان، کە لە ڕێگەی ئەرکادیناوە تێی کەوتووە.

## سەفەر وەك ئامڕازێكی دراماتۆرگی



دیمەنێک لە نەمایشی نەورەس

زۆربەی ئەو شـتانەی لە دیالۆگەکـانی پەردەی دووهەمـدا باسـیان لێـوە دەکـرا، لە پەردەی سـێیەمدا ڕوویـان داوە، بەتـایبەتییش ئەو شـتانەی سـەبارەت بە مەسـەلەکانی هـونەر و خۆشەویستین: کەنستەنتین، کە هەڕەشەی ئەوەی دەکرد خۆی بکوژێت، هەوڵی خۆکوشتنی داوە و سـەری برینـدار کـردووە، نینا، کە لە پەردەی دووهەمدا خەونـی بەوەوە دەبینـی ببێت بە ئەکتەر، بڕیاری داوە لەنێو شانۆکاندا ژیانێکی نویٚ دەست پیٚ بکـات. تریگـۆرین بیـری لە نووسـینی چیرۆکێـک دەربـارەی کچێکـی گەنـج، کە هەمـوو ئاماژەکـان دەڵـێن ئەو کـچە گەنـجە (نینـا)یە، لە ئەرکادینـا دەپـارێتەوە دەسـتبەرداری بێـت، چـونکە نینـای دەوێـت، کە ئەرکادینـایش ڕازی نابێـت، بڕیـار دەدات بە دزییەوە و لە پشتی ئەوەوە، بە نهێنی لە مۆسکۆ یەکتر ببینن و پێوەندییەکەیان دەست پیٚ بکەن.

بە شـێوەیەکی سروشـتی، دیالۆگەکـانی پەردەی سـێیەم پێوەندییەکانی کارەکتەرەکانمـان بـۆ ئاشـکرا دەکـات، بەتـایبەتی چـێخەف مـۆتیڤی سـەفەرکردن دەخـاتە ئەم بەشـەوە، کە هۆکـارێکی گرنگـی دراماتـۆرگییە بـۆ ئاشـکراکردنی شـتگەلێکی گرنگ لە پێوەندیی کارەکتەرەکانـدا. مۆتیڤی سـەفەر مرۆڤەکـان لە یەکتری جیا دەکاتەوە، لە شوێنەکانیان دادەبڕێت، هەنـدێکیان بە تەنهایی بەجیٚ دەهێڵێت و یـادەوەری دەخولٚقێنێت، ئەمەیش دەبێـتە هۆکـارگەلێکی سـایکۆلۆژی، کە کارەکتەرەکـان ناچـار دەکـات، خێـرا بجـوولێنەوە و پەرچەکـرداری جودایـان هەبێـت، هەر لە ڕوانگەی ئەو ڕەوشـەیشەوە مـامەڵە لەگەڵ کـارەکتەری بەرامبەر بکەن. ئەم سـەفەرەی پەردەی سێیەم ڕۆڵێکـی گرنـگ لە خولٚقانــدنی ئەتمۆسـفێرە گـشتییەکە و کاریگەرییەکانــدا دەگێڕێت، بە هەمان شێوە ڕیتمی دەق/نمایش، بەتایبەتی چەندە

مـــۆتیڤی ســـــەفەرەکە، ڕیتمـــی دەق/نمـــایش بەرز دەکـــاتەوە، هێندەیش کارەکتەرەکان لەنێو ڕووداو و پێوەندییەکاندا چڕ و ئـــاڵۆز دەکـــاتەوە. ئەم مـــۆتیڤە دراماـــاتۆرگییە هێنـــدە بە لای چـــێخەفەوە گرنـــگ بـــووە، کە لە هەمـــوو دەقەکـــانی تریـــدا دەگەڕێتەوە سەریان و لە فۆرم و شێوازی جیاوازدا، سەفەر و لێکتـــرازان و دابـــڕان و دوورکەوتـــنەوە لەنێـــو کارەکتەرەکانـــدا دروست دەکات.

**کەنستەنتین و نینا و ئەرکادینا/**

**سێکوچکەیەکی پێوەندییە ئاڵۆزەکان**

دوو ساڵ لەنێوان پەردەی سێیەم و چوارەمدا تێدەپەڕێت، لەم نێوانەیـــشدا شـــتگەلێکی زۆر ڕوویـــان داوە، ئێـــستایش ســـەرلەنوێ هەموویـــان بە هـــۆی نەخۆشـــیی (ســـۆرین)ی بـــرای ئەرکادیناوە کۆبوونەتەوە، خـــاڵی گرنگـــی ئەم پەردەیەش، دوای دوو ســـاڵ یەکتـــربینینەوەی کەنـــستەنتین و نینـــایە. لەم پەردەی چـــوارەمەدا کەنـــستەنتین و نینـــا، ســـەرلەنوێ مەســـەلەکانی خۆشەویستی و هونەر و هونەرمەند بوون، دەورووژێننەوە و بە ڕوونـــی دەردەکەوێـــتەوە. گۆڕانکارییەکـــان بە کـــارەکتەری کەنستەنتین-ەوە، هەرچەنـدە ڕووکەشیشە، دیـارە، بـۆ نموونە ئەو کەسـە شـپرزە و پەشـێوەی پەردەی یەکەم نییە، ڕۆڵەکەی حیواری کەمی تێدایە و زیاتر بێدەنگە، جگە لەو ساتە کورتەی باسی نینا بۆ دۆرن دەکات:

**کەنستەنتین**

**نینا لە ماڵی باوکی هەڵاتووە و ئێستا لەگەڵ تریگۆرین پێک هاتووە. ئەمەیانت بیستووە؟**

**دۆرن**
**دەزانم**
**کەنستەنتین**
**منداڵێکیشی بوو، بەڵام منداڵەکەی مرد. تریگۆرین پاش ماوەیەک لە بەرچاوی کەوت و هەروەک چاوەڕوان دەکرا گەڕایەوە بۆ پێوەندییە کۆنەکانی. هەرچەندە ئەو لە ڕاستیدا هەرگیز وازی لەوانەی پێشتر نەهێنابوو. هێندەی من تێی گەیشتبم، لەوەی بەرگوێم کەوتووە، ئەوا ژیانی تایبەتی نینا وەک پێویست ڕێچکەی خۆی نەگرتووە. ل٩٨**

کە کەنستەنتین و نینا بۆ دواجار یەکتری دەبیننەوە، کەنستەنتین داوای لێ دەکات لای ئەو بمێنێتەوە، نینا بەبێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە، جلەکانی دەرەوەی لە بەر دەکات، خۆی ئامادە دەکات بڕوات، بەڵام کەنستەنتین هیچ ناکات بۆ ئەوەی ڕێگەی لێ بگرێت. ئەوەی کەنستەنتین دەیڵێت، هەرچەند بە زمانێکی شیعریی نووسەرێکی مامناوەندی دەدوێت **(من بەردەوام ناوتان دێنم و بانگتان دەکەم، ئەو خاکە ماچ دەکەم، کە بەسەریدا دەڕۆیشتن. ل١١٢)** خۆشەویستی نین، بەڵکو زیاتر هەستکردنە بە تەنهایی، دواتر دەڵێت **(من تەنیام، خۆشەویستیی کەسێک شک نابەم گەرمییەک بداتە ژیانم، سەرمامە هەروەک لەژێر خاکدا بم، هەر شتێکیش دەنووسم وشکوبرنگ و تاریکونووتەک دەردەچێ. ل١١٣)**. نینا تەنیا ئافرەتێکە ئەو بیناسێت و لەو بڕوایەدا بێت بەو قایل بێت، کە نیناش دەڕوات و کەنستەنتین بە تەنها بەجێ دەهێڵێت، ئەوەی ئەو بیری لێ دەکاتەوە نینا نییە، بەڵکو دایکیەتی **(باش نییە گەر یەکێک لە باخەکەدا ببینێ و دواتر بۆ دایکمی بگێڕێتەوە، ئەوە**

**دەبێتە مایەی نیگەرانیی دایکم... ل١١٦)**، ئەمەیش دوا حیواری کەنــستەنتین-ە، بەرلەوەی بچێــتە دەرەوە، دەستنووســەکانی بـدڕێنێت و خـۆی بکوژێت. ئەم حیـوارە ئەوەمـان بـۆ دەخـاتە ڕوو، کە کەنـستەنتین زیـاتر و بە شـێوەیەکی بەهێز پابەنـدە بە دایکیەوە، نەک نینا.

کەنـستەنتین کـوڕی دایکیەتـی، ئەو پەروەردەی کـردووە، بە تەواوی لە ڕووی هەست و هۆشەوە پابەندی ئەرکادینایە، ئەو توانایەشـــی نیــیە لە هەژمــوونی دایکــی ڕزگــاری بێــت. ئەم پابــەنبوونــە لە ســەرەتاوە تــا کۆتــایی دەقەکە، لە کۆنتێکستی ڕووداوەکانـدا ڕەنگی داوەتەوە و بە زەقی دیـارە. کەنـستەنتین لە سەرەتای پەردەی یەکەمدا، ئەم کێشەیە بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو: **(بەدەم هەڵوەراندنی پەڕەی گوڵێکەوە): خۆشی دەوێم- خۆشی ناوێم، خۆشی دەوێم- خۆشی ناوێم، خۆشی دەوێم- خۆشــی نــاوێم /.../ ل٢١)** ئەم گەمە کلاسـیکییەیش، کە لەگەڵ خـاڵە سـۆرین و لە چـاوەڕوانیی نینـادا دەیکـات، تـا ئەو دەقەی نووســیویەتی نمایــشی بکــات، ســەبارەت بە نینــا نیــیە، کە عاشــقیەتی. ئەم تــاقیکردنەوەیە ســەبارەت بە ئەرکادینــای دایکیەتــی: **(ئەوەتــا دەیبینیــت، دایکــم خۆشــی نــاوێم. ل٢١)** کەنستەنتین دەیەوێت ببێت بە هونەرمەند و نووسـەر، ئەمەیش بـۆ ئەوە نیـیە، کە ئەو پێویـستییەکی خـودگەرای گەورەی هەیە بـۆ ئەوەی لەو ڕێگـەیەوە گوزارشـت لەو شـتانە بکـات، بەڵکـو دەیەوێـت لە ڕێگـەی هـونەرەکەیەوە هەسـت بە بـوونی خـۆی بکــات و ددانــی پیــا بنرێــت، ئەوەیــشی ئەو دەیەوێــت، وەک کەسێکی هونەرمەند ددانی پیا بنێت و ببێتە جێگـەی سـەرنجی، دایکییەتـــی. بێگومـــان لەم ڕووەوە، کەنـــستەنتین هەســـت بە ململانـــێ و کێــشەیەکی گەورە لەگەڵ تریگــۆرین دەکــات، کە

دۆستی دایکێتی و نووسەرێکی ناسراویشە. کەنستەنتین بەر لەخۆکوشتنەکەی، بە حیوارێکی بچووک و دڕاندنی دەستنووسەکانی ئەوەمان پیشان دەدات، کە کۆتاییهێنان بە ژیانی خۆی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە نینا-وە نییە، بەڵکو بە ژیانی خۆیەوە: خۆشەویستی خۆی، پابەندبوونێکی ناشاد و بەهێز بە دایکیەوە، کە ناتوانێت لێی ڕزگار بێت، بەدەستنەهێنانی هیچ ئەنجام و سەرکەوتنێک وەک نووسەر؛ دایکی، نینا و نووشوستیی خۆی وەک نووسەر کۆتایی بە ژیانی کەنستەنتین دەهێنێت. نیناش تەنها وەک یادەوەرییەکی هەرزەکاری لە کەنستەنتین دەڕوانێت، ژیان لەگەڵ تریگۆرین تێکی شکاندووە، هەرچەندە هەموو شتێک کۆتایی هاتووە، پێوەندییەکانیان پچڕاون و هیچ شتێک لەنێوانیاندا نەماوە، بەڵام گوزارشت لە خۆشەویستییەکی گەورە بۆ تریگۆرین دەکات. ئەوەی لەنێوانیاندا ڕووی داوە، بۆ نینا ئەو خۆشەویستییە ڕاستەقینەیەیە، کە ناتوانێت لە بیری بکات.

**(/.../ کاتێک تریگۆرین دەبینن، هیچی پێ مەڵێن... من خۆشم دەوێت... بگرە من ئێستا لە جاران زیاتر خۆشم دەوێت... ئەمەیش بابەتێکە بۆ کورتەچیرۆکێکی تر... خۆشم دەوێت، خۆشەویستییەکی پڕ سۆز و ناکام. ل١١٥).**

ئەوەی بۆ نینا و کەنستەنتین ماوەتەوە تەنها هونەرە، هەردووکیان لە پێوەندییە خۆشەویستییەکەیاندا شکستیان هێناوە و تووشی نەهامەتی بوون. نینا و کەنستەنتین لەنێوان ئەو دوو ساڵەی پەردەی سێیەم و چوارەم هەوڵی خۆیان داوە؛ ئێستا دەقەکانی کەنستەنتین بڵاو دەکرێنەوە، پارەیان پێ

وەردەگرێت و خوێنەری خۆی هەیە، تریگۆرین، کە گۆڤارەکەی لە مۆسکۆوە بۆ دەهێنێت، دەڵێت:

**(خوێنەرانتان سڵاو و ڕێزیان هەیە بۆتان... لە پیتربۆرگ و هەم لە مۆسکۆیش زۆر بە بایەخەوە بەرهەمەکانتان دەخوێندنەوە و بەردەوام پرسیاری ئێوەم لێ دەکەن. دەپرسن کەسێکی چۆنە؟ تەمەنی چەندە؟ مووکاڵە یان مووڕەشە؟ هەمووشیان، ئیتر لەبەر هەر هۆیەک بێت، وا دەزانن کە ئێوە تەمەنی لاوێتیتان تێپەڕاندووە. ل١٠٢)**، بەڵام کەنستەنتین لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە بچووکانەیشدا نەیتوانیوە ڕێگەی خۆی، وەکو نووسەرێک بدۆزێتەوە، تریگۆرین هەر لەم دیدارەدا، هەڵسەنگاندنێکی بابەتی سەبارەت بە بەرهەمەکانی دەکات: **(بەختی نایهێنێ، هەرچەند دەکات دەنگی ڕاستەقینەی خۆی بۆ نادۆزرێتەوە، شتێکی نامۆ و دەستنیشاننەکراو دەنووسێ، کە هەندێ جار لە ورێنە دەچێ، تاکە کەسایەتییەکی زیندوو لە بەرهەمەکانیدا نادۆزیتەوە. ل١٠٦)**

تەنانەت کەنستەنتین خۆیشی گەیشتووەتە ئەو ڕاستییە، کە بەهرەی نووسین لای ئەو، ئەو گەشەیە ناکات تا ئەویش ببێتە نووسەرێکی هاوشێوەی تریگۆرین؛ هەر لە پەردەی چوارەمدا دەڵێت:

**من بەردەوام باسی فۆرمی نوێم کردووە، کەچی وا هەست دەکەم کە خۆیشم بەرەو نووسینی ڕۆتینانە بۆی دەخشێم. (دەخوێنێتەوە) "ئەفیشی سەر پەرژینەکە ئەوەی ڕادەگەیاند کە..." ... "دەموچاوێکی ڕەنگپەڕیو لەناو چوارچێوەیەک لە قژی ڕەشدا"... تۆ سەیری ئەم وشانە بکە "ڕایدەگەیاند... لەناو چوارچێوەیەکدا" ئەوەی پێی بگوترێ بەهرە/ لەمەدا نییە/.../ ل١٠٨**

شتێکی ئەوتۆ سەبارەت بە توانا و سەرکەوتنەکانی نینا، وەک ئەکتەر نازانین، تەنها ئەوە نەبێت کەنستەنتین لەم شانۆ بۆ ئەو شانۆ دوای کەوتووە و بینەری بووە، ئەویش بەم شێوەیە باسی ئەزموونی نینا بۆ دۆرن دەکات:

**کەنستەنتین**

**/.../ هەردەم خۆی دەخستە ژێر باری گەورە و ساختەکانەوە، بەڵام بە شێوەیەکی ناهەموار و بێتام ڕۆڵی دەبینی، دەنگی دەبوو بە قیژە و زیاد لە پێویست دەستی ڕادەوەشاند، ساتی واش هەبوو، کە بە شێوەیەکی بەهرەدارانە هاواری دەکرد، یان دەمرد، بەڵام ئەوە تەنیا چەند ساتێک ڕووی دەدا.**

**دۆرن**

**کەواتە، بە هەرحاڵ بەهرەیەکی هەر هەیە؟**

**کەنستەنتین**

**ئەستەنگە پیاو لێی تێبگات، بێگومان بەهرەیەکی دەبێ هەبێ/.../ ل٩٨**

کەنستەنتین بۆ دۆرن ددان بەوەدا دەنێت، کە نینا بەهرەی هەیە، ئەو ڕەخنەیەشی لە نینای دەگرێت، دواتر نینایش دووپاتی دەکاتەوە (**/.../ ئیتر من تا دەهات ڕیوەڵەدەبووم و دەپووکامەوە و ڕۆڵی بێمانام دەبینی... نەمدەزانی چی لە دەستەکانم بکەم، نەمدەتوانی وەک پێویست لەسەر شانۆ بوەستم، بەسەر دەنگی خۆمدا زاڵ نەبووم، ئێوە شارەزای ئەو هەستە نین کاتێک خۆت هەست دەکەیت کە زۆر خراپ ڕۆڵەکەت دەبینی. ل١١٤**).

هەر لەم یەکتـربینینەوەیەی نینـا و کەنـستەنتین، دوای ئەو دوو سـاڵە، گۆڕانکارییەکـان و ڕەوشـی ژیانیـان دوور لەیەک و دوای نمایشەکەی خۆیان لە بەشی یەکەمدا، ئەزموونی ژیـان و هونەر گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، نینا دەڵێت:

**(/.../ من ئێستا وا نەماوم، ئەکتەرێکی ڕاستەقینەم، چێژ لەو ڕۆڵانە دەبینم کە دەیاننوێنم و سەرسام دەبم بەرامبەریـان، لەسەر تەختی شانۆکە مەست دەبم و هەست بە لێهاتوویی و کەموێنەیی خۆم دەکەم. ل١١٤).**

نینا مانایەک بۆ ژیانی خۆی لەناو شـانۆدا دەبینێتەوە، نەک لە دەرەوە، سەرفرازی خۆی لە ژیانێکی سەختی پڕ لە کێشەی خۆشەویـستی و گوزەرانــدا، لەســەر شــانۆ دەدۆزێــتەوە. کەنستەنتین-یش باسی سەرلێشێوایی خۆی و بزربوونی خۆی لەنێوان واقیع و ئەندێشەدا دەکات، لە وەڵامی نینادا دەڵێت:

**(ئێوە ڕێگەی خۆتان دۆزیوەتەوە و دەزانن بەرەو کوێ ڕێ دەکەن، هەرچـی منیـشم هەر لە ئاشـووبی خەیـاڵات و دیمەنە دژبەیەکەکاندا دەژیم و نازانم گشتی لە پای چییە و بۆ کێ بەکەڵکن. مـن بـاوەڕم لەق بـووە و نـازانم پەیـامم چییە. ل١١٥).**

نینـا و کەنـستەنتین، بەوپەڕی توانـاوە کاریـان کـردووە و هەوڵیـان داوە، تەنهـا بـۆ ئەوەی هەسـت بە بوونیـان، وەک هونەرمەند: ئەکتەر/نووسـەر بکرێت و لەم ڕووەوە قوربانییان داوە، تووشـــی دڵەڕاوکـــێ و هەســـتکردن بە بێبەهرەیـــی و تەنگەژەکـانی هـونەر و ژیـان بـوون. جیـاوازییە گەورەکەی نێوانیـشیان ئەوەیە، کە نینـا بەســەر دڵەڕاوکـێ و تەنـگەژە

کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی خۆیدا زاڵ بووە و ڕێگەی خۆی دۆزیـوەتەوە، بەڵام بە پـێچەوانەوە کەنـستەنتین بەو ئامـانجە نەگەیشتووە و نەیتوانیوە خەونەکانی بهێنێتە دی. لە دیالۆگی دوا دیمەنـــــی نێوانیـــــشیاندا لە پەردەی چوارەمـــــدا، ئەو بەراوردکارییە دەبینین و هەست بە جیاوازیی ڕۆڵی هونەر لە ژیـانی ئەم دوو کـارەکتەرەدا دەکرێت، هاوکـات وزە و هێـزی هـونەر چیـی لەم کـارەکتەرانە کـردووە. دوای ئەم دیـالۆگەی نێوانیان، کە ڕەوشی ژیانی ئەو دوو ساڵەی ڕابردویان دەخەنە ڕوو، بۆ نموونە لە بواری هونەر و ژیاندا چییان کردووە و چ ئەنجامێکیان بەدەست هێناوە و شتەکان بە چ شێوەیەک بەسەر ژیانیانەوە هەژموونی خۆی هەبووە؛ دوا چرکەسات و بڕیار و ئەنجـامە کۆتاییەکـانیش دەردەکەون: نینـا شـتێکی هەیە بـۆی بژی، ئەو بەرەو شانۆیەکی بچووکی ناوچەیەکی دوورەدەست دەڕوات، بەردەوام دەبێـت لەسـەر شـانۆکان و وەک ئەکـتەر ڕۆڵــی خــۆی لەســەر شــانۆکان و لە ژیانیــشدا دەبینێــت، کەنستەنتین، کە ئەو شتە و هیچ شتێکی تری لە ژیاندا نییە، لەبەر ئەوە هەمـوو دەستنووسـەکانی دەدڕێنێـت و کۆتـایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

**نەورەس لە هاملێتدا**

چێخەف لە هەموو پەردەکانی نەورەسدا گەمە بە هاملێت-ی شەکـسپیر دەکـات؛ لە هــاملێتەوە پێوەنـدییەکانی دایـک و کوڕ/کوڕ و (پیاو) یاریی دایک، کوڕ و پێوەندییەکانی بە دونیای ئـافرەت و بە شـانۆوە دەخـاتە ڕوو، هەر لەم ڕێگـەیەیـشەوە پانتــاییەکی قــووڵ بە کارەکتەرەکــانی دەبەخــشێت، کە

سرووشەکەی لە شەکسپیرەوە وەردەگرێت. کە کەنستەنتین لە پەردەی یەکەمدا شانۆنامەکەی نمایش دەکات، لە ڕێگەی هاملێتەوە، ناڕاستەوخۆ شەڕ لەگەل دایکی دەکات: هاملێت گێرترۆدی شاژن و دایکی بەوە تاوانبار دەکات، کە ناپاکیی لە باوکی دەکات.

**ئەرکادینا**

**(چەند دێڕێکی هاملێت لەبەر دەخوێنێتەوە)**

**"کوڕی خۆم! تۆ چاوەکانمت ڕووەو ناخی دەروونم وەرگێڕا، منیش دیم کە بە ناسۆری وا خوێنتێزاو و مەرگهێنەر تەنراوە کە ڕزگاربوونم مەحاڵە!"**

**کەنستەنتین**

**(ئەویش هاملێت دەخوێنێتەوە)**

**"جا لەبەر چی خۆت دایە دەست خەوش و نزمی و لە دەریای بێبنی تاواندا بەدوای خۆشەویستیدا گەڕایت؟" ل٣٠**

کەنستەنتین لەم ڕێگەیەوە، هەر وەک هاملێت، بە شانۆی ناو شانۆ، کە پادشا تاوانبار دەکات بە کوشتنی باوکی، تیشکی سەرنج و ڕووناکی دەخاتە سەر دایکی و وەک ناپاکێک و هێنانی تریگۆرین، لەبری باوکی بۆ ناو خێزانەکەیان، تاوانباری دەکات. بەڵام کێشەکە لێرەدایە، کە کەنستەنتین لە نەورەسدا ناتوانێت ڕۆڵەکەی هاملێت لە هاملێتی شەکسپیردا ببینێت: کەنستەنتین لەگەڵ نینادا ناگاتە هیچ ئەنجامێک، ناتوانێت تۆڵە لە تریگۆرین بکاتەوە، وەکو نووسەریش هیچ بە هیچ ناکات، لە یەکەم هەوڵی خۆکوشتنیشیدا سەرناکەوێت.

## سێکوچکەی مۆتیڤەکان

سێکوچکەی مۆتیڤەکان: نەورەس، دەریاچە و شانۆ هاوینەکە پێکەوە ستراکتورە گشتییەکەی دەقەکە پێک دەهێنن و کۆمەڵێک ئاماژە و دیدی گشتی و تایبەتییش دروست دەکەن، کە هەرسێکیان بە شێوە و شێوازی جیاواز لە ڕووداوەکان و لە ژیانی کارەکتەرەکاندا ڕۆڵی بەرجەستەکراویان هەیە، هاوکات تۆڕێکی ئاماژە و سمبۆل و وێنای فیزیکی بۆ بینەرانیش پێک دەهێنن. (نەورەس)ەکە، وەک کەلوپەل و ئێکسسوارێکی شانۆیی لە پەردەی چوارەمدا، بە شێوەیەکی فیزیکی، وەک باڵندەیەکی مۆمیاکراو دەردەکەوێتەوە. شەمرایڤ ئەوە بیری تریگۆرین دەخاتەوە، کە ئەو داوای لێ کردووە، ئەو نەورەسەی کەنستەنتین لە پەردەی دووهەمدا دەیکوژێت، بۆی مۆمیا بکات، بەڵام تریگۆرین ئەوەی نایەتەوە بیر. شەمرایڤ دواتر جارێکی تریش ئەوە بۆ تریگۆرین دووبارە دەکاتەوە و نەورەسە مۆمیاکراوەکەی بۆ دەهێنێت، تریگۆرین نە گرنگیی پێ دەدات و نە بیریشی دەکەوێتەوە، لە هەمان ساتدا گوێمان لە دەنگی ئەو تەقەیە دەبێت، کە کەنستەنتین کۆتایی بە ژیانی خۆی پێ دەهێنێت. ئەمە بەرجەستەکردنێکی سەرلەنوێی پەردەی دووهەمە، کە کەنستەنتین بە نینا دەڵێت: **(بەم زوانە بە هەمان شێوە خۆیشم دەکوژم. ل٥٧)**. نەورەس تەنانەت لەنێو دیالۆگ و قسەکانیشدا دەبێتەوە بە مۆتیڤێک، کە سمبۆلەکانی دەقەکەمان بۆ ڕوونتر دەکاتەوە، ئاماژەکان بە کارەکتەرەکانەوە دەبەستێتەوە و وێنە شانۆییەکان، ڕووداوە ناوەکییەکانی دەقەکە قووڵتر دەکاتەوە. کەنستەنتین باسی ئەوە بۆ دۆرن دەکات، کە نینا لەو نامانەی بۆی ناردووە، گوتوویەتی من (نەورەس)م، هەروەها نینا، کە کەنستەنتین دەبینێتەوە، چەندان جار دووبارەی دەکاتەوە: **من نەورەسم**. نینا جگە لە نەورەسەکە، ژیانیشی پێوەستە بە

دەریـاچەکەوە و بەشـێکی گـرنگە لەو ژیـانە و ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات، کە هەمـوو ژیـانی بە تەنیـشت ئەم دەریـاچەیەوە بەسـەر بـردووە. دەریـاچەکە مۆتیـڤ و هێمـاگەلێکی گـرنگە بـۆ هەمـوو کارەکتەرەکـــان و ڕووداوەکـــانیش، دۆرن لە کۆتـــایی پەردەی یەکەمدا سەبارەت بەم دەریاچەیە دەڵێت:

**چییە مەسەلە، هەموو وا شڵەژاون! وا شڵەژاون! ئەی ئەم هەموو خۆشەویستییە!... ئای دەریاچە تەلیسماوییەکە! ل٤٥**

ئەو واقیعـیەتەی چـێخەف لە دەقەکەیـدا نووسـیویەتی، بە فۆرمێکی ساکار دەبێت بە هونەر، دیکۆری شانۆیی ئەو دەقەی کەنـستەنتین نمایـشی دەکـات؛ دەقەکە لەنێـو دەقێکـی تـردا. لە پەردەی چوارەمیـشدا، ئەم دوو مـۆتیڤە: دەریـاچەکە و شـانۆ هاوینەکە ئامادەییەکی گرنگ و بەهێزیان هەیە، پەردەی یەکەم و چـوارەم پـێکەوە دەبەسـتێتەوە و ڕۆڵـی کارەکتەرەکـان، بەتـایبەتی نینـا و کەنـستەنتین، بە هـۆی ئەم دوو مـۆتیڤەوە، دەریاچە/شانۆی هاوینەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای پەردەی یەکەم. کە، نینـــایش لە پەردەی چوارەمـــدا کەنـــستەنتین دەبینێتەوە، دەڵێت لەو ڕۆژەوەی گەڕاوەتەوە بەردەوام دێت بۆ ئێرە **(گەر دەتانزانی! من هەر لەو ڕۆژەی گەڕاومەتەوە، زوو زوو دێم بۆ ئێرە... بۆ دەوروبەری دەریاچەکە... ل١١١).**

هەرسێ مۆتیڤەکەیش بە شێوەیەکی شاراوە و نادیار، وەک سـمبۆلێک، تـۆڕێکی پـڕ لە ئامـاژە، لە پەردەی چواردەمـدا، لە حیـوارێکی تریگـۆرین-یـشدا دەردەکەوێت و دەقەکە/نمـایش لە سـەرەتاوە تــا کۆتــایی (لە پەردەی یەکەمەوە تــا پەردەی چوارەم) پێکەوە دەبەستێتەوە. تریگۆرین دەڵێت:

**هەواکەی میهرەبان نەبوو لەگەڵمدا، ڕەشەبایەکی سەختە. سبەی بەیانی ئەگەر کەمێک هێور بووەوە، دەچمە دەریاچەکە بۆ ڕاوەماسی، بێ لەوەیش، دەبێ بە وردی سەرنجێکی باخەکە و ئەو شـوێنەیش بـدەم -ئەگەر لە یادتـان بێـت- لە کـوێ شانۆنامەکەتان نمایش کرد. مۆتیڤێک خەریکە لام پێ دەگات، تەنیا ئەوەم پێویستە شوێنی بەسەرهاتەکە لە مێشکمدا زیندوو بکەمەوە. ل١٠٢**

لە نەورەس-ەکەوە بـۆ دەریـاچە و شـانۆ هـاوینەکە، کۆنیتێکستێکی چـڕ لە مـۆتیڤە جیاوازەکـانی پێوەنـدیی کارەکتەرەکان و ڕووداوەکان بە یەکترییەوە دەبەستێتەوە، ئەم مۆتیڤانەیش بە بەردەوامـی و بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ پێوەنـدییان بە خۆشەویـستی و مەسـەلەکانی هونەرەوە هەیە، هەمـوو ئەمـانەیش ڕاستەوخۆ لە ڕۆڵی نینـادا ڕەنـگ دەدەنەوە، هـێڵە گـشتی، نـاوەکی و دەرەکییەکـانی کارەکتەری نینا دەستنیشان دەکەن.

نینـا تەنهـا کـارەکتەرێکە، کە لەم دەقەدا لە ڕوانـگەی ڕووداوەکانـدا و لە پێوەنـدی بە کارەکتەرەکـانی تـرەوە، بە گۆڕانکارییەکی گەورە و سەراپاگیریدا، چ لە ڕووی خۆشەویستی و چ لە ڕووی هـونەرەوە، تێـدەپەڕێت و گەشـەیەکی بەرچـاو دەکات؛ ئەم گەشەیەش کاریگەریی بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و کارەکتەرەکـانی تریـشەوە هەیە. نینـا لە پەردەی یەکەمەوە بـۆ پەردەی سێیەم فۆرمی خۆی وەردەگرێت، لە ژیـانێکی سـەخت و کـارێکی بەردەوامـدا لەسـەر شـانۆکان، وەک مـرۆڤ و وەک هونەرمەند گەشـە دەکات و دەبێتە هونەرمەندێکی بەئەزموون و ژیـان نـاوەڕۆکێکی قـووڵ و جیـاوازتر لەخـۆ دەگرێـت. بە پێچەوانەوە، کەنستەنتین هێشتا لەنێو پشێوی و خەونەکانیدا بزر

بووە و ڕێگەی خۆی نادۆزێتەوە. نینا لە پەردەی یەکەمدا خەون دەبینێت، عاشق دەبێت، یاخی دەبێت و دەیەوێت ناوبانگ دەربکات و بناسرێت، لە دوا پەردەدا لە واقیعەوە نزیک دەبێتەوە، کە دوای دوو ساڵیش، لە پەردەی چوارەمدا کەنستەنتین دەبینێتەوە باسی ئەو ژیانە گرانەی خۆی دەکات، باسی ئەوە دەکات، کە چۆن تریگۆرین هەموو شتێکی لەو سەندووە، تەنانەت بڕوابەخۆبوونیش، بەڵام لە کۆتاییدا دەڵێت **(من ئێستا وا نەماوم، من ئەکتەرێکی ڕاستەقینەم، چێژ لەو ڕۆڵانە دەبینم، کە دەیاننوێنم و سەرسام دەبم بەرامبەریان، لەسەر تەختی شانۆکە مەست دەبم و هەست بە لێهاتوویی و کەموێنەیی خۆم دەکەم. ل١١٤)**

نینا گەشتێک لە سادەیی و نەزانین و ساویلکەییەوە بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی شتەکان و گەشە و قووڵبوونەوە دەکات، دوا حیواریشی، بەرلەوەی لە ژوورەکەی کەنستەنتین بچێتە دەرەوە، دەڵێت:

**جاران خۆش بوو، کۆستیا! لە یادتانە؟ چ ژیانێکی ڕۆشن، پڕ گەرمی و شادی و بێگەردمان هەبوو، چ جۆرە هەستێک گیانی تەنیبووین، ئەو هەستانەی لە گوڵی نازک و ڕەنگین دەچوون... لە یادتانە؟... (بۆی دەخوێنێتەوە) "مرۆڤەکان، شێرەکان، هەڵۆکان و کەوەکان، ئاسکە شاخدارەکان، قازەکان، جاڵجاڵۆکەکان، ماسییە بێدەنگەکانی بن دەریا، ئەستێرە دەرياييەکان و ئەوانەیش کە بە چاو نەدەبینران... ل١١٦**

**سمبۆلی باڵندەیەك لەنێوان ئیبسن و چێخەفدا**

چێخەڤ لەژێر کاریگەریی نووسەری نەرویژی **هێنریک ئیبسن** و شانۆنامەی (مراویی کێوی)دا شانۆنامەکەی خۆی ناونـاوە (نەورەس) و ویستوویەتی ئەویش باڵندەیەک بکاتە مۆتیڤ و مەودایەکی هێماگەلی قووڵی پێ ببەخشێت و هێڵی ڕووداو و کارەکتەرەکان، بەتایبەتییش (نینا) ببەستێتەوە بە نەورەسێکەوە.

هەمیــشە ئەم بەراوردکــاریەیش لەنێــوان ئەم دوو باڵنــدەیەدا، مراویی کێوی/نەورەس، ئیبسن/چێخەفدا کراوەتەوە. بەڵام ئەوەی ئامـاژەی بـۆ نەکـراوە، ئەو جیـاوازییە گەورەیەیە لە بەکارهێنـانی ئەم دوو باڵندەیەدا، کە وەک سمبۆل هەیە: سـمبۆلەکەی چێخەف بە چەنـد گۆڕانکارییەکـدا تێـدەپەڕێت و تەنهـا یەک وێـنە و یەک سمبۆل، وەک (مراویی کێوی)یەکەی ئیبسن، نییە؛ نەورەس-ەکەی چێخەف نینا، کەنستەنتین و تریگۆرین پێکەوە دەبەستێتەوە، بۆ هەریەکێکیـشیان مانــایەکی تــایبەت بە خــۆی هەیە. نینــا هەر لە پەردەی یەکەمدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەو وەک نەورەس-ێک خولیای دەریاچەکەیە **(دڵم هەروەک نەورەسێک هۆگری ئەم دەریــاچەیە بــووە... ل٢٥)**. بــۆ کەنــستەنتین شــتێکی تــرە، ئەو نەورەس-ێکـی کوشـتووە و دەیخـاتە بەرپێـی نینـا و دەڵێـت **(بەم زوانە بە هەمان شێوە خۆشم دەکوژم. ل٥٧)**، کە تریگۆرین-یش چـاوی بەو نەورەسـە کـوژراوە دەکەوێـت، دەیکـات بە سـمبۆلی کچێکی گەنج، ئەو کچە گەنجەیش نینایە

**(/.../ دیمەنێک بۆ چیرۆکێکی بچووک، کیژێکی لاو، کیژێکی وەک ئێـوە، لە لێـوار دەریـاچەیەک دەژی؛ وەک نەورەسـێک دەریاچەکەی خۆش دەوێت، هەروەک نەورەسێکیش کامەران و سەربەستە. ل٦٧)**

بەم شێوەیە، نەورەس ئەو مۆتیڤ و سمبۆلەیە، کە ڕۆڵێکـی گەورە لە گەشەی ڕووداو و ژیانی کارەکتەرەکان و پێوەدانگە درامییەکەی دەقەکەدا دەگێڕێت و هەرسیّ مۆتیڤەکەیش پێکەوە و بە کارەکتەرەکانیــشەوە دەبەســتێتەوە. نەورەس ئــامڕاز و سـمبۆلێکی بـزۆزە و لە هەرچـوار پەردەکەدا لە گۆڕانکـاری و قووڵبــوونەوەدایە و شانبەشــانی ڕووداوەکــان ڕۆڵــی خــۆی دەگێڕێت.

# بەشی پێنجەم

## خاڵە ڤانیا
## ژیانی لادێ بەرجەستەی
## دوا تەوژمی ئازارەکانی مرۆڤ دەکات



دیمەنێک لە خاڵە ڤانیا

چێخەف دوای نووسینی نەورەس، هەستێکی تەواو و بەهێزی لا دروست دەبێت، کە ئەو شتێکی تازە و تایبەت بە خۆی خوڵقاندووە، وەک لە نامەکەی سوڤورین-یشدا، لە کاتی نووسینی نەورەس-دا ئاماژەی بۆ کردووە (بە پێچەوانەی هەموو یاسا و ڕێساکانی هونەری دراماوە) دەنووسێت، ئەمەیش هانی داوە، سەرلەنوێ دەقی (شەیتانی دارستان)، کە لەوەوبەر نووشوستی هێنابوو، دەربهێنێتەوە و بە شێوەیەکی ڕادیکاڵانە گۆڕانکاریی تیا بکات. ئەنجامی ئەم کارکردنە لە (شەیتانی دارستان)ەوە دەبێت بە (خاڵە ڤانیا). مەکسیم گۆرکی لە نامەیەکیدا، کە بۆ چێخەف-ی ناردووە، سەبارەت بەم شانۆنامەیە دەڵێت: ("خاڵە ڤانیا"کەی ئێوە شێوەیەکی تەواو نوێی هونەری درامایە، چەکوشێکە، ئێوە بە کەللەی بەتاڵی بینەراندا دەیکێشن). چێخەف لەم دەستکاریکردنەدا، نیوەی کارەکتەرەکانی لابردووە و ستراکتوری دەقەکەیشی سەرلەبەری گۆڕیوە. (شەیتانی دارستان) لە ساڵی ١٨٨٩دا نمایش کراوە، بەڵام لەبەر خراپی نمایشەکە، هەر دوای چەند نمایشێک ڕایدەگرن و چێخەف تا لە ژیاندا بووە نەیهێشتووە نە چاپ بکرێت و نە نمایشیش بکرێتەوە. (شەیتانی دارستان) لەنێوان ساڵانی ١٨٨٨-١٨٨٩دا نووسراوە، بەڵام کەس بە تەواوی نازانێت، چێخەف ئەم دەقەی، واتا (خاڵە ڤانیا)ی کەی نووسیوە. لێکۆڵەرەوان و ئەکادیمست و خوێنەرانیش، لە نامەکانی چێخەفەوە، هەنگاو بە هەنگاو ئاگاداری پرۆسەی نووسینی نەورەس، سێ خوشک و باخی گێلاس-ن، بەڵام تەنها یەک دێڕ سەبارەت بە (خاڵە ڤانیا) نییە، تەنانەت یەک وشەیش تا لە مانگی دوانزەی ساڵی ١٨٩٦دا، کە خەریکی بڵاو کردنەوەی شانۆنامەکانی دەبێت، لە نامەیەکدا، دوو مانگ دوای

نووشوسته گەورەکەی (نەورەس) لە شانۆی ئەلکسەندەرنیسکی، بۆ سوڤورین دەنووسێت (ئەو خاڵە ڤانیایەی لای هەموو دونیا شاراوەیە)، هەروەها لە نامەیەکی تریدا، کە ساڵی ١٨٩٨ بۆ مەکسیم گۆرکیی ناردووە، دەڵێت (زۆر دەمێکە نووسیومە). بە هەرحاڵ، مێژوونووسانی ئەدەبی ڕووسی و ڕەخنەگر و پسپۆڕانی بواری چێخەف، کە هەندێکیان ناوەڕۆکی ئەم دەقەیان لەگەڵ ئەو چیرۆکانەدا بەراورد کردووە، کە چێخەف لە هەمان قۆناغدا نووسیونی، کاتی نووسینی ئەم دەقە دەگەڕێننەوە بۆ پایزی ساڵی ١٨٩٦ و زستانی ١٨٩٧.

خاڵە ڤانیا، وەک دەقێک، بۆ یەکەم جار لە یەکی مانگی پێنجی ساڵی ١٨٩٧دا بڵاو کراوەتەوە، ئەمەیش یەکەم دەقی شانۆیی چێخەفە، کە بەر لە نمایشکردنی لە فۆرمی کتێبێکدا بڵاو بکرێتەوە. هەر هەمان ساڵیش یەکەم نمایشی، بە سەرکەوتنێکی گەورەوە، لە شاری (ڕەستۆڤ) پێشکەش کراوە، بەڵام تا ساڵی ١٨٩٩ لە شانۆی هونەری مۆسکۆ نمایش ناکرێت. چێخەف لە ٢٦ی مانگی دەی ساڵی ١٨٩٨دا، لە نامەیەکیدا، کە بۆ میخائیلی برای دەنووسێت، دەڵێت: ("خاڵە ڤانیا"کەم لە هەرێمەکاندا نمایش دەکرێت و لە هەموو شوێنێکیش سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە. وەک دەبینیت، مرۆڤ هەرگیز نازانێت بە چ شتێک دەیباتەوە و بە چییش دەیدۆڕێنێت. من هیچ بڕوام بەم دەقە نەبوو).

یەکەم نمایشی (خاڵە ڤانیا) لە شانۆی هونەری مۆسکۆ سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست ناهێنێت، ئۆڵگا کنیپەر لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: ("خاڵە ڤانیا" ئەزموونێکی خۆش نەبوو، تا ڕادەیەک شەوی یەکەم شکستمان هێنا، هۆی چی بوو؟ من وا

بـزانم خۆمـان بـووین، نمایـشکردنی شـانۆی چـێخەف زۆر زەحمەتە، بۆ نواندنی ڕۆڵەکان تەنیا ئەوە بەس نییە، کە ئەکتەر باش بێت و تەکنیکی هەبێت، بەڵکو دەبێت ئەو ئەکتەرە عاشقی چێخەف بێت، لـە بـەرانبـەریدا بـە هـەست و سـۆز بێت، دەبێت هەسـت بەوە بکـات، کە لە فەزای تـوێژێکی دیـاریکراوی کۆمـەڵگـەدایە، عاشـقی مرۆڤەکـان بێـت، وەک خـودی چـێخەف شـارەزای وردەکـاریی ئـەزمـوونی ژیـانی ئـەو کـەسـانەبێت، کە دروسـتیان دەکـات، ئـێمە لە "خـاڵە ڤانیـا"دا بە تەواوی زاڵ نەبـووین)، بەڵام دوای مـاوەیەک ئەم نمایـشە دەگەشـێتەوە، ئەکتەرەکـان زیـاتر لە دەقەکە دەگەن و لە ڕۆڵەکانیانـدا قـووڵ دەبـنەوە و دەشـبێت بە یەکێـک لە ئەزمـوونە سـەرکەوتووە گرنگەکانی ئەو شانۆیە، تا ماوەیەکی زۆریش لە ڕێپورتـواری شـانۆی هـونەردا دەمێنێـتەوە. ستانیسلاڤـسکی-یـش دەڵێـت: (لەوانەیە مـرۆڤ بـاوەڕ نەکـات، کە دوای نمایشی (خـاڵە ڤانیـا) کۆمەڵێکمان لە ڕێستۆرانێکدا کۆبووینەوە، فرمێسکی گەرممـان بـۆ ئەوە دەڕشـت، کە بە ڕای هەموومـان، نمایـشەکەمان نووشوسـتی هێنـاوە. بەڵام ڕۆژگـار شـتەکـان زۆر دەگۆڕێت، دوای ئەوە بـووە جێگـەی ڕەزامەنـدی، نمایـشەکەیش زیـاتر لە بیـست سـاڵ پێـشکەش کـرا و ناوبانگیـشی لە ڕووسـیا و ئەورووپا و ئەمەریکا دەرکرد).

### لەدەستدانی ڕۆح

خـاڵە ڤانیـا باسـی پیاوێـک (ئیڤـان پیتـرۆڤیچ) دەکـات، کە گەیـشتووەتە دوا وێـستگەی ژیـان و ڕێگـەیەکـی داخـراو، لەو وێستگەیەشدا بە ڕوونی ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە ژیان بۆ ئەو هەرگیز لە تەنهایی و بێزارییەکی سەخت و کوشندە زیاتر

هیچی تری پێ نییە. لەپڕ هەست دەکات ژیان تێپەڕیوە وئەویش پیر بووە، هیچ بوارێکی بۆ خۆشەویستی نەماوە، ئەو هەلومەرجەیشی لەدەست داوە، کە ڕەنگە بیکات بەشتێک،هەروەها لە بەرانبەر خۆیدا نامۆیە و تەنانەت بە ناچارییشەوە ناتوانێ بەرگەی ژیان بگرێ.

**(/.../ بیرۆکەی ئەوەی کە ژیانم بە تەواوی فەوتاوە، دەمخنکێنێ. ڕابردوویەکم نییە، هەمووی لە شتی هیچوپووچدا بەفیڕۆ چووە، هەرچی ئێستایشمە ترسناکە لە بێمانایی خۆیدا... ل٤٧)**

ئەم تێگەیشتنە درەنگوەختە تووشی ڕاچڵەکین و پەرچەکردارێکی زۆر بەهێزی دەکاتەوە، بە شێوەیەک ئامادەیە کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت. مەرگ لەم ڕەوشە سەخت و گرانەدا، تەنها هیوایەکە بۆ گۆڕانکاری.

چێخەف لە (خاڵە ڤانیا)دا باسی ژیانی ڕۆحیی ڕۆشنبیر و چینی ڕووناکبیرانی ڕووس دەکات، ئەم مەسەلەیەیش لەو ڕووەوە گرنگە و بەهایەکی تایبەت لەخۆ دەگرێت؛ کە بەرجەستەی بەرکەتن و چەمکەکانی ڕووبەڕووبوونەوە و پێگەیشتنی ڕۆشنبیرانی ڕووس بە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، دەکات. چێخەف لەم ڕێگەیەوە، گەڕانی ڕۆشنبیرانمان بەنێو ئەم چەمک و تێگەیشتنانەدا و ڕەنگدانەوەی لە ژیانی ڕۆژانەدا بۆ دەخاتە ڕوو.

ڤانیا، دوکتۆر ئەستروۆڤ و یلێنا ئەندرێییەڤنا، چەند وێنەیەکن لە ژیانێکی واقیعی و بە کەوتنیان و پاپەندبوونیان بەو ژیانەوە نوێنەری ئەرستۆکراتی لادێن. لەم شوێنە هەموو شتێک هێمن و ئاساییە، پەیڤ و دیالۆگەکان، یادەوەری و پرسیار و وەڵام، لە کەشێکی ئارامدا دەردەکەون، کە دواتر بەرەو بێزاری و پەشێوی

و کەوتن دەڕوات، بێزاری سیمای کارەکتەرەکان دادەگرێت. کارەکتەرەکان لەم ئەتمۆسفێرەدا، نان دەخۆن، دەخۆنەوە و دەنوون، هەر وەک خەڵکی ئاسایی و ژیانی ئاسایی ڕۆژانەبەسەر دەبەن. لەپڕ هەندێک شت ڕوودەدات، کە بۆ ساتێک دایاندەچڵەکێنێت تا دواتر بگەڕێنەوە بۆ ژیانە دووبارە و ناخۆشەکەی خۆیان، هەروەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت. تەنانەت کۆتاییهێنان بە ژیان و خۆکوشتنیش چارەسەر نییە.

### سەردانێکی چاوەڕوانکراو

پڕۆفیسۆری مێژووی هونەر سریبریکۆڤ، لەگەڵ ژنە گەنجە جوانەکەی (یلێنا ئەندرێیەڤنا)، کە ژنی دووهەمیەتی، دێن بۆ سەردانی موڵکوماڵەکەی لادێیان، کە لە ژنی یەکەمیەوە بۆیان ماونەتەوە، بەڵام ئێستا سریبریکۆڤ خانەنشین بووە و پیاوێکی پیری نەخۆش و پەککەوتەیە. برای ژنی یەکەمی پڕۆفیسۆر، (ئیڤان پیترۆڤیچ ڤەینێتسکی) و کچە گەنجەکەی، لە ژنی یەکەمی (سۆنیا) لەم ماڵەدا دەژین و سەرپەرشتیی ئەم موڵکوماڵە دەکەن و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە، بەشێکی زۆری داهاتەکەی، پوول بە پوول دەنێرن بۆ پڕۆفیسۆر سریبریکۆڤ و دەیخەنە دەستی ئەوەوە. هەر لەم ماڵەدا دایکی ئیڤان پیترۆڤیچ، کە دەکاتە خەسووی پڕۆفیسۆر (ماریا ڤاسیلیڤنا) و (مارینا)ی پیرەدایەن و (تیلێگین ئیلیا ئیلیچ) دەژین. هەندێک جاریش دوکتۆر (ئەستروڤ) دیدەنییان دەکات، بەتایبەتییش بە هۆی گەیشتنی پڕۆفیسۆرەوە، زیاتر ئامادە دەبێت تا سەیری نەخۆشییەکانی بکات و چارەسەریان بۆ دابنێت. ئەوەی جێگەی گرنگیپێدان و ئاماژە بۆ کردنە، ئەوەیە، کە بە هاتنی سریبریکۆڤ و یلێنای ژنە جوان و قەشەنگەکەی، هەموو

ڕەوت و ڕۆتینی ژیانی ناو ماڵەکە و ڕەوش و گوزەران و پێوەندییەکان دەگۆڕدرێت و کاریگەریی دەبێت بەسەر هەموویانەوە. هەر لەم سەردانەدا، ڤەینێتسکی (خاڵە ڤانیا)، هەست دەکات کەسێکی هەڵخەڵەتاوە، چونکە پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ ئەو کەسە ڕۆشنبیر و مامۆستا ناودارە گەورە ناوازەیە نییە، کە ئەو گوتارەکانی ئەزبەر دەکردن، ڤەینێتسکی دەڵێت **(تۆ بۆ ئێمە بوونەوەرێکی پایەبەرز بوویت، ئێمە وتارەکانتمان لەبەر بوو... بەڵام من ئێستا چاوم کراوەتەوە! هەموو شتێک دەبینم! تۆ لەسەر هونەر دەنووسیت، بەڵام هەڕی لە بڕی ناکەیتەوە! هەموو کارەکانت، کە من خۆشم دەویست، پوولێکی قەڵب ناهێنن! ل٨٦)**.

پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ و یلێنا ئەندرێیەڤنای ژنی زوو لە ژیانی لادێ بێزار دەبن، لەبەر ئەوە لەپڕ هەموویان کۆ دەکاتەوە و پێیان ڕادەگەیەنێت، کە دەیەوێت موڵکوماڵەکە بفرۆشێت، کە لە بنەڕەتدا میراتی کچەکەی، واتە (سۆنیا)یە، لە دایکیەوە بۆی بەجێ ماوە. ڤەینێتسکی بە قووڵی هەست بە غەدرێکی گەورە دەکات، هەروەها ئەوەیش دەزانێت، کە سریبریکۆڤ بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە وەک پێویست مامەڵەی لەگەڵ نەکردوون و پاداشتی کار و ماندووبوونەکەی نەداوەتەوە، بە ڕووی پرۆفیسۆردا هەڵدەگەڕێتەوەو کار دەگاتە ئەو ئاستەی دوو فیشەکیشی پێوەنێت، بەڵام سەردەکات و بەری ناکەوێت **(بەری نەکەوت؟ ئەمجارەیش نەمپێکا؟ دەک بەڵای شەیتانم لێ دایت ل٩٠)**. ڤەینێتسکی لەم گێژاوەدا، لەم تەنهاییەدا عاشقی یلێنای ژنە شۆخی پرۆفیسۆرە و ئیرەیی پێ دەبات، بەڵام ژنەکەی پرۆفیسۆر هیچ هەستێکی بۆ ئەو نییە و هیچ بوارێکی پێ نادات.

# بەکۆیلەکردنی کۆمەڵگە



دیمەنێک لە خاڵە ڤانیا

چێخەف لە (خاڵە ڤانیا)دا ئەوەمان پیشان دەدات، کە گەشە و سەرکەوتنەکانی پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ، وەک دیاردەیەک، هەروەها بیرۆکەی بەکۆیلەکردن، کەئەو وەکو ڕێباز، پەیڕەوی دەکات، کە دواتر خاڵە ڤانیا، بەبێ سوود هەوڵ دەدات بەرهەڵستیی بکات، چەند دیاردەیەکن لە کۆمەڵگەی ڕووسیدا، کە هەڕەشەن بۆ سەر هەموو ستراکتوری کۆمەڵ. ئەو سەرکەوتنانەی پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ دەیکات و بەدەستی هێناوە، هەوڵێکە بۆ بەکۆیلەکردنی کۆمەڵ، لەم هەوڵەشیدا، بە ئاسانی نەوە نوێیەکەیش، کە یلێنای ژنی بۆ نموونە، نوێنەری ئەو نەوە نوێیەیە، بەکۆیلە دەکات.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە، لە کۆتاییدا، پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ سۆنیا و خاڵە ڤانیا پەلکێشی ئەو ژیانە کۆیلەییە دەکاتەوە؛ خاڵە ڤانیایش ئەو ئامادەییەی تیادایە، ئەو کارەی ئەویش دەیکات، کە بەردەوامییە بە ژیانە کولەمەرگییە کۆیلەییەکەیان، ڕاکردنە لەو واقیعەی ئەو ناتوانێت نە بەرگری لە خۆی بکات و نە ڕووبەڕوویشی ببێتەوە.

سۆنیای کچی پرۆفیسۆر، که لەگەڵ خاڵه ڤانیایدا سەرپەرشتیی موڵکوماڵەکه دەکەن، به بەراورد لەگەڵ یلێنای قەشەنگ، جوان نییه، خۆیشی و دەوروبەرەکەیش ئەم ڕاستییه دەزانن (**ئای چەند ناخۆشه که من جوان نیم! چەند ناخۆشه! من خۆم دەزانم که جوان نیم، دەزانم، چاک دەزانم... یەکشەممەی ڕابردوو که له کڵێسا هاتینه دەرەوە، گوێم لێ بوو چۆن باسی منیان دەکرد، ژنێکیان دەیگوت: "کچی چاکه و دڵی باشه، بەڵام حەیف ناشیرینه"... ناشیرینه... ل٥٩)**

سۆنیا عاشقی دوکتۆر ئەستڕۆڤه و زۆری خۆش دەوێت، به پێچەوانەوە ئەستڕۆڤ، نەک هەستی پێ ناکات، بەڵکو هەر نایبینێت. بەڵام جوانییەکەی یلێنا ئەندرێیەڤنای خێزانی پرۆفیسۆر سریبریکۆڤی باوکی سۆنیا جێگەی سەرنجه و به دەوروخولیدا دێت، هەر لەبەر خاتری ئەویش بەردەوام دێت بۆ ئەوێ، بەڵام یلێنا ئەندرێیەڤنا ئەو توانا و وزه و ئازایەتییەی نییه وەڵامی خۆشەویستییەکەی دوکتۆر ئەستڕۆڤ بداتەوە. هاوکات دوکتۆر ئەستڕۆڤ بەردەوام سەرقاڵه و حەزێکی زۆری بۆ پاراستنی ژینگه و دارستان هەیه، دوور دەڕوانێت و دەزانێت چ ئایندەیەک چاوەڕوانیانەو ئەو هەڕەشانەی مرۆڤ له سروشتی دەکات، چ ئەنجامێکیان دەبێت (**من تێدەگەم پیاو له ناچاریدا دارستان ببڕێتەوە، بەڵام بنەبڕکردن و لەناوبردنیان بۆ؟ دارستانەکانی ڕووسیا ناڵەیان دێت لەژێر تەوردا، ملیاران درەخت دەفەوتین و هێلانەی ئاژەڵ و باڵندەکان وێران دەکرێت، ڕووبارەکان تەنکتر دەبن و وشک دەکەن و دیمەنه دڵڕفێنەکان بۆ هەتاهەتایه لەناودەچن، هەموو ئەمەیش تەنها لەبەر ئەوەی مرۆڤه تەمەڵەکان هێنده زەینیان نییه دانەونەوە و سووتەمەنیی سەر ڕووی زەوی هەڵگرنەوە. ل٣٦**).

لە پەردەی چوارەمدا هەموو ئاشت دەبنەوە، پرۆفیسۆر سریبریکۆڤی و یلێنا ئەندرێیەڤنای ژنی، لادێ بەجێ دەهێڵن و دەگەڕێنەوە بۆ شار، هەروەها دوکتۆر ئەستروّڤ-یش ماڵئاوایی دەکات و لەوێ دەڕوات. سۆنیا و خاڵە ڤانیایش، بەبێ هیچ هیوایەک دەگەڕێنەوە بۆ ژیانە هێمن و وەستاو و لێوانلێو لە بێزاری و پڕ لە کار و فەرمانەکانیان. ئەمەیش ئەو تراجیدیایەیە، کە لەدوای ڕووداوەکانی شانۆنامەکەوە، بە چوونەوە سەر کاری "خاڵە ڤانیا" دەست پێ دەکاتەوە: خاڵە ڤانیا، دوای ئەوەی هەموو دەڕۆن، دەچێتەوە سەر کارە گران و تاقەتپڕوکێنەرەکەی (بەڵێنیش بە پرۆفیسۆر دەدات، کە هەر وەکو پیشەی جاران بەرهەمی کار و ماندووبوونەکانی خۆی و سۆنیای خۆشکەزای بۆ بنێرێت)، ئەوەی لای چێخەف تایبەتییە، ئەوەیە کارەکتەرەکانی ناچار ناکرێن بچنە ناو ئەو زیندانە دەروونی یان فیزیکییەی ژیانەوە، بەڵکو خۆیان ئەو بەربەست و زیندانەیان دروست کردووە و بەرپرسیارن لە خولقاندنی ئەو دۆزەخەی تیا دەژین، کەسیش ڕێگەی ئازادیی لێ نەگرتوون، جگە لە خودی خۆیان زیاتر. ڤانیا نموونەیەکی تراجیدی و لە هەمان کاتدا کۆمیدیی ئەم ڕەوشە سەختەیە، کە چێخەف خولقاندوویەتی. ئەو ئازارەی ئەو هەستی پێ دەکات، ئەوەی دەریدەبڕێت لەوپەڕی ڕاستگۆییدایە، لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەگەر لە دەرەوەی ئەم ئازارەوە سەیری ڤانیا بکەین، ڕەوشێکی کۆمیدییە. بە بێدەنگی، هەموویان شتێکیان لەدەست داوە، لەگەڵ ئەوەیشدا، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت، دەبێت بەردەوامی بە ژیان بدەن. گۆرکی لە هەمان نامەدا، کە لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، دەڵێت: (من وای دەبینم، کە

ئێــوە لەم شــانۆگەرییەدا بەرامــبەر خەڵکەکــان لە شــەیتان ساردترن. ئێوە لە ئاستیاندا لە بەفر و کڕێوەش ساردترن).

لە پەردەی یەکەمــدا بــابەتە ســەرەکییەکە و ســیما سەرەکییەکانی کارەکتەرەکان و پاڵنەری ڕووداوەکان دەخرێنە ڕوو، هەر لەم بەشــەی یەکەمەوە بنەمــای ململانێکــان دەردەکەوێت تا لە پەردەی سێیەمدا دەگاتە ئاستی ترۆپک و قووڵکردنــەوەی ڕووداوەکــان. جــووڵە شــانۆییەکە لە نــاوەوە دەست پێ دەکات و بریتییە لە چەندان جووڵەی بەئارام، کە لەنێو دەروونــی ڤانیــا، سۆنیا و ئەســترۆڤ-دا، هێدی هێدی گەورە دەبن، ئەم گەورەبوونەیش پێوەندییەکانیان بە ژیان و بە خۆشیانەوە دەگۆڕێت. یلێنا لەم جووڵە ناوەکییەوە دەبێتە ســەرچاوەی جــووڵە و هەڵچــوون و گەشــەی ڕووداوەکــانی دەق/نمایش. یلێنا ئەو کارەکتەرەیە، کە پێوەندییەکی گرنگ و ناوەندگەرای بە تێکڕای ڕووداوەکانەوە هەیە؛ پێوەندییەکانی بە ڤانیا، ئەسترۆڤ و لەوێشەوە بۆ سۆنیا درێژ دەبێتەوە و ئاڕاستەی ڕووداوەکان دیاری دەکات.

**ململانێی ژیان**

ڕۆنانی درامیی (خاڵە ڤانیا) شێوازێکی ناتەبا لەخۆ دەگرێت، ململانێیەکــی دیــار و ئاشــکرا لەم چــوار پەردەیەدا نیــیە، هەرچەنــدە ئەوەی لەنێــوان ئیڤــان پیتــرۆڤیچ (خــاڵە ڤانیــا) و پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ-دا ڕوو دەدات، جۆرێکە لە ململانــێ، بەڵام ئەم ململانێــیە کرۆکــی ڕووداو و پێــوەدانگە درامیــیەکە ناجووڵێنێت. ڕووداوە درامییەکــانی خــاڵە ڤانیــا، یــان کێشە و ململانێکــان، بە چەشــنی (نەورەس) ململانێــی کارەکتەرەکــانە لەگەڵ سیستێمێکی دژواری ژیاندا؛ لەم سیستێمەدا دیالۆگ و

پەیڤی شانۆنامەکە لە گەشە و بەرەوپێشچوون و هەڵکشاندایە. سیمای ئەم سیستێمەیش لە دوو ئاڕاستەدا دەردەکەون: ئاڕاستەی یەکەم، دیالۆگ و پەیڤی کارەکتەرەکان لە بابەتە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا، لەنێو ڕووداوە دەرەکییەکاندا. ئاڕاستەی دووەمیش، ژیانی ناوەوەی کارەکتەرەکان و ڕووداوەکانە، کە لە دیالۆگە ناوەکییەکان، مەنەلۆژ و ئەو شتانەی لەودیوی ژیانی دەرەکیی کارەکتەرەکان و دەقەکەوە ڕوو دەدەن. ڕیزبەندی دیمەنەکانیش، لە ڕووی دراماتۆرگییەوە قووڵبوونەوەی حاڵەتەکان دەخاتە ڕوو، دیمەنی یەکەم لە دەرەوەی ماڵەکەوە، (باخچەیەک، بەشێکی خانووبەرەکە، بە پێش هەیوانەکەوە) دەست پێ دەکات و لەوێوە دەمانگوێزێتەوە بۆ ناو ماڵەکە، ژووری نانخواردن، ژووری میوان، بۆ قووڵبوونەوە لە دیمەنەکاندا، قووڵتر لە ناواخنی کارەکتەری (ڤانیا)دا تا لە کۆتاییدا، لە دوا پەردەدا دێینە ژوورەکەی ئیڤان پیترۆڤیچ (خاڵە ڤانیا)وە. لەم ژوورەی دوا پەردەی شانۆنامەکەدا، لە قووڵاییی کارەکتەری ڤانیا دەگەین.

### خۆشەویستی لە بازنەیەکی داخراودا

لەم شانۆنامەیەدا، هەروەک (نەورەس) هەموو عاشقی کەسێکی هەڵە دەبن؛ سۆنیا عاشقی دوکتۆر ئەستروڤە، کە دوکتۆر بە هیچ شێوەیەک ئەو عەشقە نابینێت، ڤانیا عاشقی یلێنا ئەندرێیەڤنایە، یلێنایش چاوی لەسەر دوکتۆرە. تێکڕای ڕووداوەکانیش بە هۆی دیالۆگ و گفتوگۆی ڕۆژانەی کارەکتەرەکانەوە گەشە دەکات؛ هەرچەندە کارەکتەرەکان لە پەیڤ و دیالۆگەکانیاندا ئەوە دەڵێن، کە بیری لێ دەکەنەوە، بەڵام لە وشەکانیان ناگەین، یان هەمیشە بەدحاڵیبوونێک ڕوو

دەدات. هەموویــان بەنــدی ئەو دونیــایەن، کە بــۆ خۆیانیــان دروســـــت کـــــردووە، وەک ئەوەی لە میلۆدرامـــــایەکی نووشوســتخواردوودا ڕۆڵ ببیــنن، بەتــایبەتییش کــارەکتەری (خـاڵە ڤانیـا)، کە دەقەکە بە نـاوی ئەوەوەیە، لەگەڵ ئەوەیـشدا ناتوانین بڵێن ڤانیا کارەکتەری سـەرەکیی ئەم دەقە شانۆییەیە. هەروەک نەورەس، نـاتوانین هـیچ کـارەکتەرێکی خـاڵە ڤانیـا بە پـاڵەوانی سـەرەکیی دەقەکە نـاوزەد بکەیـن، کارەکتەرەکـان لە ڕەوشـە جیاوازەکانـدا دێنە چەقـی ڕووداوەکانەوە، ئەوەی لەم دیـــمەنەدا ڕۆڵـــی ســــەرەکیی هەیە، لە دیمەنێکـــی تـــردا لە پەراوێــزدایە... هتــد، بەڵام لەم جێگۆڕکێیــەدا، کارەکتەرەکــان، بەپێی هەلومەرجی دیمەنەکان، ڕاستییەکانی ژیانی یەکتری بۆ بیــنەران ئاشــکرا دەکەن. دەکرێـت ئەم ڕاســتییانە بە چەنــدان شێوە بەرجەستە بکرێن، بۆ نموونە دوا مەنەلۆژی سۆنیا، کە لەگەڵ خاڵە ڤانیا، وەک جـاری جاران، دوای ئەوەی ژیانیـان بە تەواوی تێک شکاوە و بە دەروونێکی ڕووخاوەوە دەگەڕێنەوە بۆ حسابکردنی فاسۆلیا و تۆمارکردنی وەسڵەکان، دەکرێت بە چەندان ڕاڤەی جیاوازەوە بخوێندرێتەوە:

**(ئێمە دەحەوێینەوە! گوێ لە فریشتەکان دەگرین، هەمـوو ئاسمان لە ئەڵماس دەگیرێ، ئێمە دەبینین کە هەرچی خراپەی ئەم دنیایەمان هەیە، هەموو ئازار و ئەشکەنجەکانمان، نوقمی ئەو دەریای بەزەیی و میهرەبانییە دەبن کە هەمـوو جیهـان دادەپۆشێ و ژیانمان ئارام و ئاسوودە و شیرین دەبێت. من بـاوەڕم هەیە، مـن گیـانم پـڕ لە بـاوەڕە... ل١٠٨)**، ئەم دوا وشانەی سۆنیا نە پەیامی نووسـەرە و نە قسەی سـەر زمـانی ئەویـشە، ئەگەر لە دیـوی نـاوەوەی بـڕوانینە ئەم مەنەلـۆژەی سۆنیا، ئەو تراجیدیایەی ئەو بە هێمنی گوزارشتی لێ دەکات،

پڕ لە تۆن و هەستییێکی ئایینیی شاراوەیە، ئەو بەڵێنی ژیانێکی تر بەمرۆڤایەتی دەدات، کە لە بەهەشتدا بۆی فەراهەم دەکرێت، وەک پاداشتێک بۆ ئەو ژیانە پڕ مەینەتییەی تیای ژیاون، پێ دەدرێت. ئەگەر لە ڕووی دەرەوەیشەوە لەم مەنەلۆژە بڕوانین، ئەوە هەستێکی پڕ لە ژان و ئازار، پووچگەرا و تەنانەت تراجیکۆمیکمان پێ دەبەخشێت؛ ڕاستییەکانیش، بە شێوەیەکی ڕەها لەم دیالۆگ، مەنەلۆژ یان ئەو پەیڤ و حیوارەدا نییە، بەڵکو لەو ئاستە هاوسەنگە تەواوەی نێوان وشە بە وشە و دیمەن بە دیمەن و ڕەش و پەردەکانداییە، کە دیمەنەکان و دواتر دەقەکە، پێک دەهێنن.

## سێکوچکەیەکی درامی

چێخەف لە (خاڵە ڤانیا)دا بە چەشنی (نەورەس) گەشە بە درامایەکی ناوەکی و سایکۆلۆژی دەدات؛ یان دەتوانین بڵێین چەند درامایەکی سایکۆلۆژی، کە بەیەکدا دەچن و یەکتری تەواو دەکەن و هەندێک جاریش لە یەکتریدا چڕ دەبنەوە، بۆ نموونە ڤانیا و دوکتۆر ئەستروڤ، سۆنیا و یلێنا، یلێنا و ڤانیا، یلێنا و دوکتۆر ئەستروڤ، سۆنیا و ئەستروڤ. دەکرێت بشڵێین، کە خاڵە ڤانیا، وەک دەق و ڕووداو و ستراکتورە درامییەکەی، لە سێکوچکەی سۆنیا، دوکتۆر ئەستروڤ و ڤانیادا چڕ دەبێتەوە، لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرانەوە جووڵەی ڕووداوەکان گەشە دەکات، کارەکتەرەکانی تر دەردەکەون. هەر لە ڕێگەی ئەم سێ کارەکتەرەوە جووڵەی کارەکتەرەکانی تر، بە ئاڕاستە جیاوازەکاندا، لە ڕووکاری دەرەوە و لە ناوەوەیشەوە فۆرم و شوێنی خۆیان لە ڕەوشی ڕووداوەکاندا وەردەگرن. هەر ئەم سێ کارەکتەرەیش ڕۆڵێکی گرنگیان لە

خولْقاندنی ئەتمۆسفێری گشتیی دەق/نمایشدا هەیە و لە ڕێگەی ئەم سێ کارەکتەرەوە میلی کاتژمێری دەقەکە بە هەموو لایەکدا دەسووڕێتەوە.

چێخەف هەندێک جار شتی وردەکاری یان حیوارێکی بچووک بەکار دەهێنێت، کە لەپڕ بۆ تەنها ساتێک ڕووداوە سەرەکییەکە دەوەستێنێت، هاوسەنگیی ئەوەی گرنگە و ئەوەی گرنگ نییە تێک دەدات، یان لەنێوانی ئەوەی لە چەقی ڕووداوەکاندایە و ئەوەی لە پەراوێزدایە. ئەمەیش یەکێکە لەو تەکنیکانەی چێخەف بە وریاییەوە بەکاری هێناوە و کردوونیەتە بەشێکیش لە ڕووداوەکە، نموونەیەک بۆ ئەم سەلیقە و وردەکارییانەی چێخەف، ئەو نەخشە گەورەیەی ئەفەریقایە، کە لە ژوورەکەی ڤانیادا هەڵواسراوە. ئەم نەخشەیە لە پەردەی چوارەمدا، لە کاتی جیابوونەوەی کارەکتەرەکان و ماڵئاواییکردن لە یەکتری، بەرلەوەی دوکتۆر ئەستروڤ بڕوات، لەپڕ نەخشەکە بەرز دەکاتەوە و دەڵێت:

**/.../دەبێ ئێستا، ئا لەم ئەفەریقایە، گەرمایەکی عەجایەب بێت-! ترسناکە. ل١٠٦**

**کارکردن وەك شووناسی مرۆڤ**

سۆنیا و ئیڤان پیترۆڤیچ هەمیشە باسی ئەو کارە دەکەن، کە ئەوان بە بەردەوامی کردوویانە و دەیکەن، بەڵام لەو ساتەوەی پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ و ژنە شۆخەکەی یلێنا ئەندرێیەڤنا دێن بۆ لادێ بۆ لای ئەوان، ژیان دەوەستێت و هەموو شتەکان بە جۆرێکی تر دەردەکەون. **(لەو کاتەوەی پرۆفیسۆر و ژنەکەی هاتوونەتە ئێرە، شیرازەی ژیان لەم ماڵەدا تێکچووە... ل٢٢)** لەوبەر ئەوان **(بۆ ساتێکیش**

**دەستبەتاڵ نەبووم)** ڤانیا، وەک خۆی دەڵێت (**١٠ ساڵی ڕەبەق وەک گا خۆم ڕەتاند... ل٨٥**)، بۆ ئەوەی قەرزی خانووەکە بداتەوە. هەروەها سۆنیا لە پەردەی سێیەمدا بە باوکی، پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ دەڵێت، کە ئەوان چۆن بە بەردەوامی و بێ پشوو کاریان کردووە (**من و خاڵە ڤانیا بێ پشوودان کارمان دەکرد، نەماندەوێرا کەپێکێک بۆ خۆمان خەرج بکەین، هەموویمان بۆ تۆ دەنارد... ل٨٨**)

هەموو دەقە شانۆییەکانی دوای خاڵە ڤانیایش پڕن لەو کارەکتەرانەی، کە هیچ ناکەن، بەڵام خەون بە کارەوە دەبینن، ڕەوشەکە لە (خاڵە ڤانیا)دا جیاوازە، کارکردن نە ڤانیا و نە سۆنیایش دڵخۆش و بەختیار ناکات، لە دوا دیمەنی پەردەی کۆتاییشدا، ئەو کارەی ئەوان بە ناچاری دەیکەن، بۆ ئەوەیە ئەو بێهیوایی و نائومێدییەیان لە بیر بچێتەوە، بۆ ئەوەی ئەوە بشارنەوە، کە ژیانیان هیچ مانایەکی نییە. ئەمەیش ئەو تراجیدیا ڕاستەقینەیە، کە لەدوای ڕوودانی شانۆنامەکەوە دەست پێ دەکات، ئەمە ئەو دراما هەڵکشاوە ناوەکییەیە بە هێمنی و بێ هاتوهاوار ڕوو دەدات: ئیڤان پیترۆڤیچ (خاڵە ڤانیا) وەک جاری جاران بەردەوامی بە کارە سەخت و بێزارکەرەکەی دەداتەوە و دەکەوێتەوە نووسینی پسوولەی ڕۆن و گەنم و بەڵێنیش دەداتە پرۆفیسۆر، کە هەر وەکو پیشەی جاران بەرهەمی کار و ماندووبوونەکانی خۆی و سۆنیای بۆ بنێرێت. دوکتۆر ئەستڕۆڤ بە هەمان شێوە لەسەر کارەکانی بەردەوام دەبێت، هەرچەندە ئەو لە ڤانیا تێگەیشتووترە و هۆشیارە بەوەی، کە ژیان تێپەڕیوە. هەرچەندە واقیع دوکتۆر ئەستڕۆڤ-ی ڕاکێشاوەتە ناو ژیانێکی سەختەوە، بەڵام ئەو بەردەوامی بە کارەکانی خۆی، چ

وەک پزیـــــشک و چ وەک گرنگیـــــدانی بە دارســـــتان و نەمامڕواندنەوە، دەدات. ئەو دەڵێت:

**(کاتێک گوێم لە شنەی دارستانە ساواکەی خۆم دەبێت کە دەستنێژی خۆمە، هەست دەکەم کەشوهەوا کەمێک لەژێر دەســەڵاتی منیـشدایە و ئەگەر پـاش دە هەزار ســاڵی تــر مرۆڤایەتی بەختەوەر بێت، ئەوا منیش چمکێکم لەو کارەدا هەیە. ل٣٧).**

کارکردن، وەکو شووناسێکی مرۆڤایەتی، یەکێکە لەو باس و بابەتانەی چێخەف هەمیشە گەڕاوەتەوە سەری و کاری تیا کردووە، بۆ نموونە کارکردن لە (خاڵە ڤانیا، سێ خوشک و باخی گێلاس)دا مەسەلەیەکی ناوەندگەرایی گرنگە، ئەمە جگە لە بەشێکی زۆری چیرۆک و نۆڤێلتەکانی. لە (خاڵە ڤانیا)دا، هەموو کارەکتەرەکان دەگرێتەوە، کە تیلیگین دەردە دڵی خۆی بۆ مارینا دەکات و دەڵێت پێم دەڵێن **(خواردەلەمیش)** مارینا بەوە دڵــی تیلیگــین دەداتەوە، کە ئــێمە هەموومــان لای خــوا خواردەلەمیــشین، دەشــڵێت، ئــێمە هەموومــان کــار دەکەیــن **(هەموومان ڕەنج دەدەین! هەموومان... ل٩٣)**

مارینـا سـمبۆلێکی چینـە هەژار و میهرەبـانە ڕەسـەنەکەی ڕووسیایە، ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە، بەڵام لەودیو ڕووداوەکانەوە کاریگەریی خۆی هەیە و ئامادەیە. ئەو هەمیشە بە بەزەییە و دڵنەوایـــی ئەوانە دەکـــات، کە دەکەونە تەنگـــانەوە و ئـــازار دەچێژن. مارینا باوەڕێکی پتەوی بەو دادپەروەرییە هەیە، کە خوا لەدوای ئەم ژیانەوە پێمان دەبەخشێت، باوەڕەکەی مارینا سەرچاوەی لەو ژیـانە پڕ لە ئـازار و ژانەوە وەرگرتـووە، کە مرۆڤ بە ناچاری تیایدا دەژی. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، سێ کارەکتەر لە (خاڵە ڤانیا)دا هەن، هیچ کارێک ناکەن و بەڕاستی

(خواردەلەمیش)ن، وەک تیلیگین دەڵێت، ئەو سێ کارەکتەریش: پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ، ژنە نازدارەکەی پرۆفیسۆر یلێنا ئەندرێیەڤنا و ڤەینیتسکەیا ماریا، کە بەردەوام خەریکی خوێندنەوەی خۆیەتی. ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە پرۆفیسۆر ساکار نییە، بەتایبەتی ئەو لەو وەهەمەدا دەژی، کە بەردەوام خەریکی کارێکی گران و گرنگە، کە لە پەردەی یەکەمیشدا دێتە ژوورەوە دەڵێت (**دۆستان، پیاوی چاک بن چایەکەی خۆمم بۆ بنێرنە ژوورەکەم! ئەمڕۆ شتێکم ماوە دەبێ تەواوی بکەم. ل٢٣)**، هەڵومەرج و بارودۆخەکەی یلێنا-یش جیاوازن. بە گەیشتنی یلێنا ژیان بە شێوەیەکی تر دەگەڕێتەوە بۆ لادێ و موڵکوماڵەکە، ئەو بەبێ ئەوەی خۆی بیەوێت، وا لە ڤانیا دەکات کاری بۆ نەکرێت، وەک سێبەر هەمیشە بەدوای یلێناوەیە، هەر ئەویش وا لە دوکتۆر ئەستروڤ دەکات کاری پزیشکی و نەخۆشەکانی پشتگوێ بخات، تەنانەت دارستانەکانیشی لە بیر بچێتەوە.

یلێنا ئەندرێیەڤنا هەست بە بەتاڵی و ئەو بێکارییە کوشندەیەی خۆی دەکات (**من بێتاقەتی کوشتوومی، نازانم چی بکەم. ل٦٥)** کە سۆنیایش پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکات، بۆ نموونە (**خەریکی ئیشی ئەم موڵک و ماڵە بە، وانە بڵێرەوە، برینپێچی بکە. چوزانم، هەر ئیش زۆرە. ل٦٦**)، بەڵام یلێنا هەموو ئەم پێشنیارانە بە وشەیەک ڕەت دەکاتەوە (**من نایزانم و خۆشیش نییە بەلامەوە)**. ئەو بێکاری و بەتاڵییە بێزارکەرەی یلێنا، ئیڤان و ئەستروڤ-یش تووش دەکات، کە هەردووکیان ئەم ڕاستییە و کاریگەرییەکانی ئەم خانمە جوانە بەسەر خۆیان و ڕەوتی کارەکانیانەوە دەزانن و دەبینن. ئەستروڤ لە پەردەی دووهەمدا، لە دیمەنێکی شەودا و لە دەیالۆگێکیدا

لەگەڵ سۆنیا، لەسەر داوای سۆنیا، شیکارییەک بۆ کارەکتەری یلێنای باوەڕنی بەم شێوەیە دەکات:

**(مرۆڤ دەبێ هەموو شتێکی جوان بێت، هەم ڕووخسار، هەم جلوبەرگ، هەم گیان و بیروباوەڕەکانیشی، ئەویش ڕاستە خۆی قەشەنگە، ئەمەیان قسەی تیا نییە، بەڵام ئاخر ئەو هەر دەخوا، دەنوێ، پیاسە دەکات و هەموان گیرۆدەی جوانییەکەی خۆی دەکات و هیچی تر... ل٥٥).**

## پێوەندییەکان لە مەسەلە خودگەراییەکانەوە

چێخەف لە (خاڵە ڤانیا)دا، کاری لەسەر پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان کردووە، بەتایبەتی لە ڕووە پڕ لە کێشە و ئاستەنگەکانی نێوان مرۆڤەکانەوە، ئەمەیش لەنێو ڕووداوەکاندا دەبێتە ڕەنگدانەوەی کێشەکانی کۆمەڵگە. ئەگەر چێخەف لە دەقە کۆنەکانی سەرەتایدا، پلاتۆنۆڤ، ئیڤانۆڤ و شەیتانی دارستان، کاری لەسەر فیگور و کارەکتەرەکان کردبێت، ئەوە لە دەقەکانی دواتریدا نەورەس، خاڵە ڤانیا، سێ خوشک، باخی گێلاس، پێوەندیی نێوان کارەکتەرەکان گرنگە و چێخەف لەم پێوەندییانەوە ستراکتوری دەقەکانی دارشتووە، بۆ نموونە چێخەف لە خاڵە ڤانیادا، کاری لەسەر تەونێکی ئاڵۆزی پێوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا کردووە، کە لەوێدا ئەو کارەکتەرانە لە خودی پێوەندییەکاندا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. چێخەف خۆی وەک کارەکتەر مامەڵەیان لەگەڵ ناکات، بەڵکو وەک بەشێک لە پێوەندییەکان، وەک پرۆسەیەک لە ستراکتوری ڕووداوە گشتییەکە و کۆنتێکستی دەقەکەدا.

چێخەف لە خاڵە ڤانیادا، جگە لە پێوەندییەکان، مامەڵەیەکی وردی لەگەڵ پرسە گەورە خودگەراییەکانیشدا دەکات، کە دواتر

لە سێ خوشک و باخی گێلاس-دا دەگەڕێتەوە سەریان، زیاتر قووڵ دەبێتەوە و مەودایەکی فرەلایەنیان پێ دەبەخشێت. هەر لەم ڕووەوە هێڵێکی نەبینراو لە خاڵە ڤانیاوە درێژ دەبێتەوە بۆ سێ خوشک و لە باخی گێلاس-دا کۆتایی پێ دێت. بۆ نموونە، ئەگەر لە نزیکەوە سەیری کارەکتەری دوکتۆر ئەستروّڤ بکەین، دەبینین، هەر لە سەرەتاوە، تۆنێکی ڕەش بە جووڵە و دەنگ و سیمایەوە دیارە؛ ئەستروّڤ کەسێکی ماندووە، بەردەوام خەریکی کارە، دەزانێت ژیان چی لەو دەکات و بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات. هاوکات خۆیشی دەداتە دەست ژیانە باوە ئاساییەکە، هەست بە بێمانایی ژیان دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوانەیشدا، هەستی خۆشەویستیی وڵات و حەزکردن بە جوانی، وایان لێ دەکات بەبێ هیچ بەرامبەرێک کار بۆ ژینگە و سروشتی وڵاتەکەی بکات، هەر لە سەرەتای پەردەی یەکەمدا بە مارینا دەڵێت:

**(بە دە ساڵ بوومە مرۆڤێکی تر. هۆیەکەشی چییە؟ لە ڕاستیدا من کوشتەی ئیشکردنم، سرەوتم نییە، بە شەویش لەژێر لێفەکەدا ڕاکشاویت و لە ترسی ئەوەدایت کەسێک نەیەت پەلکێشت بکات بۆ لای نەخۆشێک. بە درێژایی ئەو ماوەیەی من و تۆ یەکتری دەناسین تاکە ڕۆژێکیش لە کار ئازاد نەبووم. ئیتر چۆن پیاو پیر نابێت؟ جگە لەوەیش ژیانەکە خۆی لە خۆیدا وەڕسکەرە. ل٢٠)**

ڕەگی ئەو قەیرانە ڕۆحییەی ئەستروّڤ-ی تیا دەژی بەنێو ئەو واقیعەدا شۆڕبووەتەوە، کە لە ژیانێکی بەرتەسک و وەڕسکەر پێک هاتووە و تەنانەت کەسانی بەهێزی وەک ئەویش توانای بەرەنگاری و بەرگەگرتنیان نییە. کەواتە واقیعە کۆمەڵایەتییەکە و هەژموونی ئەو واقیعە بەسەر مرۆڤەوە بەشێکی گرنگی خانەکانی دەقەکە پێک دەهێنێت. ئەستروّڤ گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی، کە ئەو ناتوانێت، بەو کارەی ئەو

دەیکات: ڕواندنی درەخت، ڕزگارکردنی دارستانی جوتیارەکان... هتد، کە هیچ ئەنجامێکیان نییە، ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە بگۆڕێت.

ئەستڕۆڤ تەمەنی لەنێوان ٣٥ بۆ ٤٠ساڵیدایە، پزیشکی لادێیە و لە پاڵ کاری پزیشکیدا، حەزی بە ڕواندنی دار و دروستکردنی دارستانە و بەم کارەی لەو بڕوایەدایە سوودێکی گەورە بە مرۆڤایەتی دەگەیەنێت، هاوکات باسی بڕینەوەی دارەکان و ئەو ژینگە وێرانە دەکات، کە دەیبینێت. ئەم حەز و ئارەزووە گەورەیەی بۆ دارستان و ژینگە، هەر لە پەردەی یەکەمەوە، لە دیالۆگێکیدا، لەگەڵ یلێنا دەردەکەوێت. یلێنایش بە سەرسووڕمانەوە پرسیاری ئەوەی لێ دەکات، کە ئەم حەزە لە کارە سەرەکییەکانی تری دانابڕێت:

**/.../ بەڵام ئایا ئەوە ڕێگر نابێت لە بەردەم پەیامی سەرەکیتاندا؟ ئاخر خۆ ئێوە پزیشکن**

**ئەستڕۆڤ**

**مەگەر تەنیا خوا خۆی بزانێ پەیامی سەرەکیمان چییە. ل٣٤**

تەنها کەسێکیش، کە بەم کارەی دوکتۆر ئەستڕۆڤ دڵخۆشە و بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە باسی دەکات، سۆنیایە. سۆنیا لە زۆر ڕووەوە، بەتایبەتی بۆ مەسەلەی دارستان و ژینگە دەبێتە وتەبێژێکی دڵسۆز و دەربڕی فەلسەفەکەی ئەستڕۆڤ.

**(ئەو هەردەم لە کۆششی ئەوەدایە دارستانە کۆنەکان بنبڕ نەکرێن، ئەگەر بە وردی گوێ بۆ قسەکانی شل بکەن، ئەوا تەواو هاوڕای دەبن. ئەو دەڵێت کە دارستانەکان ئارایشتی سەرزەمین و مرۆڤ فێری ئەوە دەکەن لەو شتە بگەن کە**

**قەشەنگ و پڕ بەهایە و مەزاجێکی مەزنی و بەرزەفڕی دەدەن بە گیـــانی. ل ٣٥)** چـــێخەف لێــرەوە مەســـەلەیەکی تـــر، کە خۆشەویستییەکی بێسنووری سۆنیایە بۆ دوکتۆر ئەستڕۆڤ، دەخاتە ڕوو.

## دوکتۆر ئەسترۆڤ و قەیرانێکی ڕۆحی



دیمەنێک لە خاڵە ڤانیا

دیالۆگەکـــانی دوکتـــۆر ئەســـترۆڤ لە پەردەی دووهەمـــدا، بەتـــایبەتی لەگەڵ ســـۆنیادا، هەمـــان ئەســـترۆڤ-ی ســـەرەتای پەردەی یەکەمە؛ خـــاوەن ســـتایل، هەنـــدێک غەمگـــین، بەدیـــقەت. دوکتۆر ئەسترۆڤ لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو باسانەی، کە لەوەوبەر لەگەڵ مارینـــادا باســـی دەکـــرد، ئەو بەربەســـت و ئاســـتەنگە ڕۆحییەی هەســـتی پـــێ دەکـــات، ئەو تەنیـــاییەی تیـــای دەژی، کـــارێکی بەردەوام **(مـــن وەک خاڵتـــان، لە ژیـــانی خـــۆم ڕازی نیم، بۆیە هەردووکیشمان هەردەم بۆڵەمان دێت. ل٥٥)**، هەر لەم دیالۆگە درێژەیشدا بە سۆنیا دەڵێت **(خەڵکیشم خۆش ناوێ... زۆر دەمێکە کەسێکم خۆش نەویستووە. ل٥٦)**. تەنها

شتێکیش سەرنجی ئەستڕۆڤ بدات، جوانییە، جوانیی سروشت و جوانیی ئافرەت، کە لەو چرکەساتەدا، ئەو جوانییە لە یلێنا ئەندرێیەڤنا-ی ژنی پڕۆفیسۆردا دەبینێتەوە، جوانییەک، کە بۆ ئەو هیچ جۆرە هەست و سۆزێک بەرهەم ناهێنێت.

**(تەنیا شتێک کە تا ئێستا دەتوانێ گیانم داپۆشێ، جوانییە. هەستم لە ئاستیدا ناتوانێت سست بێت. لام وایە ئەگەر یلێنا ئەندرێیەڤنا بخوازێ، ئەوا بە یەک ڕۆژ دەتوانێ سەرم بخاتە گێژاوەوە... بەڵام ئەوە نە خۆشەویستییە، نە هۆگربوونە. ل٥٨)**

ئەستڕۆڤ هەر لەم دیالۆگەدا ئەوەیشی بیر ناچێت باسی ژینگە بکات، باسێک ئەو زۆر حەزی لێیەتی و جێگەی سەرنج و گرنگیپێدانی ئەوە؛ بەڵام چیتر پێوەندییەکی پاک و ئازادیش لەنێوان مرۆڤ و سروشتدا نەماوە. دوکتۆر ئەستڕۆڤ لەم بێئومێدییەدا پەنا دەباتە بەر مەی، دەیەوێت بخواتەوە، سۆنیا هەوڵ دەدات ڕێگەی خواردنەوەی لێ بگرێت، ئەوەی سۆنیا دەیکات، پیشاندانی ئەو خۆشەویستییە قووڵەیە، کە ئەستڕۆڤ نایبینێت، سۆنیا دەڵێت **(زۆر لێتان نەهاتووە، ئێوە هێندە ڕێکوپێکن، هێندە جوامێرن، دەنگێکی هێندە نیانتان هەیە... بگرە زیاتر لەوەش، ئێوە لە هیچ کام، لەوانەی من دەیانناسم، ناچن. ئیتر بۆچی دەتانەوێ هاوشێوەی کەسانی عادەتی بن، ئەوانەی دەخۆنەوە و قومار دەکەن؟ جا تکاتان لێ دەکەم، وا مەکەن! ل٥٧)**.

ئەم دیالۆگەی نێوان سۆنیا و دوکتۆر ئەستڕۆڤ، یەکێکە لە نموونە بەرز و ناوازەکانی ئەو تەکنیکەی چێخەف لە نووسینی دەقە شانۆییەکانیدا بەکاری هێناوە: هەرچەندە سۆنیا و ئەستڕۆڤ پێکەوە دەدوێن و لە دیالۆگێکی گرنگدان، بەڵام هەریەکە و لە ئاوازێک دەخوێنێت، هیچیان وەڵامی ئەوی تریان ناداتەوە، هەروەک ئەوەی پێکەوە نەدوێن. سۆنیا بەردەوام جەخت لە

خۆشەویستییەکەی خۆی دەکاتەوە و بە هەموو شێوەیەک، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ گوزارشتی لێ دەکات، بەڵام ئەسترۆڤ گوێی لەوە نییە، لەبری ئەوە، باسی ئەوە بۆ سۆنیا دەکات، کە ئەو هێزی هەستکردنی نییە، هاوکات سۆنیایش لەوە ناگات؛ ئەسترۆڤ باسی جوانییەکەی یلێنا دەکات، بەڵام سۆنیا هەروەک ئەوەی هەستی پێ نەکات. هەردووکیان بە جیا لە بازنەیەکی داخراودا دەسووڕێنەوە، بەبێ ئەوەی توانای یەکتربینینیان هەبێت، یان هەست بەیەک بکەن، بێگومان لە یەکیش ناگەن. ئەمە ئەو پێوەندییە ئاڵۆزەیە چیخەف بە ساکاری ئیشی لەسەر کردووە، هەردووکیان وەک دوو کەس، بەبێ ئەوەی لە ڕاستیی پێوەندییەکان بگەن، یان نایانەوێت بگەن، قسە دەکەن. کارەکتەرەکان بەندی ئەو هەستە تراجیدی/کۆمیدیایەن، کە بەردەوام قسە دەکەن، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێن.

سۆنیا لە پەردەی یەکەمدا بێدەنگ، هەستیار، گوێڕایەڵ، دڵفراوان، لە هەمان کاتدا، وەک ئەوەی لە شتێک ڕابکات، دەردەکەوێت. هەست بەو هەست و سۆزە بەهێزەی بۆ دوکتۆر ئەسترۆڤ هەیەتی، دەکەین، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوزارشتیان لێ دەکات، لە پەردەی دووهەمدا زیاتر هەست و سۆزە بەهێزەکەی پیشان دەدات، هەرچەند هێشتا لە فۆرمێکی ناڕاستەوخۆیشدایە، بەبێ ئەوەی ئەسترۆڤ هەستی پێ بکات. کە سۆنیایش لەم ڕەوشەدا هەست دەکات ئەسترۆڤ هەستی پێ ناکات و لەوە ناگات، کە ئەو دەیڵێت و پیشانی ئەوی دەدات، هەنگاوێک زیاتر دەچێتە پێشەوە: (/.../ **ئەگەر من کچێکی هاوڕێ، یان خوشکێکی بچووکم هەبوایە و پێت بزانیایە کە با بڵێن... بڵێن ئێوەی خۆش دەوێ، باشە ئێوە چیتان دەکرد؟ ل٥٨)**. دوکتۆر ئەسترۆڤ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەڵام ناداتەوە، وەڵامەکیشی زیاتر خۆبەهەڵەدابردنە (**نازانم، ڕەنگە هیچ. ڕەنگە تێم بگەیاندایە**

**که من ناتوانم خۆشم بوێت. ل٥٨).** دوای ئەوە دەڕوات و سۆنیا بەجێ دەهێڵێت. ئەی، که ئەو دەڕوات سۆنیا چی دەکات، له وەڵامەکەی ئەستروٚڤ دەگات؟ سۆنیا به تەنها بیر له گفتوگۆکەیان دەکاتەوە، وەک ئەکتەرێک، سەرلەنوێ و بەرلەوەی بچێته سەر شانۆ، وشەکانی تاقی دەکاتەوە، بزانێت چیی گوتووە، ڕۆڵەکەی خۆی باش گێراوە **(که باسی خوشکه بچووکەکەم بۆ کرد، تێنەگەیشت... ل٥٩)**، دوای ئەوە خەم و نائارامی دایدەگرێت، هەست بەڕاستی بوونی خۆی، بەتایبەتی له ڕووی شێوەوە، که ئەو بێبەشە له جوانی، دەکات **(من خۆم دەزانم که جوان نیم. ل٥٩)** هەر لەم ڕەوشەدا قسەی هەندێک لەو ژنانەی بیر دەکەوێتەوە، که گوێی لێ دەبێت و پێی دەڵێن **(یەکشەممەی ڕابردوو که له کڵێسا هاتینه دەرەوە گوێم لێ بوو چۆن باسی منیان دەکرد، ژنێکیان دەیگوت: "کچی چاکه و دڵی باشه، بەڵام حەیف ناشیرینە"... ناشیرینە... ل٥٩).**

### سۆنیا/یلێنا و پێوەندییەکی دووفاق

به هاتنەژوورەوەی یلێنا ئەندرییەڤنا، سۆنیا بێدەنگ دەبێت و له ڕۆڵەکەی دێته دەرەوە و مەنەلۆژەکەی خۆی دەوەستێنێت. سۆنیا و یلێنا، که لەوەوبەر پێکەوە نەگونجاون، لەم دیمەنەدا ئاشت دەبنەوە و پێکێک دەخۆنەوە. سۆنیا ناتوانێت هەڵچوون و هەستەکانی و ئەو خۆشەویستییەی بۆ ئەستروٚڤ هەیەتی، بشارێتەوە؛ دەبێت ئەوەی له ناخیدا دەگەڕێت، ئەو عەشقەی بۆ دوکتۆر ئەستروٚڤ هەیەتی، بۆ کەسێکیشی باس بکات. بێگومان ئەو کەسەیش و لەم ساتەدا، یلێنا ئەندرییەڤنا-یە. چێخەف ئەم دیمەنەی نێوان سۆنیا و یلێنای بەوپەڕی جوانییەوە چنیوە، ئەوەی لەم دیمەنەیشدا جوانە، ئەوەیە، که ئێمەی بینەر دەزانین یلێنا کاریگەریی خۆی،

وەک ئـــافرەتێکی قەشـــەنگ بەســـەر ئەســـترۆڤ-ەوە بەجـــێ هێشتووە. یلێنا خۆیشی ئەمە دەزانێت!

سۆنیا، وەک کەسێک تازە کەوتبێتە داوی دڵدارییەوە، باسی ئەسـترۆڤ دەکـات، هەنـدێک دوو دڵە، پرسـیار لە یلێنـا دەکـات سەبارەت بە ئەسترۆڤ، هەنگاوێک دێتە دواوە و دواجـار یلێنا ناچـار دەکـات باســی ئەســترۆڤ-ی بـۆ بکـات، وەک ئەوەی بیەوێت لە دەمی کەسێکی ترەوە گوێی لە وەسفی دڵدارەکەی بێت

**(/.../ تێبگە گیانەکەم مەسەلەکە بەهرەیە! باشە تۆ دەزانی بەهـرە مانـای چـی؟ یـانی بـوێری، ئـازادیی زەیـن و مەودا فراوانی... ئەو دارێک دەڕوێنێ و هەر لە ئێستاوە پێشبینیی ئەوە دەکـات پـاش هەزار سـاڵی تـر چیـی لـێ دەردەچـێ و کامەرانیی مرۆڤایەتی سەرەتاتێکی لەگەڵدا دەکات. کەسانی وا دەگمەنـن و پێویـستە خەڵـک خۆشـیان بـوێن... ل٦٣)**، ئەوەی یلێنـایش دەیڵێت، بە ڕوونـی و ڕاسـتەوخۆ، حەزی ئەویـش بـۆ دوکتۆر ئەسـترۆڤ دەردەخـات؛ ئەسـترۆڤ پیـاوێکە، لە هەمـوو ڕوویەکەوە جێگـەی ســەرنجە و ئەویـش ئەوە ناشــارێتەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات.

پرســـیارەکە لێـــرەدا ئەوەیە، ئایـــا یلێنـــا ئەنـــدرییەڤنا لەم بارودۆخەدا، چ ئافرەتێکە، کە ئامادەیی تیایە بۆ ئـافرەتێکی تـر، تـا بزانێت ئەو پیـاوەی، کە ئەو هەسـتی پێ دەکـات و چـاوی لەسـەر ئەوە، بزانێـت چ هەسـتێکی هەیە؟ ئەم ئامـادەبوونـەی یلێنـا لەبەر خاتری سۆنیایە، یان شتێکە بۆ خودی خۆی دەیکات و مەرامێکـی تـری لەپـشتەوەیە؟ یـان ڕاسـتیی ئەم مەســەلەیە دەکەوێـتە نێـوان هەردوو بۆچـــوونەکەوە: کە ئەو بە ڕاســـتگۆییەوە مـــامەڵە لەگەڵ سۆنیا دەکات، لە هەمان کاتیشدا بۆ ئەوەی بزانێت پەرچەکرداری

ئەسترۆڤ بۆ خۆی چۆنە؟ هەندێک وای بۆ دەچێت، کە یلێنا وەک شەیتانێک ڕەفتار دەکات، بەوپەڕی وریاییەوە گەمەیەکی دووفاق دەکات و زیاتر بیر لە خۆی دەکاتەوە، هەندێکی تر یلێنا وەک ئافرەتێکی ڕاستگۆ، کە دەیەوێت یارمەتیی سۆنیا بدات، دەبینێت. زۆربەی ڕەخنەگرەکان، هەروەها ڕیژیسۆرەکانیش یلێنا ئەندرێیەڤنا-یان لەو ڕووەوە ڕاڤە کردووە، کە ئەو وەک ئافرەتێک دەزانێت چ گەمەیەک دەکات و تەنها بۆ چرکەساتێکیش بیر لە سۆنیا ناکاتەوە، بەڵکو یارمەتیدانەکەی سۆنیا تەنها پلانێکە و ئەستروڤ-ی پێ تاقی دەکاتەوە. یلێنا لەم پلانەدا دەیەوێت پەردە لە ڕووی هەست و سۆزی دوکتۆر ئەستروڤ، بەرامبەر بە خۆی هەڵماڵێت، نەک سۆنیا.

کە دواتر یلێنایش لە دوکتۆر ئەستروڤ دەپێچێتەوە، زوو دەردەکەوێت ئەوەی ئەو بەدوایدا دەگەڕێت و ئەوەی ئەو دەیەوێت بیزانێت سۆنیا نییە و سۆنیا تەنها ئامرازێکە. ئەستروڤ-یش ئەمە دەزانێت، بۆیە ئەم لێپێچینەوەیە یارمەتیی ئەستروڤ دەدات، دەستپێشخەریی خۆی بکات و بڵێت: (/.../ **ئێوە زۆر چاک دەزانن کە من بۆچی هەموو ڕۆژێک دێمە ئێرە... بۆچی و لەبەر خاتری کێ دێم ل ٧٦)**، هەر لە هەمان دیالۆگدادەڵێت: **(وا من مانگێکی تەواوە، کار و کردەوەم ئەوەیە بەدوای ئێوەدا بگەڕێم. ل٧٧)**، یلێنا دەیەوێت یان هەوڵ دەدات خۆی هەڵە بکات، هەندێک شت دەڵێت **(من لەوە باشتر و بەرزترم کە ئێوە بۆی دەچن! سوێندتان بۆ دەخۆم! ل٧٧)**، دەشیەوێت خۆی بدزێتەوە و بچێتە دەرەوە، بەڵام ئەستروڤ لەوە بەئاگاترە بڕوا بە قسەی یلێنا بکات، وەک خۆی دەڵێت **(من خۆم پیرە ڕێوییەکەم)** ئەستروڤ ڕێگەی پێ دەگرێت و پرسیاری ئەوەی لێ دەکات، لە کوێ یەکتر ببینن، دەستی ماچ دەکات و باوەشی پیا دەکات.



دیمەنێک لە خاڵە ڤانیا

ئەستروٚڤ

/.../ لە کوێ یەکتری ببینینەوە؟ پێم بڵێن خێرا: لە کوێ؟ لەوانەیە یەکێک بێتە ئێرە، جا خێرا بیڵێن... (زۆر بە گەرمی) ئێوە چەند سیحراوین، چەند قەشەنگن... تەنیا ماچێک، ڕێگەم بدەن هەر قژە بۆنخۆشەکەتان ماچ کەم.

یلێنا ئەندرێیەڤنا

من سوێند دەخۆم...

ئەستروٚڤ

(ڕێگەی نادا قسەکەی تەواو کات): سوێند خواردنی بۆ چییە؟ سوێند پێویست نییە... گشت وشەیەک زیادەیە... ئای چەند جوانن، سەیری ئەو دەستانە! (دەستەکانی ماچ دەکات)

یلێنا ئەندرێیەڤنا

بەسە ئیتر... دە بڕۆن... (دەستی خۆی ڕادەپسکێنێ) ئێوە جڵەوی خۆتان لەدەست داوە...

ئەستروٚڤ

دە بڵێن، قسە بکەن سبەینێ لە کوێ یەکتر ببینین؟ ل٧٧-٧٨

**مۆسیقای ژیان و کۆتایی پەردەی دووەم**

لە کۆتایی پەردەی دووهەمدا، مۆسیقایەکی ڕێگەپێنەدراو دەبێت بە سمبۆلی کێشەی نەوەی کۆن و نوێ، عەشقی ژیان و پشتکردنەژیان، گەنج و پیر و توخمێکی گرنگی گەشەی ڕووداوەکانی دەقەکەیە. چێخەف توخمی دراماکە، لە ساتێکی کورت و لە ڕەوشێکی چاوەڕواننەکراودا بەرجەستە دەکات.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا**

**ئارەزووی کەمێک مۆسیقا دەکەم، حەز دەکەم کەمێک مۆسیقام بژەنیایە.**

**سۆنیا**

**بیژەنە (باوەشی پێدا دەکات) خۆ من خەوم هەر لێ ناکەوێت... شتێک بژەنە!**

**یلێنا ئەندرێیەڤنا**

**ئێستا باوکت هێشتا نەنوستووە، کە ئازاری دەبێت بە مۆسیقا سەغڵەت دەبێ، جا بچۆ بپرسە، ئەگەر ئەو پێی ناخۆش نەبێ، ئەوا شتێک دەژەنم، دە بڕۆ. ل٦٤**

ئەو مۆسیقایەی یلێنا و سۆنیا دەیانەوێت گوێی لێ بگرن، گریانی ئەو ژیانە خەماوی و بێزارەیە، هەریەک لە یلێنا و سۆنیا تیای دەژین. یلێنا ژیانی لەگەڵ پیرەمێردێکی نازدار و سۆنیایش لە عەشقێکی بێهیوادا. مۆسیقا لەم دوا بەشەی پەردەی دووهەمدا، بۆ سۆنیا جۆرە هەستێکی ناوەوەی خۆیەتی، کە دەیەوێت دونیای دەرەوەی پێ پڕبکاتەوە، مۆسیقا هیوایە. ئەم مۆسیقایە بۆ یلێنا و سۆنیا و لەم ساتەدا جۆرە ئەنجامێکە، کۆتایی و چارەسەری چەندان گرفتە، کە لەوەوبەر لە پێوەندییەکانی سۆنیا/یلێنا-دا کۆبووەتەوە و پەنگی

خواردووەتەوە. هەناسەیەکە لەنێو ژینگەیەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و بێزاری و خەونێکی ناخۆشدا، بەڵام سریبریکۆڤ ڕێگەبەم مۆسیقاژەندنە نادات. ڕێگەگرتنی سریبریکۆڤ لەم مۆسیقایە، ڕێگەگرتنە لە بەختەوەری، لەو گەنجانەیە بۆ ژیان؛ سریبریکۆڤ لە مۆسیقای ژیان دەترسێت. **(بۆمان نییە!)** ئەمە ئەو وەڵامەیە، کە سۆنیا لە باوکیەوە دەیهێنێتەوە بۆ ئەوەی پیانۆ بژەنن. ئەم **(بۆمان نییە! ل٦٤)** لە کۆتایی ئەو پەردەیەدا، دراما ڕاستەقینەکەی دەق/نمایشە. لە ئامادەبوونی سریبریکۆڤ-دا نابێت مۆسیقا هەبێت، کە مۆسیقایش نەبوو، ئەو بەختیارییەیش نییە، کە سۆنیا چەند ساتێک لەمەوبەر باسی دەکات. ئەو مۆسیقا چاوەڕوانکراوەی کۆتایی پەردەی دووهەم جۆرە چارەسەرێکە، کە هیچ شتێک لای کارەکتەرەکان چارەسەر ناکات، بەڵکو گرێکوێرەکان ئاڵۆزتر دەبن.

### سەرەتایەك بۆ تێكشكاندنی ڤانیا

ڤانیا دەزانێت لە بۆشاییەکی گەورەدا دەژی، ژیانی لە پێناوی شتێکدا بەفیرۆ چووە، کە هیچ مانایەکی نییە، ئەوەی بۆ ئەو ماوەتەوە تەنها چەند خەونێکە، کە خۆیشی باش دەزانێت نایەنە دی. ئەو عەشقەی بۆ یلێنایش هەیەتی، ئومێدێکە، وەک تروسکاییەک وایە، ژیانی لەو تاریکستانەدا ڕووناک دەکاتەوە. ڤانیا لێوانلێوە لە پەژارە، بەڵام دەچێت گوڵ بۆ یلێنا کۆدەکاتەوە. کە ڤانیا بە گوڵەکانی دەستییەوە دێتە ژوورەوە بۆ ئەوەی بیدات بە یلێنا، یلێنا لە ئامێزی ئەستروّڤ-دا دەبینێت و لەبری ئەو ماچی دەکات، ئەمەیش دووپاتکردنەوەیەکی تەواوی بەهەدەرچوونی ژیانیەتی. ئەم ڕووداوە بۆ ڤانیا لەدەستدانی ئەگەرێک نییە بۆ ئەوەی یلێنا ببێتە دڵداری ئەو،

بەڵکو یلێنا خەونی ئەوە، ئێستایش بە بەرچاویەوە خەونەکەی لە ئامێزی ئەسترۆڤ-دایە. ئەو ئاواتەی ڤانیا چەندان ساڵە بیری لێ دەکاتەوە، دەبێتە زیندەخەونێکی تاڵ و ناخۆش. ئەوەی ڤانیا لەم بارودۆخەیشدا دەتوانێت بیڵێ و بیکات، تەنها ئەوەیە بە یلێنا بڵێت **(هەموو شتێکم دی ل٧٩)**، ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی بەهێزی بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ترەوە، بەتایبەتی پێوەندییەکانی ڤانیا بە یلێنا، پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ، ئەسترۆڤ، هەروەها ڤانیا و ئەسترۆڤ-ەوە دەبێت.

ڤانیا بە قووڵی هەست دەکات، فێڵی لێ کراوە، ئەم هەستە قووڵەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو بڕوای بە پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ هەبووە، شەو و ڕۆژ کاری بۆ کردووە، هەوڵی داوە تا ئەو بارودۆخە، بەتایبەتی لە ڕووی دارایییەوە، بۆ پرۆفیسۆر برەخسێنێت، بۆ ئەوەی گوتارەکانی بنووسێت، کە ئێستا لە دڵەوە و بە هەمان قووڵی ڕقی لێیەتی. بێگومان ڤانیا یلێنای ژنی پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ-ی خۆش دەوێت، ئەمەیش هێندەی تر ئەو ڕقەی بەرامبەر پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ ئەستوور کردووە و مۆتیڤە سایکۆلۆژییەکانی کارەکتەری ڤانیایان بەهێز کردووە. یلێنایش بە تەواوی نە دڵ بە ڤانیا دەدات و نە دەرگاکانیشی بە ڕوودا دادەخات، ئەو لە کۆتایی پەردەی یەکەمدا بە ڤانیا دەڵێت: **(ڕەنگە هەر بۆیەش من و تۆ، ئیڤان پیترۆڤیچ، وا دۆستی نزیکی یەکین، چونکە هەردووکمان نووزەدرێژ و وەڕسهێنەرین! ل٣٩)**.

**فیشەکێك بە پووچگەرایی ژیانەوە**

پەردەی سێیەم لە کێشە و شەڕ و بەگژیەکداچوونەکەی ئیڤان پیترۆڤیچ و پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ-دا چڕ دەبێتەوە. پرۆفیسۆر هەموویان کۆدەکاتەوە، دەیەوێت بزانێت سەبارەت بە پرسێکی گرنگ دەڵێن چی، داواشیان لێ دەکات، کە باش گوێی لێ بگرن **(گوێتانم بە قولاپی وریاییەوە بۆ هەڵخەن ل٨٠)**، هێدی هێدی پرۆفیسۆر پەردە لەسەر ئەو نیازەی هەیەتی، هەڵدەماڵێت، پلانەکانی ئاشکرا دەکات و ئەوەیان پێ ڕادەگەیەنێت، کە دەیەوێت موڵک و ماڵەکە بفرۆشێت و پارەکەی لە بەرانبەر وەرگتنی سوو بەقەرز بدات، ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، کە ئەو لەم مەسەلەیەدا بیری لە خۆی نەکردووەتەوە **(ژیانی خۆم بەرەو کۆتا دەڕوا، بۆیە بیر لە خۆم ناکەمەوە، بەڵام من ژنێکی گەنج و کچێکی کەمساڵم هەیە. ل٨٢)**، ئەوەی ڕاستەوخۆیش کاردانەوەیەکی بەهێز و توندوتیژی بۆ ئەم پێشنیارە دەبێت، ڤانیایە **(جەنابت موڵکەکە دەفرۆشی، زۆر چاکە، خێری پێوەیە... بەڵام بۆ کوێ فەرمان دەکەیت من و دایکە پیرەکەم و سۆنیا سەری خۆمان هەڵگرین. ل٨٣)**.

کاردانەوەکانی ئەم خێزانە بۆ پێشنیارەکەی پرۆفیسۆر، ماریا ڤاسیلیێڤنا، سۆنیا و ڤانیا جیاوازە و وەک بینیمان، تەنها ڤانیا بە توندی بەرهەڵستی دەکات، بەڵام بینەر لە مانا گشتگر و سەراپاگیرەکەی هەژموونی ئەم دیمەنە، بەتایبەتی بەسەر ئەندامانی ئەو خێزانەوە، لە ڕووی یەکبوون و پەرتەوازەبوونەوە، دەکات.

لەم پەردەی سێیەمەدا، چێخەف ئاستەنگ و کێشەی پێوەندییەکان و کۆتایی هیواکان زیاتر ڕوون دەکاتەوە؛ بە

ڕوونـی دەگەیـنە ئەو ئەنجـامەی، کە یلێنـا ئەنـدرێیەڤنا عـەشـقە نهێنییەکەی سۆنیا، کە (دوکتۆر ئەستروڤ)ە، بۆ خۆی دەدزێت، پڕۆفیـسۆر سـریبریکۆڤ، میـراتەکەی سـۆنیا، بە بەرچـاوی هەمـوانەوەبـۆ خـۆی دەماشـێتەوە، لای ڤانیـایش بێئومێـدییەک لەدایک دەبێت، کە ڕۆحی دەکرۆژێت.

چێخەف بەر لە نووسینی خاڵە ڤانیا، هەموو دەقەکانی تری، وەک چارەسـەرێک، بە کوشـتن یـان خۆکوشـتن کۆتـایی پـێ هێنـاوە؛ پلاتۆنـۆڤ بە کوشـتنی پلاتۆنـۆڤ خـۆی کۆتـایی دێت، ئیڤانۆڤ لە کۆتایی شانۆنامەکەدا خۆی دەکوژێت و نەورەس-یـش هەر بە کوشـتن کۆتـایی پـێ دێـت. لە خـاڵە ڤانیـادا، سەرنەکەوتنی ڤانیا لە کوشتنی پڕۆفیسۆر سریبریکۆڤ، وەک کـاردانەوەیەکی بەهێـز، دوایـش نووشوسـتی هێنـان لە خۆکوشتنیشدا، دەبێتە هۆی گرژییەکی چڕ و گرفتێکی وا، کە کاریگەریی بەسـەر چارەنووسـی کارەکتەرەکانەوە دەبێت. ئەم تەقەکـردنە شـێوازێکی تەکنیکیـی کـۆنی شـانۆ دابونەریتگەراییەکان نییە، مەسـەلە تەقەکردنیش نییە، هێندەی کەمتوانایـیە، بێدەسـەڵاتییـە، هـەروەهـا بێمانـایی ئەو تەقـانەیە. بنەمـا دراممییەکـان لە خـودی تەقەکردنەکەدا لە سـریبریکۆڤ-دا بەرجەستە نابن، بەڵکو لەوەدا ڤانیا بێهێزە و هەستی قینداری و ڕقلێبوونـەوەی لـەدەسـت داوە؛ لـەدەسـتدانی هـەسـتی ڕقلێبوونـەوەو نـەبـوونیی ویـستێکی بـەهێـز و ملکـەچبـوون، دەبنـەڕێگـر لـە بـەردەم نـەپێکـانی سـریبریکۆف. ئـەمـەیـش ڕەنگدانەوەی نـاوەڕۆکێکی سـایکۆلۆژیی قـووڵە. خـاڵە ڤانیـا لەژێر ئەم پاڵەپەستۆ بەهێزەی ژیاندا، دەیەوێت خـۆی بکوژێت و کۆتـایی بە ژیـانی خـۆی بهێنێـت، بـۆ ئەم مەبەسـتەیش شووشـەیەکی پڕ لە مۆرفین لە جانتاکەی دوکتۆر ئەستروڤ

دەبـات، بەڵام ڤانیـا ئەو جـورئەتەی نابێـت تـا ئەو مـۆرفینەی دزیویەتی، بەکار بهێنێت. خاڵە ڤانیا ئەو هێزەی نییە بتوانێت هەنگاوێکی مەترسیداری لەم شێوەیە بنێت و کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێت.

سـەختترین سـزایش، کە دوای ئەم ڕووداوانە ڕووبەڕووی ڤانیا دەبێتەوە، ئەوەیە درێژە بە ژیانی خۆی بدات، ژیانێکی پڕ لە پەشـیمانی، هەسـتکردن بە شـەرمەزاری و هـەسـتکردن بە لـەدەسـتدانی هەمـوو شـتێک. لەم پەردەی چـوارەمەدا، جـۆرە تۆنێکی تر لەنێوان ڤانیا و ئەستروٚڤ-دا هەیە، لەنێوان ئەم دوو هاوڕێیەدا شتێک بە نـاوی هـاوڕێیەتییەوە نەمـاوە، ئەو زمـانەی ئەسـتروٚڤ پێـی دەدوێـت، زیـاتر زمـانێکی وشـک و فەرمـی و ڕەشبینانەیە، زمانی دوکتۆرێکە، نەک هاوڕێ. ئەستروٚڤ باسی شتێک دەکات، کە لە دەستی داوە: **(گوێ بگرە، ئەگەر هەر زۆر مەبەستیشتە کۆتایی بە ژیانی خۆت بهێنیت، فەرموو ملی ڕێ بگـرە و بچـۆ بـۆ دارسـتانەکە و لەوێ فیـشەکێک بنـێ بە ناوچەوانتەوە. ل٩٧).**

ئەگەر لێـرەدا، سـەرلەنوێ ئەو حیـوارەی ڤانیـا بە نمـوونە بهێنینەوە، کە دەڵێت: **(من هەموو ژیانم تیاچووە! من کابرایەکی بەهرەدار، ژیر و ئازام.. ئەگەر من ژیانێکی ئاسایی بژیامایە، ڕەنگە شۆپینهاوەرێک یان دەستەیڤسکییەکم لێ دەرچوایە. ل٨٧)** و لەم دوا دیمەنەدا شیکارییەکی سایکۆلۆژیی بۆ بکەین، دەگەینە چ ئەنجامێک و چۆن دەکرێت بەم دیمەنەی کۆتاییەوە بیبەسـتینەوە؟ ئایـا دەکرێـت پـشت بە قـسەکانی پرۆفیـسۆر سـریبریکۆڤ ببەسـتین، کە ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات ڤانیـا، بە تەواوی شـێت بـووە **(هەر بە جارێـک شـێت بـووە! ل٩٠)** یـان

ناوەڕۆک و ڕاڤەیەکی تری پێ ببەخشین؟ ئەم مەسەلەیە تەنها پێوەندیی بە ڤانیاوە نییە، بەڵکو پێوەندیی بە ئەستروڤ و یلێنا و سۆنیایشەوە هەیە، هەروەها بەهەزاران کەسانی تریشەوە، کە نەیانتوانیوە ئەوەی هەن، ئەوەی دەیانەوێت لەسەر ئەرزی واقیع، بەرجەستەی بکەن و خەونەکانیان بهێننە دی. ئەوەی ئیڤان پیترۆڤیچ دەیڵێت، هاوارێکە لە تەواوی کۆمەڵگەیەکەوە بەرز دەبێتەوە، کە باوەڕی بە شتە کۆنەکان نەماوە و چیتر ناتوانرێت فێڵی لێ بکرێت.

لە پەردەی چوارەمدا، ئەستروڤ هەندێک قسە دەکات، کە وەک دڵنەواییەک وایە بۆ ڤانیا، ڤانیا لە نائومێدیی خۆیەوە و لەو نائارامی و پشێوییەدا باسی ئەوە دەکات، کە ژیانێکی تازە دەست پێ بکاتەوە، لەو ژیانەیشدا **(کە ژیان سەرلەنوێ دەست پێ دەکاتەوە، ئەوەی ڕۆیشتووە لە یاد چووەتەوە و وەک تەمێک ڕەویوەتەوە. ل٩٦)**، ئەستروڤ هۆشیارتر و ڕاستگۆترە و بە ڤانیا دەڵێت: **(کام ژیانی نوێ؟! باری ژیانی من و تۆ هیوای تیا نەماوە! ل٩٦)**. دوای ئەوە لە ئاسۆیەکی دوور دەڕوانێت و بە چاوێکی ئایندەبینییەوە، هەروەک کارەکتەرەکانی تری، بەتایبەتی لە (سێ خوشک)دا، بەڵام بەبێ ئەوەی خۆی هیچ هیوایەکی هەبێت، دەڵێت: **(ئەوانەی سەد یان دووسەد ساڵی تر دوای ئێمە دێنە ژیانەوە و بە سووکایەتییەوە بیرمان لێ دەکەنەوە، چونکە ژیانی خۆمان وا بێمێشکانە و بێتام بردووەتە سەر – ئەوان ڕەنگە شێوازێک بدۆزنەوە بۆ ژیانێکی بەختەوەرانە، ل٩٦)**.

کە چێخەف بە دڵنیاییەوە باسی ئەوەی دەکرد، ژیان لەسەر ئەم گۆی زەوییە دوای سەد یان دووسەد ساڵی تر خۆش دەبێت، تەنها فەنتازیا و خەیاڵپڵاوی چێخەف نەبووە، بەڵکو ئەو

لە هەمــوو بوارەکانــدا بیــری لە گەشــە و پێــشکەوتنەکانی مرۆڤـایەتی دەکـردەوە. چـێخەف لەو سـەردەمەدا هەسـتی بە چەکەرەکردنــی ئەوە کردبــوو، کە ئەو ڕۆژە نــزیکە مــرۆڤ خۆیان بیر لە ژیانێکی هارمۆنی و پێشکەوتن و ئازاد بکەنەوە.

## کارکردن و کەوتنی مرۆڤەکان

لە خـاڵە ڤانیـادا، ئەوانەی کـار دەکەن و بەرهەمیـان زۆرە دەکەون، دەشکێنەوە و دۆڕاوەکانن، ئەوانەیشی کار ناکەن و هـیچ بەرهەمێکیـان نیـیە، بەردەوامـی بە ژیـانی خۆیـان دەدەن، وەک ئەوەی هـیچ ڕووی نەدابێـت. ئەوەی لەم ژیـانە لادێـیەی چێخەف-دا تراجیدیایە، ئەوەیە دەبوایە یان دەبوو ئەوانەی کار دەکەن و بەرهەمهێـنەری ئەم ژیـانەن (مـرۆڤ) بوونـایە، لەبەر ئەوەی لە کۆتاییـدا تەنهـا ڕاکـردن لەو واقـیعە لە بەردەمیانـدا مـاوە. ڤانیـا خـۆی لەپـشت کـارکردنەوە دەشـارێتەوە و لەنـاو کارکردنـدا، لە دەسـتی واقیـع و ئەو ڕەوشـە تراجیـدییەی تێـی کەوتووە، ڕادەکات. (**بە زووتـرین کـات دەبێ خـۆم سـەرقاڵی شتێک بکەم، کار بکەم، کار! ل١٠٣**)، ئەوەی بۆ ئەستروٚڤ-یش دەمێنێتەوە بێدەربەستێتی و بۆ سۆنیایش بڕوایەکی پتەوە بەوە دونیا، واتە دینە.

## ماڵئاواییەکی پڕ لە ئازار

هەموو پەردەی چوارەمی دەقەکانی چێخەف بە ماڵئاوایی و دابڕان کۆتاییان دێت، بەڵام ماڵئاوایی هیچ دەقێکی، وەکو خاڵە ڤانیا سەخت و پڕ لە ئـازار نییە؛ تۆنی دەقەکە و ئەتمۆسـفێر و هەلـومەرجی کارەکتەرەکـانیش، بەتـایبەتی ئەوانەی لە لادێکەدا دەمێننەوە، لە هەموو ڕوویەکەوە سنووردارە و توانـای جووڵە

و هەڵسوکەوتیان، لە ڕووی ڕۆحی و جەستەییشەوە، نامێنێت. لە شانۆنامەی (سێ خوشک)دا جۆرە ڕێککەوتنێک دژ بە شتێک هەیە، لە (باخی گێلاس)دا شتێک بە تەواوی کۆتایی پێ هاتووە، بەڵام لە (خاڵە ڤانیا)دا هەموو شتێک وەکو خۆی بەردەوامە، هەروەک ڤانیا دەڵێت: **(هەموو شت وەک خۆی لێ دێتەوە. ل١٠٢)**، لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو شتێک گۆڕاوە و هیچ شتێکیش وەک خۆی لێ نایەتەوە.

چیخەف دیمەنی کۆتایی پەردەی چوارەم وماڵئاواییەکەی لە ئەتمۆسفێرێکی غەمگینندا وێنا کردووە، دەنگی زەنگوڵەی ئەسپ، لەئامێزکردن، ماڵئاواییکردن، دوای ئەوە دەڕۆن و لە چاو ون دەبن، کارەکتەرەکان شپرزەن، هەستی ماڵئاوایی و گەردنئازادکردن، هەموو پێکهاتەو ئەتمۆسفێری دیمەنەکە دەگرێتەوە، هەروەک ئەوەی ماڵئاوایی لە هەموو ژیان بکرێت. دیمەنەکە بەگشتی جۆرە مۆسیقایەکی تیایە، کە حیوار، پەیڤ، دیالۆگ و سیمای کارەکتەرەکان و ئەتمۆسفێرەکە پڕ دەکات و لە دووبارەکردنەوەیەکی هارمۆنیدا بەرجەستەیان دەکات. **وا ڕۆیشتن، ڕۆیشتن، ئۆغریان کرد، ڕۆیشتن!**

کە یلێنا ئەندرێیەڤنا بە دوکتۆر ئەستروٚڤ دەڵێت: **(ئێمە جارێکی تر چاومان بە یەکتر ناکەوێتەوە، جا بۆیە هیچ هۆیەک نییە تا بیشارمەوە، من تەنانەت کەمێکیش خولیای ئێوەم کەوتبووە خەیاڵەوە. ل١٠٠)**، ئەم قسەیەی یلێنا لەوانەیە جۆرە دەرگاکردنەوەیەک بێت بۆ گفتوگۆ، بۆ ئایندەیەکی نادیار، بەڵام ئەستروٚڤ وەڵامی ئەم حیوارەی یلێنا ناداتەوە، بەڵکو لەبری ئەوە باسی ئەو کاریگەرییە خراپە دەکات، کە ئەو و مێردەکەی بەسەر هەموویانەوە هەیان بووە. **(ئێوەیش هەردووکتان، خەڵکەکەتان تووشی کەمتەرخەمی و دەستبەتاڵییەکەی خۆتان**

کرد. ل١٠٠)، ئەستروٚڤ ئەو حیوارە درێژەی بەم شێوەیە کۆتایی پێ دەهێنێت: (**من دڵنیام ئەگەر ئێوە بمانایەتەوە ماڵوێرانییەکی زەبەند ڕووی دەدا. منیش سەرم تیا دەچوو... ئێوە خۆیشتان بە سەلامەتی دەرنەدەچوون. جا بۆیە ئۆغر بکەن، کۆمیدیاکە کۆتایی هاتووە. ل١٠١)**. ئەستروٚڤ چەندە جوانی یلێنا سەرنجی ڕاکێشاوە، بەڵام هەرگیز ئەو حەزە نابێتە خۆشەویستی، چێخەفیش لە نامەیەکیدا، کە لە ٣٠ی مانگی هەشتی ساڵی ١٨٩٩دا سەبارەت بەم دوا دیمەنەی نێوان دوکتۆر ئەستروٚڤ و یلێنا، کە بۆ ئۆلگا کنیپەری ناردووە، دەڵێت: (لەسەر داوای ئێوە، پەلە لە وەڵامدانەوەی نامەکەتاندا دەکەم، کە لەوێدا پرسیارێکتان سەبارەت بە دوادیمەن لەنێوان ئەستروٚڤ و یلێنادا، کردووە. ئێوە نووسیوتانە، کە ئەستروٚڤ لەم دیمەنەدا، وەک پیاوێکی عاشقی شەیدا مامەڵە لەگەڵ یلێنا دەکات، کە ئەو لە هەست و سۆزەکانیدا، هێندە دڵبەندە، هەروەک ئەوەی خنکاوێک دەست بۆ پووشێک ببات. بەڵام ئەمە هەڵەیە. هەر تەواو هەڵەیە! ئەستروٚڤ حەزی لە یلێنایە، جوانییەکەی جێگەی سەرنجی ئەوە، بەڵام لە دوا پەردەدا ئەو دەزانێت، کە هیچ لەم حەزە سەوز نابێت، یلێنا بۆ هەتایە لە چاو بزر دەبێت – هەر لەم دیمەنەدا، ئەو بە هەمان تۆن قسە لەگەڵ ئەو دەکات، هەر وەک ئەوەی باسی گەرمای ئەفەریقا بکات، هاوکات ئەو بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک یلێنا ماچ دەکا، ئەو نازانێت لەبری ئەوە چی بکات. ئەگەر ئەستروٚڤ لەم دیمەنەدا بە تاو و خرۆش و هەستێکی قووڵەوە مامەڵە بکات، ئەوە ئەتمۆسفێری هەموو پەردەی چوارەم دەشێوێنێت، کە خۆی ئارام و تا ڕادەیەک خامۆشە) ئەوەی ڕاستی بێت یلێنایش عاشقی ئەستروٚڤ نییە، بەڵکو ئەستروٚڤ هەوڵێکە بۆ

ڕزگاربوون لەو ژیانە پووچگەرا و بێزارەی ئەوی تیا دەژی، یلێنا بەهرە و هزری ئەستروڤ-ی خۆش دەوێت، هەروەها ئەو خەونەی بە ئاســـوودەیی و بەختیـــاریی مرۆڤـــایەتییەوە دەیبینێت. (/.../ **تێبگە گیانەکەم مەسەلەکە بەهرەیە! باشە تۆ دەزانی بەهرە مانای چی؟ یانی بوێری، ئازادیی زەین و مەودا فراوانی... ئەو دارێک دەڕوێنێ و هەر لە ئێستاوە پێشبینیی ئەوە دەکات پاش هەزار ساڵی تر چیی لێ دەردەچێ و کامەرانیی مرۆڤایەتی سەرەتاتێکی لەگەڵدا دەکات. کەسانی وا دەگمەنن و پێویستە خەڵک خۆشیان بوێن... ل٦٣).**

### سمبۆلەکان و دابڕانێکی تەکنیکی

وەرچەرخانێکی گرنگ، کە زۆر تایبەتە بە چێخەف و ئەو تەکنیکەکەی، ئەو بەکاری دەهێنا، کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەوەیە، کە لە ڕێنماییەکانی پەردەی چوارەمدا نووسراوە: (**نەخشەیەکی ئەفەریقا بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە و دیارە کەسێک نییە پێویستی پێ بێت ل٩١)**، لەم ڕەوشەدا، ئەستروڤ لە نەخشەکە دەچێتە پێشەوە و سەیرێکی دەکات و دەڵێت:

**دەبێ ئێستا، ئا لەم ئەفەریقایە، گەرمایەکی عەجایەب بێت-! ترسناکە.**

**ڤەینێتسکی**

**بەڵێ. ڕەنگە وا بێ. ل١٠٦**

هەر لە ڕێنماییەکانی ئەم پەردەیەدا، نووسراوە (**قەفەزێک ڕیشۆڵەیەکی تێدایە. ل٩١)** کە هیچ مانایەکی دیاریکراو لەخۆ ناگرێت و بەکاریش ناهێنرێت، بەڵام ڕیشۆڵەکە و نەخشەکەی ئەفەریقا، لەوێدا وەک سمبۆلێک دانراون. ڕیشۆڵەکە سمبۆلی

بەنـــدکردن، دەرگالەسەرداخـــستن یـــان هەناســـە بـــۆ نەدانە، نەخـــشەکەی ئەفەریقـــایش بیرخـــستنەوەیەکە بـــۆ بـــوونی مەودایەکی تر، ئاماژەیەکە بۆ دونیایەکی تر، کە لە دەرەوەی ئەم دونیـــایەوە، بە هەلـــومەرجێکی تـــر و جیـــاوازەوە، هەیە. چێخەف بەم شێوازە، بەم وردەکاری و بەم کەلوپەلەی لەسەر شانۆکە دایدەنێت، جۆرە ڕێژەییەک بە خودی دیمەنەکە، یان ڕەوشی دیمەنەکە دەبەخشێت. هیچ شتێک ڕەها نییە. هەر ئەم دیـــمەنە کـــورتە بەو نەخـــشەیەوە، ئەتمۆســـفێرە گـــشتییەکەی دیمەنە گەورەکە دەگۆڕێت. گۆرکی لە هەمان ئەو نامەیەدا، کە لەوەوبەر ئاماژەمـان بـۆ کـردووە، سـەبارەت بەم نەخـشەیەی ئەفەریقا، لەم دیمەنەدا دەڵێت: (لە دوایەمین پەردەی "خاڵە ڤانیا" کە دوکتـۆر ئەسـترۆڤ پـاش بێـدەنگییەکی درێـژ لە بەردەم نەخشەکەی ئەفریقادا دەوەستێت و باسی گەرما دەکات،... من گیانم کەوتە لەرزین، لە سەرسامبوونم بە بەهرەی ئێوەوە و لەتاو خەڵکی، بۆ ئەو ژیانە بێڕەنگ و کولەمەرگییەی ئێمە تیایدا دەژیین. ئای چەند جوان ئێوە لە ناخمان دەسرەوێنن و چەند چاکیش دەیپێکن!).

بەرلەوەی ئەسترۆڤ-یش ماڵئـاوایی بکات، مارینا پێکێک ڤۆدکا و پارچەیەک نانی بۆ دەهێنێت، ئەسترۆڤ بەبێ ئەوەی نـانەکە بخـوات، ڤۆدکـاکە دەخـواتەوە و دەڕوات، سـۆنیا بە مـۆمێکەوە دوای دەکەوێـت، سـەرلەنوێ گوێمـان لە دەنگـی زەنگوڵە دەبێتەوە، کە هێدی هێدی دووردەکەوێتەوە. جارێکی تـر لەسـەر زمـانی مارینـاوە دەگوترێـت **(ئەویـش کەوتە ڕێ ل١٠٧)**، سۆنیا بە مۆمەکەی دەستیەوە دەگەڕێتەوە و لەسەر مێزەکە دایدەنێت و دەڵێت **(ڕۆیشت...)**

لەم دوا دیمەنەدا، ئەوەی نیازی ڕۆیشتنی هەبوو، دەڕوات، ئەوانەی دەشمێننەوە، ماونەتەوە. ڤانیا و سۆنیا دادەنیشن و دەکەونە حساب و نووسینی پسوولەکان، ماریا ڤاسیلیڤنا شتێک لە پەراوێزی نامیلکەکەیدا دەنووسێت، مارینا خەریکی گۆرەویچنینە و تیلیگین بە نەرمی گیتارەکەی دەژەنێت. دیمەنێک بە سانایی ئالوودەی هەست و سۆزمان دەبێت. ئەم دیمەنە، یەکێکە لە دیمەنە سەختەکانی چێخەف: بەرجەستەی دیمەنێکی وا، دوور لە وروژاندنێکی نێگەتیڤی هەست و سۆزەکانمانەوە و هێشتنەوەی مەودایەکی تر لەنێوان ئەم دوا چرکەساتەی پەردەی چوارەم و بینەراندا، لە ڕووی کردەیی و پراکتیکەوە، هەمیشە کێشەی بۆ ئەکتەر و ڕیژیسۆرەکان دروست کردووە.

چێخەف لە خاڵە ڤانیا-دا کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەوم کەسانی بەهرەمەند دەخاتە ڕوو، ئەو کەسانەی هێزی مرۆڤایەتییان هەیە و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لە پێناوی ئاسوودەیی خەڵکدا کار دەکەن، ئامانجیان ئەوەیە بەسەر کێشە و گرفتەکانی خەڵکی سادە و هەژاردا زاڵ بن؛ دوکتۆر ئەسترۆڤ، خاڵە ڤانیا و سۆنیا نموونەی ئەم کەسانەن. بەڵام هەوڵەکانیان هەمیشە سەرناگرێت، لەبەر ئەوەی ئەوانەی جڵەوی کۆمەڵگە و سیستێمی ژیانیان بەدەستەوەیە، کەسانی وەک پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ-ن، کە بە تەواوی لە خۆیان ڕازین، بۆ بەکۆیلەکردنی کۆمەڵ کار دەکەن، دوای بیستوپێنج ساڵیش لە بەناو کاری (داهێنان) دەردەکەوێت هیچیان نەکردووە و تەنها بلقی سەر ئاو بوون.

**دوا مەنەلۆژ و ڕاڤەیەکی دینی**

مەنەلۆژەکەی سۆنیا لەم کۆتایی پەردەی چوارەمەدا، شانە گرنگەکەی ئەم بەشە و تێکڕای دەقەکەیش پێک دەهێنێت؛ سۆنیا هەوڵ دەدات دڵنەوایی ڤانیا بکات، ئەویش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە چەندە ژیان سەختە، سۆنیا لەم ڕەوشەدا بەم شێوەیە وەڵامی خاڵە ڤانیا دەداتەوە (**ئێمە، خاڵە ڤانیا، ژیانی خۆمان دەژین. چەندان ڕۆژی لە ژماردن نەهاتوو، چەندان ئێوارەی دوورودرێژ دەژین؛ ل١٠٧**)، چارەنووسی سۆنیا و خاڵە ڤانیا ئەوەیە، کە بە بەردەوامی کار بکەن، کار بکەن (**بە پشوویەکی درێژەوە بەو تاقیکردنەوانەی ژیاندا تێدەپەڕین، کە چارەنووس بۆی دەستنیشان کردووین، تەنانەت لە پیریشدا سرەوتمان نابێت. ل١٠٧**)، سۆنیا تەنها دڵنەوایی و ڕووناکییەک هەبێت، لەودیو سنوورەکانی ژیانەوە دەیبینێت، لەوێدا (**ژیانێکی ڕۆشن و قەشەنگ و پڕ جوانی دەبینین**) لەو ژیانەی ترەوە (**بە هەستێکی پڕ نیانی و بزەی سەر لێوەوە ئاوڕ لەم ئێش و ئازارەی ئێستامان دەدەینەوە و ئیتر دەحەوێینەوە**)، سۆنیا بەنێو دەروونی خۆیدا ڕۆدەچێتە خوارەوە، لەو ڕەوشەدا تریسکەیەک لەودیو سنوورەکانی واقیعەوە بەدی دەکات، هەستێکی قووڵی دینیی لا دروست دەبێت، کە ژیانێکی تری لەم ژیانە خۆشتریان پێ دەبەخشێت.

چێخەف نە بەر لە خاڵە ڤانیا و نە دوای خاڵە ڤانیایش، بەم شێوەیە چارەسەرێکی دینیی ڕەها بۆ هیچ دەقێک، یان دیمەنێکی تری نەکردووە؛ بەڵکو چێخەف هەمیشە هزرێکی نەرێنیی بۆ دین هەبووە و هەرگیز دینی بە چارەسەر نەزانیوە. لەوانەیە ئەمەیش پێوەندیی بە ژیانی منداڵیی خۆیەوە هەبێت، کە باوکی بە زۆر خۆی و براکانی ناچار دەکرد، لە کۆرسی

کلێساکاندا بەشدار بن و گۆرانی و سروودی دینیی پێ ئەزبەر دەکردن.

هەرسێ کارەکتەرە سەرەکییەکەی خاڵە ڤانیا ڕادەکەن بۆ شتێک، کەقەرەبووی شتێکیان بۆ دەکاتەوە، لەدەستیان داوە؛ ڤانیا خۆی لە بەردەوامیی کاردا دەشارێتەوە، ئەسترۆڤ لە بێدەربەستی و نەبوونی ئەندێشەدا، سۆنیایش لە دیندا. ئەوەی لە دوا دیمەنی پەردەی چوارەمیشدا گرنگە، لە هەمان کاتدا زۆر سەختیشە، ئەوەیە، ئەم سێ ئاڕاستەیە، وەک سێ هێڵی تەریب، لە نمایشە شانۆییەکاندا، دەربکەون. ئەمەیش کارە سەخت و گرنگەکەی ڕیژیسۆر و ئەکتەرە.

دوا دیمەنی خاڵە ڤانیا، کۆتاییە؛ کۆتاییەکی تەواوی دەقەکە. لە دوا دیمەنی نەورەس، سێ خوشک و باخی گێلاس-دا، دوا دیمەن جۆرە کرانەوەیەکی دیالێکتیکی هەیە؛ ئەوەیش بە بۆچوونی زۆربەی ڕەخنەگرەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، چێخەف لە خاڵە ڤانیادا، هێشتا لە گەشەی پرۆسە هونەرییەکەیدایە و نەگەیشتووەتە نێو دونیا تازە داهێنراوەکەی خۆی. ئەو بۆچوون و دیدەی چێخەف لە نەورەس-دا هەیەتی و لە دوای نەورەس-ەوە گەشەی بەو دیدەی خۆیدا، کە لە سێ خوشک و باخی گێلاس-دا ڕەنگیان داوەتەوە و دەگەنە ئاستی ترۆپک، هێشتا لە خاڵە ڤانیادا، بە تەواوی گەشەی نەکردووە.

# بەشی شەشەم

## سێ خوشك

## درامایەك و خاڵی بەر لە کۆتایی



ستانیسلاڤسکی لە ڕۆڵی ڤێرشینیین لە شانۆی هونەری مۆسکۆ

شانۆی هونەری مۆسکۆ، دوای سەرکەوتنە گەورەکانیان لە شانۆنامەکانی چێخەف (نەورەس و خاڵە ڤانیا)دا، چێخەف-یان بە شانۆنامەنووسی خۆیان دەزانی، هەر لەبەر ئەوە نەدەکرا وەرزی ساڵانەی شانۆکەیان، هیچ دەقێکی چێخەف لەخۆ نەگرێت. ستانیسلاڤسکی بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٠٠دا بەتایبەتی سەردانی چێخەف لە یاڵتا دەکات و دەیەوێت گفتێکی لێ وەربگرێت، کە ئەوان، بۆ وەرزی (ڕێپورتواری) سێیەمی شانۆکەیان چاوەڕوانی دەقێکی تازەی ئەون. چێخەف پەیمان دەدات بە ستانیسلاڤسکی، کە تا کۆتایی مانگی نۆ ئەو دەقەی بە دەستیەوەیەتی، تەواوی بکات.

چێخەف لە کاتی بیرکردنەوە لە دەقەکە و نووسینیدا، پەردە لەسەر زۆر لە هەنگاوەکان و پرۆسەی کار و ئەو ئاستەنگانەی تووشی دەبن، هەڵدەماڵێت، بۆ نموونە لە نامەیەکی چواردەی مانگی هەشتی ساڵی ١٩٠٠دا، کە بۆ ئۆڵگا کنیپەری ناردووە، دەڵێت: (/.../ دەمەوێت نمایشنامەیەک بنووسم، بڕوا دەکەیت؟ نمایشنامە نییە، شەقڵیوپەقڵییەکە بۆخۆی. گەلێک کارەکتەری تیایە. ڕەنگە هەر نەتوانم بەردەوام بم و وازی لێ بهێنم (...).) لە نامەیەکی تریدا، کە هەر چوار ڕۆژ دواتر بۆ ئۆڵگا کنیپەری ناردووە، دەڵێت: (/.../ نمایشنامەکە لەمێشکمدا گەلاڵە بووە و بەرەوپێش دەچێت، تەنیا ئەوەی ماوە بیخەمە سەر کاغەز. هەر ئەوەندە پەڕە کاغەزێکی سپی بگرمە دەست، سەروگوێی کەرێک دەردەکەوێت. لە سەرەتاوە پێدەچوو ئاسان بێتە سەر کاغەز و نازانم دواییەکەی چۆن دەبێت).

هەرچەندە چێخەف بەڵێنی بە ستانیسلاڤسکی دابوو، کە تا مانگی نۆ دەقەکەی تەواو بکات، بەڵام بۆی تەواو ناکرێت، لە

مۆســـکۆیش ستانیسلاڤـــسکی و نمیـــرۆڤیچ، بەبـــێ ئـــارام چاوەڕوانیـان دەکـرد، ئیتـر هـیچ وەرزێکـی شـانۆیی شـانۆی هونەری مۆسکۆ بەبێ دەقێکی تازەی چێخەف مەحاڵ بوو.

ستانیسلاڤسکی و نمیرۆڤیچ لە ڕێگەی ئۆلگا کنیپەر-ەوە، زۆر لە چـێخەف دەکەن و بەردەوام ئاگـــاداری دەکەنەوە، کە ئەوان چـاوەڕوانن، چـێخەف-یـش لە نـامەیەکی تریـدا، کە لە پانزەی مـانگی نۆدا بۆ کنیپەر-ی نووسیوە، دەڵێت: (لەبـارەی شانۆنامەکەوە دەبێت بڵێم، کە زوو یان درەنگ تەواوی دەکەم، ڕەنگە لە سێپتەمبەر یان ئۆکتۆبەر یان نۆڤەمبەردا بێت، وەلـێ تەواوکردنی بۆ ئەم وەرزەی شـانۆ، هێشتا نـاتوانم هـیچ بڵـێم، مەیمـوونە ئـازیزەکەم، ڕەنـگە لای مـنەوە بڕیـارێکی پـێچەوانە هەبێـت، لەبەر ئەوەی یەکەم لەوانەیە تەواو نەبێـت و هەروەک ئێـستا لەســەر مێـزەکەم ڕاکـشابێت و جێگـە خـۆش بکـات، دووەمیش دەبێت خۆم لە کاتی پرۆڤەکردندا ئامادە بـم! چـوار ڕۆڵـی زۆر گرنگـی ژن، چـوار ژنـی گەنجـی ڕوونـاکبیر، لەگەڵ هەموو ڕێزێکمدا بۆ هەست و هۆشی "ستانیسلاڤسکی"، بەڵام نــاتوانم بیــدەمە دەســتی. دەبێــت خــۆم نیمچەچــاودێرییەکی پـرۆڤەکەی بـکەم(...).) چـێخەف (سـێ خوشـک) تەواو دەکـات، نـامەیەک بـۆ گـۆرکی دەنێرێت و باسـی ئەم دەقە تـازەیەی بـۆ دەکات و دەڵێت: (زۆر زەحمەتم بە نووسینی "سێ خوشک"ەوە کێشا، چـونکە سـێ کـارەکتەر و پـاڵەوانی ژنـی تیـایە، دەبـوایە هەریەکێکیـان خەسـڵەت و تایبەتمەنـدی و کـارەکتەری خۆیـان هەبـوایە، هەرسـێکیان کیـژی یەک ژەنەڕاڵـن. ڕووداوەکـان لە شارۆچکەیەکی دەڤەرێکی وەکو پرمدا دەردەکەون، سـەربازان ناوچەکەیان داگیر کردووە. تۆپخانەیەکی لێیە...)

شانۆنامەی (سێ خوشک) بە پێنج ساڵ دوای شانۆنامەی (خاڵە ڤانیا) بەتایبەتی بۆ شانۆی هونەری مۆسکۆ نووسراوە. چێخەف لەم قۆناغەی ژیانیدا، بە قووڵی لە واقیعی ڕووسیا و نهێنییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی دەکۆڵییەوە، ئەم واقیعەیش بەرەو گۆڕانکاریی بنەڕەتی دەڕۆیشت و ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی شتی تازەی بە خۆوە دەدی؛ بزاوتی کۆمەڵایەتی و ڕەوتی ژیانی خەڵکی گەشەیەکی جیاوازی ئاشکرای پێوە دیاربوو، هەروەها هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی سیاسی لە پێشکەوتندا بوو. ئەمانەیش بە ڕوونی لە شانۆنامەی (سێ خوشک)دا ڕەنگیان داوەتەوە.

**یەکەم خوێندنەوە لە مۆسکۆ**

چێخەف لە دەوروبەری بیستی مانگی دە، بە ڕەشنووسێکی تەواوکراوی دەقەکەیەوە دێت بۆ مۆسکۆ؛ دەقەکە بۆ ئەکتەرەکانی شانۆی هونەری مۆسکۆ دەخوێنێتەوە، کە بە حەپەسان و بێدەنگییەکی گومانلاوییەوە پێشوازیی لێ دەکەن. ئۆڵگا کنیپەر، کە خۆی ئامادەی ئەم چرکەساتە و خوێندنەوەی دەقەکە بووە، لە یاداشتەکانیدا، بەم شێوەیە باسی ئەو ڕۆژە دەکات، کە چێخەف (سێ خوشک) لە شانۆی هونەری مۆسکۆ دەخوێنێتەوە: (کە نووسەری خۆشەویستمان، شانۆنامەی (سێ خوشک)ی بۆ ئەکتەر و دەرهێنەرەکان خوێندەوە، کە ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕێمان دەکرد، بێدەنگییەکی سەرسامکەر هەموو ئەو ناوەی داگرت. چێخەف زەردەخەنەیەکی بێدەسەڵاتانەی کرد، چەند جارێک بە تووڕەییەوە کۆکەی لێ هات. هەستا و کەوتە پیاسە. هەندێک باری سەرنجمان گوێ لێ بوو "ئەمە هێڵی گشتییە و نمایشنامە

نییە، ئەمە بۆ نواندن نابێت... کارەکتەرەکانی واقیعی نین. ئەمە چەند ئاماژەیەکە و هیچی تر.")

چـــێخەف لە مۆســـکۆ چـــاو بە دوو پەردەی ســـەرەتای شانۆنامەکەدا دەگێڕێتەوە. پاشان دەچێت بۆ (نیس) لە فەرەنسا و لەوێوە بۆ ئیتالیا تا پاشماوەکەی لەوێ تەواو بکات. چێخەف سەرلەنوێ بە دەقەکەیدا دەچێتەوە و بە وردی و چڕی کاری تیـا دەکـاتەوە، پـاش مـاوەیەک پەردەی سـێ و چواریـان بـۆ دەنێرێتەوە. ستانیسلاڤسکی-یش لەگەڵ ئەکتەرەکان لە شـانۆی هونەری مۆسکۆ، دەکەونە پرۆڤەکردن.

### سرووش و مۆتیڤەکان

چـــێخەف سرووشـــی ئەم دەقە و ئەو شـــارۆچکەیەی ڕووداوەکـــانی تێـــدا ڕوو دەدات، لە شـــارۆچکەیەکەوە وەرگرتووە، کە هێندە دوور نەبووە لە مۆسکۆوە و یەکێک لە براکانی لەوێ مامۆستا بووە؛ خۆیشی وەک پزیشک لە یەکێک لەو ناوچانەی نزیک بووە لەم شارۆچکەیەوە کاری کردووە و زوو زوو سـەردانی بـراکەی کـردووە. لەم شـارە بچـووکەدا تۆپخانـەیـەک هـەبـووە، کە چـێخەف بـۆ وێنـاکردنی کـارەکتەرە سەرباز و ئەفسەرەکانی سوودی لێ وەرگرتووە. یادەوەری و خەونی سێ خوشکەکەیش بە گەڕانەوەیان بۆ مۆسکۆ، هەست و سـۆزی چـێخەف خـۆیەتی، کە لە یاڵتـا دانیـشتبوو و ئەم دەقەی دەنووســی، ئەو هەســتی دەکـرد لە دونیـا دابـڕاوە و دوورە لە خۆشەویستەکەیەوە، دوورە لە شانۆوە، هەروەها لە ناوەندە ئەدەبی و کولتوورییەکەوە، یاڵتا بۆ ئەو دۆزەخ بوو. لە بەشـێکی زۆری نامەکانیـدا باســی ئەم تەنهـایی و دۆزەخەی یاڵتای کردووە، بۆ نموونە لە نامەیەکیدا بۆ ئۆڵگا کنیپەر دەڵێت:

(ئاه ئەکتەرە ئازیزەکەم، کەی یەکدی دەبینین؟ ژیان بەبێ تۆ هێند بێزراوە، کە هەر ئەوەندەت زانی هاوارم لێ هەستا "فریام بکەون" من پێویستم بە بینین و ڕوانینی ژیانە، هیچ شتێک لە یالْتادا سەرنجم ڕاناکێشێت (...) خوازیارم لە مۆسکۆ بژیم، کە لەوێ دەبم دەمەوێت سەفەر بۆ کریم یان بۆ دەرەوەی وڵات بکەم و خەون ببینم).

**یەکەم نەمایشی سێ خوشك**

لە ٣١ی مانگی یانیوەری ساڵی ١٩٠١دا شانۆی هونەری مۆسکۆ، شانۆنامەی (سێ خوشک) پێشکەش دەکەن، چێخەف لەم کاتەدا لەئیتالیاوە دەگەڕێتەوە بۆ یالْتا و هیچ تەلەگرامێکی بەدەست ناگات، ئەمەیش وا لەچێخەف دەگەیەنێت، کە شانۆنامەی (سێ خوشک) لەمۆسکۆ سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. چێخەف تا بە تەواوی لەناوەڕاستی مانگی فێبریوەریدا، دەگەڕێتەوەبۆ یالْتا، نازانێت، کە شانۆنامەکەی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە. هەر لەم ساڵەدا بڕیاری تەواوی خۆی دەدات و لەگەڵ ئۆلگا کینپەر زەماوەند دەگێڕێت، بەڵام باری تەندروستیی بەرەو خراپتر دەچێت.

فلادیمیر نمیرۆڤیچ لە یاداشتەکانیدا (شانۆی هونەر) دەڵێت: ("سێ خوشک" لە هەردوو ڕووی بەتوانایی و بلیمەتیی گرووپی ئەکتەرەکان و هەروەها لە ڕووی ڕیژی ستانیسلاڤسکی-یشەوە، بووە باشترین نمایشەکانی شانۆی هونەری مۆسکۆ. ئەم دەقە لە ڕووی لیریکەوە، بە هەمان شێوەی "نەورەس" قووڵ نەبوو؛ لەبری ئەوە (سێ خوشک) بە هەستێکی ساتەوەختی جوانی شاکارانە نووسرا بوو. ئەمە جگە لەوەی چێخەف لەم دەقەیدا شتێکی کردبوو، کە ڕەخنەگرە

شانۆییە زیرەکەکان بە شێوەیەکی توند دایاندەپلۆسی، ئەوە بوو: دەقەکەی بۆ کۆمەڵێک ئەکتەری دیاریکراو نووسی بوو. چێخەف، ئەگەر بۆمان هەبێت وا بڵێین، سایکۆلۆژێکی شانۆیی گەورە بوو، بە سەلیقە و تواناوە توانا هونەرییەکەی گرووپە گەنجەکەمانی بۆ دەقەکەی کۆکردبووەوە، لە تۆێشەبەرە ئەدەبییەکەیدا ئەو وێنانەی هەڵبژاردبوو، کە کەم و زۆر نزیک بوون لە توانا هونەرییەکانیانەوە. ئەمەیش یارمەتیدەرێکی گەورە بوو بۆ گرووپەکە) ستانیسلاڤسکی-یش ئەوەی دووپات کردووەتەوە، کە شانۆنامەی (سێ خوشک) لێوانلێوە بە ماناکان، بە شێوەیەک ئەگەر هەزارەها جاریش نمایش بکرێت، ئەوە لە هەموو نمایشێکدا مانایەکی تازەی تیا دەدۆزرێتەوە.

لەم نمایشەی شانۆی هونەری مۆسکۆدا، ئۆڵگا کنیپەر ڕۆڵی ماشا، ستانیسلاڤسکی ڤێرشینین و مایرهۆڵدیش ڕۆڵی بارۆن توزینباخ، دەبینێت.

**گەمەی دەسەڵات و ڕەوتی ڕووداوەکان**

ناونیشانی ئەم دەقە (سێ خوشک) هەر لە سەرەتاوە ئەوەمان پێ دەڵێت، کە ئەمە دەقێک نییە کارەکتەرێکی سەرەکی لەخۆ بگرێت، بەڵکو چەندان کارەکتەر ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. ڕووداوەکانیش باسی سێ خوشک: ئۆڵگا، ماشا و ئیرینا، کە پێکەوە لەگەڵ براکەیان ئەندرێی لەشارێکی دوورەدەستی بچووکدا، دوای ئەوەی باوکیان وەک ژەنەراڵ و سەرلەشکر لەمۆسکۆوە گوێزراوەتەوە بۆ ئەوێ، دەژین، دەکات. ئێستا باوکیان (پرۆزۆرۆڤ) ساڵێکە مردووە و هیچ شتێک وەک خۆی نەماوە، بەتایبەتی جاران ئەم خێزانە لە چەقی پێوەندی و ڕووداوەکاندا دەبن، بەڵام ئێستا ئەو خانەوادەیە لەسەرەڕێگەی

ژیاندا بەجێماون. لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا هەندێک پاشماوەی ئەم سوپایە هەر بە ماڵەکەیانەوە دیارە، ئەفسەر و سەربازەکان سەردانیان دەکەن و ژیانیان پڕ دەکەن لە بیرەوەری، وەکی تر ئەو سێ خوشکە و براکەشیان زیاتر باسی ئەوە دەکەن، کە عەشقێکی ڕاستەقینە بدۆزنەوە، ژیانیان بگۆڕن و بگەڕێنەوە بۆ مۆسکۆ تا سەرلەنوێ و لەوێ ژیانیان دەست پێ بکەنەوە. ئەم خەونانەیش نایەنە دی. ئەو پیاوانەیشی لە دەوروبەری ئەم سێ خوشکەدا دەژین، دێنە ژیانیانەوە و بەریان دەکەون، هەموویان بە شێوەیەک لە شێوەکان کەسانی بێهێزن، قوربانییەکی ئەو مۆتیڤە چێخەفییەن، کە بە ئارەزوو و ویستی خۆیان بە ئازادی ناژین. کە ئەندرێی براشیان ناتالیادەخوازێت و دەیگوێزێتەوە ناو ماڵەکە، ژیانی هەرسێ خوشکەکە بە تەواوی دەگۆڕدرێت.

ناتالیا سەرەتا برای سێ خوشکەکە دەبات، دوای ئەوە ماڵەکەیان و لە کۆتاییشدا هەموو ژیانیان. ناتالیا سمبۆلی دەسەڵاتە و هەژموونێکی گەورەی بەسەر ڕووداوەکان و چارەنووسی کارەکتەرەکانەوە هەیە. ئەندرێی پارەکانیان دەدۆڕێنێت و خوشکەکانیشی دەسەڵاتیان کەمتر و کەمتردەبێتەوە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەندرێیان نامێنێت. سێ خوشکەکە لەو بڕوایەدان، کە ئەوان بۆ ژیانێکی تر خولقاون؛ ئۆلگا تەمەنی بیستوهەشت، ئیرینا بیست و ماشایش کچە ناونجییەکەیانە و هەرسێکیان هێشتا گەنجن، بەڵام هیچیان لە ژیانی خۆیان ڕازی نین و بە شێوەیەکی قووڵ هەست بە پەژارەی ژیان دەکەن.

ئۆلگا مامۆستایە، لەو بڕوایەدایە، ئەگەر شووی بکردایە و لە ماڵی خۆیدا بوایە، زۆر بەختیارتر دەبوو، ماشا شووی بە

مامۆستایەک کردووە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو بڕوایەدا بووە مێـردەکەی هۆشـیارترین و زیرەکتـرین پیـاوی شـارەکەیانە، ئێستا ناتوانێت چیتر بەرگەی دەبەنگی و گێلێتیی ئەو بگرێت. ئیرینـا لە دەزگـای تەلەگـراف کـار دەکـات و دەڵێـت پێویـستە هەمـوو مرۆڤێک کـار بکـات، بەڵام کـارەکەی خـۆی لە دەزگـای تەلەگراف سەرنجی ڕاناکێشێت و بێزارە لێی. کۆمەڵێک سەرباز بە بەردەوامی دیدەنییان دەکەن، هەرچەندە ئەم کارەکتەرانە بە جلــوبەرگە ســـەربازییەکانیانەوە لەیەک دەچــن، بەڵام لە زۆر ڕووەوە جیاوازن. بارۆن توزینبـاخ، وەک ئیرینا خەون بەوەوە دەبینێــت، مــرۆڤ کــار بکــات، ســـەلیۆنی لەو بــڕوایەدایە لە لێرمۆنتــۆڤ دەچێــت، بەڵام ئاســـتی هۆشــیاریی ئەو، هەمــان هۆشـــیاریی لێرمۆنتـــۆڤ نیـــیە، ڤێرشـــینین، کە لە ژیـــانێکی هاوسـەرگیریی نـاهەمواردا گیـری خـواردووە و ژنەکەی نـیمچە شێتێکە، باسی ئەو دونیایە دەکات، کە دوای دووسەد ساڵی تـر چەند خۆشە.

ناتالیا نموونەیەکی دانسقەیە لە بڵاو کردنەوەی نائـارامی و پــشێوی و تەمێکــی ڕەشــدا، وەک کــارەکتەری (هوممێــل) لە شـانۆنامەی (سۆناتای تارمـایی)ی ستریندبێرگ-دا خـوێنمژە و چەکەرەیەکی نەخـوازراوە، کە لەنێو کەش و ژینگەیەکی باشـدا گەشە دەکـات، سەرکەوتنیشی لە کۆتاییدا، سـەرکەوتنی هێزی شــەڕە. ناتالیــا، لایەن و دونیـا تونـدوتیژ و بــێ زانـست و بــێ کولتوور و بێ بەهاکان بەرجەستە دەکات. ئەندریی لە پەردەی چوارەمـدا، سـەبارەت بە ناتالیـا دەڵێـت: (**ژنەکەم ڕێکوپێـک و ڕەوشــتبەرز و بەبەزەیــیە، بەڵام لەگەڵ ئەم هەمــوو لایەنە چاکانەیـشدا، شـتێکی تێدایە، کە لە ڕادەی کەم دەکـاتەوە و**

**دەیگەیەنێتە پلەی گیانلەبەرێکی بچووک و کوێر و زبر! بە کورتی ژنەکەم مرۆڤ نییە. ل١٥٥).**

هەرچەندە شتگەلێکی زۆر لەم دەقەدا، وەکو ڕووداو، ڕوو نــادات، بەڵام هێڵێکـــی نادیـــاری ڕووداوگەلێـــک، بەوپەڕی وردەکارییەوە لە ڕۆنانی درامـی دەقەکەدا دەجـووڵێنەوە، ئەم هێڵەیش ناتالیایە، کە بە شێوەیەکی نەخشەبۆدانراو بە پلانێکی بەهێز، بەبێ گوێدانە هیچ شتێک، بنەماڵەکەی پرۆزۆرۆڤ هێدی هێدی تێک دەشکێنێت و لە ماڵەکە دەیانکاتە دەرەوە. هەر لەم ڕووەیشەوە دەتوانین بڵێین، کە ڕووداوەکان لە ڕووی دەرەوە و لە ناوەوەیشدا، وەک دوو هێڵی تەریب وان: ئەوەی ناتالیا دەیکات، کردارێکی ناوەکی و شاراوە و نادیارە، خراپبوونی ڕەوشـی ژیـانی سـێ خوشـکەکەیش، لە ژیـنگە و مـاڵەکەی خۆیاندا، ئەو کردارەیە لە ڕووکاری دەرەوەدا دیارە و لەنێو ڕووداوەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. لە هەردوو بارەکەیشدا، ململانێی لەنێوان کولتوور و ناکولتووردا (بازاڕی) بابەتی سەرەکی و ناوەندگەرای دەق/نمایشە. ئەمەیش هەر لە سەرەتای دەقەکەوە دەبینین، سێ خوشکەکە گوزارشت لە ئێستایان و یادەوریی ڕابردوویان دەکەن؛ بەتایبەتی ئەم خێزانە هەموویان خوێندنی بەرزیان تەواو کردووە و کەسانێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوارن و بەر لە دە ساڵ لە مۆسکۆوە بۆ ئەم شارە بچووکە هاتوون.

## ڕێگەیەکی تر بۆ ژیان

چێخەف ئەوەمان پیشان دەدات، کە چۆن ئەم خێزانە، دوای مردنـی باوکیـان، هەوڵـی ئەوەیـان داوە خۆیـان لەو ژیـنگە و کەشـە تـازەیەدا بگـونجێنن: ئۆلگـا بە وانەگـوتنەوە لە یەکێک لە قوتابخانەکاندا، ماشا بە شووکردن بە مامۆستایەکی ناوچەکە،

ئیرینـــا بە گـــۆڕینی چەنـــد جـــۆرە کارێـــک و ئەنـــدرێی بە هاوســـــەرگیری لەگەڵ ناتالیـــــا و کـــــارکردن لە کـــــۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی گوندەکان، بەڵام هەموو ئەم هـەوڵانـە نـاگەنە هـیچ ئەنجامێـک و نووشوسـتی دەهێـنن. یەکێـک لە هۆکـارە گرنگەکانیش ئەوەیە، کە ئەم خێزانە ژیانی ئێستایان بە جۆرە دوورخستنەوەیەک، بەبێ ویستی خۆیـان دەزانـن، لەبەر ئەوە لەنێوان دڵەڕاوکێ و یادەوەری بۆ ڕابردوو و ئێستایەکی بێزار و دڵگرانییان لەم شارە بچووکە ناخۆشەدا، بەبێ ئەوەی بتوانن هیچ هەنگاوێک بنێن، گیریان خواردووە.

ئەگەر (ماشـا) لە ڕێگـەی ئامڕازێـک و پێوەنـدییەکی تـری دەرەوەی ژیـانی هاوســـەرگیرییەوە بیەوێـت هەناســـەیەکی تـر بـدات، کە سـەرکەوتوویش نابێـت، ئەوە (ئیرینـا) هەوڵـی ئەوە دەدات ئەڵتەرناتیڤێـک بـۆ کـارەکەی بـدۆزێتەوە، هەروەهـا هاودەمێکی ڕۆحییش هەڵبژێرێت، هەرچەندە خۆشیشی ناوێت، بەتایبەتی، کە دەیەوێت شـوو بە توزینباخ بکات. ئیرینا بڕوای بە کـارکردنیش نامێنێـت، بـۆ نمـوونە، کە لە نووســـینگەی تەلەگـراف دەکەوێـتە کـار کـردن، تووشـی بێـزاری دەبێـت. کارکردن لەم نـاوچە و شـارە بچووکەدا هیچ مانـا و پەیـامێکی گەوهەری نامێنێت.

ناتالیـا، لە پەردەی یەکەمـدا دیـدەنیی سـێ خوشـکەکە و ئەندرێی برایـان دەکـات، ئەوان بە گرنگیپێدانەوە پێشوازیی لـێ ناکەن و ئۆلگا گاڵتە بە ستایلی جلوبەرگ و پشتێنە سەوزەکەی دەکات (**هەر لەبەر ئەوەی لێت نایە و سەیرە! ل٧٠**) لە پەردەی دووهەمـدا ناتالیـا هاوسـەرگیریی لەگەڵ ئەنـدرێی کـردووە و هـاتووەتە مـاڵەکەوە، دوای ئەوە و تـا کۆتـایی پەردەی چوارەم دەستی گرتـووە بەسـەر هەمـوو مـاڵەکەدا. ناتالیا تەنها هەموو

پارەکانی ئەم خێزانە، لە ڕێگەی ئەندرێی-ەوە نابات، بەڵکو بە درێژایــی ڕووداوەکــانی شــانۆنامەکەیش ســەرقاڵی ئەوەیە ئەنـــدامەکانی ئەم خێـــزانە لەم ژوورەوە بـــۆ ئەو ژوور بگـوێزێتەوە تـا لە کۆتاییـدا، بە تەواوی دەیانکـاتە دەرەوە. لە سـەرەتای پەردەی دووهەمـدا بە ئەندرێی دەڵێت: (/.../ **لەشـی بۆبیک ساردە، ترسم لێ نیشتووە، ڕەنگە ژوورەکەی سارد بێ، ئەبێ هـیچ نەبێ هەتـا هـاوین بیبەیـنە ژوورێکـی تـر. ژوورەکەی ئیرینا بۆ منداڵ زۆر باشە، وشکە و بە درێژایی ڕۆژ تیشکی خۆری تێدایە. ئەبێ پێی بڵێین، ئەو ئەتوانێ جارێ لەگەڵ ئۆلگادا لە ژوورێکدا بنوون. ل٧٨)** لە پەردەی سێیەمدا (ئەنفیسا)ی هەشتا ساڵە، کە بە درێژایی ژیانی لەو ماڵەدا کاری کـردووە، دەکـاتە دەرەوە، لەبەر ئەوەی پیـر بـووە و هـیچ ســوودێکی نەمــاوە. لە پەردەی ســێیەمدا، ئۆلگــا و ئیرینــا دەگـوێزێتەوە بـۆ ژوورێکـی تەسـک و بچـووک، لە کاتێکـدا ئاگرێـک لەو شــارەدا دەکەوێــتەوە، ناتالیــا بە منـداڵەکانیەوە ژوورەکەی ئیرینایـان داگیـر کـردووە. لە دوا پەردەیـشدا، دوای ئەوەی خوشـــکەکانی کـــردۆتە دەرەوە، ئەنـــدرێی-ش لە ژوورەکەی خـۆیەوە دەگـوێزێتەوە بـۆ ژوورێکـی بچـووک و چەپەک تـا شـوێنێکی بـاش بـۆ (سـۆفیا)ی کچـی بکـاتەوە، بەم شێوەیە تەنها ناتالیا و دۆستەکەی (پرۆتۆپۆپۆڤ) و منداڵەکانی لە خانووەکەدا دەمێننەوە. ئەندرێی لە کۆتاییدا، وەک سێبەرێکی قەڵەو و بێ ویستی لێ هاتووە و لە دەرەوە پاڵ بە عەرەبانەی منداڵەکەیانەوە، کە لەوە دەچێت هیی خۆیشی نەبێت و ناتالیـای ژنـــی لە (پرۆتۆپۆپـــۆڤ)ی دۆســـتی بـــووبێتی، دەنێـــت. کە شانۆنامەکەیش تەواو دەبێت، هیچ لەو کچە نادڵنیـایەی پەردەی یەکەم نەمـاوە، بەڵکو لەبـری ئەوە دەسـەلاتی بەسـەر مـاڵەکەدا

توند كردووه و به ئاشكرایش پێوەندیی به پرۆتۆپۆپۆڤ-ەوه هەیه، كه (میوانێكی رۆژانەی ماڵەكەیه) و بێگومان باوكی (سۆفیا)ی كچه بچووكەكەشیانه.

شانۆنامەی (سێ خوشك) وێنای هەرەسی چینی رۆشنبیر بەرامبەر به هێزی تاریكی دەكات، مەسەلەیەك چێخەف له دوا دەقی شانۆییدا (باخی گێلاس) دەگەڕێتەوه سەری، بەڵام له دیدێكی كۆمیدییەوه مامەڵەی لەگەڵ دەكاتەوه.

ئەو كێشه و ململانێیەی لەنێوان ناتالیا و بنەماڵەی پرۆزۆرۆڤ-دایه، هەمیشه له ڕەوتی ڕووداوەكاندا، ململانێ و كێشەیەكی دیار و ئاشكرا نییه. ئەندرێی و خوشكەكانی به ئەدەب و ئەتەكێتن و لەگەڵ ناتالیا ناچنه ناو هیچ كێشەیەكەوه، یان ئەوەتا خەریكی گیروگرفتەكانی خۆیانن و به شێوەیەك نایانپەرژێته سەر ناتالیا، ئەگەر به درێژایی ڕووداوەكانی دەقەكەیش، لێره و لەوێ، ڕووبەرووی یەكتری ببنەوه، ناچێته نێو گفتوگۆ و كێشەیەكی ئاشكرا و دیارەوه. ئەمەیش یەكێكه له تەكنیكه بەرزەكانی چێخەف.

پاككرنەوەی ماڵەكه له سێ خوشكەكه و ئەندرێی برایان، له لایەن ناتالیاوه، شێوازێكی سمبۆلی لەخۆ دەگرێت؛ چێخەف بۆ بەرجەستەكردنی ئەم پرۆسەی دەستگرتن بەسەر ماڵەكەدا، به شێوەیەكی جوان له بەكارهێنانی سینۆگرافیادا بەرجەستەی دەكات: پەردەی یەكەم و دووهەم و سێیەم له ناوەوەی ماڵەكەدا ڕوو دەدات، كه هێدی هێدی بوارەكانی نێو ماڵەكه بەرتەسك دەكاتەوه تا له پەردەی سێیەمدا، بۆ نموونه ژووری ئۆلگا و ئیرینا پڕ بووه له شت و قەرەباڵغ به كارەكتەرەكان. پەردەی چوارەمیش له دەرەوەی خانووەكەدا ڕوو دەدات. سینۆگرافیای دەرەوه له پەردەی چوارەمدا، ڕەوتی

چیرۆکەکەمان بە شێوەیەکی بینراو بۆ تەواو دەکات: ئێستا خێزانەکەی (پرۆزۆرۆڤ) لە دەرەوەی ماڵەکەیاندان، ئەندرێی پاڵ بە عەرەبانەی منداڵەکەیەوە دەنێت، کە لە ڕاستیدا منداڵی خۆی نییە، پرۆتۆپۆپۆڤ-ی دۆستی ناتالیایش، لە ژوورەوەیە. ناتالیا هێشتا تەواو نەبووە لە داماڵین و پاککردنەوەی بنەماڵەکەی پرۆزۆرۆڤ، بەڵکو دەیەوێت دەرەوەی ماڵەکەیش لە پاشماوەکانی ئەوان ڕامالێت. بڕیار دەدات دارەکانیش ببڕێتەوە **(پێش هەموو شتێک فەرمان بدە هەموو سنەوبەرەکانی ئەملا و ئەولای ئەو ڕێگەیە ببڕنەوە، دواییش ئەو دار کەتانانەیش هەر ببڕنەوە، بە ئێواران زۆر ناشیرینن! ل١٧١)** ناتالیا هەروەک کارەکتەری (لەپاخین) لە باخی گێلاس-دا، ئەو درەختانە دەبڕێتەوە، کە سمبۆلی ژیانە کۆنەکەیە، لێکچوونێکی تر لەنێوان ناتالیا و لەپاخین-دا هەیە، کە هەردووکیان لە چینێکی نزمەوە هاتوون.

بەم شێوەیە شوێن لەم دەقەی چێخەف-دا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، نەبوونی ژوورێکی دانیشتن تا دەگاتە سنووردارکردنی هەموو جووڵەیەک لە پەردەی سێیەمدا، لە ژوورێکی نووستندا، بۆ پەردەی چوارەم لە باخچەکەی دەرەوەدا.

### ڕۆڵی سوپا و ژیانی سێ خوشکەکە

جگە لە سێ خوشکەکە، ئەندرێی و نەتالیا، دوو کارەکتەری تری گرنگ هەن، کە ڕۆڵێکی گەورە و لەبەرچاویان لەشانۆنامەی (سێ خوشک)دا هەیە، ئەم دوو کارەکتەرەیش هەرگیز دەرناکەون، یەکەمیان پرۆزۆرۆڤ-ی باوکی ئەندرێی و سێ خوشکەکەیە، پرۆزۆرۆڤ سەرکردەی بەتالیۆنێکی

سەربازی بووە، کە شانۆنامەکە دەست پێ دەکات، ئەو ساڵێکە مردووە. دووەمیان پرۆتۆپۆپۆڤ، پارێزگاری شارەکە یان بەڕێوەبەری گوندەکانە، ئەم کەسایەتییانە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان بەسەر ژیان و چارەنووسی کارەکتەرەکان و ڕەوتی ڕووداوەکانەوە، هەبووە و هەیە. پرۆزۆرۆڤی باوکیان هەر لەسەرەتای شانۆنامەکەوە دەردەکەوێت و بوونێکی ئامادە و بەهێزی هەیە. ئۆلگا لە یەکەم حیواری سەرەتای دەقەکەدا دەڵێت:

**ئیرینا، باوکم ساڵێکی تەواو لەمەوبەر، لەم ڕۆژەدا لەپێنجی مایسی پاردا و لەڕۆژی بیرەوەریی لەدایکبوونی تۆدا مرد. ڕۆژێکی سارد بوو و بەفر ئەباری. من وام ئەزانی بەرگەی ئەمەناگرم. تۆ بێ هۆش کەوتبووی و وەک مردوو وا بووی ... بەڵام وا ساڵێک تێپەڕی و ئێستا لەسەرخۆ یادی ئەکەینەوە. ل٣٧**

ژەنەراڵ پرۆزۆرۆڤ پلانی گەورەی بۆ پاشەڕۆژی منداڵەکانی هەبووە، بۆ نموونە فێری زمانەکانی فەڕەنسی، ئەڵمانی و ئینگلیزی کردوون، ئیرینا تەنانەت ئیتاڵییش دەزانێت، هەر لەسەر داخوازی ئەو ئەندرێی ڕێگەی بواری ئەکادیمیی هەڵبژاردووە و باوکی خوازیار بووە، کەئەندرێی ببێت بە پرۆفیسۆر.

کە باوکیان ژەنەراڵ و سەرکردەی لەشکری ئەو شارەبووە، کاریگەری و مانایەکی گرنگی لەدوای خۆیەوە بۆ هەموو شانۆنامەکە بەجێ هێشتووە، ئەو ئێستا مردووە، بەڵام سەرباز، ئەفسەر و هەموو لیوای شارەکە ئامادەبوونێکی ڕاستەوخۆیان لەماڵەکەدا هەیە و کاریگەرییان بەسەر هەموو کەسایەتییەکان و ڕەوتی چارەنووس و پێگەی ژیان وگوزەرانیانەوە هەیە.

جگە لەژیانی سەربازی، شارێکی بچووکی دوورەدەستی ڕووسیا مۆتیڤ و بنەما گرنگەکانی ژیانی خێزانی بنەماڵەی پرۆزۆرۆڤ پێکدەهێنێت. لەو ڕۆژەوەی باوکیان مردووە خەون و حەزەگەورەکانی هەرسێ خوشکەکە ئەوەیە، کە بگەڕێنەوە بۆ مۆسکۆ. مۆسکۆ، بۆ ئەو سێ خوشکە تەنها شارێک یان پانتاییەکی جوگرافیی ڕووت نییە، بەڵکو سمبۆلێکە، سمبۆلی یادەوەری و گەڕانەوە بۆ کات (ڕابردوو) ئەو کاتانەی هەموو دەرگاکان کراوەبوون، ژیان ڕووناک و خەندەی پێکەنین و ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانیی پێ بەخشیبوون.

سوپا هێماگەلی چاکە، خۆشی، ژیانێکی گەرم و پر لەمانا و گوزەرانێکی بۆرژوازی و زیندوو، لە هەمان کاتدا ئەتمۆسفێرێکی پۆزەتیفە و ئەو لایەنەیە ژیانی تیایە و پڕە لە جووڵە، بەڵام شارە بچووکە، کە هێماگەلی دڵتەنگی، بەرتەسکی، بێمانایی و دژەژیانە و جیهانێکی نێگەتیف و داخراوە. چێخەف ڕقی لە ژیانی شارە بچووکەکان بووە، لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان بچووک دەکەنەوە. ستانیسلاڤسکی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە چێخەف بەتالیۆن و یەکە سەربازییەکانی سوپای بە شتێکی تایبەت ناوزەد کردووە، سوپا لای ئەو هەڵگری پەیامێکی ڕۆشنبیری بووە، لەبەر ئەوەی بە هاتنیان بۆ دوورترین شوێنی هەرێمەکان، داواکاری و هەلومەرجی تایبەتیان لەگەڵ خۆیان بۆ ژیان و زانست و هونەر و خۆشی و بەختیاری هێناوە. ماشا لە کاتێکدا جیاوازیی خەڵکی شارەکە و ئەفسەرەکان دەکات، ئەم هزرەی چێخەف دووپات دەکاتەوە: **(ڕەنگە لە شارێکی تر وا نەبێ، بەڵام لێرە ئەوانەی لە سوپادا کار دەکەن لە هەموو کەس ڕێکوپێکتر و بەبەزەییتر و ڕەوشتبەرزترن. ل٨٢)** نزیکبوونەوە و هۆگربوونیشی بە

ڤێرشینین-ەوە لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەتەکێت و ستایلی ژیانی، لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەو وەهمەی سەبارەت بە ژیانی مۆسکۆ لای دروست بووە. لە پەردەی چوارەمدا، باسی چارەنووسی شارەکە دەکرێت، بەتایبەتی کە بەتالیۆنەکە لەوێ دەگوێزێتەوە. چێخەف لە پەردەی سێیەمەوە کاری بۆ ئەم گوێزانەوەیە کردووە، لەپێشدا وەک پڕوپاگەندەیەک باس دەکرێت، بۆ نموونە ئیرینا دەڵێت: (**بیستووتە؟ لەشکرەکە لێرە ناهێڵن و ئەیانگوێزنەوە بۆ شوێنێکی دوور. ل١٤٠**) لە پەردەی چوارەمیشدا دوورخستنەوەی ئەم لەشکرە فاکتەیەکی بێگومانە، ئەندرێی بەم شێوەیە گوزارشت لەو گوێزانەوەیە دەکات: (**شار چۆڵ دەبێ و وەک بە پەردەیەکی ئەستوور داپۆشرابێ وای لێ دێ. ل ١٥٣**) لەنێو ئەم دوو جیهانەیشدا کارەکتەرەکان لە پێوەندییەکی بازنەییدا دەسوورێنەوە.

کارەکتەرەکان لەجۆری پێوەندییەکانیانەوە بە سێ خوشکەکەوە، ڕەنگ و ئاستی کەسایەتییەکانیان وەردەگرن و بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەریی ئەم سێ خوشکەیان بەسەرەوەیە، هەرسێ خوشکەکە و ئەندرێی برایان و بە هۆی کارەکەی باوکیانەوە، زۆر لەنزیکەوە لەگەڵ لەشکر و ئەفسەر و سەربازەکاندا ژیاون، هەر لەبەر ئەوەیشە مردنی باوکیان تەنها مردنی جەستەی مرۆڤێک نییە، بەڵکو نەمانی ئەو پێوەندییە ڕاستەوخۆیەشە بە سوپاوە، بەم شێوەیەش جەمسەرێکی گرنگی پێوەندییەکان بە دونیای دەرەوە پچڕاوە و نەماوە. لە دوای مردنی باوکیانەوە لە توزینباخ و سەلیۆنی زیاتر، کەسی تر سەردانیان ناکات و ئەم دوانەیش هەردووکیان دڵیان بە ئیریناوەیە. بێگومان مردنی پڕۆزۆرۆڤ هەموو خێزانەکەی لە چەقی ڕووداوەکان، پێوەندی و گرنگییدانەوە گواستووەتەوە بۆ

پەراوێز، ئەو جیهانەیشی، کە سێ خوشکەکە و ئەندرێی تیا دەژین، لە کۆتاییدا دەبێتە دیمەنێکی تێکشکاو: نەتالیا، ژنەکەی ئەندرێی دەست بەسەر ماڵەکەدا دەگرێت، ئۆلگای ناچار کردووە بگوێزێتەوە، ماشا نایەوێت جارێکی تر بۆ ئەو ماڵە بگەڕێتەوە، ئیرینا دەبێت بە مامۆستا و لە ماڵەکەیان ئەگوێزێتەوە، ئەندرێی، کە دەبوایە ببوایە بە پڕۆفیسۆر، ئێستا مووچەخۆرێکی بچووکی بەڕێوەبەرایەتیی گوندەکانە و بەباخچەکەدا پاڵ بە عەرەبانەی منداڵێکەوە دەنێت، کە نەتالیای ژنی لەکەسێکی تر بوویەتی و لە ماڵەکەیشدا لە ژوورێکی بچووکی تەنهادا دەگیرسێتەوە و کەمانچە دەژەنێت.تەنانەت شارە بچووکەکەیش چۆڵوهۆڵ بووە و لیوا سەربازییەکە گواستوویانەتەوە و شاریان جێ هێشتووە.

### خەونێکی هاوبەش

هەرچەندە ئۆلگا، ئیرینا و ماشا ناوەندگەرایی ڕووداوەکانن، بەڵام هەموو کارەکتەرەکانی تر هەریەکە و چیرۆکی خۆیان هەیە، کە بە بەردەوامی دەردەکەون و بە شێوازی جۆراوجۆر لەنێو ڕووداوەکانی دەقەکەدا، پێکدا دەچن. ئەوەی هەموو ئەم کارەکتەرانەیش کۆدەکاتەوە و وەک خاڵێکی هاوبەش لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، خەونەکانیانە؛ خەون بە کارکردنەوە، بە مۆسکۆوە، بە خۆشەویستییەوە و بە ئایندەوە. ئەوەی ئەم دەقەیش لە شانۆنامەکانی بەر لە نووسینی (سێ خوشک) جیا دەکاتەوە، ئەوەیە، کە خودی وشەکان، ئەو حیوارانەی دەیڵێن، واتە بابەتی کارەکتەرەکان، ناوەندگەراییەکی گرنگە بۆ وێنە گشتگرەکەی دەق/نمایش، نەک خودی ڕووداوەکان یان گەشەی کارەکتەرەکان لە کۆنتێکستی دەقەکەدا. دەتوانین بڵێین، بە شێوەیەکی گشتی حیوارەکان

کارەکتەرەکان بەرەو پێشەوە دەبات، نەک بە پێچەوانەوە، بۆ نموونە کولێگین و ئەندرێی برای سێ خوشکەکە، کە کەسێکی بێ ویست و بێ توانایە، دوکتۆر چیپووتیکین، ناتالیا، ڤێرشینین، ئۆلگای مامۆستا و خوشکی گەورە، هەموویان هەمان دەمامکیان هەیە. کارەکتەرەکان هەمیشە دیالۆگ و حیوارەکانیان لە جۆرە هێنانەوەی گوتەی کەسانی تر، یان قسەی ناو کتێبەکاندا دەردەکەوێت. ماشا، کە هەست دەکات بەختیاریی لەدەست داوە و ژیانی هاوسەرگیرییەکەی بێزارییەکی لە ڕادەبەدەرە، دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ڤێرشینین-ەوە و بە بەردەوامی شیعرەکانی پۆشکین دەڵێتەوە، مێردەکەیشی کولێگین، کە مامۆستایە زۆر جار بە لاتینی دەدوێت. ناتالیا، کە زیاتر ئافرەتێکی بازاڕییە، لە هەوڵێکی بێوچاندایە، کە وشە و دەربڕینی فەرەنسی لە کاتی قسەکردن لەگەڵ سێ خوشکەکەدا بەکار بهێنێت، سەلیۆنی، کە توزینباخ لە بەرامبەرێنێکی بێماناندا دەکوژێت، هەمیشە شیعرە ڕۆمانسییەکانی لەسەر زمانە. دوکتۆر چیپووتیکین بە بەردەوامی سەری بەسەر ڕۆژنامەکەیدا شۆڕ کردووەتەوە، لێرە و لەوێ شتی بێمانا دەخوێنێتەوە، لە کاتێکدا ژیانە ڕاستەقینەکە، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت، تێدەپەڕێت، هەروەک ئەوەی، هیچ پێوەندیی بەوانەوە نەبێت.

کارەکتەرە پۆزەتیفەکان لە سێ خوشکەکەوە نزیکن، تێکڕا هەموویان خەون دەبینن و فەلسەفە لێ دەدەن و کەمتر کرداریان هەیە، یان هیچ کارێکیان نییە، کارەکتەرە نێگەتیفەکانیش بەدەستوبردن، دەجووڵێن و کرداریان دیارە. پرۆتۆپۆپۆڤ کلیلی زۆربەی ڕووداوەکانە و کاریگەرییەکی خراپی بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانەوەهەیە و پیاوێکی

بەکـردەیە، کـوڵیگین وەک مامۆسـتایەک ئـەرکـەکـانی خـۆی جێبـەجێ دەکات، سـەلیۆنی بە کـردارە، هەرچەنـدە ئەوەی ئەو دەیکـات ڕووخێـنـەرە، بـارۆن لە بەرامبەرێنێکـدا دەکوژێـت و نـەتالیـاش، ژنـەکـەی ئـەندرێی کـەسێکی خۆپـەرسـتە و تـەواو پێچەوانـەی هـەرسێ خوشـکەکـەیە. نـەتالیا تەنها بیر لە خۆی دەکاتەوە، بەسەربەستی بە چواردەوری خۆیدا هەڵدەسووڕێت و ڕەوڕەوەی ڕووداوەکـــــان دەبـــــات بـــــە ڕێـــــوە، هەرچەندەکارەکتەرێکی نێگەتیفە، بەڵام وزە و هێزێکی گەورەی تێدایە، بۆ نموونە ئەو هێز و وزەیە لای سێ خوشکەکە نییە و هەنگاو و بڕیاری چاونەترسانە دەدات.

ســتراکتوری ڕووداوەکــان، لە بۆشــاییەکی گەورەدا گەشــە دەکـات، کـارەکتەرە پیاوەکـان هێـدی هێـدی دوور دەکەونەوە و ئافرەتەکان دەمێـنـنەوە. دیالۆگەکـان، هەروەک ئەوەی بە ڕێکەوت بگوترێن، لە دووبارەکردنەوەکاندا بزر دەبن، هەندێک جار ئەوەی دەیڵـێن شـتێکی ئەو تـۆ نـیـیە، بەڵام لە کۆتاییـدا دەبـنە پەیڤـی چارەنووســـسازی گرنــگ. ئەو بۆشـــاییەی لە دەقەکەدا هەیە، لە خودی بێدەنگی و پشووەکاندا گەورە دەبن: ژمارەی پشووەکان لەم دەقەدا، لە هەمــوو دەقەکــانی تــری چــێخەف زیــاترە و لە پەردەیەکەوە بۆ پەردەیەکی تر، بە بەردەوامی زۆر دەبن.



سێ خوشک لە شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم

## ئاگرەکەی پەردەی سێیەم و عەشقێکی بێهیوا

لە پەردەی سـێیەمدا ئاگرێـک بەربـووەتەوە و شـاری بە تەواوی شـڵەژاندووە؛ ئەم ئـاگرکەوتنەوەیە، وەک کێـشەیەکی دەرەوە، کێـشەکانی نـاوەوە زیـاتر دەکـات و کـاریگەرییەکی نێگەتیڤـی بەسـەر کـارەکتەر و کێشەکانی تـری نـاو مـاڵەکەوە دەبێــت، لە هەمــان کاتــدا ئاماژەیەکیــشە بــۆ سروشــتە ڕوخێنەرەکەی ناتالیـا. ئـاگرەکە ڕەوشـی مـاڵەکەی تێک داوە، هاوکـات قوربانییەکـانی ئـاگرەکەیش لە بـارودۆخێکی خراپـدان، کە هەموویــان دەکەونە ســەر شــەقامەکان. ناتالیــا ئەم دوو مۆتیڤە بە ئاماژەیەکی سمبۆلی بە یەکترییەوە دەبەستێتەوە.

ناتالیـا بە بێـدەنگی بە مـۆمێکەوە لەم ســەری شـانۆکەوە دەچێت بۆ ئەو سەری شانۆکە، ماشا ئەم پێوەندییە دەبینێت و دەڵێت (**بە ڕۆیشتنەکەیدا، دەڵێی ئەو ئاگرەکەی بەرداوەتەوە. ل١٣٥)** {بەداخەوە، لە وەرگێـڕانە کـوردییەکەدا نووسـراوە، بە ڕۆیـشتنەکەیدا ئەڵێـی سـووتاوە! مـن گەڕاومەتەوە بـۆ سـەر وەرگێـڕانە سـوێدییەکە، کە ڕاسـتترە} ناتالیـا چەنـدە سـمبۆلی ئاگرکردنەوەکەیـە، هێندەیش سمبۆلی ئاگرکوژانەوەیشە، بەڵام بە ڕووە نێگەتیڤەکەیـدا: ئەو هەمیـشە لەوە دەترسـێت (شـتێک ڕوو بـدات) بەردەوام دەگەڕێــت و مۆمەکــان دەکــوژێنێتەوە، هەروەهــا هەمــوو خەنــدە و پێکەنــین و خۆشــییەکی ئەم خێــزانەیش دەکــوژێنێتەوە، بــۆ نمــوونە دەڵێــت منــداڵەکەی تەندروسـتیی بـاش نیـیە، لەبەر ئەوە ڕێگـەلە میـوانی مـاڵەکە دەگرێت (**ئەندریوشا، کەواتە پێتان دەڵێم با میوانەکانی ڕێزان نەیەن! ل٧٨)** ناتالیا کاری ئەوەیە هەموو خۆشییەکی ئەو ماڵە نەهێڵێت و ڕەشـبینی و بێزاری بڵاو دەکاتەوە، لەم ڕووەوە لە

کارەکتەری پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ-ەوە نزیکە، کە ڕێگە لە یلێنا و سۆنیا دەگرێت گوێ لە مۆسیقا بگرن.

بە شێوەیەکی گشتی ئەتمۆسفێری پەردەی سێیەم کپ و ماتە، درەنگانێکی شەوە، هەموو ماندوون، ڕووداوی ئاگرەکە هەموویانی گێژ و سەرقاڵ کردووە، بەڵام لەم تاریکییەدا عەشقی ڤێرشینین و ماشا، وەک پشکۆی ئاگرەکە دەبریسکێتەوە. لە کاتێکدا هەموو وڕ و ماندوون، ڤێرشینین دڵخۆش و بەکەیفە و هەستێکی پڕ لە ژیان دایگرتووە (**بە ڕەزامەندییەوە دەستەکانی لەیەک دەخا**)، کە باسی سەربازەکانی دەکات پێدەکەنێت و گەشبینە. لە کاتێکدا کارەکتەرەکانی تر داینشتوون و خەو دەیانباتەوە، ئەو ڕوودەکاتە ماشا، کە ئەویش هاتووەتە ژوورەوە، بە پێکەنینەوە شرۆڤە بۆ ژیانی خۆی دەکات: ("**پێدەکەنێ" ئەمڕۆ من تاقەت و ئارەزوویەکی سەیرم هەیە، ئەمەوێ وەک شەیتان بژیم "گۆرانی دەڵێت" خۆشەویستی بە تەمەن نییە... لە هەموو تەمەنێکدا هەر خۆشە. "پێدەکەنێت" ل١٢٧**) هەر لەم دیمەنەدا ماشا و ڤێرشینین دەکەونە گفتوگۆیەکی پڕ لە عەشقەوە.

**ماشا**

**(بەدەم مۆسیقای بۆ لێ دەدا) تڕام... تڕام... تڕام!**

**ڤێرشینین**

**تام... تام!**

**ماشا**

**ترا... ڕا... ڕا!**

**ڤێرشینین**

**ترا... تا... تا! (پێدەکەنێت) ل١٢٧**


سێ خوشک لە شانۆی هونەری مۆسکۆ

ئەمە ئاستی ترۆپکی ئەو خۆشەویستییەیە، کە ڤێرشینین و ماشا بۆ یەکتری دەردەبڕن، ماشا وەڵامی ڤێرشینین دەداتەوە؛ ڕەخنەگرەکان ئەم دیمەنە بە یەکێک لە دیمەنە بەرزەکانی ئەدەبی جیهانی هەژمار دەکەن. ئەمە پرسیار و وەڵامە، دووپاتکردنەوەی ئەو عەشقەیە، کە لەنێوانیاندایە. دوای ئەوە (فیدۆتیک) بە سەماوە دێتە ژوورەوە و دەڵێت (**سووتا، هەمووی سووتا. ل١٢٧**) دوای ئەوە سەلیۆنی و ئیرینایش دێنە ژوورەوە، ڕەوشەکە بۆ ڤێرشینین هەندێک ناخۆش دەبێت، لەبەر ئەوە پێشنیاری ئەوە دەکات بڕۆن، بەڵام بەرلەوەی بڕۆن بۆ سەر ساتە پڕ لە خرۆشەکەی لەگەڵ ماشادا دەگەڕێتەوە.

**ڤێرشینین**

**تڕام... تام... تام!**

**ماشا**

**تڕام... تام! ل١٢٨**

چێخەف خۆی لە نامەیەکیدا بۆ ئۆڵگا کنیپەر، بەم شێوەیە باسی ئەم دیمەنە دەکات: (/.../ لە نامەکانتا وا دەردەکەوێت، کە هەمووتان هەر لە فشەتان داوە، دەنگەدەنگ لە پەردەی

سـێیەمدا؟ بـۆ دەنگەدەنـگ؟ دەنگەکـان هەموویـان دوور و لە دەرەوەی شـــانۆکە و لەســـەرخۆن، بەڵام لەســـەر شـــانۆکە هەموویان خەواڵوون و وەنەوز دەدەن، ئەگەر پەردەی سێیەم خراپ بکەن، هەموو نمایشنامەکە خراپ دەبێت و لەم سەرەتای کـــاری شانۆنامەنووســـینەمدا نـــاوم دەزڕێـــنن و لە شـــانۆم وەدەردەنـێن)، چـێخەف هەر لە هەمـان نـامەدا، پێوەنـدییەکەی ماشـا و ڤێرشـینین بەم شـێوەیە ڕوون دەکـاتەوە و دەڵێـت: ("ڤێرشینین" "تڕام_ تڕام _ تڕام"ە کە بە پرسیار تێدەگات و تۆ بە وەڵام، لای تـۆوە ئەم "تـڕام_ تـڕام"ە ئەوەنـدە بە گـاڵتەیەکی سەرنجڕاکێـشەوە دەردەکەوێـت، کە لەگەڵیـدا پێـدەکەنیت، ئەو دەڵێت "تـڕام_ تـڕام" و پێدەکەنێت. بەڵام نەک بە دەنگی بەرز، تەنهـا تۆزێـک. ئـێمە کەسـایەتییەک دەخـوازین گەنـج و چـاکتر لەوەی، کە لە "خاڵە ڤانیا"دا هەبووە. لە بیرت نەچێت دەبێت تۆ زوو خۆشـحاڵ بیت و بە ئاسـانییش تـووڕە بیت). چـێخەف بە بەردەوامـی لە ڕێگـەی ئۆڵگـا کنیـپەرەوە چـاودێریی ڕەوشـی پرۆڤەکانی دەکرد، تێبینییەکانی بۆ کنیپەر دەنووسـی و وەڵامـی پرسـیارەکانی دەدایەوە، زۆر جـار مەودای ڕۆڵەکەی بـۆ ڕوون دەکـــردەوە و چـــۆنیەتیی نوانـــدنەکەی بـــۆ بـــاس دەکـــرد. لە نـــامەیەکی تریـــدا دەڵێـــت: (هەرە ئـــازیزەکەم، ددانپێـــدانانەکەی "ماشـا" لە پەردەی سـێیەمدا زیـاتر گفتوگـۆیەکی ڕاسـتەوخۆیە، هەرگیز نائومێدانە مەیڵێ، بەڵام دەنگیشت زۆر بەرز مەکەرەوە و جارجارە زەردەخەنەیەکی لەگەڵدا بکە. بێ لەمـانە ڕۆڵەکەت وا ببینە هەست بەوە بکرێت شەوە و ماندوویت، وایش هەسـت بکرێت، کە تۆ لە خوشکەکانی ترت زیرەکتریت، یان بە لایەنـی کەمەوە خـۆت وا بزانیـت. لە بـارەی "تـڕام تـڕام"ەکەوە خـۆت چۆنت پێ باشە وا بکە، تۆ لەباتی منیت).

هەر لە پەردەی سێیەمدا شتگەلێکی گرنگ ڕوو دەدەن و بە خاڵی یەکالاکەرەوەی مەسەلەکان دادەنرێت؛ لەم پەردەیەدا ئەندرێی ددان بەوەدا دەنێت، کە چەند پارەی دۆڕاندووە و تا چەند کەوتووەتە ژێر قەرزەوە، ماشا بۆ خوشکەکانی ڕوون دەکاتەوە، کە ئەو ڤێرشینین-ی خۆش دەوێت و هەر لەم پەردەیەشدا، ئۆلگا پێشنیار بۆ ئیرینا دەکات، کە شوو بە توزینباخ بکات. ئۆلگا دەڵێت: (**خۆ تۆ ڕێزی دەگری و بە پیاوێکی بەرز و گرنگی دەزانی. ڕاستە پیاوێکی جوان نییە، بەڵام پیاوێکی پاک و ڕێکوپێکە... خۆ خەڵک کە شوو دەکەن مەرج نییە هەر بۆ خۆشەویستی شوو بکەن، بەڵکو پێویستیی سەر شانیانە و بەجێی دێنن... هیچ نەبێ من خۆم وا بیر دەکەمەوە و ئەگەر بۆم ڕێک بکەوتایە، بەبێ خۆشەویستیش شووم دەکرد. هەر کەسێک بێت بۆ خوازبێنیم، بەو مەرجەی مرۆڤێکی ڕێکوپێک بێ، شووی پێ دەکەم... پیرەمێردێکیش بێ شووی پێ دەکەم. ل١٣٤**) لە پەردەی سێیەمدا هەموو شتێک لای ئەم سێ خوشکە دەسووتێت: خەونەکانیان بە مۆسکۆوە، هیوا بە بەختیارییەوە، تەنانەت ماڵەکەشیان لەدەست دەدەن، لێرەوە ناتالیا دەست بەسەر هەموو شتێکدا دەگرێت.

### خۆشەویستییەکان جیاوازن

پێوەندییەکانی سێ خوشکەکە، بە خۆشەویستییەوە زۆر جیاوازە: بۆ ئۆلگا پێویستی سەر شانە و دەبێت بەجێی بهێنین، بۆ ئیرینا خەونێکی ڕۆمانسییە و بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ خەونەکانی بە مۆسکۆوە یەک دەگرنەوە، کە لەوێ هەموو ئەگەرەکان هەن و دەرگاکان کراوەن، بەڵام هەرگیز نایەتە دی. توزینباخ و سەلیۆنی هەمیشە بەدەوریەوەن،

توزینبــاخ بە ڕاشــکاوی خۆشەویــستیی خــۆی پیــشان دەدات، پێوەندیی سەلیۆنی بە ئیریناوە زۆر ئاشکرا و دیار نییە. ئیرینا زیــاتر لە ســەلیۆنی دەترســێت، هەروەهــا لە هەمــوو جــۆرە خۆشەویــستی و پێوەنــدییەکی جەســتەیــی دەسڵەمێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیشە هەموو دونیای خۆشەویستییەکەی ئەو تەنها لە خەونداییە: **(من هەرگیز لە ژیانمدا کەسم خۆش نەویستووە... لە زۆر دەمێکەوە بە ئاواتی ئەوەوەم یەکێکم خۆش بوێ... شەو و ڕۆژ بە ئاواتەوە بووم ل١٥٩)** تەنها ماشا تامی خۆشەویستی دەکات و دەزانێت خۆشەویستی چییە! بەڵام ئەویش بـاجێکی قــورس دەدات. چیرۆکــی خۆشەویــستیی ئەم ســێ خوشــکە، چیرۆکی نائومێدی و عەشقێکی بێئەنجام و تەنهاییەکی ڕۆحییە: ماشا هاوسەرگیرییەکی خاڵی لە خۆشەویستی کردووە، دەست لەگەڵ ڤێرشــینین تێکــەڵ دەکــات، ئەم پێوەنــدییەیش لە دوا پەردەدا، بە گوێزانەوەی بەتالیۆنە سەربازییەکە کۆتایی دێت.

تراجیــدیایەکی قــووڵ ئــاوێزانی هێڵــی دووهەمــی دەقەکەیە؛ توزینباخ ئیرینای خۆش دەوێت، بەڵام ئیرینا هیچ وەڵامێکی بۆ ئەم خۆشەویــستییە نیـیە، ئیرینــا بە ناچــاری و بــۆ ئەوەی لەو شارە غەمگین و پڕخەمە و لەناتالیایش، کەخانووەکەیانی داگیر کــردووە، ڕزگــاری بێت، بە نــابەدڵی بە توزینبــاخ ڕازی دەبێت، توزینبــاخیش لەگەڵ ســەلیۆنی دەبێتە قوربــانیی بەرامبەرێنێکی بێمانا و دەکوژرێت.

دیمەنــی نێــوان ئیرینــا و توزینبــاخ، یەکــێکە لە دیــمەنە گرنگەکــانی ســێ خوشــک. لەم دیــمەنەدا ئەوەی دەگوترێــت و ئەوەی ناگوترێـــــت، کــــــاریگەرییەکی دوولایەنەی بەســـــەر یەکتــــرییەوە هەیە، هاوکــــات ئەو وشــــانەیش لەم دیــــمەنەدا نــاگوترێن، چارەنووســی توزینبــاخ دیــاری دەکــات. ئیرینــا قایــل

دەبێت هاوسەرگیری لەگەڵ توزینباخ بکات، ئیرینا توزینباخ-ی خۆش ناوێت و ئەویش ئەو ڕاستییە دەزانێت، ئیرینا لە کۆتایی پەردەی سێیەمدا بە ئۆلگا دەڵێت: (/.../ **قایلم شووی پێ بکەم، شووی پێ دەکەم، هەر بەو مەرجەی بچین بۆ مۆسکۆ. لێت ئەپاڕێمەوە، با بچین. لە هەموو جیهاندا لە مۆسکۆ خۆشتر نییە... با بچین، ئۆلا، با بچین! ل١٤١)**، لێرەوە ئیرینا چیتر خەون بە خۆشەویستییە گەورەکەوە نابینێت، دەزانێت ئەو خۆشەویستییە بۆ ئەو هەرگیز نایەت، بەڵام هێشتا خەون بە مۆسکۆوە دەبینێت. لە پەردەی چوارەمدا ئەو خەونەیش لەبار دەچێت، دەزانێت چیتر بۆ مۆسکۆیش ناگەڕێنەوە. **(هاتووشمەتە سەر ئەو ڕایەی ئەگەر مۆسکۆم بە نسیب نەبێ، ئەبێ ڕابێم. ل١٥٠)**.

ئیرینا و توزینباخ هاوسەرگیری دەکەن و دەڕۆن بۆ کارگەی خشت، کە ئەو لەوێ کار دەکات، ئیرینایش وەک مامۆستا دەستبەکار دەبێت (**بەیانی باڕۆن مارەم ئەبڕێ و هەر بەیانییش دەچین بۆ کارگەی خشتەکە و دوو بەیانی دەچمە قوتابخانە و ژیانێکی تازەم دەست پێ دەکا. ل١٤٨)**. خەونە گەورەکەی توزینباخ دێتە دی: (/.../ **بەیانی لەگەڵ خۆم دەتبەم، ئیش دەکەین و دەوڵەمەند دەبین و ئاواتەکانم سەرلەنوێ ئەبووژێنەوە. تۆ بەختیار دەبی ل١٥٩)**، بەڵام یەک شت لەم بەختیارییەدا کەم دەهێنێت، ئەویش ئەوەیە، کە ئیرینا توزینباخ-ی خۆش ناوێت: (**بەڵام یەک شت هەیە: تۆ منت خۆش ناوێ. ل١٥٩)**.

## هاوسەرگیرییەکی هەڵە و گۆڕینەوەی ڕۆڵەکان

لەم خێزانەی پڕۆزۆرۆڤ-دا کەسایەتیی سێ خوشکەکە لە کەسایەتیی ئەندرێی-ی برایان بەهێزترە، هەموو ئەو شتانەی لە پەردەی یەکەم و بەر لە دەرکەوتنی ناتالیا، بێ هێزی ئەندرێی-مان بەرامبەر بە دەسەڵاتی سێ خوشکەکە بۆ دەردەخات. ئەندرێی هەمیشە ترسێک لە ناخیدا خۆی مەڵاس داوە، ئەم ترسەیش وای لێ کردووە تەنانەت خەونەکانیشی بە دزییەوە ببینێت. ئەندرێی ناتالیای خۆش دەوێت و هاوسەرگیریی لەگەڵ دەکات، چونکە ئەو لەو بڕوایەدایە ناتالیا کەسێکی بێهێزترە لەو، کەسێکە ئەو دەتوانێت بەرگری و پارێزگاریی لێ بکات، هاوکات لە بەردەمی ئەویشدا، وەک کەسێکی بەهێز دەربکەوێت. ئەو باش دەزانێت ڕای خوشکەکانی سەبارەت بە ناتالیا چییە و چۆنە؟ بەڵام ئەمەیش ڕێگە لە ئەندرێی ناگرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە. کە ناتالیا لە پەردەی یەکەمدا و لەسەر مێزی نانخواردنەکە، لە شەرمەزاریدا ڕادەکاتە دەرەوە، ئەندرێی هەست دەکات زۆر بەهێزە و لە هەمان کاتیشدا بەختیارە! ئەندرێی هەست دەکات لێرەدا کەسێکی بێهێز هەیە، کە ئەو دەتوانێت بەرگریی لێ بکات، ئەندرێی دەڵێت: **(ئای گەنجێتی؟ گەنجێتی شتێکی سەیر و نایابە، گیانەکەم، نازدارەکەم، وا مەشڵەژێ. بڕوام پێ بکە، من هێندە لە خۆشیدام، گیانم قوڵپ دەدا و پڕە لە خۆشەویستی... ئا... نامانبینن، نامانبینن، تێناگەم چۆن تووشی داوی خۆشەویستیت بووم، تێناگەم. گیانە شیرینەکەم، نازدارەکەم، کیژۆڵە پاکیزەکەم، شووم پێ بکە، خۆشم دەوێی، هەرگیز کەسم ئەوەندەی تۆ خۆش نەویستووە. ل٧٤)**

ئەم عەشــقەی ئەنــدرێی و لەم چرکەســاتەدا، عەشــقێکی ڕاســتی و ئەنجـامێکی ئاسـایی پـڕ لە هەسـت و سـۆز نیـیە، هەروەهـا قوربانیدان نییە بۆ خۆشەویستێک، کە پێکەوە و بە ماوەیەکی زۆر ئەو عەشقە چڕە پڕ لە سۆزە دروست بووبێت. دەربڕینــــی ئەم هەســـتە لە لایەن ئەنــــدرێی-ەوە، جــــۆرە سـەرچڵییەکە دژ بە ویستی خوشکەکانی، هەروەهـا هەستێکی بەهێــزی ئازادینوانــدنە، هەوڵــێکە بــۆ خۆدەربــازکردن لە هەژمـوونی خوشـکەکانی. هاوسـەرگیرییەکەی لەگەڵ ناتالیـا، چەنــدە حەزێکــی خــۆیەتی، هێنــدەیش کــردارێکە دژ بە خوشـکەکانی. ئەنـدرێی هەمیـشە لە ترسـدا دەژی، بێگومـان هاوسەرگیرییەکەیشی لەو ترسەی ڕزگـار ناکـات (/.../ **ژنەکەم تێم ناگـا و ناشـزانم بـۆچی لە خوشـکەکانم دەترسـم، لەوە دەترسم پێم پێبکەنن و تەریقم بکەنەوە. ل٨٠).**

بێگومـان ئەنـدرێی هەڵەیەکـی کوشـندە دەکـات و دەکەوێـتە داوێــکەوە، کە کــاریگەریی نەک هەر بەســەر خــۆیەوە، بەڵکــو بەســەر هەمــوو خێزانەکەیــانەوە و بەســەر پاشــەڕۆژیانەوە دەبێـت؛ ئەنـدرێی لە دوو ڕووەوە دەکەوێـتە هەڵەوە، یەکەم لە ڕووی هەست و سۆزی خۆیەوە، دووهەمیش لە ڕووی هێزی ناتالیـاوە، ناتالیـا ئەو مـرۆڤە بێهێـز و بێویـستە دەرناچێت، کە ئەندرێی چاوەڕوانی دەکرد. بەم شێوەیە هاوسـەرگیریی ناتالیا و ئەندرێی هەرەسێکی ڕۆحییە بۆ کارەکتەری ئەندرێی.

لە سـەرەتای پەردەی دووهەمدا، هـیچ ئامـاژەیەک بۆ ئەوە نەمــاوە، کە ئەنــدرێی بتوانێــت وەک بەرگریکەرێــک لە ناتالیــا دەربکەوێـــت؛ ناتالیـــا هەر خێـــرا، لە هەمـــوو ڕوویەکەوە دەگۆڕدرێت و بە تەواوی دەست بەسـەر مـاڵەکە و ڕێچـکەی ژیانیانــدا دەگرێــت. هەر لە ڕێگــەی ئەنــدرێی-ەوە، کە وەک

ئامرازێک بەکاری دەهێنێت، فەرمانڕەوایی خوشکەکانی دەکات، هەرچەندە لە سەرەتادا، جۆرە ڕێزێک پیشان دەدات، بەڵام زیرەکانە منداڵە تازەبووەکەیان (بۆبیک) وەک چەکێک بەکار دەهێنێت.

چیخەف بە وردی و لە پەردەی یەکەمەوە کاری لەسەر کارەکتەری ناتالیا و کردار و پەرچەکردارەکانی، لە کۆنتێکستی دەق و دراماتۆرگی ڕووداو و پەردەکانەدا کردووە. ئەم کارەکتەرە لەسەر چەندان ئاست: پێوەندیی ناتالیا بە ئەندرێی و بە سێ خوشکەکەوە، هەروەها بە پرۆتۆپۆپۆڤ-ی دۆستیەوە، لە گەشەیەکی گرنگی پڕ لە جووڵەی بەردەوامدایە. ناتالیا بە ئاشکرا دۆستی پرۆتۆپۆپۆڤ-ە و هەموو ئەمە دەزانن، بەڵام ئەندرێی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ژنەکەی شەریفە، لە کۆتایی پەردەی سێیەمدا بە خوشکەکانی دەڵێت: **(من ڕام دەربارەی نەتاشا ئەوەیە، کە مرۆڤێکی نایاب و پاک و بەشەرەف و بەوەفایە. ل١٣٩).**

دوا ڕووبەڕووبوونەوەی ناتالیا و خوشکەکانیش لە پەردەی چوارەمدا، لە کاتێکدا، بیر لە چۆنیەتیی گۆڕینی ماڵەکە و دەوروبەرەکەی و تەنانەت بڕینەوەی دارەکانیش دەکاتەوە، لەپڕ بە ئیرینا دەڵێت: **(نەشمیلەکەم، ئەم پشتێنەت لێ نایە، زەوقی تێدا نییە، شتێکی کاڵترت پێویستە. ل١٧١)**. لێرەدا چیخەف ڕۆڵی کارەکتەرەکان، لەنێوان پەردەی یەکەم و پەردەی چوارەمدا دەگۆڕێت، لە پەردەی یەکەمدا خوشکەکان گاڵتەیان بە جلەکانی ناتالیا دەکرد، ئێستا ناتالیا گاڵتە بە جلەکانی ئیرینا دەکات. بەتایبەتییش پشتێنێک. چیخەف لەم پەردەی چوارەمەدا، ئەو بێڕێزی و سووکایەتیپێکردنە قووڵەی سێ خوشکەکە بەرامبەر بە ناتالیا کردوویانە، چۆن لە نەستی

ناتالیـــادا مـــــاوەتەوە و ئێـــستا و لێـــرەدا، لەپـــڕ وەک تۆڵــەســـەندنـــەوەیـــەک پیـــشانی دەدات، ئەگەر لەم دیـــد و بۆچوونەیـــشەوە، کـــارەکتەرە ڕەق و بێڕێـــزییەکەی ناتالیـــا بخـــوێنینەوە، ئەوە دەگەیـــنە ئەو ئەنجـــامەی، کە ئەو ڕەفتـــارە سروشتی خۆی نییە، بەڵکو ئەنجامی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی ڕەفتـار و مـامەڵەی خوشکەکانە. ئەوەی ناتالیـا دەیکـات، تەنهـا ڕەنگـــدانەوەیەکی نەخـــوازراوی ئەو ژیـــنگەیەیە، کە ســـێ خوشکەکەی تیا دەژی، بۆ نموونە لووتبەرزیی خوشکەکان و بەهیچنەزانینی ناتالیا. ناتالیا کارەکتەرێکی بەهێز نییە، بێویستی و بێهێزی ئەندرێی و سێ خوشکەکە، ناتالیا بەهێز دەکات، لە کەسێکی بێهێـزەوە، بـۆ کەسـێکی بەهێـز بەرامـبەر بە خۆیـان دەیگۆڕن.

لـــەنێـــو بنەمـــاڵە و خێـــزانەکەی پـــرۆزۆرۆڤ-دا، تەنهـــا کەسایەتیی ئـەندرێی، گۆڕانکارییـەکی زۆری بـەسـەردا دێت، ئـەندرێی لـەهـەمـوو کـارەکتـەرەکـانی تـر، بـەتایبـەتییش سـێ خوشـکەکە، زیـاتر تووشـی کـارەسـاتی دەروونـی و بێهیـوایی دەبێت. لـە پـەردەی یەکەمەوە، کـە کـەمانچـە دەژەنێت، خـەون دەبینێـت و خوازیـارەببێتـە پڕۆفیـسۆر و لـە بـواری زانـستدا بڕوانامەی گەورە بەدەست بهێنێت تـا پـەردەی چوارەم، کە بـە تەواوی ڕووخاوە، مووچەخۆرێکی بچووکە و دەروون و ڕۆح و جەستەی هیلاکن و لەباخچـەکـەدا بـەعـەرەبانـەی منداڵـەکـەوە دێـت و دەچێـت، ماشـای خوشـکی بـە ئاشـکرا دەڵێـت: **(ئەوە ئەندرێی برامان... هەموو ئاواتەکانی تێک شکاون... ل١٥٢).**

ئەنـــدرێی بەردەوام گوزارشـــت لەو بێهیـــواییە دەکـــات و دەبینێـت خەونەکـانی نـایەنە دی و خۆیـشی لە وەهمـدا دەژی، هەست بە بێمانایی ژیان دەکات و لە بازنەیەکی داخراودا، بێ

ویست و توانا دەخولێتەوە. **(ئەم شارەمان دووسەد ساڵە دامەزراوە و سەد هەزار کەسی تێدا ئەژی، کەچی خەڵکەکەی هەموو وەک یەکن... نە لە ڕابردوودا و نە ئێستا یەک تاقە زانا و هونەرمەندێک و پیاوێکی ناسراوی تێدا پەیدا نەبووە کە حەز بکەی وەک ئەو بی و لاسایی بکەیتەوە! هەر ئەخۆن و ئەخۆنەوە و ئەنوون و دوایی ئەمرن... هیی تر لەدایک ئەبن و دیسان ئەخۆن و ئەخۆنەوە و ئەنوون و بۆ ئەوەی لە بێزاریدا هار نەبن، ژیانیان بە خواردنەوەی ڤۆدگای قوزەڵقورت و قومار و کاری ناڕەوا ئەڕازێننەوە. ل١٦٢)**، ئەمەی ئەندرێی دەیڵێت، دەبێت بە سمبۆلی بێمانایی ژیان، سمبۆلێک لە سمبۆلی شانۆنامەکانی مەتەرلینگ و تەنانەت (خەونەنمایش)ی ستریندبێرگ-یش بەهێزتر و ئاشکراتر. سمبۆلەکانی چێخەف لەنێو بێ ڕووداوی و ڕیتمە ڕۆژانەییەکەی ژیانی ڕۆژانەدا، هەروەک ئەندرێی دەڵێت، لە دووبارە بوونەوەیەکی بەردەوامدایە و لە مۆتیڤەکانی ڕیالیزمەکەیدا ڕۆڵێکی تر و بەهایەکی تری لەخۆ گرتووە.



سێ خوشک لە شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم

## ڤێرشینین و توزینباخ

هەردوو کـارەکتەری ڤێرشـینین و توزینبـاخ، مەودایەکـی قوولتر بە ڕووداوەکان دەبەخشن؛ ئەم دوو کارەکتەرە لەگەڵ یەکتر لە دیالۆگێکی سەیردان، هەروەها هزر و بۆچوونەکانیـان تەواو پـێچەوانەی یەکـن، هەروەک کارەکتەرەکانیـشیان زۆر جیاوازن لە یەکترییەوە. ڤێرشینین کارەکتەرێکی دڵتەنگە، بەڵام پابەنـدی چەنـدان تیـۆری گەشـبینییە، توزینبـاخ، بەبـێ هـیچ هۆکارێک دڵخۆشە، بەڵام ڕەشبینێکی تەواوە. ڤێرشینین دەڵێت:

**(/.../ من وا بزانم لە جیهاندا شـارێکی وا ئاسـایی نییە و ناشی بێ کە پێویستی بە مرۆڤی وریا و ڕۆشنبیر نەبێ، با وای دابنێین کە لەناو سەد هەزار دانیشتوانی گێل و نەفامی ئەم شارەدا تەنها ئێوە ڕۆشنبیرن. تەنها سێ کەسن... دیارە ناتوانن هەموو دەوروبەرە نەفامەکەتان تێبگەیەنن و بەرەبەرە لەناو ئەو سەد هەزار کەسەدا ئەشاردرێنەوە و ژیان داتان ئەپۆشێ، بەڵام بە تەواوی ون نابن و بەبێ کارکردنە سەر دەوروبەرتان نابن. ڕەنگە پاش خۆتان شەش کەسی تری وەک ئێوە پەیدا بـبن، دوایـی ئەبـنە دوازدە و بەم جـۆرە هەتـا ڕۆژێـک دێ ئەوانەی وەک ئێوەن ئەبنە زۆربەی خەڵک. پاش دووسـەد... سێسەد ساڵی تر ژیان لەسەر زەوی بێ سنوور ئەڕازێتەوە و نایـاب ئەبێ. مـرۆڤ پێویستی بە ژیـانێکی ئـاوا هەیە. ل٦١).**

ڤێرشـینین لەو بـڕوایەدایە، کە شارسـتانییەت گەشـە دەکـات و بەرەوپـــشەوە دەڕوات، ئەم گەشـــەیەش لە ئاینـــدەدا لەســـەر بنەماکانی کاری هاوبەشی چینە نەخوێنەوار و ئیشکەرەکان و کەسانی (ڕۆشنبیر) دەستەبەر دەبێت **(ئاخ خـۆزگە ڕۆشـنبیری بخرایە سەر ئیشکردن و ئیشکردن بخرایە سەر ڕۆشنبیری. ل١٦٧).**

له لایەکی ترەوە توزینباخ ڕەشبینە، گومانی لە کاریگەریی هەموو کەسێک بۆ سەر هەر شتێک هەیە، ئەو دەڵێت: (**نەک پاش دووسەد یان سێسەد ساڵ، بەڵکو پاش ملیۆنێک ساڵ، ئێستا ژیان چۆنە، ئەوسایش هەر وا ئەبێ و ناگۆڕێ و بە نەگۆڕاوی ئەمێنێتەوە و ڕێباز و یاسای ئاسایی خۆی بەرنادا، ئەو ڕێباز و یاسایەی، کە ئێمە هەقمان بەسەریەوە نییە، یان هیچ نەبێ تۆ هەرگیز نایزانی. ل٩١**).

بۆچوونەکانی ڤێرشینین مانایەک دەبەخشن بە ژیان و ئایندە و گەشەی مرۆڤایەتی، بەڵام دیدی توزینباخ بێمانایی و پووچگەرایی و هەستێکی پڕ لە ئازاری تێدایە، ئەمەیش ئەو ململانێ بەردەوامەیە لەنێوان خوێندنەوەیەکی پێشکەوتنخواز و ڕاڤەیەکی بێجووڵە و وەستاو بۆ بزاڤی مێژوو، ململانێیەک هەروەک ژیان خۆی، هیچ چارەسەری نییە.

لە پەردەی چوارەمدا ئەم بیروڕا جیاوازانە دەردەکەونەوە، سوپاکە لە شارەکە دەگوێزرێتەوە، ئەمەیش ڕۆیشتنێکی ناخۆشە و کۆتایی بە پێوەندیی ماشا و ڤێرشینین دەهێنێت، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی هەموو پێوەندییە ڕۆشنبیرییەکانی شارەکەیشە. توزینباخ لەو بڕوایەدایە شارەکە، کە (**شار بێتاقەت ئەبێ. ل١٤٤**). ڕێچکەی ژیانی بنەماڵەی پرۆزۆرۆڤ-یش بەرەو کۆتایی دەڕوات، ئەم خێزانە ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە دەبنەوە، کە هیچ شتێک بە دڵ و ویستی ئەوان ناڕوات. خەونی مۆسکۆ هەرگیز نایەتە دی، هەروەک سەرەتای شانۆنامەکە، سێ خوشکەکە بیر لە داهاتوویان دەکەنەوە، بیر لە ڕابردوویان، لە کاتێکدا ئەندریێ پاڵ بە عەرەبانەی منداڵی دۆستی ژنەکەیەوە دەنێت.

چـێخەف بەرامـبەر ئەم دوو کـارەکتەرەیش (ڤێرشـینین و توزینبـاخ) کـارەکتەرێکی تـری دانـاوە، کە ئەویـش (کـوڵێگین)ە، کوڵێگین هەمیشە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەو لە ژیانی ڕازییە، ئەو دونیـایەی ئەو بـۆ خـۆی نەخـشاندووە، لەو ڕازی بـوونەدا بەرجەسـتە دەبێـت، کە ئەو ئامـاژەی بـۆ دەکـات، بەڵام ئەو ڕازیبوونەی ئەو جگە لە وەهمێک، هیچی تر نییە. **(من لە بەختی خـۆم ڕازیـم... ڕازیـم... ڕازیـم! ل١٣١)**. ئەمە تێگەیـشتنێکی دیالێکتیکییە بۆ خودی ڕەوشەکە؛ لە لایەکەوە هەموو شتێک زۆر چاکە و هیچ خەوشێک لە ئارادا نییە، لە لایەکی ترەوە بنەمایەکی بێمەرج بوونی نییە. کوڵێگین لە حیوارەکانی خۆیدا دەبێت بە شتێکی تر، کە زۆر دوورە لەو ڕازیبوونـەی ئەو باسی دەکات؛ کـوڵێگین دەبێـت بە لێبـوکێکی تراجیـدی، لە پەردەی کۆتاییـشدا، دوای ئەوەی ڤێرشـینین دەڕوات و ماشـا بە تەنهـا دەمێنێـتەوە، ڕەوشی کوڵێگین بە تەواوی دەبێتە لێبوکە تراجیدییەکە.

ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنیشە، کوڵێگین بە پێچەوانەی زۆربەی کارەکتەرەکانی ترەوە، کار دەکات، کارەکتەرەکانی تر بە بەردەوامی خەون دەبینن و باسی کار دەکەن، لە ڕاستیدا هیچ ناکەن، کوڵێگین نەبێت، کە کاری مامۆستاییەکەی خۆی دەکـات. ئەمەیـش ئەو ڕەوشـە گاڵتەئـامێزەیە، کە چـێخەف بەوپەڕی وریـاییەوە بەرجەسـتەی کـردووە، سـاتیرێکی دیـالێکتیکییە، ئەو کەسەی کار دەکات، بە پێچەوانەی ئەوانی ترەوە، شتێک دەکات، نەتوانێت هیچ کاریگەرییەکی هەبێت، یان لە هیچ ئاستێکدا توانای گۆڕانکاریی لەنێو کۆمەڵگەکەیدا نەبێت. ئەوانەیشی هەر دانیشتوون، باسی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە دەکەن، خۆیـان هـیچ نـاکەن و تەنهـا قـسە دەکەن و توانـای کارکردنیشیان نییە.

## سمبۆلی ڕەنگەکان و سێ خوشکەکە

چـێخەف لە پەردەی یەکەمـدا، سـێ خوشـکەکە، بە سـێ ڕەنگی جـوداوە دەخـاتە ڕوو: ئۆلگـا جلـی شـین، ماشـا ڕەش و ئیرینـایش سـپیی لە بەردایە؛ ئەم ڕەنگـانەیش سـمبۆلن بۆ سـێ خوشـکەکە، بەتـایبەتییش بـۆ سـەرەتای دەق/نمایـشەکە. ئۆلگـا کچـی ژیـانی ڕۆژانـەیـە، بـەردەوام کـار دەکـات و ژیـانی گۆڕانکارییـەکـی ئـەوتـۆی بـەسـەردا نایـەت و بە شـێوەیەک لە شـێوەکان بەرجەسـتەی ژیـانی واقیعـی ڕۆژانە دەکـات. ئیرینـا لەسەرەتای شانۆنامەکەدا وەک باڵندەیەکی سپی ئامـاژەی بـۆ دەکرێت، خەونەکانی نایەنەدی و لەکۆتـایی شـانۆنامەکـەدا وەک باڵندەیەکی باڵشکاو ئامادەیە سەرلەنوێ ژیانی خۆی دەست پێ بکاتەوە، سەرەتا لە دەزگای تەلەگراف کار دەکات، دوای ئەوە لە بەڕێوبەرایەتیی شار. هەرگیز شتەکان وا ناکەونەوە، کە ئەو بیرییـان لـێ دەکـاتەوە، بەڵام کـۆڵ نـادات، تەنـانەت دوای کارەسـاتی کـوژرانی توزینبـاخ-یـش، چیتـر ناوێرێـت بـڕوا بە گەڕانەوە بۆ مۆسکۆ بکات. ماشـا لـەسـەرەتـادا جلوبـەرگـەکانی ڕەشە و ئەمەیش سمبۆلێکە و ماشای (باڵندەی دەریـا)مـان بیر دەخاتەوە. ماشا لەشانۆنامەی باڵندەی دەریادا جلوبـەرگـەکانی ڕەشە، لەبـەر ئـەوەی وەک خـۆی دەڵێت (**مـاتەمینی بـۆ ژیـانی خـۆم دەگێـڕم**)، بـەڵام ماشـا لـەشـانۆنامەی (سـێ خوشـک)دا لـەپرسـەی ژیـانی خۆیـدا نییـە، بـەڵکـو زیـاتر کـەسـایەتییـەکـی سـەرکـەش، یـاخی و ڕەچەشـکێن و سـەربـەسـتە. ڕەنـگە سـمبۆلییەکانی سـێ خوشـکەکە، بۆ نمـوونە کراسـە سـپییەکەی ئیرینـا و ڕەشـەکەی ماشـا لەنێـو ڕووداوەکانـدا گۆڕانکارییـان بەسەردا دێت، ڕەنگە سپییەکەی ئیرینا، لەگەڵ ڕۆژگاردا تاریک دەبێـت و ڕەشـەکەی ماشـایش، بـۆ چەنـد سـاتێک بە ڕەنگـی

عەشــق ســوور دەبێــت. تەنهــا ڕەنــگەکەی ئۆلگــا گۆڕانکــاریی بەسەردا نایەت، تەنانەت کارەکتەری ئۆلگا خۆیشی گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت. هەر لە سـەرەتاوە تۆنێکی غەمگین، هەستێکی ناشاد لە هەست و هزریدا گەشە دەکات.

ماشــا تەنهــا کــەسـێکە، کــە دەوێرێــت و بــەئاشــکرا دژی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەجووڵێتەوە، بۆ نموونە سەرەڕای ئــەوەی ژنــی کولێگینــە، بــەڵام عاشــقی ڤێرشــینین دەبێــت و پێوەندییەکی کراوەی دڵداریی لەگەڵدا دروست دەکات و گوێ بەقسەی خەڵکی و ئابڕووچوون نادات. بەڵام ڤێرشینین لـەگەڵ سوپاکەیان لەو شارۆچکەیە دەگوێزنەوە و خـەون و هیواکانی ماشـایش نایـەنـەدی و دەگـەڕێتـەوە سـەر ژیانـە ئاسـاییەکـەی پێشووی و پۆشینی جلوبەرگە ڕەشـەکانی. ڤێرشینین خۆی لە هاوسەرگیرییەکەی خۆیدا گیری خواردووە، ژنەکەی نەخۆشیی دەروونـی هەیە و خۆشـی خەون بە ئایندەیەکی جوانترەوە بۆ مرۆڤایەتی دەبینێت، بەڵام بۆ ئەوان نا، کە ئێستا لەسـەر زەوی دەژیــن، بەڵکــو بــۆ نەوەکــانی دوای خۆیــان! لە دوا دیمەنــدا، هەروەک دوکتـۆر ئەسـترۆڤ لە خـاڵە ڤانیـادا، بەهـا و ماناکـانی دەقەکە، لەم حیوارەدا چڕ دەکاتەوە: **(لە سەرەتادا ژیانی مرۆڤ پڕ بوو لە شەڕ و هەرا و هەر خەریکی هاتوچۆ و هێرشبردن و ســەرکەوتن بــوو، ئێـستا ئەم شـتانەمان نەمـاون و ژیـان بۆشاییەکی گەورەیە و هیچ شتێک نییە پڕی بکاتەوە... بەڵام مرۆڤ بەردەوام و بێ بڕانەوە بەدوایدا ئەگەڕێ و بێگومـان هەر ئەیدۆزێتەوە. ل١٦٧).**

ماشـا لە پەردەی یەکەمدا ئـافرەتێکی گەنـجە، هەمـوو ژیانی لە هەڵەیەکـی کوشــندەی گەورەدا کـۆدەبێتەوە، کە شــووی بە کولێگین کـردووە. یەکـەم حیواری-یشی فیکەلێدانە **(ماشـا بە**

**وردی بەسەر کتێبەکەوە بیر دەکاتەوە و فیکە لێ دەدات. ل٣٨).** چیخەف لە نامەیەکیدا باسی ئەم فیکەلێدانەی ماشا دەکات، هەر لەبەر ئەوەی ئۆلگا کنیپەر لە شانۆی هونەری مۆسکۆ، ئەم ڕۆڵەی بینیوە، هەندێک شتی لە نامەکانیدا، بۆ کنیپەر ڕوون کردووەتەوە، چیخەف لە یەکێک لەو نامانەیدا دەڵێت: (لە هیچ کام لە پەردەکاندا، خۆت وا پیشان مەدە، کە خەمباریت. توورە بە، بەڵام خەمگین مەبە. ئەو کەسانەی خەمێکی گرانیان هەڵگرتووە و بەو بارە ڕاهاتوون، لە ناوەوەیاندا خەمبارن و ناتوانن قسەی باش بکەن و لە بیرکردنەوەدا ون دەبن و بەدەم خۆیانەوە فیکە لێ دەدەن. زۆر جار لەسەر شانۆ، کە خەڵکی قسە دەکەن، تۆ خەم داتدەگرێت).

لەناو ئەو سێ خوشکەدا ئۆلگا هەمیشە دەکەوێتە پەراوێزەوە، تەنانەت هەندێک جار لە بیر دەچێتەوە، ئیرینا توند خۆی بە خەونەکانیەوە هەڵدەواسێت و ماشایش خۆی دەداتە دەست عەشق.

کارەکتەرەکانی شانۆنامەی سێ خوشک بەردەوام خەون بەکارکردن و خۆشەویستییەوە دەبینن، کارێک مانایەک بەژیان ببەخشێت و هیوایەک بەخۆشەویستییەکەوە، کە ژیانیان ئاسوودە و بەختیار بکات. هاوکات لە هەرچوار پەردەکەیشدا بەردەوام باسی پاشەڕۆژ دەکرێت، هەندێک جاریش تێکەڵاوی بابەتەکانی تر، کارکردن و خۆشەویستی دەبێت و یەکەیەکی تر لە هەرسێ بابەتەکە (کار و خۆشەویستی و پاشەڕۆژ) پێک دەهێنێت، بۆ نموونە هەر لەسەرەتای پەردەی یەکەمدا ئیرینا باسی ئاسوودەیی لەکارکردندا دەکات و دەڵێت:

**(کە ئەم بەیانییەخەبەرم بوەوە و هەستام و دەموچاوم شت، لەپڕ وام هەست کرد، کە هەموو شتێکی ئەم جیهانەم لە لا ڕووناکە و ئەزانم ئەبێ چۆن بژیم. ئیڤان ڕۆمانیچی خۆشەویست... من هەموو شتێک ئەزانم، مرۆڤ هەرچییەک بێ، پێویستە کار بکا و بەئارەقی ناوچەوانی خۆی بژی، ئاوات و مانای ژیان لەمەدایە. چەند خۆشە کرێکار بی و لەگەڵ ڕۆژهەڵاتندا لەسەر شەقامەکان بەرد بشکێنی، یان شوان بی، یان مامۆستا بی منداڵان فێری خوێندن بکەی، یان شەمەندەفەر لێخوڕی ئای خوایە، با مرۆڤیش نەبی، با گامێش بی، یان ئەسپێکی ئاسایی بی هەر بەو مەرجەی ئیش بکەی و ژنێک نەبی سەعات دوازدەی نیوەڕۆ لەخەو هەستی و لەناو جێگەکەدا قاوە بخۆیتەوە و دوای دوو سەعات خەریکی خۆگۆڕین بی، ئای ئەمەشتێکی چەند سامناکە. وەک چۆن هەندێ جار مرۆڤ لەگەرمادا حەز ئەکا بخواتەوە، منیش ئاوا حەز ئەکەم ئیش بکەم. ئیڤان ڕۆمانیچ، ئەگەر لەمەودوا بەیانییان زوو لەخەو هەڵنەستم و ئیش نەکەم هاوڕێیەتیم مەکە! ل٤٢).**

لە کۆتاییدا، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، سێ خوشکەکە دێن و دەڕۆن و گۆرانی دەڵێن و نان دەخۆن و دەربارەی شتی ئاسایی و بێمانا قسە دەکەن، بەڵام لەپشت هەموو ئەم شتانەوە، هێڵە نادیارەکانی تراجیدیای مرۆڤ کۆدەبێتەوە، کە لە ژیانی ئەم سێ خوشکەدا بەرجەستە دەبێت و هەموو شتێک دەکەن لە پێناوی گۆڕانیدا، بەبێ ئەوەی هیچیان بۆ بکرێت.

**دیدێکی ئایندەبینی**

لە شـانۆنامەی (سـێ خوشـک)دا زۆر باسـی پاشـەڕۆژ دەکرێت، زیاتر لە هەموو دەقەکانی تری چێخەف، تەنانەت لە (باخی گێلاس)یش. ئەم مەسەلەیە، وەک دوو بابەتە گرنگەکەی تـر، کـارکردن و خۆشەویـستی، بە بەردەوامـی لە هەرچـوار پەردەکەدا دەردەکەوێـتەوە، هەروەک لەوەوبەریـش ئاماژەمـان بۆ کردووە، هەندێک جار تێکەڵاوی بابەتەکانی تر، کارکردن و خۆشەویستی دەبێت و یەکەیەکی تر لە هەرسێ بابەتەکە پێک دەهێنێـت. کارەکتەرەکـان هەمیـشە خەون بە پاشـەڕۆژێکی ڕوونەوە دەبیـنن، بەڵام خۆیـان لە ئێـستادا بـزرن و هەمـوو شتێکیان لەدەست داوە.

مەسـەلەی ئایـندەبینی و پاشـەڕۆژ، لە پەردەی یەکەمـدا، لە لایەن توزینبـاخ-ەوە دەسـت پـێ دەکـات. توزینبـاخ، کە باسـی هەسـت و بیرکـردنەوەی خـۆی بـۆ کـارکردن دەکـات، باسـی دیدێکی ئایندەیش بۆ دونیا دەکات، کە لەوێدا هەموو کەسێک کـاری هەیە. ئەمەی توزینبـاخ دەیڵێـت جـۆرە وێـنە و دیـدێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ پاشـەڕۆژ، بەڵام خـۆی کەسێکی شۆڕشـگێر نییە، بەڵکو ئەو تەنها وشە شۆڕشگێڕییەکان بەکار دەهێنێت.

لە پەردەی دووەمـدا، دیالۆگەکـانی لەگەڵ ڤێرشـینین-دا سـەبارەت بە پاشـەڕۆژ مەودایەکـی تـر لەخـۆ دەگرێـت: **(نەک پاش دووسەد یان سێسەد ساڵ، بەڵکو پاش ملیۆنێک ساڵ ئێستا ژیان چۆنە، ئەوسایش هەر وا ئەبێ و ناگۆڕێ و بە نەگـۆڕاوی ئەمێنێـتەوە و ڕێبـاز و یاسـای ئاسـایی خـۆی بەرنـادا/.../ ل٩١)**، توزینبـاخ مەبەسـتێتی کـۆمەڵگە دەبێـت گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و بشگۆڕێت، بەڵام شتە سەرەکیی و بنچینەییەکان لە ژیاندا ناگۆڕدرێن. ڤێرشینین گۆڕانکارییەکان

لە ڕووی ژیانەوە بەرەو باشتر دەبینێت، دید و بۆچوونەکانی ئەویش مەودایەکی دوور لەخۆ دەگرێت، ئەو باسی دووسەد، سێسەد ساڵی تر دەکات، کە ژیان لەسەر زەمین زۆر خۆش دەبێت. ڤێرشینین هەر لە یەکەم سەردانیدا بۆ ماڵی سێ خوشکەکە، باسی پاشەڕۆژ دەکات. ڤێرشینین دەڵێت:

**(ڕەنگە پاش خۆتان شەش کەسی تری وەک ئێوە پەیدا ببن، دوایی ئەبنە دوازدە و بەم جۆرە هەتا ڕۆژێک دێ ئەوانەی وەک ئێوەن ئەبنە زۆربەی خەڵک. پاش دووسەد... سێسەد ساڵی تر ژیان لەسەر زەوی بێ سنوور ئەڕازێتەوە و نایاب ئەبێ. ل٦١)** دیدە ئایندەبینییەکەی ڤێرشینین شۆڕشگێرانە نییە، تەنانەت ڕێگەکانیش بۆ گەیشتن بەو ئایندە و پاشەڕۆژە هەستکردن و جۆرە پێشبینیکردنێکە. لەم ڕووەوە، ئەگەر فەلسەفەکەی ڤێرشینین زۆر قووڵیش نەبێت، کاریگەریی خۆی هەر هەیە، ئەوەی ئەو دەیڵێت هەژموونێکی بەهێز بەسەر هەرسێ خوشکەکەوە بەجێ دەهێڵێت.

### دەرکەوتنی کارەکتەرەکان بەر لە دەرکەوتنیان

چێخەف تەکنیکێکی تایبەتمەند لە دروستکردنی کەسایەتییەکانیدا بەکار دەهێنێت، بۆ نموونە هەندێک لە کارەکتەرەکان، بەر لەوەی لەسەر شانۆ دەربکەون، لەسەر زاری کارەکتەرەکانی ترەوە پێشکەشی دەکات، بەم شێوەیەش بارێکی چاوەڕوانی سەبارەت بەو کەسایەتییە لای بینەران دەخوڵقێنێت،هەندێک جاریش پێوەندییەکی تایبەتی لەنێوان ئەو کەسەی قسەدەکات و ئەوەی دواتر دەردەکەوێت، دروست دەکات و کارەکتەرەکان چ لەناو خۆیان و چ لای بینەران نامۆ نابێت. ئەمتەکنیکە لە شانۆنامەی سێ خوشکدا بەئاشکرا دیارە،

سـەلیـۆنی، ڤێرشـینین و نـەتالیـا پـێش دەرکـەوتنیـان بـاسـیان دەکرێت. چ خوێنەر و چ بینەرانیش وێنەیەکی تەواوی نەتالیا، بەر لەوەی دەربکەوێت، وەردەگرن و هـەرسـێ خوشکەکە بە نێگەتیفی باسی دەکەن.

**نموونەی یەکەم:**

**توزینباخ**

**/.../ لە بیرم نەبوو، ئەمڕۆ ڤێرشینینی سەرکردەی تازەی بەتالیۆنەکەمان دێ بەمیوانیتان (لای پیانۆکەوە دەوەستێ)**

**ئۆلگا**

**ئینجا چییە؟ من بەمە کامەرانم!**

**ئیرینا**

**پیرە؟**

**توزینباخ**

**نەء، خراپ نییە. تەمەنی زۆر زۆر بێ چل ساڵ، چلوپێنج ساڵ ئەبێ (لەسەرخۆ ئاوازی گۆرانییەکە ئەڵێ) گومانی تێدا نییە کە پیاوێکی بەتوانا و ژیرە، بەڵام زۆربلێییە! ل٤٠.**

**نموونەی دووەم**

**ماشا**

**ئای ئەو خانمە جلی چۆن لە بەر ئەکا! ناڵێم جلەکانی جوان نـین، یـان مـۆدەیـان بـەسـەرچـووە، بـەڵام ڕێکپۆشـنییە. تـەنـوورەیـەکـی سـەیـری زەردی کـراوەی پـەراوێـزەدار و بلووزێکی سوور لە بەر ئەکا. کوڵمەکانیشی هێندە شتووە و سوەتەوە بریقەیان دێ. نابێ ئەندرێی حەزی لێ کردبێ، من ڕێگەی ئەمە نادەم. ل٥٧.**

ئەمەیـــش ســـــەرەتای ئەو کێـــشە و ململانێـــیەیە، کە هەژموونێکی گەورەی بەسەر گەشەی ڕووداو و چارەنووسی ئەندرێی و هەرسێ خوشکەکەیشەوە هەیە؛ چێخەف لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە کارەکتەرەکان ئامادەی ئەو ڕووداوانە دەکات، کە ڕۆڵێکی گەورەیان بەسەر تێکڕای دراماتۆرگی دەقەکەوە هەیە. بێگومان ناتالیا لەم حیوارەی ماشا-وە دێتە نێو چەقی ڕووداوەکانەوە و پێش ئەوەی دەربکەوێت، ئەو ڕۆڵەی پێ سپێردراوە. ڤێرشینین- یش بە هەمان شێوە، ژیانی ماشا دەگۆڕێت و ڕێچکەی ڕووداوەکان بە ئاڕاستەیەکی تردا دەبات، دواتریش لەگەڵ بەتالیۆنەکەی شارەکە لەدوای خۆیانەوە بەجێ دەهێڵن.

### پزیشکەکانی چێخەف

زۆر کارەکتەری پزیشک لە نۆڤلێت و شانۆنامەکانی چێخەدا هەن، لەوانەیە ئەمەیش بگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی تایبەتمەندی چێخەف خۆی، کە لە ڕاستیدا پزیشک بووە و ماوەیەکی زۆریش وەک پزیشک کاری کردووە. پزیشک لە لای چێخەف ئەو کەسەیە، کە بەسەربەستی و بەبێ جیاوازیی چینایەتی و هەموو جیاوازییەکانی تر، دەتوانێت بچێتە هەموو ماڵێکەوە، پزیشک هیچ سنوورێکی نییە و چێخەفیش ئەم سەربەستییەی کار و پیشەی پزیشک وەک (جۆکەرێک) بەکار دەهێنێت و هەندێک جار نهێنیی زۆربەی چینەکانی کۆمەڵگەی لایە، بۆ نموونە لە هەموو شانۆنامەکانی چێخەفدا، جگە لە باخی گێلاس، کارەکتەرێکی پزیشک هەیە، ئەم کارەکتەرانە یان ئەوەتا ڕاستەوخۆ بەشداری ڕووداوەکانن و ڕۆڵێکی گرنگیان لەبەرەوپێشەوەچوونی ململانێکاندا هەیە، یان ئەوەتا

چــاودێرێکی وردن. لە پلاتۆنــۆڤ-دا نیکــۆلای تریلیێتــسکی کەســێکی لیبــڕاڵە، کەم و زۆر پێوەنــدیی بە ڕەفتارەکــانی پلاتۆنۆڤ-ەوە هەیە، لە هەمان کاتدا لە هەموو شتەکانیشەوە دوورەوپەرێزە، ئەستروۆڤ لە خاڵە ڤانیادا، دەبێتە ئیدیالیزمێکی مانــدوو و بێدەربەســت، دۆرن لە نەورەس-دا، کەســێکی هومانیزمی خاوەن بەهرەیە، کە لای ئەستروۆڤ-یش دەبینرێت.

دوا پزیــشکی شــانۆنامەکــانی چێخــەف، چیبــووتیکین-ە، پیرەپزیشکێکی سوپایە و کۆکردنەوەیەکی یان ئەنجامێکی کۆتایی پزیشکەکانە، هەروەها بە شێوەیەک لە شێوەکانیش برا گەورەی ئەستروۆڤ-ە، هاوکات هومانیزمەکەی دۆرن-یشی تیــایە، هەرچەنــدە دۆرن-یــش کەســێکی بێدەربەســتە، بەڵام هەستێکی گەرم و قووڵی مرۆڤدۆستیی پێوە دیارە.

پزیــشکەکــانی نێــو شــانۆنامەکــانی چێخــەف لــەگــەڵ چێخەفدەچنە تەمەنەوە و پیر دەبن، چیبووتیکین-یش دوا پزیشک و بە تەمەنترین پزیشکی شانۆنامەکانی چێخەفە. چیبووتیکین مرۆڤی قسەهێنانەوەیە و هەموو بوون و جیهان دەخاتە ژێر پرسیار و تێڕامانەوە، تەنانەت لە پەردەی سێیەمدا بوونی خۆشی وەک پزیشک و دەوروبەرەکەیشی دەخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە، لەم ڕووەوە دەڵێت:

**(هەمووتان بەلەعنەت بن... سندانم لێ دان... هەرایە... وام ئەزانی دوکتۆرم و ئەتوانم چارەی هەموو نەخۆشییەک بکەم، کەچی هیچ نازانم... هەموو شتێکم بیرچووەتەوە... هەرچیم زانیوە هەموویم لە بیر چووەتەوە، هیچم لە بیر نەماوە. (بێ ئەوەی هەست پێ بکا ئۆلگا و نەتاشا ئەچنە دەرێ) شەیتان بەلەعنەت بێ... چوارشەممەی ڕابردوو لەزاسیپ ژنێکم تیمار ئەکرد، کەچی مرد... من تاوانبارم، بەڵێ، بیستوپێنج ساڵێک**

**لەمەوبەر هەندێ شتم ئەزانی، بەڵام هیچم لە بیر نەماوە... هیچ... باشە، بەڵکو من مرۆڤ نەبم و بەخۆڕایی وا خۆم پیشان بدەم کە دەست و قاچ و سەرم هەیە... بەڵکو لەڕاستیدا من هەر نەبم و وا بزانم دێم و ئەچم و ئەخۆمەوە! (ئەگری) ئاخ، خۆزگە هەر نەبوومایە. (ژێر ئەبێتەوە و بەتووڕەییەوە) شەیتان ئەزانێ... سێ ڕۆژە لەیانە هەرایە و باسی شەکسپیر و ڤۆڵتەر ئەکەن... من نەمخوێندوونەتەوە و هیچیان دەربارە نازانم. کەچی خۆم وا پیشان ئەدا کە خوێندوومنەتەوە... ئەوانی تریش هەروەکو من بوون... ئەمەنزمییە. ئەو ژنەشم هاتەوە بەرچاو کە چوارشەممە کوشتم و لە بەرچاوم ون نەئەبوو... دڵم گیراوە، ئەمە ناڕەوایە، کارێکی چەوتە، تاوانە. ل١٢١).**

ئەم کارەکتەرە مەی بەچارەسەر دەزانێت و لە پشت سنوورەکانی بەدمەستبوونەوە خۆی دەشارێتەوە، هەندێک جار بەهەستێکی گەورە خۆشەویستی بۆ سێ خوشکەکە و بەتایبەتی بۆ ئیرینا دەردەبڕێت، یان گوێ ناداتە هیچ و هەندێک جار پەردە لەڕووی ڕاستییەکان هەڵدەماڵێت و توندوتیژە، بۆ نموونە لەپەردەی چوارەمدا، بەم شێوەیە ئامۆژگاریی ئەندرێی دەکات و دەڵێت: **(براکەم، من بەیانی ئەڕۆم و ڕەنگە ئیتر هەرگیز جارێکی تر یەکتری نەبینینەوە، بەڵام ئەم ئامۆژگارییەی منت لە بیر بێ: شەبقەکەت بکەرەسەرت و گۆچانەکەت بگرە بەدەستتەوە و ماڵ بەجێ بێڵە و بڕۆ... بێ ئاوڕدانەوە بڕۆ، هەتا دوورتریش بڕۆی باشترە! ل١٥٦).**

هەر چیبووتیکین پەردە لەسەر ئەو نهێنییە هەڵدەماڵێت، کەهەموو دەیزانن، بەڵام کەس ناوێرێت یان نایەنەوێت ڕاستەوخۆ باسی بکەن، ئەویش پێوەندییەکانی ناتالیا

(نـەتاشـا)یـە بـەپڕۆتۆپۆپۆڤ-ەوە. چیبـووتیکین لـە کاتێکدا ئـەم نهێنییـەئاشـکرادەکـات، کـەکـاتژمێرە دێرینـەکـەی دایکـی سـێ خوشـکەکـەدەشـکێنێت، شـکاندنی ئـەم کـاتژمێرەیـش لـەگـەڵ ئاشکراکردنی پێوەندییـەکانی نـەتاشـا و پرۆتۆپۆپۆڤ سـمبۆلی شکاندنی بەها کۆمەڵایەتی، مرۆڤایەتی و ناپاکی و داوێنپیسییە.

**(ڕەنگـە هیـی دایکـت بـووبێ... ئینجـا بـا هیـی دایکـت بووبێ.ڕەنگە من نەمشکاندبێ، بەڵکو وا هاتبێتەبەرچاو کە من شکاندوومە. وا بزانم هەمووومان هەر وا تێئەگەین کە ئێمـە هەین و کەچی لەڕاستیشدا نیین. من هیچ نازانم... کەس هیچ نازانێ (لای دەرگاکەوە) بۆچی سەیرم ئەکەن؟ نەتاشا لەگەڵ پرۆتۆپۆپۆڤدا ڕائەبوێرێ، کەچی ئێوە نایانبینن... ئێوە ئێستا لێرە دانیشتوون و هیج نابینن. نەتاشا لـەگـەڵ پرۆتۆپۆپۆڤدا ڕائەبوێرێ. ل١٢٥).**

چیبـووتیکین-ی پیـرە پزیـشک پێـوەندییـەکـی دێـرین و تونـدوتۆڵی بـە بنـەماڵـەی پـرۆزۆرۆڤ-ەوە هـەیـە و هـەرسـێ خوشکەکە و ئەندرێی بەبەرچاوی ئەوەوە گەورە بوون، ئەم پێوەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مۆسکۆ. چیبووتیکین بەشێوەیەک لەشێوەکان پێوەندییـەکی خۆشـەویستیی بەدایکی سـێ خوشـکەکـەوە هـەبـووە و ئێـستا بـەبیـرەوەریـی ئـەو پێـوەندییـەدڵخـۆش دەبێـت و هـەر بـەو بیـرەوەرییانـە دەژی. چیبـــووتیکین لە پەردەی یەکەمـــدا بە ئامـــادەبوونی هەرســـێ خوشکەکە دەڵێت: **(نەشمیلە نازدارەکانم، ئێوە بـەنرخترین و خۆشەویستترین کەسن لەم جیهانەدا. (بۆ ئیرینا) نەشمیلەکەم، کۆرپەکەم، من لەڕۆژی لـەدایکبوونتـەوە ئـەتناسـم ... جاران بەباوەش ئەمگێڕای و دایکی خوالێخۆشبووتم خۆش ئەویست. ل٤٩).**

چیبـووتیکین بـە هـەمـان شـێوە لـە پـەردەی دووەمیـشدا بەئەندرێی دەڵێت: **(لەبەر ئەوەی ژیانم وەک هەورەبروسکە تیژ و خێرا بەسەرچوو، فریا نەکەوتم ژن بهێنم، هەروەها لەبەر ئەوەش ژنم نەهێناوە، چونکە دایکتم زۆر خۆش ئـەویست، هەرچەندە ژنی مێرداریش بوو! ل١٠٦).**

ئەم مەسەلـەیەیش چەندان جاری تر دووبارە دەبێتـەوە و چیبووتیکین هەر فرسەتێکی بۆ هەڵ بکەوێت باسی خۆشەویستیی خۆی بۆ دایکی سێ خوشکەکە دەکات، بەڵام هەرگیز وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەست ناکەوێت، کە ئایا دایکی سێ خوشکەکەیش چیبـووتیکین-ی خۆشویـستووە یـان خۆشـەویـستییەکـە تـەنهـا یەکلایەنە و لە لایەن چیبووتیکین-ەوەبووە.

### چەمکی کات و هێزی دەنگ

کارەکتەرەکانی دونیای شانۆنامەی (سێ خوشک) لەنێو بێ ڕووداویـدا دەسـووڕێنەوە. کـات و ژیانیـان بـەخێراییـەوە تێدەپەڕن. زۆر جار ئـەم دونیایـە هیواکانیـان هـەڵدەڵوشـێت. وەهـم و پێـشبینییەکانیـان، هـزر و ڕۆح و جـەسـتەیـان، کـە بەهەنگاوی خێرا بەرەو مردنیان دەبات، شـەکەت و ماندوو دەکـەن، بـۆ نمـوونە لە مـاوەی سـێ سـاڵی ڕووداوەکـانی ئەم دەقەدا، لەو چرکەسـاتەوەی پەردە لەسـەر ڕووداوەکـان هەڵـدەدرێتەوە تـا دوا دیـمەن، کە لە دەرەوەی خـانووەکەی پـرۆزۆرۆڤ-دا کۆتـایی پـێ دێـت، جـگە لە تێپەڕبـوونی کـات، شـتێکی ئەوتـۆ ڕوو نـادات؛ لەگەڵ ئەوەیـشدا ئەم سـێ سـاڵە ژیـانی هەمـوو کارەکتەرەکـان پـڕ دەکـات لە هەسـت و هۆشـی بەهێز و گۆڕانکـاریی گرنـگ، کە کـاریگەری بەسـەر ژیانیـانەوە بەجێ دەهێڵێت. چێخەف تەکنیکێکی تـایبەت بۆ بەسـەرچوونی

کات بەکار دەهێنێت، وا لە بەسەرچوونی کات دەکات، کە ئێمە وا دەزانین وەستاوە، ڕووداوەکانی (سێ خوشک) لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕووداو و پەردەکان وا گەشە دەکەن، کە کات هەرگیز نەجوولابێت، بەڵام کات تێپەڕیوە و شتگەلێکی زۆریش ڕوویان داوە. (سامۆییل بێکێت) یەکێکە لەو نووسەرانەی سوودێکی زۆری لەم چەمک و تەکنیکەی کات لای چێخەف، وەرگرتووە و لە فۆرم و هزرە ئەبستگەرا و پووچگەراکەیدا بەرجەستەی کردووە.

چێخەف ئەم بێ ڕووداوییە و تێپەڕبوونی کاتی بە دیدێکی شانۆیی و هونەری چڕ چنیوە و کارەکتەرەکانی لەنێو دارستانێکی چڕی پڕ لە سمبۆل، ئەتمۆسفێر، لە یەکەیەکی یەکگرتووی کاریگەرییە دەنگییەکاندا بەرجەستە کردووە. کەمانچە و هارمۆنیای ئۆکۆردیۆن لەسەر شانۆ و لە دەرەوەی شانۆوە دەژەنرێن، دوکتۆر لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەڵێت، ماشا فیکە لێ دەدات، توزینباخ پیانۆ دەژەنێت و ئەندرێی کەمانچە. (سەعات دوازدە لێ دەدات، ماشا فیکە لێ دەدات و گۆرانی دەڵێت، تەپەی پێ دەبیسرێ، چەپڵەلێدان، زەنگلێدان، ئاوازی گیتار، گۆرانی، دەنگی زەنگۆڵەی عەرەبانە، زەنگی نیشانەی ئاگرکەوتنەوە، دەنگی هۆپ هۆپ، دەنگی تەقەی گوللە، مۆسیقای مارش... هتد) کۆمەڵە دەنگێکن، کە بەردەوام دووبارە دەبنەوە و ڕۆڵێکی گرنگیان لە دروستکردنی ئەتمۆسفێرەکەیشدا هەیە. هەروەها بێدەنگی و پشووەکان، کە چێخەف بەوپەڕی سەلیقەوە، بە هەستێکی قووڵەوە بۆ ڕیتمی دراماکە و لە شوێنی خۆیدا دایناون، لەگەڵ ئەم دەنگانەدا، کاریگەرییەکی بەهێزیان بەسەر ڕیتم و چەمکی کاتیشەوە، هەیە. دیمەنەکان، یەک لەدوای یەک بە پلانێکی ورد، لە دیدی

ڕۆنـانی درامـی و دراماـتۆرگییەکی گوزارشـتئامێز و هەنـدێک جـار سـمبۆلییەوە داڕێـژراون. پەردەی یەکەم خـوانێکی پـڕ لە خۆشییە، نیوەڕۆیەکی هەتاوە، پەردەی دووەم هەمان شوێنە، بەڵام کاتەکەی جیاوازە و ئێوارەیە و ئەتمۆسـفێرەکە هەندێک نائـارامە. ناتالیـا بە مـۆمێکەوە بە ژوورەکەدا دەگەڕێـت، لە ئـاگرکەوتنەوە دەترسـێت، ئەمەیـش ئامادەکـارییەکە بـۆ ئەو ئـاگرەی، کە لە پەردەی سـێیەمدا دەکەوێـتەوە. چـێخەف لە نامەیەکیدا بۆ ستانیسلاڤسکی سەبارەت بەم سەرەتای دیمەنە دەڵێت: (من لەو بڕوایەدام، کە ناتالیا ڕاست بەسەر شانۆکەدا بڕوات، بەبێ ئەوەی سەیری هیچ شتێک بکات، یان کەسێک، هەروەک لیدی ماکبێس، بە مۆمەکەی دەستیەوە. بەم شێوەیە کورتتر دەبێتەوە و زیاتریش ترسناکە).

لە پەردەی سێیەمدا، شـوێن بە تەواوی چـووەتەوە یەک و ژووره تەسکەکەی ئۆلگا و ئیرینایە، ئاگر کەوتووەتەوە و لە دەرەوەی شـوێن و لە پـشت دەرگاکـانەوە کـاریگەری و مەترسییەکانی ئەم ئاگرە دەبیسترێت. پەردەی چوارەمیش لە باخچەکەی مـاڵی سـێ خوشکەکەدایە، ئەم بـاخچەیەیش وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، دەبێتە ئەو سمبۆلەی چێخەف دواتر لە باخی گێلاس-دا کاری لەسەر دەکات.

**دیدێکی کۆتایی**

لە کۆتـایی ئەم دەقەدا، خەون و ئەندێـشەکان پارچەپـارچە بـوون، بەڵام خوشـکەکان لەم تێکوپێکـشکاندنەدا، هەنـدێک بـراوەن: بـۆ یەکەم جـار ڕووبەڕووی ڕاسـتیی واقیعـی ژیـان، بەبـێ خەون و بەبـێ ئەندێـشە، دەبـنەوە. چارەسـەرەکانی چێخەف بۆ سەردەمەکەی ئەوە بووە؛ چیتر خەون بەو شتە

جوانانەوە مەبینە، کە دوای دووسەد ساڵ یان سێسەد ساڵی تر ڕوو دەدەن. مرۆڤ لە هەموو سەردەمێکدا پێویستی بە یۆتۆبیای خۆی هەیە، بەڵام یۆتۆبیا دەبێت هەڵقوڵاوی ڕاستیی واقیعی ژیان بێت. مرۆڤ پێویستە لەو شوێنە کار بکات، یان هەلومەرجەکانی خۆی بگۆڕێت. گەشبینیی سێ خوشکەکە، کارێکی ئاسان و سەرکەوتنێکی پڕ لە چەپڵەڕێزان نییە، بەڵام خوشکەکان یەکەم هەنگاویان لەو پرۆسەیەدا ناوە، کە لە باخی گێلاس-دا ڕوون و ئاشکراتر دەردەکەوێت.



سێ خوشک لە شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم

# بەشی حەوتەم

## باخی گێلاس
## کۆمیدیایەك و کۆتایی بازنەکە



باخی گێلاس لە شانۆی هونەری مۆسکۆ

چێخەف لە بەهاریساڵی ١٩٠٢دا دەست دەکات بە نووسینی باخی گێلاس، ساڵی ١٩٠٣ تەواوی دەکات و لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٠٤دا لەسەر شانۆی هونەری مۆسکۆ نمایش دەکرێت. چێخەف ئەم دەقەی لە ڕەوشێکی زۆر خراپی باری تەندروستیدا نووسیوە، لەگەڵ ئەوەیشدا، لە دیدێکی ئایندەبینی و هێڵێکی تەژی لە خەندە و کۆمیدیاوە، ئەم شانۆنامەیەی هێناوەتەبەرهەم. چێخەف لەبەر نەخۆشی نەیتوانیوە بە یەک جار، وەک دەقەکانی تری، (باخی گێلاس) بنووسێت و ئەمەیش چێخەف-ی تووشی پەشێوی کردووە. کە دەقەکەیش تەواو دەکات، لە نامەیەکدا بە ئۆلگا کنیپەر دەڵێت: (/.../خراپترین شت لەم دەقەدا ئەوەیە، کە من بە یەک جار و بێ وەستان نەمنووسیوە، بەڵکو ماوەیەکی زۆری ویست تا تەواو بوو، هەر بۆیە، ڕەنگە کەمێک بێزارکەر بێت).

ئەو تەکنیک و شێوازە کۆمیدییەی چێخەف لە باخی گێلاس-دا بەکاری هێناوە، کەشێکی کۆمیدیایی تێکەڵ بەهەستێکی خەماوی، مۆسیقا، لیریکێکی قووڵ، هەروەها دیدێکی ئایندەبینیی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. لەسەر هەردوو ئاستی ناوەڕۆک و تەکنیکەوە بە سمبۆل دەوڵەمەندە. کارەکتەرەکان بە دەمێکی پڕ لە خەندەوە، هەندێک جار بە هەست و سۆز و فرمێسکەوە، بەرەو ئایندەیەکی نائارام و تاریک دەڕۆن. ئانیا و ترەفیمەڤ، هەروەها لەپاخین ئاماژەکانی ئایندە و پاشەڕۆژێکی ترن. چێخەف لە لایەکەوە کاری لەسەر فیگوری کۆمیدی و لە لایەکی تریشەوە لەسەر ڕەوشە کۆمیدییەکان دەکات. لە هەردوو بارەکەیشدا، باس لە کۆمیدیایەکە، کە بنەمایەکی قووڵی خەماویی هەیە. باخی

گێلاس بە ئاشکراماڵئاواییکردنێکی هەستئامێزە لەو بێکارییەی مرۆڤــی ڕووســـی گیــرۆدەی بــوو، هەروەهــا ڕاکــردن لە بەرپرســـیارێتی و تەمەڵییەکـــی چارەســـەرنەکراو، هاوکـــات ڕۆیشتنە بەرەو ژیانێکی نوێ.

### تراجیدیا لە فۆرمی کۆمیدیادا

کۆمەڵێ یاسای بنەڕەتیی کۆمیدیی ڕۆنانی درامیی باخی گێلاس، یان بەشێکی گرنگی ئەو ڕۆنانە درامییە پێک دەهێنن؛ ئەم شـــێوازە کۆمیـــدیانەیش لە ڕەوتـــی ڕۆنـــانی هەنـــدێک لە کـارەکتـەرەکانـدا دەبینـین، وەکـو: پیـشیک، شـاڵۆتە ئیڤانەڤنـا، ییپیخۆدەف، دونیاشا، ڕێبوارێک، کارمەندی پۆستە. لە ڕەوش و مـامەڵە و هەلـومەرجی ئەم کـارەکتەرانەدا، شـتێکی کۆمیـدی بەدی دەکرێـت، ئەمە جـگە لە گـایەڤ، لەپـاخین، تـرەفیمەڤ، هەروەهـا فیـرس-یـش، بەڵام بە شـێوەیەکی تـر: دیمەنەکـانی ییپیخۆدەف، شـاڵۆتە، بـۆ نمـوونە شـاڵۆتەیەکی لیبـوک، پیشیک، هەمیشە پارەقەرزکردنەکەی، ترسی لەپاخین لەوەی ڤاریا لێی نەدات، چەتـرەکەی ڤاریـا، کەلۆشـەکانی تـرەفیمەڤ... هتـد. ئەم دیمەنـــــــانە کەشـــــــێکی ئەبـــــــسوردیان هەیە و لە هەلومەرجەتراجیدییەکانیشدا، کۆمیدین.

چێخەف بە توندی بەرگریی لە (کۆمیدیا)ی ئەم دوا دەقەی خۆی کردووە، لە مانگی نۆی ساڵی ١٩٠٣دا، بە ماوەیەکی کەم دوای تەواوکردنی دەقەکەی، نامەیەک بۆ (مارییا لیلیان)ی ژنـی ستانیسلاڤسکی، کە ئەکتەر بووە لە شـانۆی هـونەری مۆسـکۆ، دەنێرێت، چێخەف دڵنیایە ئەم نامەیە، یەکسەر لە لایەن هەمـوو شـانۆی هـونەرەوە دەخوێنـدرێتەوە. (ئەوەی نووسـیومە دراما

نییه، بەڵکو کۆمیدیایە، هەروەها لە هەندێک شوێندا "هەزەلی" تەواوە، دەترسێم فلادیمیر نمیرۆڤیچ لەسەر ئەمە لێم نیگەران و تووڕە بێت)، بەڵام نمیرۆڤیچ و ستانیسلاڤسکی، هەر لە سەرەتاوە، ئەم دەقە وەک تراجیدیا دەبینن. ستانیسلاڤسکی لە نامەیەکیدا، کە لە ١٩٠٣/١٠/٢٢دا بۆ چیخەف-ی ناردووە، دەڵێت: (بەپێی دید و تێگەیشتنی من "باخی گێلاس" باشترین دەقی ئێوەیە. من زۆر بەدڵم بوو، تەنانەت لە "نەورەس"یش زیاتر بە لامەوە گرنگ بوو؛ ئەمە کۆمیدیا نییە، فاش نییە، وەک ئێوە نووسیوتانە، بەڵکو تراجیدیایە، هەرچەندە ئێوە لە دوا پەردەدا ڕێگەیەک بۆ ژیانێکی باشتر دەخەنە ڕوو{...} من وەک ژن گریام، خۆم بۆ نەگیرا. من گوێم لە ئێوەیە دەڵێن: "ببوورە، بەڵام ئەمە فاشە"... نەخێر، بۆ مرۆڤێکی ئاسایی ئەمە تراجیدیایە).

ئەو جیاوازیی دید و کێشەیەی لەنێوان ستانیسلاڤسکی و چیخەف-دا سەری هەڵدا، بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنیان لە تەرمە کولتووری و ئەدەبییەکان: کۆمیدیا چییە؟ تا ئێستایش کێشەیەکی زۆر سەبارەت بەو کۆمیدییەوە هەیە، کە چیخەف نووسیونی. ستانیسلاڤسکی و چیخەف هەر لە سەرەتاوە دید و بۆچوونی جیاوازیان بۆ ئەم چەمکە هەبووە، بۆ نموونە لە (نەورەس)دا دواتر ئەم جیاوازییە لە (سێ خوشک)دا تۆخ دەبێتەوە، بەڵام لە (باخی گێلاس)دا دەبێتە شتێکی تر. ئەم کێشەیەیش لەنێوان مانگی سێ و چواری ساڵی ١٩٠٤دا زیاتر قووڵ دەبێتەوە؛ چیخەف لەم ماوەیەدا، لە چەندان نامەدا ستانیسلاڤسکی و نمیرۆڤیچ تاوانبار دەکات بەوەی، کە دەقەکەیان تێکداوە و ئەوەیان نەخوێندووەتەوە، کە لە دەقەکەدا نووسراوە.

ستانیسلاڤسکی دەقەکە وەک تراجیدیای گایەف و لوبۆڤ ڕانێفسکەیا دەبینێت، کە هەموو شتێک لەدەست دەدەن، هاوکات چیرۆکێکی تراجیدی سەبارەت بە لەناوچوونی باخی گێلاس-ە؛ بەمانـای سـەرەوژێرکەوتنی کـۆمەڵگە دێـرینەکە، بە هەمـوو جوانییەکـانیەوە، کە لە بـاخی گـێلاس-دا بەرجەسـتە دەبێـت. دیدی هونەریی ڕێژی ستانیسلاڤسکی، کارکردن بووە لەسەر ئەوەی ئەکتەرەکـانی بتـوانن بیـنەران، بەرامـبەر بە ڕوخـانی دونیـایەکی سـیحری، کە ناچـاری پێویـستییە هەنـووکەییە دارایییەکانییان کردووە، بگرین، نەک پێبکەنن. ستانیسلاڤسکی نمایشێکی تراجیدی، سـەبارەت بە لەنـاوچوونی کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگایەتی، لە دیدێکی کۆمیدییەوە پێشکەش دەکات، بەڵام چـێخەف کۆمیـدیایەکی نووسـیوە، لە دیـدێکی تراجیـدییەوە، سەبارەت بە لەناوچوونی کۆمەڵگەیەکی بۆرژوازی. هەر لەبەر ئەوەیـشە، کە لەپـاخین بـۆ چـێخەف ڕۆڵـی سـەرەکیی هەیە، لەپـشت لەپـاخین-یـشەوە، تـرەفیمەڤ دەدرەوشـێتەوە. ستانیسلاڤسکی دەقێک دەخـاتە سەر شـانۆ، کە بە دادانەوەی پەردەی چـوارەم کۆتـایی پـێ دێـت، بەڵام بـۆ چـێخەف دوای پەردەدادانەوەیـش، بەردەوام دەبێـت. کە چـێخەف دەقەکەی بە ڕۆیـشتنی لوبـۆڤ ڕانێـفسکەیا و گـایەف تەواو ناکـات و دوای ئەوانـیش دیمەنێکـی تـر دێـت، مەبەسـتێکی گرنگـی هەبـووە و سـەبکە کۆمیدی/تراجیدی/گرۆتیسک-ەکان تێک دەشکێنێت و گۆڕانکارییـان تیـا دەکـات. دەقەکە بـۆ ئەو کۆمیـدیایە، لەبەر ئەوەی بڕوای بە گۆڕان هەیە، بڕوای بە ژیانێک هەیە مرۆڤ دوای هەشـتا سـاڵ ژیـان و کـارکردن پێویـست نەکـات، وەک کارەکتەری فیرس بڵێت **(هەر دەڵێی نەش ژیاوم)**.



باخی گێلاس لە سەر شانۆی شار

فلادیمیر نمیرۆڤیچ-یش لە نامەیەکیدا، بۆ چیخەف دەنووسێت، کە دەقەکە چەندان کارەکتەری گریاوی تێدایە. چیخەف لە وەلامدا دەڵێت، ئەوە گریان نییە، بەڵکو تۆن و سیمایان پڕ لە ژیانە و دڵخۆشن، هەرچەندە فرمێسک لەچاوەکانیان قەتیس بووە، بەلام ئەمە نابێت هیچ هەستێکی بەزەیی لای بینەران دروست بکات. ئۆڵگا کنیپەر لە نامەیەکدا باسی کاردانەوەی ستانیسلاڤسکی و ئەندامانی شانۆی هونەر، سەبارەت بە باخی گێلاس دەکات و دەڵێت: (/.../ئەمڕۆ لەشانۆ "باخیگێلاس"دەخوێندنەوە، من بڕیارم داوە نەچم بۆ ئەوێ. لەهەمان کاتیشدا دەمەوێت بچم؛ تا ئێستا من نازانم چی بکەم. کەنستەنتین سیرگێیەڤیچ (ستانیسلاڤسکی) شەیدای دەقەکەبووە. ئەو پەردەی یەکەمی وەک کۆمیدیایەک خوێندۆتەوە، وەک خۆیشی دەڵێت پەردەی دووەم کارێکی بەهێزی تێکردووە، لەپەردەی سێیەمدا ئارەقێکی زۆری دەرداوە، بەدرێژایی پەردەی چوارەمیش بێوچان گریاوە. ئەو دەڵێت تۆ هەرگیز کارێکی وا بەهێز و کاریگەرت نەنووسیوە.

ئێمەهەمووومان گیانمان لێوانلێوی شادی و سەرسامییە. دوێنێ لەماڵی ئەلکسێیەڤ و لە کاتی خوانەکەدا هەمووومان بەخۆشیی تۆوە نۆشمان کرد...)

کە ئەو نامانەی چێخەف، لە کاتی نووسینی باخی گێلاس-دا دەخوێنینەوە، تووشی تێڕامان و سەر سووڕمان دەبین: ئەم دەقە لە لایەن چێخەفێکی زۆر نەخۆشەوە نووسراوە، کە تەنها یەک ساڵ تەمەنی لە ژیاندا مابوو. بە بەردەوامی ناچار دەبوو، لەبەر تایەکی بەرز، کۆکە، خوێنهەڵهێنانەوە، پرۆسەی نووسین ڕابگرێت، ئەمە جگە لەوەی هەمیشە لە دەرگای ماڵەکەی دراوە و میوانی بە بەردەوامی هەبووە. لەگەڵ ئەوەیشدا کۆمیدیا دەنووسێت، بەرهەمێک بە ڕای زۆربەی ڕەخنەگر و مێژوونووسان و شانۆکارانەوە، بە گەوهەرێکی مەزنی ئەدەبی جیهانی دادەنرێت. چێخەف بە ڕێگەی مەرگەوە کۆمیدیایەک دەنووسێت، کە لێوانلێوە لە هیوا بە پاشەڕۆژ، بڕوا بە هەلی باشتر بۆ مرۆڤایەتی، بۆ ئەگەر و هەلی گۆڕانکاری و پێویستی تا سەر ئێسقانی مرۆڤایەتی بە گۆڕانکاری. باخی گێلاس وەسێتنامەیەکی مەزنە بۆ هەموو مرۆڤایەتی.

ستانیسلاڤسکی بە پێداگرییەوە دەیویست باخی گێلاس وەک تراجیدیا نمایش بکات و خۆیشی ڕۆڵی گایەف ببینێت، چێخەف بە پێچەوانەوە دەیویست ستانیسلاڤسکی ڕۆڵی لۆپاخین، ئەو بازرگانە گەنجە سەرکەوتووە، ببینێت. لە نامەیەکیشدا بۆ ستانیسلاڤسکی دەڵێت: (لۆپاچین بازرگانە، بەڵام لە هەموو ڕوویەکەوە مرۆڤێکی ڕاستگۆیە، ئەو وەک کەسێکی پەروەردەکراو و بە فەرهەنگ، ڕەفتار دەکات، من مەبەستم ئەوەیە، ئەمە لە دەقەکەدا، کە ڕۆڵێکی ناوەندگەرایی هەیە، بۆ ئێوە زۆر گونجاوە). ئەم مامەڵەکردن و پێداگرییەی

ستانیسلاڤسکی، چێخەف تووشی نائومێدی و کێشە دەکات و ئامـــاژە بـــۆ ئەوە دەکـــات، کە ستانیسلاڤـــسکی دەقەکەی شێواندووە. ئۆڵگا کنیپەریش لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: (دەتوانم بڵێم کارکردن لەسەر (باخی گێلاس) ئازاراوی بوو، لەنێوان نووسـەرەکەی و سـتافی کـارەکەدا لێکگەیـشتن نەبـوو، بەڵام هەموو شتێک بە چاکی کۆتایی هات. باخی گێلاس لە ڕۆژی ١٧ی مـــانگی یەکـــی ســـاڵی ١٩٠٤دا، کە ڕێکەوتـــی ڕۆژی لـەدایکبـوونی چـێخەف بـوو، نمـایش کـرا) لەگەڵ هەمـوو ئەو کێـــشانەدا، ئەم نمایـــشە بـــووە ســـەرکەوتنێکی گەورەی نێـونەتەوەییش بـۆ شـانۆی هـونەر و لە بیـستەکانی سـەدەی ڕابـــردوودا، لە ئەورووپـــا و ئەمەریکـــا نمـــایش کـــراوە و کاردانەوەیەکی ئێجگار گەورەی دەبێت. باخی گێلاس تا ساڵی ١٩٥٨ لە ڕێپۆرتواری شانۆی هونەری مۆسکۆدا دەمێنێتەوە و تێکـــڕا ١٢٠٩ جـــار نمـــایش کـــراوە. ڤلادیمیـــر نمیـــرۆڤیچ لە یاداشـتەکانیدا ئامـاژەی بـۆ ئەوە کـردووە، کە ("بـاخی گـێلاس" بـووە درەوشـاوەترین و پڕهێمائـامێزترین بـەرهـەمـی شـانۆی هونەر).

چـــێخەف بە مـــاوەیەکی کـــورت، بەر لە مـــردنەکەی، لە نامەیەکـدا بـۆ ئۆڵگـا کنیـپەر دەنووسـێت: (/.../بـۆچی ئـاوا سەرســەختانە دەقەکەی مــن لەســەر پۆســتەر و ڕیکلامــی ڕۆژنامەکاندا بە "دراما" نـاوزەد دەکەن؟ نمیرۆڤیچ و ئەلێکسی "مەبەست ستانیسلاڤسکی" هەڵبەت لە دەقەکەی مندا شتێکی تر و جیاواز دەبینن، لەوەی من نووسیومە. من دڵنیام ئەوان بۆ یەک جاریش دەقەکەیان بەوردی نەخوێندووەتەوە. ببورە، بەڵام من ڕاستی دەڵێم).

باخی گێلاس بۆ یەکەم جار بە سەرپەرشتی ماکسیم گۆرکی لە مانگی پێنجی ساڵی ١٩٠٤دا، لە گۆڤارێکی ئەدەبیدا چاپ دەکرێت، هەر دوای ئەم چاپە، وەک کتێبیش لە دەزگای مارکس سەرلەنوێ بڵاو دەکرێتەوە.

**تراجیکۆمیک**

کۆمیدیا بۆ چیخەف چەمکێکی ڕێژەیی بووە. بەپێی دابونەریتە باوەکانی شانۆ و دیدە دراماتۆرگییەکە، تراجیدی ئەو نمایشەیە، کە بینەران لەگەڵ پاڵەوانەکاندا دەژین و بە قووڵی هەست بەو چارەنووسەیان دەکەن، کە تێی دەکەون. کۆمیدیایش لە دەرەوەی ڕووداوەکانەوە لە پاڵەوانەکان، بە شێوەیەکی کۆمیدی یان جۆرە ساتیرێکی دوورمەودا، دەڕوانێت. چیخەف لە (نەورەس)ەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی چەندان دەقی کورتی ڤۆدڤێلی نووسی بوو، کاری لەسەر ئەوە دەکرد، کە هەردوو چەمکەکە، کۆمیدی و تراجیدی تێکەڵاو بکات: تراجیدی لە ناوەوەی کارەکتەرەکاندا، کۆمیدییش لە دەرەوە. بە مانای ئەوەی کارەکتەرەکان لە ناوەوەی خۆیاندا هەستیان بە تراجیدیا دەکرد و لە دەریشەوە بۆ بینەران فیگورێکی کۆمیدی بوون؛ بۆ نموونە ڕووداوەکان، لە فۆرمە تەقلیدییەکەیدا (ناپاکیی هاوسەرگیری، دڵدارییەکی بێئامانج، نابووتبوون... هتد) گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و لەبری ئەوە هەموو ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، لەم ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەیەیشدا، بۆ هەریەکێک لە کارەکتەرەکان، لە هاوسەنگییەکی بە دیقەتدا، لە هەردوو ڕووکارەکەوە، لە ناوەوە و لە دەرەوەیشەوە دەبینرێت. ڕەوشە دژبەیەکەکانی ژیانی ڕۆژانە، لە هەردوو ڕووی کۆمیدی و تراجیدییەوە، کە

پێوەندییەکی هەمیشەیی پێکیانەوە دەبەستێتەوە، لە پێوەندیی کارەکتەرەکان و ڕەفتارەکانیشیاندا ڕەنگ دەدەنەوە. ساتێکی دڵتەنگ خەماوی و غەمگین لە شێوەیەکی کۆمیدیدا و ناوەڕۆکێکی کۆمیدییش لە فۆرمێکی درامی، یان تراجیدیدا دەردەکەوێت. تێکەڵاوبوونی کۆمیدی بە دراما، خەم و قۆشمەچێتی، دەبنە دوو توخمی جیاواز بۆ شتێکی پێگەیشتوو، کە دژ بە یەک نین، بەڵکو ئەم ئەو بە هێز دەکات و لەنێو یەکتریدا لەدایک دەبن. بەم شێوەیە ڕەوشەکە دەست بەسەر ڕووداوەکان و بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکانیشدا دەگرێت.

لە شانۆی هونەری مۆسکۆ، کە لەسەر بنەماکانی شیکارییەکی قووڵ و وردی سایکۆلۆژی و توانەوە لە ڕۆڵ و پرسە ناوەکییەکەی ئەکتەردا کاریان دەکرد، ئەم هاوکێشەیەی چێخەف (تراجیدی/کۆمیدی)یەیان بۆ بەرجەستە نەدەکرا و ئەو هاوسەنگییەی نێوان تراجیدی/کۆمیدی لەنێو چەمکە قورس و ئاڵۆزەکانی تراجیدیادا دەتوایەوە و بزر دەبوون. چێخەف هەر لە سەرەتاوە، بەر لەوەی دەست بکات بە نووسینی (باخی گێلاس)، وەک دەقێکی کۆمیدی بیری لێ کردووەتەوە، کە تەواویشی دەکات، هەر بە دەقێکی کۆمیدی ئاماژەی بۆ دەکات. چێخەف لە هەوڵی ئەوەیشدا بوو، کە ئەم خوێندنەوە کۆمیدییە لە نمایشەکەی شانۆی هونەری مۆسکۆیشدا دەربکەوێت، بەڵام ئەم دیدە کۆمیدییە لە پراکتیکدا بۆ ستانیسلاڤسکی و فلادیمیر نمیرۆڤیچ، دەبێتە شتێکی گران و ئاڵۆز، ئەوان وەک دەقێکی تراجیدی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و هەر لەسەر بنەما تراجیدییەکانیشەوە دەیخوێندنەوە.

**باخی گێلاس لە چوار پەردەدا**

لە پەردەی یەکەمدا، لوبۆڤ ڕانێفسکەیا، دوای پێنج ساڵ ژیان بەسەربردن لە فەرەنساوە دەگەڕێتەوە؛ گایەف-ی برای، ڤاریا، ترەفیمەڤ، هەروەها لۆپاخین لە چاوەڕوانیدان و بەخێرهاتنەوەی لێ دەکەن. لوبۆڤ ڕانێفسکەیا بە گیرفانی بەتاڵەوە دەگەڕێتەوە، هەموو پارەکانی خەرج کردووە و قەرزەکانیش زۆر بوون، باخی گێلاس-ەکەیش لەژێر هەڕەشەدایە. لۆپاخین، کە تازە دەوڵەمەند و کوڕە مسکێن، ئاگاداریان دەکاتەوە لە مەترسیی دۆخەکە و باری دارایی بنەماڵەی ڕانێفسکەیا، بەڵام قسەکانی بێسوودە و کەس گوێی لێ ناگرێت.

پەردەی دووهەم، شەوێکی هاوینە و ئەم بنەماڵەیە، هێشتا خەون دەبینن و قسە دەکەن و ئەتمۆسفێرێکی ئارام و بێجووڵەیە، لۆپاخین سوورە لەسەر قسەکانی خۆی و زەنگی ئاگادارییان بۆ لێ دەداتەوە، بێ ئەوەی کەس گوێ بگرێت و هیچ کەسیش ئامادە نییە پێشنیارەکانی ئەو بە هەند وەربگرێت. هەر لەم دیمەنەدا ئەو دەنگە خامۆشەی، لە دەنگی تەلی پچڕاوی گیتار دەچێت، ترس و پەشێوییەک دروست دەکات. ئەم دەنگە، ئەو سمبۆلەیە، کە دەکەوێتە چەقی باخی گێلاس-ەوە؛ ئەتمۆسفێرێک دەخوڵقێنێت: ئەوانەی گوێیان لێی دەبێت هەست بە نائارامی دەکەن و وەک ئاماژەیەک بۆ تەقاندنی شتێک، یان نەمانی پێوەندییەکە. لە پەردەی چوارەمیشدا، دوای لەدەستدانی هەموو شتێک، سەرلەنوێ دووبارە دەبێتەوە.

پەردەی سێیەم مانگی هەشتە، ڕۆژی هەڕاجەکەیە و لوبۆڤ ڕانێفسکەیا بۆ ئەوەی نیگەرانی درەنگ بەئاگاهاتنەوەکەی بشارێتەوە، لە باخچەی ماڵەکەیدا، بەبێ

ئەوەی هیچ پارەیەکی پێ بێت، ئاهەنگ دەگێڕێت. گایەف و لۆپاخین بە ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوەوە دەگەڕێنەوە؛ باخی گێلاسەکە فرۆشراو و کڕیارەکەیش لۆپاخین-ە. لە باخی گێلاس-دا، وەکو خاڵە ڤانیا و سێ خوشک، پەردەی سێیەم دەگاتە ئاستی ململانێ و ترۆپکی ڕووداوە درامییەکە.

پەردەی چوارەم، هەموو شتێک کۆتایی پێ هاتووە و هەموو لە گەردن ئازادی و ماڵئاواییکردن و چۆڵکردنی ماڵەکە و ڕادەستکردنیەتین بە خاوەن موڵکە تازەکە. لەم پەشێوی و هاتوهەرایەدا، هەموو (فیرس)ی پیرەمێردیان لە بیر دەچێت، ئەویش لەو ماڵە چۆڵ و داخراوەدا، لەسەر یەکێک لە کورسییەکان، لە چاوەڕوانی مەرگدا، خەوی لێ دەکەوێت.

## دەروازەیەکی شیکاری

فرۆشتن و لەدەستدانی باخی گێلاسەکە لەلایەن لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا ڕانێفسکەیا لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی ئاماژەی کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتییە و لە هەمان کاتیشدا، لەسەر ئاستێکی تر، پەشێوییەکی ڕاستەوخۆیشە بۆ ئەو خێزانە، کە ڕووبەڕووی ژیانێکی نوێی سەختتریان دەکاتەوە. ئەمەیش سەرەتای ئەو گۆڕانکارییانەن، کە لە ئاسۆیەکی، دوور، بەڵام ڕوونەوە دیارن.

چێخەف گۆڕانکاری و جێگۆڕکێیەکان لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر، لەجیهانێکەوە بۆ جیهانێکی تر بەچڕی و لەماوەیەکی کورتدا بەرجەستە دەکات و ئەمەیش توانا و گەمەیەکی دراماتۆرگییە. کارەکتەرەکان لەیەک کاتدا تووشی ڕاچڵەکان دەکات، بەڵام بەشێواز و مۆتیڤی جیاواز، لەدەسەڵاتەوە بۆ لەدەستدانی دەسەڵات، لە کۆیلەوە بۆ خاوەن

موڵـک، لـە سـەربـەسـتەوە بـۆ ژێـردەسـتە و لـەهـەژار و دەسـتوپێوەنـدەوە بـۆ سـەربـەسـت و دەوڵـەمـەنـد. ئـەم گۆڕانکارییانەیش بە ڕێچکەیەکی سروشتی، لەزەمەنی ناوەوەی ڕووداوەکاندا، لەزەمەنی گوزەرانی کارەکتەرەکاندا و لەگۆڕانی زەمەنیی کۆمەڵگەدا ڕوو دەدەن.

شانۆنامەی "باخی گێلاس" بەپێچەوانەی شانۆنامەکانی تری چێخەف-ەوە، ئاماژەنییە بۆ کەسێک، یان کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو، وەک لەشانۆنامەکانی تری: ئیڤانۆڤ، پلاتۆنۆڤ، سێ خوشک، خاڵەڤانیا، تەنانەت نەورەس-یشدا ڕەچاوکراوە، بەڵکو ئاماژەیەکە بۆ جیهانی ئەو باخچەیە و ئەو خانووە گەورەیەی، کە لەم باخچەیەدایە و دەکەوێتە دەرەوەی شارەوە. ڕاستتر دەکەویتە باوەشی گوندێکەوە، کە ئەویش هیماگەلی سروشتە. ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆ ئەو پێوەندییە بەتینەی لەنێوان سروشت و خەونەکانماندا هەیە و لەگەڵ ڕۆژگارداگەورە دەبێت. پانتاییەکانی شوێن، کات و سروشت لەیەک کاتدا کۆدەکاتەوە: بوونی مرۆڤ لەم جیهانەدا، کاتی منداڵی، پاکیزەیی و بیرەوەرییەکان.

چێخەف لەم دەقەیدا، وەک بەشێکی زۆر لە دەق و نووسینەکانی تری، دیدێکی ئایندەیی بۆ کۆمەڵگەی ڕووسی هەیە، باخی گێلاس-یش وێنایەکی ئەو ململانێیەیە، کە لەنێوان کۆن و نوێدا هەیە. ڕووسیای تساری لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەوە گۆڕانکارییەکی گەورە لەژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕوو دەدات. سیستێمە فیۆدالیزمییەکە، کە کۆمەڵگەیەکی کۆیلەئامێزی دروست کردبوو، چینە بەرزەکەیشی ئیفلیج کردبوو و توانای هیچ کارێکیان نەبوو، ئەمەیش ئەو بێکاری و تەمەڵییە بوو، چێخەف بە هەموو

ئامڕازەکانی خۆی دژایەتیی دەکرد. هاوکات ئەم چینە توانای بیرکردنەوەیان لەدەست دابوو، ڕاستییەکانیان نەدەبینی و هەستیان بە پێویستیی گۆڕانکاری نەدەکرد، بەڵام گۆڕانکارییەکان بە هەنگاوی گەورەوە دەڕۆیشتن و چیتر کەس نەیدەتوانی ڕێیان پێ بگرێت.

لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا ڕانێفسکەیا و گایەڤ-ی برای هێماگەلی چینە دەسەڵاتدار و کەمتەرخەم و بێدەربەستە کۆنەکەن، لەپاخین، کە باوکی وەک مسکێن لەو ماڵەدا چەوسێنراوەتەوە، نموونەی ئەو هێزە نوێیەیە، کە بە وزەیەکی گەورەی کاری سەختی ڕۆژانە و بیروڕایەکی پتەوەوە، جێگە بە سیستێمە کۆنەکە لەق دەکات و ئاغاکانی دوێنێ لە ماڵەکەیان دەکاتە دەرەوە و دوور دەڕوانێت. لەگەڵ هەموو ئەمانیشدا، چێخەف بەهاوسۆزی وتێگەیشتنەوە چارەنووسی لوبۆڤ ڕانێفسکەیا و گایەف-ی برای، کە هێماگەلی سیستێمە کۆنەکەن بەرجەستە دەکات.

لە کاتێکدا چێخەف (باخی گێلاس)ی، وەک دوا بەرهەم و دوا دەقی خۆی دەنووسێت، دەگاتە هەندێک ئەنجامی تر و گەشەیەکی تەواو دەکات: لەم دەقەیدا دوا کاریگەری و ئاماژە هەستییە ڕۆمانسییەکان کۆتاییان پێ هاتووە؛ بۆ نموونە هیچ فیشەکێک لە پەردەکانی ئەم دەقەدا ناتەقێنرێت، هیچ کام لە ئەکتەرەکانیش نامرن، کە کاریگەرییان بەسەر تێکڕای ڕووداوەکانەوە هەبێت. هەموو دیمەنێکی دڵداریش، بە شێوەیەک چنراون تا جۆرە ڕەوشێکی کۆمیدی بخولقێنێت: ئانیا و ترەفیمەڤ، یاشا و دونیاشا، ڤاریا و لەپاخین. کە لەپاخین-یش دەبێتە خاوەنی ئەو کێڵگە و موڵک و ماڵەی باووباپیرانی وەک مسکێن کاریان تیا کردووە، کۆتایی بەو

وەهمە دەهێنێت، کە لەپاخین تەنها کەسێکی بچووکی هەمیشە مەست بێت. هیچ کارەکتەرێکی شەڕخواز یان پاڵەوان و گوتاربێژی تیا نییە، بەڵکو تەنها چارەسەرێکی هێمنی بارێکی لێوانلێو لە پشێوی و ئەگەرەکانە؛ ئەگەری ڕووخانی سیستێمە کۆنەکە و نەمانی کۆمەڵگەیەکی چینایەتی.

چێخەف ململانێی سەرەکییەکەی (باخی گێلاس)، کە ململانێی مان و نەمانی باخچەی گێلاسەکە و چارەنووسی لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا ڕانێفسکەیا و گایەڤ-ی برایەتی، چڕ دەکاتەوە و بە کۆمەڵێک کێشە و ململانێی ترەوە، کە هاوشانی ململانێ گەورەکەیە، تەونی ڕووداوەکان دەچنێت، بۆ نموونە: ترەفیمەڤ/ڕانێفسکەیا، گایەڤ/ترەفیمەڤ/لەپاخین، ڤاریا/لەپاخین، دونیاشا/یاشا، یپیخۆدەف/یاشا.

**ڕۆنانێکی درامیی لێکچوو**

بە شێوەیەکی گشتی ڕۆنانی درامی و تەکنیکی شانۆنامەکە، لە زۆر ڕووەوە، هەمان شتگەلێکە بە بەراورد لەگەڵ دەقەکانی تری لەوەوبەری؛ ڕووداوەکانی هەرچوار دەقە گەورەکەی چێخەف، هێندە لە یەکترییەوە نزیکن، کە هەندێک جار زەحمەتە لە یەکتریان جیابکەیتەوە: هەرچوار دەقەکە سەبارەت بە مەسەلەیەکی ساکارە -گەیشتنە شوێنێک- چاوەڕوانی کارەساتێک یان ڕێکەوتن و ماڵئاوایی لەیەککردن. لە نەوەرس-دا دایکی کەنستەنتین، ئەرکادینا و دۆستەکەی دێن بۆ مولک و ماڵەکەی سۆرین-ی برای، دوای چەند ڕووداوێک دەگەڕێنەوە بۆ مۆسکۆ تا سەرلەنوێ لە پەردەی چوارەمدا بگەڕێنەوە.

له خـــاڵە ڤانیـــادا، پرۆفیـــسۆر ســـریبریکۆڤ و یلێنـــای شۆخوشـەنگی ژنـی، میوانی ئەو موڵـک و مـاڵەن، کە سـۆنیای کچـــی و خـــاڵە ڤانیـــای تیـــا دەژی، دوای ئەوەی پرۆفیـــسۆر دەیەوێـت بنەمـا و ڕێـساکانی ژیـان و موڵکـداریێتی ئەو مـوڵکە بگۆڕێت و سەرکەوتوو نابێت، دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان.

کەش و ژیـنکەی (سـێ خوشـک) موڵـک و مـاڵی دەرەوەی شار و لادێ نییە، بەڵکو شارێکی بچووکی سەربازییە، لێرەیش ڕووداوەکـان بە هـاتنی کەسـانێک دەسـت پـێ دەکـات و بە ماڵئاوایی و بـەجێهێشتنی شـارەکە، کۆتـایی دێت. لەم ماوەیـەدا خوشکەکانیش ماڵەکەیان لەدەست داوە.

له باخی گێلاس-دا بینەران هەر لە سەرەتاوە ئەوە دەزانن، کە ئەم باخە لەدەست ئەم خێزانە بێدەربەست و نابەرپرسیارە دەردەچێـت. لێرەیـشدا بە گەیـشتنی لوبـۆڤ ڕانێفـسکەیا، کە خـــاوەنی بـــاخچەی گـــێلاس-ەکەیە و دوای پێـــنج ســـاڵ لە پاریـــــسەوە دەگەڕێـــــتەوە و هەنـــــدێک لە خزمەتکـــــار و دەستوپێوەندەکان لە پێشوازیدان، دەست پێ دەکات. پارەکـان تەواو بـوون، بـاخچەکەیش هـیچ دەسـکەوتێکی نـیـیە و هەمـوو شـتێک دەبێـت هەڕاج بکرێـت. هـیچ جـۆرە خۆشەویـستییەکی تراجیدی و ناکام لەم دەقەدا نییە و لوبۆڤ ڕانێفسکەیا هەست و سۆزێکی بۆ کەسێکی بێباک و بێپەروا لە پاریس هەیە، دوای فرۆشتنی باخەکەیش هەر بۆ ئەوێ و بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە. ڤاریا، کە وێنە یان دیوێکی تری (سۆنیا)یە لە خاڵە ڤانیادا، لە چـاوەڕوانییەکی بێئەنجامـدایە، کە لەپـاخین بیخوازێـت. ئانیـا و تـــرەفیمەڤ بـــۆ یەک دەبـــن، ئەوەی بە تەنهـــا دەمێنێـــتەوە (شارلۆتە)یە، کە لە پەردەی دووهەمدا مەنەلۆژێک سەبارەت بە بـوون و خۆشەویستی، کە زۆر چێخەفییە، دەڵێت. کە هەمـوو

شـــتێکیش تەواو دەبێـــت، هەمـــوو دەڕۆن و شـــوێنەکە چـــۆڵ دەکەن.

وەک دەقەکـــانی تـــری، ڕووداوە درامیـــیە گرنگەکـــان، لەم دەقەیـشدا، کە لە هەڕاجەکەدا بەرجەسـتە دەبێـت، لە دەرەوەی سـەر شـانۆوە ڕوو دەدات، پەردەی چـوارەمیش کـۆکردنەوەی ڕووداوەکان و ئەنجام و کۆتایی هەموو شتەکانە.

**بەرەو سمبۆلیزم**

(ئەندریێ بێلیی) ١٨٨٠- ١٩٣٤ شاعیرێکی سـمبۆلیی ڕووس و هاوچەرخی چێخەف بووە، هەستی بەوە دەکرد، کە چێخەف ڕیـالیزم بەجـێ دەهێڵێـت و بەرەو سـمبۆلیزم هەنگاودەنێـت، سـەبارەت بە (بـاخی گـێلاس)یش گوتـوویەتی: (پاڵەوانەکـانی بە هێڵی دەرەکی کێشراون، بەڵام ئێمە ئەوان لە نـاوەوە دەبینین، دەڕۆن، دەخـۆنەوە، قسـەی بێمانـا دەکەن، چالاکییە قـووڵەکەی ڕۆح دەبینـین، کە لە ڕێگـەی ئەوانەوە هەسـتیان پـێ دەکەیـن. ئەوان، وەک ئەوەی بەندکراوی نێو بەندیخانەیەک بن، دەدوێن، ئێمە شتێک سەبارەت بەوان دەزانین، کە ئەوان خۆیان هەسـتی پێ ناکەن. شیفرەی نهێنییەک بۆ ئێمە لە سـادەییەوە، کە ژیـانی ئەوان پێـک دەهێنێـت، دەکـرێتەوە- و سـادەییەکە چیتـر سـادە نییە) هەروەهـا ئەم شـاعیرە پێی وایە، پەردەی سـێیەمی بـاخی گـێلاس، ئەو ئـاهەنگەی بە هـۆی هەڕاجەکەوە تێـک دەچێـت، نمـــوونەیەکە بـــۆ چـــێخەف-ێـــک دەیەوێـــت لە ڕیـــالیزم دووربکەوێتەوە و بەرەو سمبۆلیزم هەنگاو دەنێت. مایرهۆڵد- یش لە نامەیەکیدا بۆ چێخەف دەڵێت: (سـەبارەت بە دراماتیک، ڕۆژئـاوا لە تـۆوە فێـر دەبـن)، ئەکـتەر و شـانۆکاری بلیمەتـی فەرەنـسییش (ژان لـویس بـارۆ) سـەبارەت بە بـاخی گـێلاس

دەڵێت: (هەمـوو چاوتروکانێـک چڕیـی خـۆی هەیە، بەڵام ئەم چڕییە لە دیالۆگەکاندا نییە، بەڵکو لە بێدەنگیدایە، لەو ژیانەی بەسـەر دەچێت). باخی گـێلاس، خـاڵی کۆتـایی بەرهەمـێکە، کە ئاڕاسـتەیەکی نـوێی بە شـانۆ و درامـای ئەورووپـی بەخـشی. لەدوای ئەم دوا دەقەی چـــــــــێخەف-ەوە، نە ڕووداو و نە پـاڵەوانیش، وەک بنەمـا دراماتۆرگییەکـانی جـارانی خۆیـان نـەمـانەوە؛ لەم ڕووەوە ڕۆڵ و پـێگەی چـێخەف لە بـواری نووسینی دەقی شانۆییدا، بە ڕۆڵ و پێگەی جیمس جۆیس لە بـواری تەکنیـک و نووسـینی ڕۆمانـدا بەراورد دەکرێـت. لای چێخەف نووسەر، وەک دەسەڵاتی یەکەم و ناوەندگەرای دەق، پاشەکشێی کردووە و کارەکتەرەکانی بە تەنها لەسەر شانۆ، بە دیالۆگە سـەیر و بێدەنگی و ئاماژەکانی جەستەیانەوە، بەجێ هێشتووە.

### ژووری منداڵەکان

پەردەی یەکەم لە بـــاخی گـــێلاس-دا لەو ژوورەدا ڕوو دەدات، کە تـا ئێـستایش بە ژووری منـداڵەکان نـاو دەبرێـت، چـێخەف لە ڕێنمـایی و پێناسـەی دیمەنـی یەکەمـدا دەڵێـت: **(ژوورێـک، کە تـا ئێستایش هەر بە ژووری منـداڵەکان نـاو دەبرێت. ل٢٧)**، چێخەف بە وشـەی "تـا ئێستایش" ئامـاژە بـۆ دۆخێکی چەقبەستووی سەراپاگیر دەکات، بۆ نموونە شێوازی دانـانی کورسـی و مێـزەکـانی نـاوی، واتە وێـنەی ژوورەکە، گێڕانەوەکە، هەروەها ڕەوشە گشتییەکە. ژوورەکە تا ئێستایش هەر بە ژووری منـداڵەکان ئامـاژەی بـۆ دەکرێـت، بەڵام هـیچ منداڵێکی لێ نییە، لەبەر ئەوەی هیچ منداڵێک بوونی نییە، لەگەڵ ئەوەیـــشدا ئەم ژوورە ئاماژەکـــانی دونیـــایەکی لەوەوبەر،

ڕابردووی جیهانی منداڵان لەخۆ دەگرێت و سمبۆلێکیشە بۆ ژیـــانی هەمـــوو خێـــزانەکە. ئەم ژووری منـــداڵانە لە پەردەی چوارەمیشدا دەردەکەوێتەوە. کەڕووداوەکانی پەردەی یەکەم و چـــوارەمـــیش هـــەر لـــەم ژووره ڕوو دەدەن، چێخـــەف هـــەر بـەڕێکـەوت دۆڵابێـک، کـەتـەمـەنـی سـەد سـاڵە، ناخاتـە ئـەم ژوورەوە. بـوونی ئەم دۆڵابە، لە یەک کاتـدا شـتێکی واقیعـی و پلاسـتیکییە، هەروەهـا سمبۆلیـشە و مەودایەکـی زەمەنیـی بـۆ گەورەکان هەیە و سەرچاوەیەکی یادەوەرییەکانە و بوونیشی لە ژووری منداڵانـدا مەوداکـانی چەمکـی کـات چـڕ دەکـاتەوە: منــداڵەکان چــوونەتە تەمەنەوە و پیــر بــوون، بەڵام دۆڵابەکە لەوان بەتەمەنتـرە، تەنـانەت لە (فیـرس)یـش، کە بەتەمەنتـرین کەسی ناو ماڵەکەیە. گایەڤ دەڵێت: **(باشە لوبا دەزانیت تەمەنی ئەو دۆڵابە چەندە؟ هەفتەی پێشوو چەکمەجەکەی خوارەوەیم ڕاکێشا، دەبینم لەسەر بنەکەی چەند ژمارەیەک داخ کراون. ئەم دۆڵابە سەدساڵی ڕێکە دروست کراوە؟ ها؟ چۆن شتێکە؟ پیاو دەشێ جەژنی یۆبیلی بۆ بگێڕێ. ل٤٥).**

دۆڵابەکە ئـــامڕازێکی بەســـــتنەوەیە لەنێـــوان مـــــرۆڤە بە کردارەکان و باخچەکەدا و لە ڕێگەی ئەم دۆڵابەوە ڕۆڵـی کـات هەمیـــشە بە زینـــدوویەتی دەمێنێـــتەوە، هەر لەبەر ئەوەیـــشە ڕێکەوت نییە، کە گـایەڤ گوتـار بەسـەر دۆڵابەکەدا هەڵـدەدات. **("دەسـت بە دۆڵابەکەدا دەهێنێـت" ئەی دۆڵابە ئـازیز و پـڕ ڕێـزەکە، مـن وجـوودت بەخێـر دێـنم، ئەو وجـوودەی وا سـەدەیەک زیـاترە لە خزمەتـی ئیدیالی پرشـنگداری چاکە و دادپەروەریدایە؛ بانگەوازی بێدەنگانەی تۆ بۆ کـارکردنی پڕ بەرهەم ماوەی سەدەیەکە لاواز نەبووە و "ئینجا ئیتر بەدەم فرمێسکڕشتنەوە" لە ناخی نەوەکانماندا پشتگیریی چابووکی و**

**بڕوابوون بە ئایندەیەکی باشترت بۆ ڕاگرتووە و لە گیانماندا ئیدیالی چاکە و بە ئاگایی کۆمەڵایەتی پەروەردە دەکەیت. ل٤٥)**، دۆڵابەکە تەنهـا کەرەسـەیەکی ئاسـایی نیـیە لەسـەر شـانۆکە دانرابێـت، ئەم مەسـەلەیەیش پێوەنـدییەکی پلاسـتیکی/دیـالێکتیکی بە چەمکـی کـات و لە هەمـان کاتیـشدا شـوێن-یـشەوە هەیە. چـێخەف لە یەکێـک لە ڕێنماییەکانیـدا دەنووسێت، ڤاریا دۆڵابەکە دەکاتەوە، جیرەی دێت **(زرمەیەک لە دۆڵابەکە هەڵدەستێنێ و دەیکاتەوە ل٤٤)** چێخەف هەرگیز ڕێنماییەکی بەبێ هۆ نەنووسیوە، لێرەدا ڕێنماییەکی کۆمیدی، سەبارەت بە شتێکی کۆن تۆمار دەکات، بەمەیش بیرۆکەی بەسەرچوونی کات دەوروووژێنێت.

ئەم ژووری منداڵانە هیی کێ بووە؟ لە دووتوێی دەقەکەدا، دەردەکەوێت ژووری لوبۆڤ ڕانێفسکەیا و گـایەڤ-ی بـرای بـووە، کە لە پەردەی یەکەمیشدا، ڕانێفسکەیا دوای پێنج ساڵ لەگەڵ ئانیای کچی لە فەرەنساوە دەگەڕێتەوە، ئانیا دایکی بە مەبەسـت لەم ژووری منـداڵانەوە دەبـات، چـونکە هەر لە دەقەکەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە ڕێگەیەکی تر هەیە.

**ئانیا**

**فەرمـوون بـا بچیـنە ژووری. دایە لە یـادتە ئەمە کـام ژوورەیە؟**

**لۆبۆڤ ئەندرێیەڤنا**

**(بە خۆشییەوە و بە چاوی فرمێسکاوییەوە)**

**ژووری منداڵانەکەیە! ل٣١**

هەروەهـا گـایەڤ-یش ئەم ژووری منـداڵانەی دێتەوە یـاد **(/.../کاتێک بوو من و تۆ لە هەمان ئەم ژوورەدا دەنووستین، خوشکێ، ئێستایش وا من پەنجاویەک ساڵم، دینایەکی سەیرە...**

**ل٣٨)** لە دەقەکەدا بە تەواوی نـــازانین ڕانێفـــسکەیا تەمەنـــی چەندە، بەڵام دەتوانرێت بە دەوروبەری ٤٥ ساڵی بخەملێنرێت، ئەمەیـش مانـای وایە نـزیکەی بەر لە چـل سـاڵ ڕانێفـسکەیا و گایەڤ منداڵ بوون و لەم ژوورەدا نووستون.

ئەم ژوورە دواتـــــریش هەر وەک ژووری منـــــــداڵان بەکـارهێنراوە، لەبـاخین-یـش باسـی ئەم ژوورە، وەک ژووری منداڵان لە پەردەی یەکەمدا بۆ دونیاشا دەکات و دەڵێت: (**/.../لە یادمە، هەروەک ئێستا ڕووی دابێت، لۆبـۆڤ ئەنـدێیەڤنا، ئەو کات هێشتا کیژۆڵەیەکی باریکەلانە بوو، دەستی گرتم و بردمیە لای دەستـشۆرەکە، هەر ئـا لەم ژووری منـداڵانەدا/.../ ل٢٨)** چـێخەف ئەم حیـوارەی بە شـێوەیەک نووسـیوە، کە لەپـاخین بەدوای ئەو شـوێنەدا دەگەڕێـت دەستـشۆرەکەی لـێ بـووە، ئەوەی لەم حیوارەیشدا دەردەکەوێت، ئەوەیە لەو کاتەیشدا ئەم ژوورە، ژووری منـداڵان بـووە، لەوانەیە ئەو دەمە هیـی ئانیـا بووبێـــت. بەم شـــێوەیە، ئەم ژوورە تەنهـــا ژووری منـــداڵی ڕانێفسکەیا و گایەڤ نەبـووە، بەڵکو هیی ئانیـایش، لەوانەیە بۆ نەوەکانی بەر لەوانیش.

ئەوەی ئاشـــــکرایە و هەر لە ســـــەرەتای پەردەی یەکەمەوە دەردەکەوێت، کە ئەم ژووری منداڵانە، لە ڕووی هەسـت و سـۆز و یادەوەرییەکانەوە، مانـایەکی گەورەی بۆ ڕانێفسکەیا و گـایەڤ هەیە، هەر لەبەر ئەوەیـــشە، کە ڕانێفـــسکەیا دوای پێـــنج ســـاڵ دەگەڕێـتەوە، ئانیـا بەم ژوورەدا دەیبـات، بەمەیـش ئانیـا دایکـی دەبەستێتەوە بەو واقیعە کۆنەوە، کە ئەوی تیا ژیاوە و دەرگایەک بە ڕووی ئەو ڕۆژگارەدا دەکاتەوە، کە تێپەڕیوە. ڕانێفسکەیا-یش هەر لەنێو دەگاکەوە، ئەم خۆشییە ناشـارێتەوە و (**بە خۆشـییەوە و بە چاوی فرمێسکاوییەوە ل٣١)** دەچێتە ژووری منداڵانەکە.



دیمەنی کۆتایی لە نەمایشێکی باخی گێلاس

**مانایەکی فرەمەودا**

باخی گێلاس مانا و وێنایەکی دووفاق و هەمەچەشن لەخۆ دەگرێت، لەیەک کاتدا، باخەکە، وەکو شوێن و پێوەندی بەکارەکتەرەکانەوە، هەروەها وەکو سمبۆلیش دەردەکەوێت. باخی گێلاسەکە، تەنها لە پەردەی یەکەم و چوارهەمدا دەبینرێت، بەڵام کەش و ژینگەی ڕووداوەکان لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەستراونەتەوە بەم باخەوە. هێدی هێدی باخی گێلاس-ەکە لەسەر هەردوو ئاستی واقیعی و سمبۆلیش، دەبێتە شتێکی کۆنکرێتی. گرنگیی ئەم دوو ئاستەیش لەمانا و مەودا فراوانەکانیاندایە: ئەم باخی گێلاس-ە، بە چەشنی مراوییە کێوییەکەی ئیبسن، شتێکی جیاواز و تایبەت بە هەریەک لە کارەکتەرەکان دەبەخشێت و یەک مانا و یەک سمبۆل بۆ هیچ کام لە کارەکتەرەکان لەخۆ ناگرێت. لەم ڕووەوە باخچەکە، چ لە ڕووە کۆنکرێتییەکەیەوە و چ لە ڕووە سمبۆلییەکەیەوە، مانای جودا و جیاوازی بۆ کارەکتەرەکان هەیە: باخچەی گێلاسەکە بۆ ڕانێفسکەیا شێوازی ژیانی چینە بەرزە کۆنەکەیە،

که خاوەنی کۆشک و زەویوزار و باخچەی گێلاس-ن و هیچ کارێکیان نییە، بەشێکە لە ژیانی یان ڕاستتر ئەو ژیانی خۆی بە بەشێک لە باخچەی گێلاسەکە دەبینێت (/.../**بێ باخچەی گێلاسەکە ژیانم مانایەکی نابێت، خۆ ئەگەر هەر دەبێ بفرۆشرێت با منیشی لەگەڵدا بفرۆشن... ل٨٩**)، هاوکات هێماگەلی کولتووری ئەو خێزانە دەستڕۆیشتوویانەیە، بۆ نموونە لە پەروەردە و ئەتەکێت و ژیانی چینە ئەرستۆکراتەکە، ئەمەیش چەمکێکی درامیی پێچەوانەیە، کە چێخەف لە دەوروبەر و ژینگەیەکی نەخوێندەوار و ژیانێکی کولەمەرگی و ساکاری خەڵکە هەژارەکەی ناوچەکەدا هەن، بەرجەستەی کردووە. بە مانای دانانی دوو چین و دوو کولتووری جیاواز؛ ئەرستۆکرات و چینە هەژارەکە، وەک کۆنتراستێک، بەرامبەر بەیەک، کە هەردووکیان ستایل و جۆری ژیان و پەروەردەی منداڵەکانیان و گوزەرانیان... هتد لە یەکترییەوە جیاوازن. **(/.../خۆ ئەگەر لەم ناوچەیەدا شتێک هەبێت مایەی سەرنج و بگرە قەشەنگ بێت، ئەوە هەر باخی گێلاسەکەی ئێمەیە. ل٤٣).**

باخچەی گێلاس-ەکە بۆ ڕانێفسکەیا مانایەکی تایبەتمەندی تریشی هەیە: ئەو لەم شوێنە لەدایکبووە و لەم باخچەیەدا گەورە بووە و یادەوەرییەکانی هەمیشە دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەم باخچەیە **(ئای سەردەمی منداڵیم، سەردەمی بێگەردیم! لەم ژووری منداڵانەدا دەنوستم و لێرەوە سەیری ناو باخەکەم دەکرد، هەموو بەیانییەک بەختیاری لەگەڵ مندا چاوی هەڵدەهێنا، باخەکەیش هەروەکو ئێستا وا بوو، هیچ نەگۆڕاوە. ل٤٩)** هەروەها ئەم باخە یادەوەریی بە خانەوادەکەشیانەوە هەیە، بۆ نموونە دایکی لەم یادەوەرییانەدا هەمیشە ئامادەیە **(/.../دایکی ڕەحمەتیم، بە کراسە سپییەکەیەوە، بە باخەکەدا**

**دەڕوات "لە خۆشـیدا پێـدەکەنێ" ئەوە ئەوە. ل٤٩)** لێـرەدا بـاخچەی گـێلاس-ەکە دەبێـتە ئەو سـمبۆلەی، کە ژیـان خۆشـگوزەرانی بـووە لە ژینگەیەکـی جوانـدا، لە هەمـان کاتـدا سمبۆلێکیـشە بـۆ ڕوخـانی ئەو ژیـانەی، کە ئەو بیـری لـێ دەکاتەوە.

تـرەفیمەڤ، قوتـابییە شۆڕشـگێڕەکە، هەرچەنـدە بە ئاشـکرا دیار نییە، کە خەریکی سیاسەتە، بەڵام بینەران لەوە دەگەن، کە ئەو کەسێکە خەریکی کاری سیاسییە و دواکەوتنیشی لە زانکۆ هەر بە هـۆی کـاری سیاسـەتەوەیە. چـێخەف-یـش لەبەر سانسۆر نەیتوانیوە لەوە زیاتر پێداگری لە ڕۆڵی شۆڕشگێڕانە و مـۆتیڤە سیاسـییەکانی کـارەکتەری تـرەفیمەڤ بکـات. ئەم کـارەکتەرە سیاسـییە، کە بە دیـدێکی تـر لە ڕابـردوو و ئاینـدە دەڕوانێـت، بـاخچەی گێلاسـەکەیش، سـمبۆلی کـۆیلەیی و چەوسـانەوەی جوتیـارە هەژارەکـان و ئـامڕازی دەسـەڵاتی ئاغاکـان و ژیـانێکە، کە پێویـستە گۆڕانکـارییەکی بنەڕەتـی و سـەراپاگیری تیـا بکرێـت، بە ئانیـا دەڵێـت: **(باپیرتـان و باووباپیرانی ئەوانیش، خاوەنی نەک هەر موڵک و ماڵات، بگرە خاوەنی سەر و گیانی کەسانێکی زیندوو بوون، باشە چۆن لە هەر گێلاسێکی باخچەکەوە، لە هەر گەڵایەکەوە، لە هەر قەدی دارێکەوە، گیانی ئەو مرۆڤانە چاوتان تێنابڕن و دەنگیان ناگاتە گوێتـان... ل ٧٨)** تـرەفیمەڤ لە دیـدێکی سیاسـی و ئاکـاری ڕەهاوە دەڕوانێتە باخچەکە، هەر بۆیە بە ئانیا دەڵێت **(هەموو ڕووسیا باخچەی ئێمەیە. ل٧٨)**، ئەمەیش ئەو ئەڵتەرناتیڤەیە، کە لە کۆتاییـدا دەمێنێـتەوە. خاوەنـدارێتیی بـاخچەکەیش لە لایەن لوبۆڤ ڕانێفسکەیاوە، بۆ ترەفیمەڤ تەنها بەردەوامی سمبۆلی ئەرستۆکراتیەتێکی بەزەبرە و هیچ شتێکی تر نییە.

ئانیا، گوێڕایەڵی قسەکانی ترەفیمەڤ-ە و ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو بڕوایەدا بوو، کە (**من هێندە بە سۆزەوە ئەم باخچەیەم خۆش دەویست، وام دەزانی لە جیهاندا شوێنێکی دڵگیرتر نییە. ل٧٧**) هەست دەکات باخی گێلاسەکەی وەک جاران خۆش ناوێت.

بۆ لۆپاخین، کە هەمیشە باسی ئەوە دەکات ئەم باخچەی گێلاسە ببڕێتەوە، شتێکی جیاوازترە و هیچ مانایەکی سیاسی ، ئاکاری، جوانی لە پشتەوە نییە و تەنانەت کاریگەرێتیی بەسەر هەست و هۆشیشی نابێت. ئەو کەسێکی کردەییە و سەر بە چینی مامناوەندییە، گرنگترین پێوەریش بۆ ئەو (قازانج)ە، باخچەکە لەم دیدەوە بۆ ئەو تەنها شتێکە سوودی لێ وەردەگرێت و بەکاری دەهێنێت، واتە ئامرازێکە بۆ سەرمایە و بازرگانی و دەوڵەمەندبوون (**تاکە شتێکی ئەم باخە، کە مایەی سەرنج بێت ئەوەیە، زۆر گەورەیە. ئاخر گێلاس هەر دوو ساڵ جارێک بەر دەگرێت، ئەو بەرهەمەیشی نازانن چی لێ بکەن. کەسێک نییە بیکڕێ. ل٤٣**) لە هەمان کاتدا باخی گێلاس-ەکە بۆ لۆپاخین سمبۆلێکیشە؛ بوون بە خاوەنی ئەم باخی گێلاسە بۆ ئەو سەرکەوتنە بەسەر ئەو هێزەدا، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆی و باووباپیرانی تیا دەچەوسانەوە، ئەو وەک کۆیلەیەک بەسەر ئەو ڕابردووەی خۆیدا سەردەکەوێت و دەبێتە مرۆڤێکی سەربەست و سەرمایەداریش.

بیرەوەرییەکانی فیرس-ی پیرەمێرد بە پێچەوانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی، کە باخچەی گێلاسەکە بەروبوومێکی باشی هەبووە:

**فیرس**

**سەردەمی کۆن، چل پەنجا ساڵێک لەمەوبەر، گێلاسیان وشک دەکردەوە، دوایی لە ئاودا دەیانخوساند و مورەبایان لێ دروست دەکرد. جاری وایش هەبوو...**

**گایەڤ**

**دە تۆ بێدەنگ بە، فیرس.**

**فیرس**

**جاری وایش هەبوو ئەو گێلاسە وشکەیان بار دەکرد بۆ مۆسکۆ و خارکۆف. جا ئەوسا پارە هەبوو! ئەو گێلاسە وشکەیش نەرم، ئاودار و پڕ تام و بۆن بوو... فێڵێکیان لێ دەکرد...**

**لوبۆڤ ئەندرێیەڤنا**

**ئەی ئەو فێڵە ئێستا کەوتووەتە کوێوە؟**

**فیرس**

**لە یاد چووەتەوە، ئێستا کەسێک نییە بیری بکەوێتەوە. ل٤٣**

ئەگەر باخچەکە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەها و نرخ و سوودێکی هەبووبێت، ئەوا ئێستا تەنها بووە بە بیرەوەری و هیچ مانایەک بۆ بوونی نەماوە، گەرچی بۆ فیرس-ی پیرەمێرد، کە چاوەڕوانی مەرگ دەکات، یان لەنێو کەلوپەلە بەجێهێڵراوەکاندا پشوویەک دەدات، باخی گێلاسەکە، هەموو شتێکە. ئەم سمبۆلانەیش پێوەندیی کارەکتەرەکان بە پاشەڕۆژ و هزر و دیدیانەوە بۆ چەمکی ئایندە دیاری دەکات.

بەم شێوەیە تەورەکان تەنها درەختەکانی ئەم باخچەیە نابڕنەوە، بەڵکو شێوازی ئەو ژیانەیش، کە نوێنەرایەتیی دەکات، ئەم پرۆسەیەیش هەر بە بڕینەوەی دارەکان و دەنگی تەور بەرجەستە نابێت، وەرزەکانی ساڵیش دەبنە بەشێک لەم

جووڵە حەتمییەی مێژوو. گۆڕانی وەرز و کەشەکان هێمای تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ نموونە کەمبوونەوەی پلەی سەرما بوار بۆ گەرما و وەرزی هاوین دەکاتەوە، گەڕانەوەی سەرما و هاتنی زستان، بەتایبەتی لە سەرەتاکانیدا، گوزارشتێکە لە سووڕی بەردەوامی کات، کە لە دار گێلاسەکانیشدا ڕەنگ دەدەنەوە، لە ساتی گەشەکردنەوە بۆ هەڵوەرینی گوڵ و گەڵاکانی. لە کۆتایی دەقەکەدا، گوڵەکان بە هۆی هاتنی زستان و بەفر و بارانەوە هەڵدەوەرێت؛ ڕووداوەکانی باخی گێلاس لە مانگی ئایارەوە دەست پێ دەکات و لە مانگی دەدا کۆتایی دێت.

**کاتێکی بزۆز و جووڵەی مێژوو**

لە هەموو دەقەکانی چێخەف-دا، چەمکی کاتە جیاوازەکان زۆر گرنگە و بەهایەکی تایبەتی هەیە، هەموو مرۆڤەکان لە هەمان کاتدا لە ئێستا و مێژوو و دوارۆژدا دەژین، بۆ نموونە لە باخی گێلاس-دا دەتوانین ڕەوش و تێڕوانینی کارەکتەرە جیاوازەکان بۆ ئەم کاتە جیاوازانە ببینین. بە لای ئەوانەوەواقیعی ئێستا پڕە لە کێشە، ڕابردوویش مێژووە؛ لەپاخین لە ئێستادا دەژی، کار دەکات، هەوڵی ئەوە دەدات شتێک لە واقیعی ئێستایدا بخوڵقێنێت، بۆ ئەمەیش پێویستە بەسەر ئەو ڕابردووەدا زاڵ بێت، کە وەکو مۆتەکە بەربینگی گرتووە وهەوڵ دەدا پەکی بخات. ئایندەیش نادیار و نادڵنیایە. لوبۆڤ ڕانێفسکەیا و گایەڤ، بەپێچەوانەی لەپاخین، خۆیان لەواقیعی ئێستا دەدزنەوە و وابەستەی ڕابردوو دەبن. گوتارەکەی گایەڤ بۆ دۆڵابە سەد ساڵییەکە تەنها ڕەوشێکی گاڵتەئامێز و کۆمیدی نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا بینینی ئەوە

بۆ ئەو واقیعەی تیای دەژی و هەروەها هەستێکی بەهێزە بۆ ڕابردوو.

لوبــــۆڤ ڕانێفـــــسکەیا بە بێئـــــارامی بەدوای خـــــاڵە درەوشـــاوەکانی ڕابـــردوودا وێـــڵە، نایەوێـــت یـــادەوەرییە ناخۆشــەکانی ڕابــردووی بیــربکەوێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیــشە پێی خۆش نییە ترەفیمەڤ سەردانیان بکات، چونکە مامۆستای (گریـشا)ی کـوڕە حەوت ســاڵانەکەی بـووە، کە شــەش ســاڵ لەمەوبەر خنکـاوە، ئـەم ڕووداوە، دواتـر، لوبـۆڤ ڕانێفـسکەیا ناچار دەکات ڕابکات بـۆ پاریس. ڤاریا-یش دەیەوێت ڕێگە لە لوبۆڤ ڕانێفسکەیا بگرێت لە ڕووداوە هەنووکەییەکانی ئێستا، بەتـایبەتی هەڕاجە بە ناچارییەکەی بـاخ و زەویـوزارەکە. ڤاریـا هەوڵ دەدات هەر کاتێـک لەپـاخین بیـەوێـت باسـی پلانەکـانی بکات، بێدەنگی بکات.

لەم ڕەوشــــەدا لوبـــۆڤ ڕانێفـــسکەیا و گـــایەڤ هـــیچ ئامادەکارییەکان بۆ ڕاکردن لەم ئێستایە و داهـاتووە هەڕەشـە لێکراوەکەشیان نییە. هەر لێرەوە و لێرەدا (ژووری منداڵەکان) مانـایەکی تـر لەخـۆ دەگرێت و تەنهـا شـتێک نییە لە پەراوێـزی ڕووداوەکاندا، یان تەنها شوێنێک بێت بۆ ڕووداوەکـان؛ لوبـۆڤ ڕانێفسکەیا هەست دەکـات سـەرلەنوێ منداڵە، ئەو دەگەڕێتەوە ئەو ئـــامێزە ئـــارام و ئاســـوودە بـــەخـــشە، هەروەک ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ منداڵی و سەرلەنوێ لە سەردەمی منداڵیی خۆیدا بـــژی. ڕابـــردوو بـــۆ ئەو و گـــایەڤ تەنهـــا شـــتێکە وەک پەرچەکردارێک دژی ئەو واقیعەی تیای دەژین، بەکاری بهێنن، چونکە تـەنیا لـەوێدا دەتـوانن وەکـو منـداڵ ڕەفتـار بکـەن و وا بـزانن، هـیچ شـتێک ڕووی نـەداوە، کە لوبـۆڤ ڕانێفـسکەیا لە پەردەی یەکەمـدا دەڵێـت: **(ئێـستایش مــن وەک منــداڵم لــێ**

**هـاتووەتەوە... ل٣٢)**، تەنهـا حیـوارێکی ئاسـایی نیـیە، بەڵکـو واقیعێکـی ڕاسـتەقینە و بەهێـزە بـۆ ئەو. لەبەر ئەوە (ژووری منـداڵەکان) تـەنیـا بریتـی نییـە لـەو چـوار دیـوارەی تیایـدا دەگیرسـێنەوە، بـەڵکـو گوزارشـتێکە بـۆ شـێوازی ژیانێـک و سـمبۆلی کەوتنـی چینێکـی کـۆمەڵایەتییە. هەمیشـە نوقوڵخـواردنەکەی گـایەڤ-یـش هـەسـتێکی منداڵانـەی لـە لا دروست دەکات.

چـێخەف بە وێنـاکردنی ئەم دوو کـارەکتەرە؛ لوبـۆڤ ڕانێفسکەیا و گایەڤ، تەنها وەک دوو کەسی نێگەتیڤ پیشانیان نادات، بەڵکو وەکو دوو منداڵ، بەدوو ڕۆحی منداڵانە پیشانیان دەدات، کە دەتوانن لەگەڵ کارەساتەکاندا هەڵبکەن و بەئاسانی دووره پـەرێـز بـن. پەردەی چـوارەمیش هەر لە (ژووری منداڵەکان)دا ڕوو دەدات، بەڵام (ژووری منداڵەکان) لێرەدا ئەو دڵنیاییەی تیا نەماوە و هەموو شتێکی زەوت کراوە، موبیلیاکان لە سووچێکدا کۆکراونەتەوە. (منداڵەکان)یش دەبێت بەوە قایل بن، کە لە دونیای گەورەکاندا بژین، لەم ڕەوشەیشدا لوبۆڤ ڕانێفسکەیا و گایەڤ بەردەوامن لە ڕاکردن لە واقیع، لوبۆڤ ڕانێفسکەیا دەگەڕێتەوە بۆ ژیانێکی نامسۆگەری تاراوگە لە پاریس، گـایەڤ-یـش بـۆ کـارکردن لە بانکێکـدا. (ژووری منداڵەکان) لە باخی گێلاس-دا مێتافۆرێکە بۆ ئاکارەکانی ژیان، ڕەوشـی کـۆمەڵگەیەک، ئەمەیـش بەشـێکە لەو سـمبۆل و ناوەڕۆکە هزری و سایکۆلۆژییانەی (ژووری منداڵەکان)یان بارگاوی کردووە.

وەک ئاماژەمان بۆ کردووە، لوبۆڤ ڕانێفسکەیا و گایەڤ هەمیشە دەیانەوێت ڕابکەن و بگەڕێنەوە بۆ ئەو کاتانەی بەسەرچوون، بەڵام هەندێک جاریش لە دەرەوەی کاتەوەن، وا

ڕەفتار و مامەڵە دەکەن، کە بە هیچ شێوەیەک کات بوونی بۆ نەبێت. لەپاخین هەموو ئامڕازەکان دژی ئەو بێدەربەستی و بێتوانایییەیان بەکار دەهێنێت و هەوڵ دەدات بتوانن لە ئێستادا بژین: (**بمبەخشن، کە دەڵێم خەڵکی وەکو ئێوە سەیر و خەمسارد و دەستوپێ سپیم نەدیوە. بە زمانێکی ڕاست و ڕەوان پێتان دەگوترێت مولکەکەتان دەفرۆشرێت، کەچی ئێوە تێناگەن. ل٦٥).**

چەمک و تێگەیشتنی کاتە جیاوازەکان بۆ نموونە، لای گایەڤ و لەپاخین لەم دیالۆگە ئەبسورد/کۆمیدییەی پەردەی یەکەمدا بەرجەستە دەبێت:

**گایەڤ**

**دەیسرەوێنمە سووچەکە! کاتێک بوو من و تۆ لە هەمان ئەم ژوورەدا دەنووستین، خوشکێ، ئێستایش وا من پەنجاویەک ساڵم، دنیایەکی سەیرە...**

**لەپاخین**

**بەڵێ کات هەر لە خۆیەوە دەڕوا.**

**گایەڤ**

**کێ؟**

**لەپاخین**

**کات، دەڵێم کات دەڕوات.**

**گایەڤ**

**لەم ناوە بۆنی عەترێکی هەرزانبەها دێت. ل٣٩**

چێخەف لە باخی گێلاس-دا تەکنیکێک بەکار دەهێنێت، کە دواتر تەوژمی شانۆی ئەبسوردیزم بەکاریان هێناوە، بۆ نموونە پەیڤەکانی گایەڤ و لەپاخین سەبارەت بە کات،

گوتارەکەی گایەڤ بۆ دۆلابەکە، هاوکات کە لە هەڕاجەکە دەگەڕێتەوە و هەموو چاوەڕوانن شتێک سەبارەت بە هەڕاجەکە و هەڕاجکردنی باخچەکە بڵێت، هیچ ناڵێت. لە کاتێکدا ئەمە بۆ شانۆی ئەبسورد دەبێتە تەکنیک، لای چێخەف بەشێکە لە دیالۆگێکی ڕیالیزمی؛ ئەبسوردییەت لە واقیعدا بوونی هەیە. لەوانەیە چێخەف لەم کۆمیدیا ئەبسوردە تایبەتییەوە، هێندە پێش کاتی خۆی کەوتبێت، کە لە لایەن ڕیژیسۆر و ئەکتەر و تەنانەت بینەرانیشەوە لێی حاڵی نەبووبن.

## کێشەی چینایەتی

سەرەتا ئێمە ڕووبەرووی چینێکی بەرزی کۆمەڵ دەبینەوە، کە چیتر نە ئەگەرە داراییەکان و نە هیچ سەرچاوەیەکی تریان هەیە، کە وەکو چینێکی بەرز مامەڵە بکەن، بەلام هێشتا ئەو بالادەستی و لووتبەرزییەیان ماوە، کە پێی پەروەردە کراون. لوبۆڤ ڕانێفسکەیا ئاگاداری داراییە ڕووخاوەکەی خێزان و بنەماڵەکەیانە، لەگەڵ ئەوەیشدا ناتوانێت دەست بە پارەکانیانەوە بگرێت و بەردەوام پارە بەفیڕۆ دەدا. هەرچەندە ئەو پارەی مووچەی بەردەستەکانی خۆیانی نییە، بەلام لیرەیەکی زێڕ دەدات بە ڕێبوارێکی هەژار (**فەرموون... ها ئەمە ببەن "جزدانەکەی دەگەڕێت" پارەی زیوی تێدا نییە، قیروسیا، ها ئەو لیرە زێڕە ببە... ل٧٦**) گایەڤ ئەم ڕاستییە دەزانێت و دەڵێت (**خوشکم لە پیشەی خۆی نەکەوتووە، پارە تەخشانوپەخشان بکات. ل٥٢**) لوبۆڤ ڕانێفسکەیا، تا کۆتایی وەک ژنە ئەرستۆکراتێک مامەڵە دەکات، چێخەف لە نامەیەکدا، بۆ ئۆلگا کنیپەر، کە ڕۆڵی لوبۆڤ ڕانێفسکەیا-ی بینیوە، دەڵێت: (ئەو زەوقی لە جللەبەرکردندا جوانە، بەلام خۆی زۆر

ناڕازێنێتەوە، بە بەهرەیە، دڵی زۆر باشە، بیربڵاوە، ڕووخۆش و مرۆڤدۆستە و هەمیشە بزەیەک لەسەر ڕووخساریەتی).

هێــدی هێــدی لە هەڕاجەکەیــش نزیــک دەبیــنەوە، ئەو هەڕاجەی، کە لە ئەنجامــدا دەیانخــاتە ســەر ســاجی عەلــی و ڕووخــانی بــاری دارایــی و پــێگە کۆمەڵایەتییەکەیــان دووپــات دەکاتەوە. لوبۆڤ ڕانێفسکەیا لەم ساتە گەلێک مەترسیدارەدا، ئاهەنگ دەگێڕێت و ئۆرکێسترا دەهێنێتە ماڵەوە، بەبێ ئەوەی پارەی کرێی ئەو ئۆرکێسترایەی هەبێت. ئەم ئاهەنگەیش زەنگی خۆرئــاوابوونی ئەم چیــنە بەرزەی کــۆمەڵ لــێ دەدات و ئەو میوانانەی بانگ دەکرێن، هەمان ئەو کەسایەتییانەی جاران نین، کە دەهاتنە ئاهەنگەکانی ئەم ماڵەوە. پیرە فیرس-ی خزمەتکار، سەبارەت بەم ئاهەنگەی پەردەی سێیەم، دەڵێت: (**/.../جاران لە ئــاهەنگی ســەماکانماندا جەنەراڵ و بــارۆن و ئەدمیراڵەکــان سەمایان دەکرد، ئێستایش دەنێرن بە دوای کارمەندانی پۆستە و بەڕێــوەبەری وێــستگەدا بــێن، تەنــانەت ئەوانــیش زۆر بە پەرۆش نین بۆ هاتن. ل٩٣).**

گەشــەی ڕووداوەکــان لەوە خێراتــرە، کە مــرۆڤ فریــای هەموو شتەکان بکەوێت، هەر لەبەر ئەوەیشە مرۆڤی خودگەرا هەست بە جۆرە بێ ڕەگوڕیشەییەک دەکات، تەنانەت ئەگەر سەر بە نەوە کۆنەکە، یان چینە تازە دەوڵەمەندبووەکانیش بێ، بــۆ نمــوونە و هەر لەم ڕووەوە، هەرچەنــدە یاســاکانی نــیمچە کۆیلایەتی لا دەبرێت، بەڵام پیرە فیرس بەو یاسایە قایل نابێت و پــشت دەکــاتە ژیــانێکی ئــازاد، لەبــری ئەوە وەک کــۆیلە و نۆکەری ئاغاکانی لەو ماڵەدا دەمێنێتەوە. لەپاخین جلی جوان لە بەر دەکـــات و پـــارەی زۆرە، بەڵام (**/.../گەر بە وردی لێـــی کۆڵیتەوە فەلاح کوڕی فەلاح بووین... "پەڕەکانی کتێبەکەی**

**دەستی هەڵدەداتەوە"... فەرموو ئەوا ئەم کتێبەم دەخوێندەوە... هیچی لێ تێنەگەیشتم. بەدەم خوێندنەوەوە خەوم لێ کەوت. ل٢٨).**

لوبۆڤ ڕانێفسکەیا، کە هەڕاجەکەیش تەواو دەبێت و باخی گـــێلاس-ەکە دەفرۆشـــرێت، بەردەوام دەبێـــت لەو ژیـــانە بێدەربەستی و ڕاکردنە لە بەرپرسیارێتی، بۆ نموونە لە کاتێکدا ئانیا-ی کچی پێویستی بە پارەیە، بۆ ئەوەی سەرەتای ژیانێکی نوێی پێ بونیاد بنێت، ئەو بەو پارانەی پووریان لە یارەسلاڤل-وە بۆی ناردوون تا قەرزەکانیان بدەنەوە و باری داراییان چاک بکەن، دەبات بۆ خۆی و بەکاری دەهێنێت تا پێی بگەڕێتەوە بۆ پاریس. لە پاریس دۆستەکەی چاوەڕوانی دەکات؛ ئەو دۆستەی دوای ئەوەی ئەو لات دەکات، دەستی لێ بەرداوە، کە ئێستایش نەخۆش و بێ پارە و تەنهایە، دەیەوێت لوبۆڤ ڕانێفسکەیا بگەڕێتەوە بۆ لای.

چـــێخەف لەم کەینـــوبەینەدا، کـــارەکتەری (پیـــشیک)، کە هەمیشە پێویستی بە پارەیە و هەمیشە قەرزدارە، دەهێنێتەوە پێـشەوە و بەشـێک لە قەرزەکـانی بـۆ لوبـۆڤ ڕانێفـسکەیا دەگەڕێنێتەوە، بێگومان بەشی ڕزگارکردنی باخی گێلاس-ەکە ناکات. گەڕانەوەی قەرزەکانیش لە لایەن پیشیک-ەوە، جۆرە گاڵتە پێکردنێکە بە لوبۆڤ ڕانێفسکەیا، تەنانەت ئەگەر باخچەی گێلاس-ەکەیش بەو برە پارە کەمە ڕزگار بکات، ناتوانێت، چونکە کات تێپەڕیوە و تازە کار لە کار ترازاوە. چێخەف بەمە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە شتە نائاساییەکان کەم لە ژیانی واقیعیدا ڕوو دەدەن، کە ڕوویش دەدەن، کاریگەرییەکانی هیچ

مانایەکیان نییە. خاڵێکی تریش، پێوەدانگە درامییەکە فراوان دەکات، بەوەی پیشیک-ێکی هەمیشە قەرزار، سووکە سەرکەوتنێکی چاوەڕواننەکراو بەدەست دەهێنێت و هەوڵی گەڕانەوەی قەرزەکانی دەدات، بەمەیش نووشوستی خێزان و بنەماڵەی لوبۆڤ ڕانێفسکەیا، زیاتر دووپات دەکاتەوە.

**دوو کچ و دوو چارەنووسی جیاواز**

لەم دەقەدا دوو کچی گەنج هەن، کە لە هەموو ڕوویەکەوە لە یەکترییەوە جیاوازن، ئەم دوو کارەکتەرەیش؛ ئانیا و ڤاریا-ن. ئانیا ١٧ ساڵانە و ڤاریا-یس ٢٢، بەڵام جیاوازییەکە لە بەینیاندا ئێجگار زۆرە، ئەم جیاوازییەیش تەنها لە تەمەندا نییە، بەڵکو لە ئەزموون و تێگەیشتنی ژیانەوەیە. ڤاریا کچی ڕاستەقینەی خۆیان نییە و پەروەردەیان کردووە، واتە هەڵیانگرتووەتەوە، لە دەقەکەیشدا هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەم مەسەلەیە نەکراوە، هەروەها ناشزانرێت دایک و باوکی ڕاستەقینەی کێن. لەنێوان ئانیا و ڤاریادا، هەمیشە بوار و جیاوازییەکی دیار و ئاشکرا هەیە؛ ئانیا کچە "ڕاستەقینەکەیە"، ڤاریاش کچە هەڵگیراوەکە، هەرچەندە مامەڵەیەکی توندوتیژ و نامرۆڤانە لەگەڵ ڤاریا ناکرێت، بەڵام لە کاتێکدا ئانیا وەک کچی خاوەن باخ و موڵک و ماڵەکە و نەوەیەکی ئەرستۆکرات پەروەردە کراوە: نازدار و جوان، بە خۆشی دەژی و هیچ جۆرە لێپرسراوییەکی نییە و هیچ کارێک ناکات، ئەوە بە پێچەوانەوە، ڤاریا لەسەر ئەوە فێرکراوە هەمیشە کار بکات و بەرپرسیار بێت، هەمیشە بە کلیلەکانەوە بگەڕێت و سەرپەرشتیی خزمەتکار و بەردەستەکان بکات. ڤاریا

بەرپرسیاری هەموو شتێکی ماڵەکەیە و کچێکی ئەرستۆکرات نییە. چیخەف لە هەندێک لە نامەکانیدا، باسی ئەم دوو کارەکتەرەی کردووە، بەتایبەتی بەر لە دابەشکردنی ڕۆڵەکان لە شانۆی هونەری مۆسکۆ، دەربارەی ئانیا دەڵێت: (بەر لە هەموو شتێک ئانیا منداڵێکە، کە تا کۆتایی دڵخۆشە، وەک ئەوەی هەست بە ژیان نەکات)، لە نامەیەکی دواتریدا دەڵێت: (ئەم ڕۆڵە دەکرێت هەر ئەکتەرێک بیبینێت، بە مەرجێک گەنج بێت و لە کچێکی منداڵ بچێت و دەنگێکی ناسکی منداڵانەی هەبێت. ئەمە ڕۆڵێکی گرنگ نییە).

کارەکتەری ڤاریا ئاڵۆزترە، چیخەف لە سەرەتادا دەیویست ئۆڵگا کنیپەر ئەم ڕۆڵە ببینێت، کە لە کۆتاییدا ڕۆڵی لوبۆڤ ڕانێفسکەیا-ی لە نمایشەکەدا بینی، لە نامەیەکدا بۆ ئۆڵگا کنیپەر دەڵێت: (گەمژەیەکی ڕاستەقینەیە) دواتر بە (فیگورێک لە جلی ڕەشدا) ئاماژەی بۆ کردووە، بە هەرحاڵ چیخەف ئەم دوو کارەکتەرە (ئانیا و ڤاریا) وەک دوو کارەکتەری جیاواز بەیەک دەخاتە ڕوو، ئەو هۆکارە سەرەکییەیش، کە ئەم دوو کارەکتەرە، بەو شێوەیە لە یەکترییەوە جیاوازن، دەگەڕێتەوە بۆ نەژادی کارەکتەرەکان و بنەما چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی هەردوو کارەکتەرەکە.

### ڕەوشی جوولەکەکانی ڕووسیای تسار

چیخەف بەوپەڕی لێهاتووی و وریاییەوە، بەبێ ئەوەی سەرنجی سانسۆر بە لای خۆیدا ڕابکێشێت، مامەڵەی لەگەڵ کێشە و ژیانی جوولەکەکانی ئەورووپای لە (باخی گێلاس)دا کردووە. ئەمەیش یەکەم جار نییە، کە چیخەف مامەڵە لەگەڵ ڕەوشی جوولەکەکاندا بکات، لە شانۆنامەی (ئیڤانۆڤ)دا

کــــارەکتەری (ئاننــــا)ی ژنـــی ئیڤـــانۆڤ جـــوولەکەیە و بەم هۆیەشـــــەوە مـــــامەڵەیەکی نەشـــــیاوی لەگەڵـــــدا دەکرێـــــت. جوولەکەکـــان لە ســـەردەمی تـــسار-دا، بەوپەڕی بێبەزەیـــی و تونـــــــــدوتیژییەوە هەڵـــــــــسوکەوتیان لەگەڵ دەکـــــــــرا و دەچەوســـێنرانەوە. چـــێخەف لە پەردەی دووهەم و ســـێیەمدا، ڕەوشـــی ژیـــانی جـــوولەکە بـــاس دەکـــات؛ ســـەرەتا لە پەردەی دووهەمـــدا، گوێمـــان لەو مۆســـیقایە دەبێـــت، کە جـــوولەکە هەژارەکان بژێویی ژیانی خۆیانی پێ دابین دەکەن.

**لوبۆڤ ئەندێیەڤنا**

**/.../دەڵێی لە شوێنیکەوە دەنگی مۆسیقایە دێتە گوێم (گوێ ڕادەگرێ)**

**گایەڤ**

**ئەوە تیپی مۆسیقا بەناوبانگەکەی جووەکانە. لە یادتە چوار کەمان و فلۆیتێک و کۆنترەباسێک بوون.**

**لوبۆڤ ئەندێیەڤنا**

**بـــۆ هێـــشتا هەر مـــاون؟ پیـــاو بـــانگی بکردنـــایە ئێـــرە، ئێوارەئاهەنگێکیان بۆ ساز کردینایە. ل٦٧.**

دواتـــر لە پەردەی سێیەمیـــشدا، کە لوبـــۆڤ ڕانێفـــسکەیا ئەم تیپە بە کرێ دەگرێت تا لەو ئاهەنگە شـــوومەدا مۆســـیقا بـــژەنن. لوبۆڤ ڕانێفسکەیا بەم کارەی ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ئەو هـــیچ گونـــاهێکی بەرامـــبەر بە بـــارودۆخی جوولەکەکـــان نیـــیە، لە هەمان کاتدا ناتوانێت پارەی کارەکەشـــیان بداتێ و بە دەنگێکـــی پـــــڕ لە ناســـــۆرەوە دەڵێـــــت **(دونیاشــــــا، چـــــا بـــــدەن بە مۆسیقاژەنەکان... ل٨٣)**، دوای ئەوە دیار نامێنن.



باخی گێلاس لەسەر شانۆی گەل

**سروشت و گەمەی لێبوکەکان**

ئەگەر پەردەی یەکەم لە باخی گێلاس لە (ژووری منداڵەکان)دا بەرجەستە و خستنەڕوویەکی هێڵە جیاوازەکانی دەقەکە و ناساندنی کارەکتەرە سەرەکییەکان بێت، ئەوا ئەو دیمەنەی، کە دەبێتە سەرەتای پەردەی دووهەم تەواو جیاوازە؛ دیمەنێکی ساتیری تەنزئامێز، کە کارەکتەرە خزمەتکارەکان ڕۆڵی سەرەکیی تیا دەبینن. پەردەی دووهەم لە دەرەوە ڕوو دەدات و سروشت مانایەکی تر وەردەگرێت، ئەم سەرەتای پەردەی دووهەمە، شانۆیەکە لەنێو شانۆدا، وەک گەمەیەکی لێبوک دەردەکەوێت: یاشا جگەرە دەکێشێت، دونیاشا سەیری ئاوێنەکەی دەستی دەکات و ڕووی خۆی بۆدرە دەکات، ییپیخۆدەف گیتار دەژەنێت و گۆرانی دەڵێت. لەم سەرەتای دیمەنەی پەردەی دووهەمەدا زیاتر کارەکتەرە خزمەتکارەکان، وەک بەراوردێکیش لەگەڵ کارەکتەرەکانی (ژووری منداڵەکان) واتە ئاغاکانیان، دەخاتە ڕوو. ئەوەی لەنێو ئەم کارەکتەرانە و تەنانەت لە دەقەکەیشدا دیدێکی قووڵی بۆ خۆی و هەروەها

ژیانیش هەبێت، لیبوکە ڕاستەقینەکەی باخی گێلاس (شارلۆتە ئیڤانەڤنا)یە، دایەن و مامۆستای ماڵەوە، کە کاری سەرەکیی ئەم کارەکتەرە لەم خێزانەدا، ئەوەیە وەک لیبوکێک دەربکەوێت.

شارلۆتە ئیڤانەڤنا لە سەرەتای پەردەی دووهەمدا، لە ڕێگەی مەنەلۆژێکەوە قسە لەگەڵ خۆی دەکات و باسی مێژووی خۆی و پاشخانە کۆمەڵایەتییەکەی دەکات، کە کەس نایەوێت گوێی لێ بگرێت. لەم بارودۆخەیشدا هەروەک لیبوکێک ڕەفتار دەکات (**لە گیرفانی خەیارێک دەردەهێنێت و دەست دەکات بە خواردنی ل٥٩**)، بەڵام وەک لیبوکێکی غەمگین قسە دەکات، دەشزانێت کەس گوێی لێ ناگرێت:

**هیچم لێ ئاشکرا نییە.**

**بێدەنگییەک**

**هێندە تامەزرۆی ئەوەم قسە بۆ یەکێک بکەم... بەڵام کەسێک شک نابەم، من کەسم نییە. ل٥٩.**

ئەوانەی لەوێدان و دەبوو گوێی لێ بگرن، یپیخۆدەف، دونیاشا و یاشا بە خۆیانەوە سەرقاڵن و گوێیان لەوە نابێ شارلۆتە چی دەڵێت. تەنهاییەکەی شارلۆتەیش زیاتر بەرجەستە دەبێت، کە ئەو بە یاوەری کۆمەڵێک لە هاوەڵەکانی خۆی هەست بە (تەنهایی) دەکات.

چێخەف لە دەقەکانی دواتریدا، بۆ نموونە باخی گێلاس، زانیارییەکی زۆر و پێناسەیەکی ورد سەبارەت بە کارەکتەرەکان ناخاتە ڕوو، ئەگەر لە دەقەکانی لەوەوبەریدا، پێناسەیەکی دەوڵەمەندی کارەکتەرەکانی، لە هەردوو ڕووکاری دەرەوە و ناوەوەی کردبێت، ئەوا لە دەقەکانی دواتریدا بە چەند وشەیەک بنەما کۆمەڵایەتی و دیدە مرۆڤایەتییەکان دەخاتە ڕوو، بۆ نموونە بە هاتنەژوورەوەی کارەکتەرێک و

تەنها بە چەند حیوارێک فیگورێکی وەها دەخوڵقێنێت، کە لە یەک کاتدا خوودگەرا و لە هەمان کاتدا نموونەیی، یان هەڵبژاردەیەکی بەهێزیش بێت. یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکانی، خستنەڕووی پڕ لە مانای دژبەیەکی کارەکتەر و ڕەوشەکانە. ئەم تەکنیکەیش بە چڕی لە باخی گێلاس-دا بەکاری هێناوە و بە وردی کاری لەسەر کردووە.

لە پەردەی یەکەمدا، کارەکتەری خزمەتکارەکان بە ڕەنگی جیاوازەوە بەرجەستە دەکات و پانتاییەکی هەمەچەشن و قووڵیان پێ دەبەخشێت، بۆ نموونە دونیاشا پێگەی خۆی، وەک خزمەتکار نازانێت، حەز لە یاشا دەکات، هەروەها بە قسەی کارمەندی پۆستە، کە پێی دەڵێت (**دونیاشا تۆ دەڵێت گوڵیت. ل٩٦)** شاگەشکە دەبێت. چێخەف ئەم کارەکتەرە لە هەموو ڕوویەکەوە قووڵ دەکاتەوە، دەیکاتە نیوە مرۆڤێک لەنێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵدا.

یپیخۆدەف کارەکتەری ڕووداوەکانە؛ ئەم کارەکتەرە هەمیشە تووشی شتێک دەبێت؛ (**من هەموو ڕۆژێک نەگبەتییەک ڕێم پێ دەگرێ/.../ ل ٩٧)** جیرەی پۆستاڵەکانی، لە دەستکەوتنە خوارەوەی چەپکەگوڵێک یان هەڵنووتانێتی لە کورسییەک و خستنیەتی، بەڵام کارەسات و نەگبەتییەکانی یپیخۆدەف لەمانە گەورەتر و قووڵترن؛ ئەو خوازبێنیی دونیاشا-ی کردووە و هیوایەکی ئاشکرای بەو هاوسەرگیرییە هەیە، بەڵام یاشا بە بۆنی پاریسەوە دێت و دونیاشا مەست دەکات، هەرچەندە گایەڤ دەڵێت بۆنی مریشکی لێ دێت، دونیاشا واز لە یپیخۆدەف دەهێنێت. (**/.../دەبێ ئەوە بڵێم، کە چارەنووس زۆر دڵڕەق بووە لە ئاستی مندا، هەروەک گەردەلوول لە ئاست کەشتییەکی بچکۆلەدا. ل٦٠).**

لەنێو خزمەتکارەکاندا، یاشا زوو جێگەی خۆی دەکاتەوە، وەک خزمەتکاری پلە یەک ڕەفتار دەکات، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندییە تایبەتییەکەی بە لوبۆڤ ڕانێفسکەیا-وە، تەنانەت لەنێــو حیــوار و لەپــشت مانـــای دیالۆگەکـــانەوە، جــۆرە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی ئێرۆتیکی لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت. یاشا نیوە ئاغایەکە بۆ خۆی، تەنانەت دەتوانێت ڕووبەڕووی گـایەڤ-یــش بوەســتێتەوە؛ یاشـــا ڕێــساکانی گەمەی چیــنە بەرزەکان دەزانێت و بە شێوەیەکی لووتبەرزانە مامەڵە لەگەڵ خزمەتکارەکانی تـر: دونیاشـا و یپیخـۆدەف و تەنـانەت پیـرە فیرس-یشدا دەکات.

دڵسۆزی و خۆبەختکردنی فیرس بۆ ئاغاکانی، چەندان مانای دژبەیەک لەخۆ دەگرێت، کۆمەڵگەیەکی چینـایەتی، کە دڵسۆزی و دەستپاکی و خۆبەختکردن شتێکی نادیارە بۆ بوونی خۆی و بۆ ئەوانـی تـریش. دوا دیمەنـی پەردەی چـوارەمیش گاڵتەجاڕییەکی تـاڵە؛ کە ئەو فیـرس-ە نەخۆشــە پیـرەی لە ســەرەمەرگدایە، لەو خانووە چۆڵەدا بە تەنها لە بیر دەچێتەوە. فیـرس خۆی هەرگیز ئەوەی لە بیـر نەچـووە، کە ئاغاکـانی چییـان پێویـستە و چییـان پێویـست نیـیە، تەنـانەت لەم ڕەوشــە ناخۆشەیـشدا، کە هەمــوو ئەویان لە بیر چووە، ئەو لە خەمـی ئەوەدایە گـایەڤ **(فەروەکەی لە بەر نەکـردووە و هەر بە پـاڵتۆیەکی تەنـکەوە ڕۆیـشتووە. ل١٢٢)**، ئەو خۆی لەنێو موبیلیا کەڵەکەکراوە بەجێماوەکاندا، وەک هەر شتێکی تر، لە بیر کراوە.

فیرس لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە بە تەواوی پشتگوێ خراوە، لە پێگە هونەرییەکەوە گرنگە و لە ڕووی پێگەی بنەمـا و ســتراکتوری کــۆمەڵگەی ڕووســییەوە بنەڕەتــی و نەمــرە. هەموو ئەوانەی دەڕۆن، بە خۆشی و غەمباری، ئەوانەی ژیانە

کۆنەکەیان بۆ ژیانێکی تازە بەجێ هێشت، ئەو پیرەپیاوەیان لە بیر کردووە، کە هەموو ژیانی لە پێناوی ئەواندا داناوە. فیرس سمبۆلی ڕەگە قووڵەکانی کۆمەڵگەی ڕووسییە، هەموو دەڕۆن، بەڵام ئەوان هەر دەمێننەوە. مانەوەی فیرس بە تەنها، قووربانییەکی تری سیستێمە کۆنەکەی ژیانە، بەتایبەتی لە ڕادەسکردنی دەسەڵات بۆ کەسانێک، کە ناکرێت پشتیان پێ ببەسترێت؛ فیرس پیرێکی نەخۆشە، بەڵام دەیەوێت بەردەوام بێت لە جێبەجێکردنی کاروبارەکانیدا، لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت و لە بوونی خۆی ڕادەمێنێت، کە هیچ مانایەکی نەبووە. **(ژیان بەسەرچوو، هەر دەڵێی نەش ژیاوم... ل١٢٢).**

### لەپاخین/ترەفیمەڤ و هاوکێشەیەکی دووفاقیی دژبەیەك

هێدی هێدی گەمە لیبوکئاساکەی سەرەتای پەردەی دووهەم جێگە بۆ ئەو کارەکتەرانەی، کە لەپاڵ لوبۆڤ ڕانێفسکەیا و گایەڤ، ڕۆڵی سەرەکییان هەیە، بۆ نموونە لەپاخین و ترەفیمەڤ، چۆڵ دەکەن، کە بابەتی سەرەکیی دەقەکە (گۆڕان) بەرجەستە دەکەن. چێخەف خۆی لە نامەیەکیدا بۆ ستانیسلاڤسکی، گوزارشتی لەوە کردووە، کە لەپاخین کارەکتەری سەرەکیی دەقەکەیە. هەروەها گوزارشت لە بابەتی سەرەکیی دەقەکەیش دەکات. لەپاخین کارەکتەرێکی ئیجابییە و هەر ئەوە، خۆی بۆ ئەگەرەکان ئامادە دەکات، تەنها کارەکتەرێکە، کە وزە و ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە و کەسێکی ڕاستگۆ و بەوەفایە.

ئەو مەسەلانەیش لەگەڵ لەپاخین و ترەفیمەڤ، کە زیاتر لە پەردەی دووهەمەوە دەردەکەوێت، باوەڕێکی پتەو و ئەو داواکارییە بنەڕەتییەیە، کە بە مەسەلەی گۆڕانکارییەوە

پێوەستە: گۆڕانکاری لە کۆمەڵ، گۆڕانکاری لە ژیان و گۆڕانکاری لەو مەرجانەی ژیان لە کۆمەڵگەدا هەڵی دەسووڕێنێت. بێگومان ئەم دوو کارەکتەرە نوێنەری دوو جۆری جیاوازی گۆڕانکاری و بیرکردنەوەن: ترەفیمەڤ گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵی سیاسی، ئاڕاستەیەکی شۆڕشگێڕانەی هەیە، لەپاخین پیاوی گۆڕانکارییە پراکتیکی و کردەییەکانە، وەک نوێنەری سەرمایەدارییەکی شۆڕشگێڕانە. گۆڕانکارییەکی ڕیفۆرمخوازانەی کۆمەڵ. ئامانج و مەبەستەکانی ترەفیمەڤ مەودایەکی ئایندەیی هەیە و خۆئامادەکردنێکی نەخشە بۆ دانراوی دەوێت، لەپاخین لێرە و لە ئێستادا، ترەفیمەڤ هزرێکی تیۆریی هەیە، خەون دەبینێت و خاوەنی دیدێکی داهاتووە. یەکێک لە شتە دژ و لە هەمان کاتدا تەنزئامێزەکان ئەوەیە، ئەوەی ترەفیمەڤ سەبارەت بە کارکردن بە تیۆری دەیڵێت (/.../**پێویستە لەوە گەڕێین بە خۆمانەوە بنازین، تەنیا شتێک کە پێویست بێت خەریکی بین، کارکردنە. ل٧١)**، ئەوە لەپاجین ئەم تیۆرە بە تەواوی، بە هێمنی و بەبێ هیچ جۆرە تیۆرییەک، جێبەجێ دەکات. (**وەک دەزانن من بەیانییان کاتژمێر پێنج ڕاست دەبمەوە، هەر لە بەیانی تا ئێوارە کار دەکەم، پارەی خۆم و خەڵکی تریش هەڵدەسووڕێنم. ل٧٣)**، ئەم کارکردنەیش مۆرکی کارەکتەرەکەی دیاری دەکات؛ تەنها کارکردن. لەپاخین تەواو پێچەوانەی ترەفیمەڤ-ە و ئەو زیاتر کەسێکی کردەیی و بەدەستوبردە، کەسێک خۆی لە بەیانی سەعات پێنجەوە تا ئێوارە درەنگانێک کار دەکات، هاوکات ئەویش خەون بە کۆمەڵگەیەکەوە دەبینێت، تیایدا ژیانێکی شایستە بژیت.

لە پەردەی یەکەم و دووهەمـدا بەردەوام پێـداگری لەسـەر بڕینەوە و تەختکردنی بـاخی گێلاس-ەکە دەکاتەوە تـا دابەش بکـرێن و خـانووی هـاوینەی لـێ دروسـت بکـرێن. لە پەردەی یەکەمـدا، لەم دیـدە ئاینـدەبینییەی خۆیـدا، هەنگاوێـک زیـاتر دەڕوات، لۆپـاخین دەڵێت: (**تـا ئێـستا گونـدەکـە هـەر ئاغـا و مسکێنەکانی تیابووە، بەڵام ئێستا داچەکرێگرتەکانیش پەیدا بوون. ئێستا هەرچی شارەکانە، بگرە شـارە بچووکـەکـانیش بـەداچـە چـواردەورە دراون. دەتـوانم بڵـێم لـەمـاوەی بیست ساڵێکدا ژمارەی ئەو داچەکرێگرتانە بەشێوەیەکی خەیاڵی زیاد دەکات. ئێستا ڕەنگە کابرا لـەپێش هـەیوانـەکـەی خـۆی هـەر خەریکی چا خواردنەوە بێت، بەڵام ڕەنگە لە پاشەڕۆژدا، لەو زەوییە یەک هێکتارییەی خۆیدا ڕوو بکاتەوە رزێریش، جا ئەو کاتە باخی گێلاسەکەی ئێوەش دەبوژێتـەوەو پڕ بـەرەکـەت دەبێت. ل٤٤)**.

زۆر کارەکتەر لە دەقەکانی چێخف-دا باسی پاشەڕۆژ دەکەن، وەک خـەونێـک بـە کاتێکـەوە ببیـنن، هـەمـوو شـتێک تیایـدا لـەگۆڕانکاریـدا بـێ و مـرۆڤ ژیـانێکی شایـستە تـری هـەبێـت؛ ئەستڕۆڤ لە (خاڵە ڤانیا)دا، ڤیرشینین لە (سێ خوشک)دا، تەنها چەند نموونەیەکن. ترەفیمەڤ جیاوازە لە هەموو ئەو کارەکتەرە چێخەفییـانەی تـر، کە خـاوەنی دیـدێکن بـۆ داهـاتوو: تـرەفیمەڤ سیاسییەکی ئەکتیڤە و هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە، چەندان ساڵ لە زانکۆ دوور خراوەتەوە. هەموو سەریان لەوە سووڕ ماوە، کە ئەو چووەتە تەمەنەوە و هێشتا هەر قوتابییە. خۆیشی دەڵێت، کە (**پێدەچێ من قوتابیی هەمیشەیی بم. ل٥١)**. چێخەف لە نامەیەکیدا بۆ ئۆلگا کنیپەر دەڵێت: (سـەیرکە، تـرەفیمەڤ هەمیشە خەریکی ڕاکـردن و خۆشـاردنەوە بـووە: ئەو بە بەردەوامـی لە زانکـۆ

دەردەکرێت، بەڵام مرۆڤ چۆن گوزارشت لەم ڕاستییە بکات؟) چێخەف بوێرانە لە دیالۆگەکاندا باسی ئەوە دەکات، کە ترەفیمەڤ دوو جار لە زانکۆ دەرکراوە، بەڵام نەیتوانیوە ڕاکردنەکەی باس بکات. دوای شۆڕشە نووشوستوخواردووەکەی ساڵی ١٩٠٥ سانسۆری تسار هەموو جۆرە نمایشێکی باخی گێلاس قەدەغە دەکات. قوتابییە پیرەکە، چیتر قوتابییەکی بەتەمەن نییە، لەبەر ئەوەی ئەو چووەتە تەمەنەوە و هەر قوتابییشە، بەڵکو لەبەر ئەوەی مێژوو دەیەوێت قوتابییەکی بەتەمەن هەبێت تا بەرگری لە چینێکی چەوساوە بکات، زووتر چووەتە تەمەنەوە، لەبەر ئەوەی لەوانەیە بەشێکی ژیان و تەمەنی لە بەندیخانە و ڕاکردن بردبێتە سەر، وەک نوێنەرێکی ئەو دونیا نوێیەی خەریکە دەردەکەوێت؛ لەبەر ئەوە قوتابییەکە دەبێتە هێماگەلی پاشەڕۆژ.

ترەفیمەڤ شۆڕشگێڕە، بەڵام ئەمیش شۆڕشەکەی بێ کردارە و تەنها بە پەیڤ و وشە بریقەدارەکانی شۆڕشگێڕە، نەک بە کردەوە. ئەم کارەکتەرە لە خاڵێکی تریشدا لە ڤیرشینین و دوکتۆر ئەستروڤ جیادەکرێتەوە، ئەم بە شێوەیەکی کۆنکرێتی باسی لایەنە خراپ و چەوتەکانی کۆمەڵگەی ڕووسی دەکات، هێندە کۆنکرێتی سانسۆر داوای لابردنی چەند حیوارێک لە قسەکانی پەردەی دووهەمی دەکات. ترەفیمەڤ دیدە تیۆرییەکەی سەبارەت بە پاشەڕۆژ، ڕەخنەکانی سەبارەت بە چینی ڕووناکبیر و ئەو هەلومەرجە زۆر ناخۆش و ناڕەوایەی خەڵکی تیا دەژی، هەروەها هزری ئەو بۆ مەسەلەی کارکردن دەخاتە ڕوو و دەڵێت: **(تەنیا شتێک، کە پێویست بێت کارکردنمانە، یارمەتیی ئەوانە بدەین، کە بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێن. لای ئێمە، لە ڕووسیا، ئەوانەی کار دەکەن تا ئێستا ژمارەیان زۆر کەمە، بەشی زۆری ئەو ڕۆشنبیرانەی من**

**دەیانناسم بەدوای شتێکدا ناگەڕێن، کارێک ناکەن و زۆر نامۆن بە ماندوویەتیی کارکردن. ل٧٢)**، چێخەف لە هەموو دەقەکانیدا و لێرەیشدا، کاری لەسەر چارەنووس و ڕۆڵی چینە ڕووناکبیر و ڕۆشنبیرەکان، بەتایبەتی لەم جیهانە نوێیەدا دەکات؛ ئەمەیش یەکێکە لە گرفتە گەورەکانی نێو دەقەکانی. چێخەف هیچ چارەسەرێکی ئەم کێشە گرنگە ناکات یان هیچ جۆرە پێشنیارێک پیشان نادات، بەڵکو تەنها وەکو خۆی دەیخاتە ڕوو.

ترەفیمەڤ هیچ بەهایەک بۆ لەپاخین دانانێت و وەک تازە سەرمایەدارێک سەیری دەکات، کە هەموو شتێک بۆ قازانجی خۆی دەقۆزێتەوە **(من، جەنابی یەرمۆلای ئەلکسێیەڤیچ، ئاوا لە جەنابتان دەگەم: ئێوە کابرایەکی دەوڵەمەندن، بەم زوانە دەبنە ملیۆنێر، جا وەک چۆن ئاژەڵێکی دڕندە، بۆ دەورەی سروشت پێویستە، کاتێک هەرچی دەکەوێتە بەردەمی دایدەپاچێت، ئێوەیش بە هەمان شێوە پێویستن. ل٧١)**. ترەفیمەڤ چەندە دژی چینە ڕۆشنبیرەکەیە، هێندەیش دژی ئەو چینەیە، کە تازە دەوڵەمەند بوون و جێگەی ئەوانی بەر لە خۆیان دەگرنەوە.

دەبێت ترەفیمەڤ لە ڕوانگە و دیدی پێوەندییەوە بە لەپاخین-ەوە بخوێندرێتەوە، ترەفیمەڤ پێوەندییەکی دیالێکتیکی بە لەپاخین-ەوە هەیە؛ ئەم دوو کارەکتەرە دەبێت پێکەوە و لەگەڵ یەکتریدا سەیر بکرێن و مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

لەپاخین هەرگیز نەژادی خۆی لە یاد ناکات، دەزانێت کێیە و لە کوێوە هاتووە، ئەمەیش لەسەر شانۆ و لە زمانی خۆیەوە بەرجەستە دەکرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە هەڕاجی باخی گێلاس-ەکە دەگەڕێتەوە و دەڵێت: **(خۆزگە باوکم و باپیرم لە گۆڕەکەیان دەهاتنە دەرەوە و هەموو ئەوەیان دەدی، کە**

**ڕووی داوە. دەیاندی چۆن یەرمۆلا سەرکزەکەی کوڕیان، یەرمۆلا نەخوێندەوارەکەیان، کە زستان بە پێیپەتی دەسووڕایەوە، ئەو یەرمۆلایە ئەمڕۆ موڵکی کڕیوە، موڵکێک کە لە هەموو جیهاندا لەوە قەشەنگتر نییە. من ئەو موڵکەم کڕی، کە باوکم و باپیرم تێیدا کۆیلە بوون، ڕێگەیان نەدەدرا بچنە چێشتخانەکەشی. ل١٠١).**

لەپاخین لەم دیمەنەدا، دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا نامێنێت، وەک کەسێکی ناشارستانی و بێتام دەدوێت، لە هەمان کاتدا هەست بە خەمی لوبۆڤ ڕانێفسکەیا دەکات و دەزانێت ئەو لە چ کارەساتێکدا دەژی، سۆزی دەجووڵێت و بە جۆرە دڵنەوایییەکەوە دەڵێت: **(باشە بۆ، بۆ گوێتان لێ نەگرتم؟ کەساسە دڵباشەکەم، تازە ڕۆیشت. ل١٠٢)**، ئەمەیش بەشێکی گرنگە لە مەسەلەکانی گۆڕانکاری؛ شتێک دەڕوات، شتێکی تر دێت، گۆڕانکارییەکان حەتمین، بۆ هەندێک مانای خەم و ئازارێکی زۆر دەگەیەنێت، بۆ هەندێکی تر هیوا.

دوو هۆکار وایان کردووە لەپاخین بۆ چێخەف گرنگ بێت: یەکەمیان ئەوەیە، کە کارەکتەری لەپاخین، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ مەبەستی دەقەکەی تیادا بەرجەستە دەبێت. دووهەمیشیان لەوانەیە بۆ چێخەف مەسەلەیەکی کەسێتی بێت: چێخەف تا ڕادەیەک مەسەلە کەسێتییەکانی خۆی تیادا تێکەڵ کردووە. چێخەف هەندێک شتی لە مێژووی ژیانی خۆیەوە بۆ ئەم کارەکتەرە هێناوە، ئەو باش دەیزانی کوڕی کوڕی موژیکێکی (کۆیلە) جاران مانای چی دەگەیەنێت، کوڕی باوکێک، کە بەردەوام لێی داوە. بە دڵنیاییەوە چێخەف خۆی لە کارەکتەری لەپاخین-دا بینیوەتەوە، بەتایبەتی لەو هەوڵە مەزنەدا، بۆ شۆردنەوەی خوێنی کۆیلایەتی لە جەستەیدا.

**ئاستی ڕاستییەکان و چەمکی گوێزانەوەی دەسەڵات**

لەبەر ئەوەی ژینگە و کەشە کۆمەڵایەتییەکەی ستراکتوری دەق/نمـایش، گـوێزانەوەی دەسـەڵاتە لە ئەرسـتۆکراتییەتی دەرەبەگـایەتییەوە بـۆ بەرەوپێـشچوونی بـورژوازیەت و سـەرمایەداری، سیمایەکی ململانێـی چینـایەتی و گۆڕانکـارییە بنەڕەتیـیە کۆمەڵایەتییەکـان، بە ڕووداوەکـان دەبەخـشێت. لەم ڕووەیـشەوە تێکەڵاوکردنـی ڕۆڵەکـان لە کـردەی دەقەکەدا بە ڕوونـی دەردەکەوێت. لەپاخین، کە کوڕی یەکێکە لە جوتیـارە هەژارەکان، سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت و لە کوڕە مـسکێنەوە بەرەو بـۆرژوازیەت دەڕوان، هەرچەنـدە ئەو خـۆی هەر بە کـوڕە جوتیـار دەزانێت. ئەو لەو ڕۆژەوەی، بە منـداڵی باوکی لێی دەدات (**/.../بیرمە مێردمنداڵێکی پازدە ساڵان بووم، باوکی ڕەحمەتیم ئەو کاتە لە دوکانی دێکەدا کاسپیی دەکرد_ بە مشت دای بە دەموچاومدا، خوێنی لووتم پژا... ل٢٨**) تا دەگـاتە کڕینـی بـاخی گـێلاس-ەکە، ڕێگـەیەکـی دووری بڕیـوە. هەرچەنـدە هەسـتێکی پەرۆشـئامێزیش بـۆ لوبـۆڤ ڕانێفسکەیا دەردەبڕێـت، بەڵام لە ڕاسـتیدا جەلـلادی ئەو بنەمـاڵەیەیە، کە کۆتـایی بە دەسـەڵات و شـێوازە کـۆنەکەی ژیانیـان دەهێنێـت، هەستە بەزەیئاساکەیشی تەنها ئەنجامێکی ئاسـایی هۆشـیارییە چینایەتییەکەیەتی.

چـێخەف بێلایەنییەکـی ئاشـکرا لەنێـوان هەردوو سیـستێمە کۆن و نوێیەکەدا هەڵدەبژێرێت، ئەو بڕوای بە شـێوازی ژیـانە کـۆنەکە هەیە، هەروەهـا نـوێیەکەیش، لە ڕووی سیـستێم و گۆڕانکارییـشەوە، هاوکـات بـڕوای بە هیچیـشیان نیـیە. ئەو هەروەک ئەوەی، بۆ نموونە شێوازە میلۆدرامییەکە لە فۆرمێکی

دوور لە میلۆدرامییەوە بەکار دەهێنێت، شانۆنامەیەکی سیاسی، بە شێوازێکی تەواو دوور لە سیاسەتەوە دەنووسێت.

لوبۆڤ ڕانێفسکەیا و گایەڤ-ی برای سەر بە چینە کۆنەکەن، لەپاخین هێماگەلی ئەو بۆرژوازییە سەرمایەدارانەیە، کە جێگەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا دەکەنەوە، ترەفیمەڤ سەر بە چینە شۆڕشگێڕە هۆشیارەکەیە، کە لە ئایندەدا خۆیان بۆ ململانێیەکی توندی چینایەتی ئامادە دەکەن. یاشا-یش ئەو چینە نوێیەیە، کە لە کۆتاییدا ئامادەن ناپاکی لە شۆڕشەکەی ترەفیمەڤ، لە پێناوی بیرۆکراتیەت و کێشە سیاسی و بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، بکەن. بێگومان چێخەف لەم نێوەندە و لەم پێوەندییە چڕ و ئاڵۆزانەدا، گرنگی بە مەسەلە مرۆڤایەتییەکان دەدات، نەک بە هێما مرۆییەکان، هەموو کارەکتەرێکیش لە سەروو چینەکەیەوە، بە شێوەیەکی ئاڵۆز و تایبەت بە خۆی دەژی.

چێخەف بۆ بەرجەستەکردنی ئەم هەموو هێڵە جیاواز و مەسەلە سیاسی و چینایەتییە، ڕاستیی لەسەر سێ ئاستدا بەکار هێناوە، کە لە باخچەی گێلاس-دا پێکدا دەچن: ئاستی مێژوویی، ئاستی شانۆیی، هەروەها ڕاستی لەسەر ئاستی وەهم، کە لەوانەیە بە هەرسێکیان ڕاستییەکی تر، گەورەتر دەستەبەر بکەن. لە ئاستی یەکەمدا چیرۆکی لوبۆڤ ڕانێفسکەیا و گایەڤ و ئەوانی تر دەگێڕینەوە، ئەمەیش چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە لە مێژوودا، لەنێو ژیانە گەورەکەدا. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم ئاستەدا ئەوەیە، چیرۆکەکە ئەوەمان پیشان دەدات، کە ئەم کارەکتەرانە چۆن و لە کوێ دەژین.

لە ئاستی دووەمدا، کە لە زەمەنە شانۆییەکەدا بەرجەستە دەبێت، چارەنووسی خێزانەکە، لە دیدێکی مێژووییەوە دەخرێتە

ڕوو، کە لە ئاستی ڕاستیی یەکەمیشدا مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بەڵام لەوێدا تەنها چوارچێوەیەکی چیرۆکەکەیە. لەم بەشی دووەمەدا، مێژووەکە تەنها جلوبەرگێک نییە، هۆکارێکە بۆ خودی چیرۆکەکە. ئەوەی لێرەدا جێگەی ئاماژە بۆ کردنە، جووڵەی چینە کۆمەڵایەتییەکەیە لە پێوەندییەکی دیالێکتیکیدا. کارەکتەرەکان بەشێکن لە گۆڕانکارییە مێژووییەکە: چینە دەسەڵاتدارەکە، کە خاوەنی باخچەی گێلاس و زەویوزارەکەن، ئەو دەسەڵاتەیان، بە هۆی نەبوونی هیچ پێوەندییەکەوە بە واقیعی ژیانەوە، نامێنێت و لە کۆتاییدا لەناودەچێت. لەبری ئەوان چینە سەرمایەدارە تازەکە و گەنجە شۆڕشگێرەکان دەسەڵات دەگرنە دەست. ئەم دوو ڕاستییە تەواوکەری یەکترین.

ئاستی سێهەمیش، ژیانە. لەم ئاستەدا کارەکتەرەکان لەدایک دەبن، گەورە دەبن، دەژین، خۆشەویستی دەکەن، ڕق هەڵدەگرن، سەرکەوتن بە دەست دەهێنن، دەدۆڕێن، تێدەگەن، تێناگەن، دەکەون و دەمرن. لێرەدا سەرلەنوێ مرۆڤ لە چیرۆکێکی ڕاستەقینەدا و لە ڕووداوگەلێکدا، کە سیاسەت و گۆڕانکارییەکان و لە چەمکێکی میتافیزیکیدا دەبینرێنەوە. لەم ئاستەدا پیرەکان، نەوە مامناوەندەکان، گەنج و هەرزەکار و مێردمنداڵەکانیش کۆدەبنەوە. هەر لێرەدا ئاغا و خزمەتکارەکان و هەموو چینوتوێژەکانی تری کۆمەڵ دەردەکەون. هەموو کارەکتەرێک لە کارەکتەرەکان لە ململانێدان لەگەڵ خۆی، گەنج و پیر، ئەوانەی پارەدارن و ئەوانەی گیرفانیان بەتاڵە، چینە جیاواز و دژبەیەکە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوانەی ڕازین و ئەوانەیشی هەر لە هەڵپەدان، گرفتەکانی هاوسەرگیری. ئەمانە هەمووی لەنێو ئەو سێ ئاستەی ڕاستیدا کۆبوونەتەوە و وێنەیەکی بچووکی جیهانمان پێشکەش دەکات.

## ماڵئاوایی و کۆمەڵگەیەکی ڕوخاو

پەردەی چـــــــوارەم، وەک پەردەی یەکەم لەو ژوورەدا بەرجەستە دەبێت، کە بە (ژووری منداڵەکان) ناوزەدکراوە، بەڵام لەم پەردەی چوارەمەدا، ئەم ژووری منداڵانە، چیتر ئەو شوێنە دڵگیر و ئارامە نییە، کە تایبەتە بە منداڵەکان. کەلوپەل و موبیلیاکان لە سووچێکدا کۆکراونەتەوە (وەک بڵێی بۆ فرۆشتن ئامادە کرابن) و لای دەرگاکەی دەرەوەیش جانتا و بوخچە و شتی لەو بابەتە بۆ سەفەر ئامادە کراون. ئەم دیمەنە ئاوەژووێنەی پەردەی یەکەمە. کەشی بەهارمان بەسەر بردووە و ئێستا پایزە، لەبری گەیشتنە جێ، ماڵئاواییکردنە. پەردەی چوارەم وەک بەشێکی زۆری دەقەکانی تری چێخەف کاتی ماڵیاواییکردنە. هەموو پەردەی چوارەم بریتییە لە ماڵئاواییکردنێکی درێژخایەن و هەموو ماڵئاوایی لە هەموان دەکات، بەڵام پێوەدانگە درامییەکە لەوە زیاترە، کە تەنها هەر ماڵئاواییکردن بێت؛ لێرەدا ماڵئاوایی لە ژیانە کۆنەکە، لە کۆمەڵگەیەکی تێکشکاو و ڕوخاو دەکرێت.

لەنێو موبیلیا کۆکراوەکان و جانتا و بوخچەی سەفەرەکەدا، لەپاخین بۆ دواجار ترەفیمەڤ دەبینێتەوە، ترەفیمەڤ بەدوای کەلۆشەکانیدا دەگەڕێت و لەپاخین-یش چاوەڕوانی ئەوەیە تا هەموو بڕۆن بۆ ئەوەی دەرگاکان دابخات، لەم کاتە کورتەیشدا، ئەوەی لەگەڵ یەکتر باسی دەکەن، سەرلەنوێ مەسەلەی پاشەڕۆژ و گۆڕانکارییەکانە. لەپاخین دەڵێت: **(من دەبێ بچم بۆ خارکەف، بە هەمان شەمەندەفەرەکەی ئێوە دەڕۆم. زستان لە خارکەف دەبەمە سەر. ئەم ماوەیە لەگەڵ ئێوەدا سەرقاڵ بووم، بەڵام ئەم بێکارییە ئازاری گیانم دەدات، بێکاری بۆ من نەهاتووە، نازانم دەستەکانم چی لێ بکەم، بەملا**

**و لامدا شۆڕ دەبنەوە، وەک بڵێی دەستی خۆم نەبن. ل١٠٦)،**
لەم ساتە کورتەی ئەم دیمەنەدا، ئەم دوو کارەکتەرە پێک دەگەنەوە: ترەفیمەڤ، شۆڕشگێڕ/ئایدیالیزم و لۆپاخین، دیدێکی داهاتوویی کردەیی/سەرمایەدار. هەردووکیان هەستیان جوولاوە، هەست بە جۆرە خەجاڵەتییەک دەکەن، کە هاوهەستییەکیان بۆ یەکتری هەیە. دواتر هەردووکیان سەرلەنوێ، بە جۆرە باوەڕێکی کەسێتی-یەوە دەگەڕێنەوە، کە ڕەوش و دیدە جیاوازەکانیان کۆدەکاتەوە.

**لۆپاخین**

**ئەم بەهارە هەزار هێکتارم بە خەشخاش چاند، چل هەزاری سافم لێ دەستکەوت. جا بتبینیایە چ دیمەنێک بوو کاتێک خەشخاشەکانم گوڵیان کردبوو! جا من بۆت باس دەکەم کەچل هەزارم دەستکەوتووە، بۆیە دەمەوێ قەرزت بدەمێ، چونکە لە دەستمدا هەیە و دەتوانم، ئیتر بۆ شەقی تێهەڵدەدەیت؟ من کابرایەکی سادە و جوتیارم.. هەموویم لەدڵسافییە.**

**ترەفیمەڤ**

**تۆ باوکت جوتیار بوو- منیش باوکم ئەجزاخانەی هەبوو... لەمەشەوەهیچ ئاکامێک هەڵناهێنجرێ.**

**لۆپاخین جزدانەکەی دەردەهێنێت**

**وازبێنە.. لێیگەڕێ. تۆ حەز دەکەیت دووسەد هەزاریشم بدەرێ، من لێت وەرناگرم. من کابرایەکی سەربەستم. هەموو**

**ئەو شتانەیش کە لای ئێوە، بە دەوڵەمەند و هەژارتانەوە، هێندە پڕ بەهان، هێندەی سەرەدەرزییەک دەسەڵاتیان نییە بەسەر مندا و وەک پووشێکی دەم با وان بەلامەوە. من بەبێ ئێوەکاری خۆم مەیسەر دەکەم، دەتوانم بێباک بەلاتاندا بڕۆم، من گیانم پڕە لەشانازی و هێز. مرۆڤایەتی بەرەو لوتکەی ڕاستی کەوتووەتەڕێ، بەرەو بەرزترین ترۆپکی بەختیاری کە لەسەر زەوی کاری کردەنی بێت، منیش لەڕیزەکانی پێشەوەی ئەو کاروانەدام.**

**لەپاخین : جا دەگەیتەمەنزڵگە؟**

**ترەفیمەڤ**

**هەر دەگەم.**

**بێدەنگییەک**

**دەگەم، خۆ ئەگەر نا ئەوا ڕێگەپیشانی خەڵکی تر دەدەم چۆن بگەن. ل١٠٨**

چێخەف هەر دوای ئەم دیالۆگەی لەپاخین و ترەفیمەڤ ڕێنمایی و جۆرە کاریگەرییەکی دەنگی داناوە (**دێتە گوێ لە دوورەوە چۆن بە تەور کەوتوونەتە دارەکان ل١٠٩**)، وەک ئەوەی بیەوێت بڵێت، لە کاتێکدا ئایدیالیزمەکان خەون دەبینن بە پاشەڕۆژەوە (ترەفیمەڤ) واقیعبینەکان (ڕیالیستەکان) لەپاخین، دەستبەکارن و ڕەفتاریان هەیە. بێگومان، وەکو

لەوەبەریش ئاماژەمان بۆ کردووە، بیرۆکەی باخی گێلاس لەسەر ئاستێکی بەرز پابەندە بەم دوو کارەکتەرەوە، لێرەدا دەکرێت ئەم پرسیارە بکەین، کامیان؛ ترەفیمەڤ یان لەپاخین لەسەر ڕاستییە و براوەیە؟ ئایدیالیزم یان ڕیالیست؟ شۆڕشگێر یان ڕیفۆرمخواز؟ ساناترین وەڵامیش ئەوەیە، کە بڵێن هیچیان و هەردووکیشیان، ئەم وەڵامەیش نزیکترینیانە لە ڕاستییەوە، ڕاستیی چێخەف.

لە هەندێک خوێندنەوە و نمایشی جیاوازدا، ڕیژیسۆر و لێکۆڵەرەوان قورساییان خستووەتە سەر ئەم یان ئەویان، بەڵام چێخەف خۆی مانا و ڕۆڵێکی زیاتری بە لەپاخین بەخشیوە؛ لەپاخین بۆ ئەو گرنگترین ڕۆڵ و کارەکتەری دەقەکە بووە. چێخەف بڕوایەکی تەواوی بە پێویستی گۆڕانکارییەکان و ئەگەری گۆڕانکارییەکان هەبووە، ئەو کۆمەڵگە وەستاوەی ئەوی تیا دەژیا، فیۆداڵ و بورژوا بچووکەکانیش، بەرەو تێکشکان و لەناوچوون دەڕۆیشتن.

خاڵێکی تری جیاواز لەنێوان ئەم دوو کارەکتەرەدا هەن، کە پێویستە ئاماژەیان بۆ بکرێت: ترەفیمەڤ بڕوای بە دیدی خۆی هەیە و دڵنیایە، لەپاخین بە گومانە، ئەو دەزانێت، لە پشتی گۆڕانکارییەکانی خۆیەوە، گۆڕانکاریی تر دێنە ئاراوە. تەختکردنی باخی گێلاس-ەکە تەنها بۆ ترەفیمەڤ لەناوچوونی دوا ئاماژەکانی ژیانە کۆنەکەی ڕووسیایە، بەڵام مرۆڤ هەست دەکات، کە ئەو خانوانەیش لەبری باخی گێلاس-ەکە بونیاد دەنرێن و سمبۆلێکە بۆ ژیانێکی نوێ، لەسەر بنەمایەکی نادیار و نادڵنیا ڕۆدەنرێت. باخی گێلاس ئاماژەیەکە بۆ ئایندەیەکی هەڕەشەلێکراو و نادیار.

## ڕێژەی نەگۆڕ

خۆ ئەگەر باخی گێلاس باسی پێویستیی گۆڕانکاری و ئەگەرەکانی بکات، ئەوا لە لایەکی ترەوە باسی ئەوەیش دەکات، کە هەندێک شتی تر، هەرگیز ناگۆڕدرێن و گۆڕانکاریان بەسەردا نایەت، نموونەیش لوبۆڤ ڕانێفسکەیا و گایەڤ-ی برایەتی. هەر لە سەرەتای دیمەنی یەکەمەوە ئەم مەسەلەیە پیشان دەدرێت. ئەم دوو کارەکتەرە، کە ڕووبەڕووی ئەو واقیعە نوێیە دەبنەوە، وەک دوو کەسی بێویست قایل دەبن، نازانن چی ڕوو دەدات، هەست بە واقیعەتی ژیان ناکەن، لوبۆڤ ڕانێفسکەیا بەرەو پاریس دەڕوات، گایەڤ لە بانکێکدا کارێکی دەست دەکەوێت، هەردووکیشیان بە فرۆشتنی باخی گێلاس-ەکە باری شانیان سووک دەبێت. ئەم دوو کارەکتەرە بیریان تەنها لای خۆیانە، ئەو توانایەیان نییە شتەکان ببینن، ئەو توانایەیان نییە لە دەرئەنجامەکانی ئەم فرۆشتنە بۆ خۆیان و بۆ ئەوانی تر تێبگەن، تەنانەت گایەڤ دەڵێت: **(هەر بەڕاستییش، ئێستا هەموو شتێک باشە. ل١١٢)**، لوبۆڤ ڕانێفسکەیا-یش هاوڕایە.

لوبۆڤ ڕانێفسکەیا و گایەڤ-ی برای لە ئێستا ناگەن، ناشتوانن خەون بە پاشەڕۆژەوە ببینن، لە قووڵایی بوونیشیاندا هیچ ئاسۆیەک بەدی ناکرێت، سنووری ئەو ڕابردووە تێپەڕێنێت، کە ژیانی بارگاوی و گران کردوون و ئەو توانایەی لێ زەوت کردوون، بتوانن دوور بڕوانن.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە، کە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر کارەکتەرەکانی تری ئەم دەقەدا نایەت، لە سەرەتای پەردەی یەکەمەوە دەردەکەن، ڕێچکەی ڕووداوەکان و ستراکتوری کارەکتەرەکان، چۆن بووە، لە پەردەی

چوارەمیشدا هەر وا دەمێننەوە؛ ئەم کارەکتەرانە پارێزگاری لە دونیـــای نـــاوەوەی خۆیـــان، هەروەهـــا ئەو ژیـــانە دیـــار و بینراوەشـیان لەسـەر شـانۆ تـا کۆتـایی بە هەمـان ئاڕاسـتەدا دەڕوات، دەکەن. ئەگەر لە (نەورەس) و (خـاڵە ڤانیـا) و (سـێ خوشـک)دا گۆڕانکـاریی بنەڕەتـی بەسـەر ژیـانی هەنـدێک لە کارەکتەرەکادا، بۆ نموونە نینا لە نەورەس، ڤانیا لە خاڵە ڤانیادا، هەروەهـا سـێ خوشـک-ەکەیـشدا بێـت و گەوهەری ژیانینـان دەگۆڕێت. ئەم گۆڕانکارییانە لە کارەکتەرەکانی باخی گێلاس-دا ڕوو نـــادات؛ لوبـــۆڤ ڕانێفـــسکەیا و گـــایەڤ لە پەردەی یەکەمەوە تا پەردەی چوارەم هەر هەمان کەسن، هەروەها هیچ گۆڕانکـــارییەکی ئەوتـــۆیش بەســـەر ئانیـــا، ڤاریـــا، لۆپـــاخین، تـــــرەفیمەڤ... هتـــد ڕوو نـــادات، لەگەڵ ئەوەیـــشدا دەقەکە مەسـەلەیەکی گرنگـی وەک گۆڕانکـاری و سـەرەوژوورکردنی چینێک دەخاتە ڕوو.

**ڤاریا/لۆپاخین**

چارەنووسی ڤاریا لەگەڵ لۆپاخین چیی بەسەر دێت؟ هەر لە سەرەتای پەردەی یەکەمەوە، لە لایەن هەموانەوە وەک دوو کەسی پێکەوە (کەپلێک) ئاماژەیان بۆ دەکرێت، زوو زوو باسی هاوســەرگیرییان دەکرێــت؟ ئەم مەســەلەیەیش لە دیمەنێکــی ماڵئاوایی، لە پەردەی چوارەمدا یەکلا دەکرێتەوە. ئەم دیمەنە ماڵئاواییکردنە، لە هەمان کاتدا، وەک دیمەنێکی ماڵئاوایی بیری لێ نەکراوەتەوە، بەڵام دەبێتە دیمەنێکی ماڵئاوایی.

ئەم دیـمەنە زۆر کـورتە و شـتگەلێکی کەمیـشی تیـا ڕوو دەدات، ئەوەی ڕوویـش دەدات بەسـە بـۆ ئەوەی لە بنـاغەوە ژیـــانی دوو مـــرۆڤ بگۆڕێـــت. ئەو پرســـیارەیش لێـــرەدا

چاوەڕوانیی لێ دەکرێت، ئەوەیە: بۆچی هیچ لە دڵخوازی و خوازبێنیکردنەکەی لەپاخین سەوز نابێت؟ بۆچی لەپاخین ئەو پرسیارە ناکات، کە لە هەموو دەقەکەدا ئامادەکاریی بۆ کراوە و کەسی بەرامبەریش، کە ڤاریا-یە بە هەموو شێوەیەک ئامادەیی تیایە، بە (بەڵێ) وەڵام بداتەوە؟ ئەم مەسەلەیەیش لای چێخەف گرنگ بووە، لە سەرەتای پەردەی یەکەمەوە ئامادەکاریی بۆ کردووە و لە هەموو پەردەکانی تردا، دووبارە دەبێتەوە، دوا دیمەنیش بەوپەڕی دیقەت و وریاییەوە چنراوە.

**ڤاریا**

**(بەدەم فرمێسکەوە)**

**ئاخ خۆزگە ئەئاوا تێمدەسرەواند...**

**(مشتەکۆڵەی لێ بەرز دەکاتەوە)**

**ئانیا**

**(بێدەنگ باوەش دەکات بەڤاریادا)**

**ڤاریا، ئەو هاتووەتەخوازبێنیت؟**

**( ڤاریا سەری بەنا دەلەقێنێ)**

**ئاخر خۆ ئەو تۆی خۆش دەوێت... چییە ڕازی دڵتان بۆ یەکتری نادرکێنن، چاوەڕێی چی دەکەن؟**

**ڤاریا**

**من وای بۆ دەچم، کە ئەمە هیچی لێ سەوز نابێت. ئەو سەرقاڵە. سەری ناپەرژێتە من... دەهەر خۆشیم تێناگەیەنێت.**

**خوای لەگەڵ بێت، بۆ من زەحمەتە بیشیبینم... خەڵک و خوا هەمووی باسی زەماوەندەکەمان دەکەن و پیرۆزبایی دەکەن، لەڕاستیشدا هیچ لەگۆڕێ نییە.. هەمووی دەڵێیت خەوە... ل٣٥.**

چـێخەف ئەم مەسـەلەیە، لە هەر چـوار پەردەکەدا، وەک ئاماژەمـان بـۆ کـردووە، بە چەنـدان شـێوە دەخـاتە ڕوو تـا لە کۆتاییـدا ناگـاتە ئەنجـام. چـێخەف لەپـشت ئەم پێوەنـدییە بێئەنجـامەوە بەدوای شـتێکی قـووڵتردا گەڕاوە، پێوەنـدییە ڕاسـتەوخۆکانی ڤاریـا و لۆپـاخین هێنـدە گرنـگ نـین، بەڵام چەندان ئاماژەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەن، کە ئەم دوو کـارەکتەرە پـێکەوە دەبەسـتێتەوە. وەک گوتمـان، دیـمەنەکەی نێـوان ڤاریـا و لۆپـاخین کـورتە، بەڵام دەرئەنجـامێکی هێنـدە گرنگی هەیە، کە کاریگەریی بەسـەر هەموو ژیانیـانەوە دەبێت. چـێخەف لە وێنـاکردنی دیـدە دەوڵەمەنـد و چـڕەکەی مرۆڤـدا، ئەوەمـان پـێ دەڵێت، کە پێوەندییەکان ناکرێت ڕاسـتەوخۆ، لە دیدی کارەکتەرەکانیانەوە سـەیر بکرێت، بەڵکو لەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییە چڕە گرانەوە سـەرچاوە وەردەگرێت، کە چەندان کۆدی شاراوە و نادیاری هەیە.

بۆچی لۆپاخین ئەم هاوسەرگیرییە ناکات؟ دەکرێت چەندان هۆکـاری سـایکۆلۆژی بـدۆزینەوە، لەوانەیە ئەو، کە بـاس دێـتە سـەر ئەم مەسـەلەیە، کەسـێکی شـەرمن بێت؟ لەوانەیە ئەو بە هـیچ شـێوەیەک بیر لە ڤاریا نەکـاتەوە و ئەوی وەک (ئـافرەت) بەدڵ نەبێـت، بەڵکـو هەمـوو پێوەنـدییەکەیان زیـاتر لە لایەن ئەوانی ترەوە ئاماژەی بۆ کـراوە و قسەی لەبـارەوە دەکرێت؟ لەوانەیە ئەو لە پێکەوەنـانی خێـزان، بەتـایبەتی لەم بـارە

نــاجێگیره ئێکۆنــۆمییەدا، بترســێت؟ لەوانەیە بــۆ ئەو شــتێکی نــابەجێ و نەشــیاو بێــت، کە کەســانێکی تــر یــارمەتی و دەستپێـشخەریـی بـۆ بکـات؟ لەوانەیە ئەو بزانێـت ئەوانـی تـر لەپــشت دەرگــاکەوە وەســتاون و چــاوەڕوانن، کە لەپــشت دەرگاکەیشەوە گوێی لە چرپە و دەنگی ئەوان و پێکەنینەکانیان دەبێت، تووشی پەشۆکاوی و نائارامی و نادڵنیایی دەبێت. ئەم هۆکـاره سـایکۆلۆژیانە گـرنگن، بەڵام هیچیـان بە شـێوەیەکی تەواو وەڵامی پرسیارەکە ناداتەوە.

ڵەپاخین بە پێشنیارەکەی لوبۆڤ ڕانێفسکەیا قایل دەبێت، ئەگەر ئەو یارمەتییان بدات. بەڵام ئەم دوانە، کە لە ژوورەکەدا بە تەنهــا بەجــێ دەهێڵــرێن، هەســـت و ســـۆز و خۆشەویستییەکەیان، لەژێر هەستێکی تردا بزر دەبێت. لێرەدا هێڵێکـی هـاوبەش، بـۆ نمـوونە بە دوکتـۆر ئەسـترۆڤ-یەوە دەبەســـتێتەوە، ئەویـــش ناتوانێـــت کچێکـــی ڕێکـــوپێکی بـەدەستوبردی وەک سـۆنیای خـۆش بوویـت، بەڵام عاشـقی جوانییەکەی یلێنا ئەندرێیەڤنا دەبێت. شتێکی وا ڕێگەلە ڵەپاخین ناگرێت، ئەو کەسێکی تری خۆش ناوێت، بەڵام ناتوانێت ڤاریا-ی خـۆش بوویـت، لێـرەوە دەتـوانین بڵێـین، ئەوەی ڕێگـە لەم پێوەنـدی و هاوسـەرگیرییە دەگرێـت، دیـدی ڵەپـاخین-ە بـۆ ئـافرەت و خۆشەویـستی. ڤاریـا-یـش لە بەرچـاوی ڵەپـاخین ئـافرتێکی زیـرەک و بە کۆشـشە، بـاش، بەدەسـتوبردە، بەڵام پرسـیارەکە ئەوەیە، ئایـا ئەو ئـافرەتە، دەتوانێـت ڵەپـاخین، بـۆ نموونە لە ڕووی ئیـرۆتیکییەوە بە لای خۆیدا ڕابکێشێت؟ ئەی ئەو ئافرەتە سەرنجڕاکێشە کێیە؟ لەوانەیە لوبۆڤ ڕانێفسکەیا-یە بێت.

چـێخەف لە کۆتاییەکـانی ژیانیـدا، بە شـێوەیەکی تـر لە خۆشەویـستی دەڕوانێـت، ئەمەیـش لە بـاخی گـێلاس-دا بە ڕوونی دەردەکەوێت: لە نەورەس، خاڵە ڤانیا و سێ خوشک-دا چەندان پێوەندیی خۆشەویستی ناکام و بێئەنجام هەن، جۆرێک لە تراجیدیای خۆشەویستی، کە نـاگەنە هـیچ ئەنجامێک، یـان ئەنجـامێکی پـێچەوانەی کارەسـاتئامێز. لە بـاخی گـێلاس-دا، پێوەندییە خۆشەویستییەکان زۆر کەمن، خۆشەویستیی لوبۆڤ ڕانێفسکەیا، پێوەنـدییەکی سـەخت و ئەزمـوونێکی ناخۆشـە و دەکەوێـتە دەرەوەی ڕووداوەکـانی سـەر شانۆکەیـشەوە، لە پـاریس و زیـاتر لە دووتـۆیی حیـوار و دیالۆگەکانـدا دەردەکەوێت. خۆشەویـستییەکی شـاراوە لەنێـوان لەپـاخین و لوبۆڤ ڕانێفسکەیادا هەیە، کە زیاتر لەپشت مانا و دێڕەکانەوە دەمێنێتەوە؛ نە لەپـاخین دەوێرێـت دەستپێشکەری بکـات و نە لوبۆڤ ڕانێفسکەیا-یش دەیەوێت خۆی بخـاتە ئاسـتی کەسێکی جوتیـار و کـۆیلەی جـارانی خۆیـانەوە. هەر لەبەر ئەوەیـشە لوبـۆڤ ڕانێفـسکەیا گرنگییەکـی زۆر بە پێوەنـدی و مەسـەلەی هاوسەرگیریی نێوان ڤاریا و لەپاخین دەدات.

### کۆتاییەکان و مەودایەکی قووڵ

لە کۆتاییـدا هەمـوو ماڵئـاوایی دەکەن، جانتاکـان بـراونەتە دەرەوە، ئەسـپەکان لە بەردەرگـا ئامـادەن، بـۆ چەنـد سـاتێکی کـورت تەنهـا لوبـۆڤ ڕانێفـسکەیا و گـایەڤ لەسـەر شـانۆ دەمێنـنەوە، بە گەرمـی ماڵئـاوایی لە یەکتـری و لە بـاخچەی گێلاس-ەکەیان دەکەن. دوای ئەوە شانۆ بە چۆڵی دەمێنێتەوە، دەرگاکـان دادەخـرێن و گالیسکەکان دووردەکەونەوە. هەمـوو شـتێک ڕاوەسـتاوە. خامۆشـییەکی تەواو. دوای ئەوە **(دەنگـی**

**کپی تەورەکان دێت، کە دەیدەن بە درەختەکاندا، دەنگێکی غەمگین و یەک چەشنە ل١٢٢)**. دەکرا لێرەدا دەقە کۆتایی پێ بهێنرایە، بەڵام باخی گێلاس کۆتاییەکی تریشی هەیە، کۆتاییەک مەودایەکـــی تـــری قـــووڵ و فرەمانـــایەکی تـــر بە تێکـــڕای دەق/نمـایش دەبەخـشێت. پیـرە فیـرس-ی نەخۆشـیان لە بیـر چـــووە و لەوێ بە تەنهـــا بەجێهێڵـــراوە. لەســـەر موبیلیـــا کەڵەککراوەکان دادەنیشێت و لە ژیانی خۆی ڕادەمێنێت: **(ژیان بەسەرچوو، هەر دەڵێی نەش ژیاوم... ل١٢٢)** ماڵئاواییکردن لە بـاخی گـێلاس-ەکە، ناوەنـدگەرای ئەم دەقە نیـیە، بەڵکو ئەوەی لەدوای ئەمەوە دێـــت، ئەوەی لەو پاشـــــەڕۆژە نـــــزیکەدا دەردەکەوێت، ناوەندی تێڕوانین و بیرکردنەوەی دەقەکەیە.

لەدوای ئەم کۆتـــاییەوە، کۆتـــاییەکی تـــریش دێـــت، ئەو کۆتاییەی وەک هەڕەشەیەکی نادیار لە ئایندە، کۆتـایی بە چینە کـۆنەکە دەهێنێـت (**دەنگێکی دوور دێتە گوێ، وەک بڵێی لە ئاسمانەوە دێت، دەنگی تەلی پچـڕاوی ئامێرێک، خـامۆش و غەمگین. بێدەنگییەک بڵاو دەبێتەوە، تەنیا دەنگێک کە بێتە گوێ، دەنگی دووری تەورەکانە، کە دەیدەن لە قەدی درەختەکـان. ل١٢٣)** بەم شـێوەیە تەنهـا ئەو دارانەی تەمەنیـان چەرخـێکە نـابڕدرێنەوە، بەڵکـو چینێکـی تەواوی کـۆمەڵگە ملـی بـۆ ئەو تەورانە داوە.

**پەردە دادەدرێتەوە.**

# بەشی هەشتەم

## شانۆنامەکانی چێخەف: دیدێکی گشتگر



لای چێخەف پرۆسەی گەڕان بەدوای شێوە و فۆرمی تازەدا، پرۆسەیەکی هۆشیارانە و دوورودرێژ و پڕ لە بەرپرسیارییەتی بووە، نەک شتێکی خۆڕسک. چێخەف لە پێداگرییەکی بەردەوامدا دەبێت بۆ داهێنانی شتێکی تر، جیاواز تر، ئەو توانا زۆر و کارە بەردەوامەیشی، چیرۆک و دەقە شانۆییەکانی دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرز؛ چیرۆکەکانی وەک شاکارێکی داستانئامێزی گەورە و دەقەکانیشی لە بواری شانۆدا بە تازە و مۆدێرن ئاماژەیان بۆ دەکرێت. هەر لە سەردەمەکەی خۆیدا هەست بەم تێپەڕاندن و گەشە هزری و هونەرییە لە ئەدەب و شانۆی چێخەف-دا کراوە، نووسەرێکی گەورەی وەک تۆلستۆی لەو بڕوایەدا بووە، کە چێخەف شێوازێکی لە نووسین داهێناوە، بۆ هەموو جیهان نوێ بووە، هەروەها تۆلستۆی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، چێخەف لاپەڕەیەکی نوێ و دیاردەیەکی جودا و دانسقەیە.

چێخەف لەخۆوە وەک قارچک هەڵنەتۆقیوە، ئەم نووسەرە مێژوویەکی گرنگی لە دواوەیە و لەسەر بنەمایەکی پتەو ڕاوەستاوە، ئەم مێژووە دێرینە و ئەم بنەما پتەوە گەلێک فراوانە، لە لایەکەوە ئەدەب و شانۆیەکی دەڵەمەندی ڕووسی، کە لە گۆگۆل-ەوە تا چێخەف خۆی درێژ دەبێتەوە: نیکراسۆف، تۆرگنێف، ئەسترۆفسکی سەرچاوەیەکی بەپێز و فراوانی چێخەف بوون، لە لایەکی تریشەوە شانۆی ئەورووپی دەروازەیەکی پڕ بەها بوون. بەبێ تێگەیشتن لەگۆڕانکارییەکان، لە هەموو بوارەکانی درامای هاوچەرخی جیهانیدا، گەلێک گرانە لە چێخەف بگەین. چێخەف بەشێکە لە ڕەوتی درامـا و شانۆیەکی نوێ و مۆدێرنی ئەورووپی.

چێخەف یەکێکە لە زنجیرە گەورەکەی شانۆنووسانی وەکو: ئیبسن، ستریندبێرگ، هاوبتمان، بێرناردشۆ و مەتەرلینگ. ئیبسن ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕێپۆرتۆاری شانۆی هونەری مۆسکۆ و شانۆکانی تری ڕووسیادا بینیوە، هاوبتمان، مەتەرلینگ بە بەردەوامی لەسەر شانۆکان نمایش کراون و چێخەف-یش چاودێرێکی باشی ئەم کارانە و گەشە ئێستاتیکییەکەی شانۆی ئەورووپی دەبێت. هەر لەم ڕێگەیەوە و بەوپەڕی هەستکردن بە ڕۆڵی شانۆنامەنووسەکان، پێوەندییەکانی خۆی بە نووسینی دەقی شانۆیی و هونەری شانۆیشەوە دیاری دەکات. شێوازە واقیعییە سایکۆلۆژییەکەی نووسینی دەقی شانۆیی فۆرم و شێواز و تەکنیکەکانی دیاری دەکات و لەسەر دەستی چێخەف دەگاتە ئەو ئاستە تازەیە.

ئەوەی لای ئەم نووسەرەیش جێگەی سەرنج و ئاماژەیە، ئەوەیە، مەسەلەکانی ژیانی ڕۆژانە دەروازەی نووسینەکانیەتی: ڕەوت و ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانە دەبنە سەرەتا یان پاشخانێکی وەها، کە لەوێوە دیاردە گەورەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی، ململانێی چینایەتی و پرسە خودگەراکانی مرۆڤ ئاشکرا دەکات.

سەرکەوتنی گەورەی چێخەف، بەتایبەتی لەسەر ئاستی جیهان، دوای ئەوە هات، کە چێخەف لە چوارچێوەی نمایشەکانی شانۆی هونەری مۆسکۆ و ئەو دابونەریتە ستانیسلاڤسکییەی دەقەکانی پێ بارگاوی کرابوون، دەرهێنرا. خاڵێکی تری گرنگ لەم ڕووەوە، ئەوە بوو، کە چیتر چێخەف تەنها وەک (ڕووسییەک) دەقەکانی نەخوێندرێتەوە. چێخەف بە هەمان شێوەی شەکسپیر، فۆرمێکی گەردوونیی گشتگر و گەورەی لەخۆ گرت.

**کات و شوێن**

ئەم کارەکتەرانەی چیخەف، بە هەموو جیاوازییەکیانەوە، بەقووڵییەوە هەست بە کاریگەریێتیی کات و بەو هەژموونەی کات بەسەر ژیان و بوونیانەوە هەیە، دەکەن. کات لە دەقە شانۆییەکانیدا تەنها بەهایەکی هاکەزایی، لە دەرەوەی هۆشیاریی کارەکتەرەکانەوە نییە، یان لە دەرەوەی هۆشیاریی چیخەف خۆیەوە. کات بە لای کارەکتەرەکان تەنیا بریتی نییە لە بەسەرچوونی سات و چرکە و کاتژمێر و ڕۆژ و ساڵ و... تاد، بەڵکو بریتییە لە کاریگەریێتیی هەموو ئەمانە بەسەریانەوە، چونکە ئەوان لەچوارچێوەی ئەو کاتانەدا ژیان بەسەر دەبەن، ئازار دەچێژن، خەون دەبینن، بێئومێد دەبن، هەروەها ڕەوش و چارەنووسیان دیاری دەکرێت. کات و شوێن لەنێو ڕووداوەکاندا، یەکتری تەواو دەکەن و لە هەندێک جاریشدا لەنێو یەکتریدا دەتوێنەوە. بۆ نموونە، "ئێستا"، وەکو کات، دەبێتە بەشێک لە زنجیرە کاتێکی چڕ، ئێستا و ڕابردوو و داهاتوویش تێکەڵاو دەکات، هەندێک جار بە تەنیشت یەکەوە دەڕۆن و کاتێکی چڕی شانۆیی لەو ساتەدا، لەسەر شانۆ دەخولقێنن. هەندێک جاری تریش کارەکتەرەکان، کاتی ئێستا، وەک دەروازەیەک بۆ ئایندە بەکار دەهێنن. کات لای چیخەف بە پێچەوانەی کاتە تەقلیدییەکەوە، فراوان دەبێت و سنوورەکانی بە تەواوی دەسڕێتەوە.

زۆر جار شوێن شووناسی کارەکتەرەکان دیاری دەکات، ئاڕاستەکانی ژیان، مامەڵە و شێوازی گوزەران؛ هەر لە شوێندا دەکەون، هەڵدەستنەوە، خەون دەبینن و هەموو ئەو شتانەی دەیکەن، فۆرمی خۆیان وەردەگرن. ڕۆنانی درامی و سیفاتەکانی ئەم کارەکتەرانە کاتێک بۆ ئێمەی بینەران ئاشکرا

دەبن، کە لە شوێنی کردارەکانیاندان، ئەو شوێنانەی مامەڵەی تیا دەکەن، بۆ نموونە کەنار دەریاچەکەی (نەورەس) و باخ و موڵک و ماڵەکەی (خاڵە ڤانیا)، (باخچەی گێلاس) و (پلاتۆنۆڤ) هاوکات ماڵەکەی پرۆزۆرۆڤ لە (سێ خوشک)دا، دەبنە بەندیخانە و ژیانی کارەکتەرەکان دەکەن بە دۆزەخ. شوێن و کات ئەتمۆسفێرە گشتییەکە دەخولقێنن و یەکە هونەرییەکە دادەرێژن. سۆرین لە (نەورەس)دا خەونی بەوەوە دەبینی لە شار بژی، بەڵام هەموو ژیانی لە لادێ دەباتە سەر، داوایش لە ئەرکادینا دەکات، شتێک پارە بە کەنستەنتین-ی کوڕی بدات تا سەفەرێکی دەرەوە بکات، کەنستەنتین تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لەو شوێنە ناجووڵێت.

لە خاڵە ڤانیادا، سریبریکۆڤ دەیەوێت موڵک و ماڵەکە بفرۆشێت، ئەگەر ڤانیا لەم بڕیارەی سریبریکۆڤ یاخی نەبوایە، ئەوە زۆربەی زۆری کارەکتەرەکان، لە سەروو هەمووشیانەوە ڤانیا و سۆنیا بێلانە دەبوون. بوونی کارەکتەرەکان بەندە بەشوێنەکەوە، لەبەر ئەوە شوێنەکە بریتییە لە خودی ژیان، هەروەها لە بوونیشیان. بەرگریکردنی ڤانیا-یش، بەو شێوە بەهێز و توندوتیژە، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی، کە ئەم موڵک و ماڵە مانایەکی گەورەتر، لە مانای شوێن هەڵدەگرێت. شوێن لێرەدا سمبۆلە، سمبۆلی بوون و مانەوە لە ژیاندا. هەموویان شتێکیان دەوێت، کە هەرگیز دەستیان پیا ناگات.

لەنێو ئەم کارەکتەرانەیشدا، تەنها تریگۆرین و خاڵە ڤانیا دەیانەوێت لە لادێ بژین؛ تریگۆرین لە لادێ و لە کەناری دەریاچەکاندا سەرچاوەی سرووش دەبینێت، خاڵە ڤانیا ژیانی ئاوێتەی ئەو شوێنە بووە و بە هەموو شێوەیەک بەرگریی لێ دەکات. پێوەندییەکانی تریگۆرین بەو لادێ و دەریاچەیەوە،

پێوەندییەکی ناوەکییە و وەک ڕۆحی هونەرمەندێک مامەڵەی لەگەڵ دەکات، کە بەدوای داهێناندا دەگەڕێت، پێوەندییەک لەسەر بنەماکانی سەربەستیی ژیانی تریگۆرین، بەتایبەتی سەربەستی لە هاتوچۆدا، ڕۆنراوە. ئەو دەتوانێت کەی بیەوێت لە مۆسکۆ بمێنێتەوە، سەفەر بکات و بگەڕێتەوە، کارەکتەرەکانی تر ئەو ئازادییەیان لە جووڵە و شوێنگۆڕیندا نییە. ئەمەیش یەکێکە لە ئاماژەکانی بێزاری و دڵەڕاوکێ بە شوێنەوە.

ئەندرێی هەموو پارە و ماڵەکەشیان بە یاری دەدۆڕێنێت، خوشکەکانی پەرتەوازە و بێلانە دەکات، ماڵەکەیان پەیوەستە بە لەدەستدانی ئەو هیوایەی، سێ خوشکەکە بۆ مۆسکۆ هەیانبوو، بۆ ئەو ژیانەی خەونیان پێوە دەبینی. لەدەستدانی خانووەکەیان بە بەراورد بە بێتوانایی ئەم سێ خوشکە، لە گەڕانەوە بۆ مۆسکۆ، زیانێکی گەورە نییە. لەدەستدانی خانووەکە تەنها ئاماژەیەکە، بۆ ئەوەی ئەم سێ خوشکە، چیتر، تەنانەت لە ئایندەیشدا، ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ مۆسکۆ. ماڵەکە یارمەتیمان دەدات، ماناکانی دەق/نمایش، لە چەندان دید و مەودا و مەداری جیاوازەوە ببینین. ماڵەکە دەبێتە بەشێکی گرنگی ڕۆنانی درامی دەقەکە، کە سیمای ناوەوە و ماناکانی ململانێ و ڕەوشی کارەکتەرەکانمان بۆ دیاری دەکات.

باخی گێلاس، دوا دەق و دوا بەرهەمی چێخەف لەسەر مانا و ڕەهەندەکانی فرۆشتنی ئەو باخە ڕۆنراوە. ئەم مەسەلەیە خاڵێکی ناوەندگەرایە و ڕووداوەکان دەجووڵێنێت و ئاراستەکانی دیاری دەکات و چارەنووسی هەموو کارەکتەرەکان، بە باشی و بە خراپی پێوەندیی بەم باخچەیە و مەسەلەی فرۆشتنەکەیەوە هەیە. کەوتنی باخی گێلاس، کەوتنی

قۆنـــاغێکی مێژوویـــی تەواوە، نەمـــانی چینێکـــی گەورەی کۆمەڵگەیە.

ئەو کــارەکتەرانە لە گــۆڕینی شــوێن و چــوونەدەرەوە لە شــوێنە قەتیـسماوەکانیان، ژیــانێکی نــوێ دەبیـنن، جۆرێـک لە سەربەســـتی دەدۆزنەوە. مـــانەوە لە یەک شــــوێنیش بەرەو مەرگیــان دەبــات، لە پلاتۆنــۆڤ، ئیڤــانۆڤ، نەورەس، ســێ خوشـــک-دا ئەم هاوکێـــشەیە بە ڕوونـــی دەبینرێـــت. ئەم کـــارەکتەرانە هێڵێکـــی هـــاوبەش، کە لە توانـــا و هێـــزی ئەم شـوێنەدا، وەک کـاریگەرییەک بەسـەریانەوە، کۆیـان دەکـاتەوە. شـوێن هەژمـوونی بەسـەر هەمـوو جـوولە و مامەڵەیەکیـانەوە هەیە، هیچیـــان نـــاچنەوە دەرەوە تـــا بگەڕێـــنەوە، هەروەهـــا هەستێکیش بـۆ چـوونە دەرەوە لەم شـوێنە هەیە، ڕاکـردن لەو واقیعەی تیـا دەژیـن. ئەو بێزارییەی لە وێنـای ژیـانی ڕۆژانە و دڵەڕاوکێی کارەکتەرەکاندا بەرجەستە دەبێت. ئەم مەسـەلانە لە شانۆنامەکانی سەرەتایدا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەنێو پەیڤ و دیـالۆگی کارەکتەرەکانـدا دەردەکەوێـت، بەڵام لە دەقەکـانی دواتریدا دەبێتە گوزارشتێکی مەجازیی ناڕاستەوخۆ و هەندێک جاریش سمبۆل.

### سمبۆل

ســـمبۆل لە دەقە شـــانۆییەکانی چـــێخەف-دا بەشـــێکە لە واقیعیەتەکەی، بەشێکی وێنا گشتییەکەی تەواو دەکات و لەگەڵ واقیعیەتەکەیـــدا یەکـــانگیرییەکی تەواو دەبێـــت. ســـمبۆلەکانی چـــێخەف دەبـــنە چوارچێـــوەیەکی گـــشتی و یـــارمەتیی بەرجەســـتەکردنی دەقەکـــانی دەدەن، لە ڕێـــڕەوە ئاســـاییەکەی ژیــانی ڕۆژانە دەریــان دەهێنێــت و لە دیــدە فەلــسەفییەکاندا

چڕیان دەکاتەوە، مەودایەکی تر، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، چینایەتی، فەلسەفی، سایکۆلۆژی بە دەقەکان دەبەخشێت و یارمەتیی دۆزینەوە و پەردەهەڵماڵینی شتە گەوهەرییەکان دەدات. دەقەکان بنەمایەکی شیعری و فەلسەفییان هەیە، دوای ئەوە واقیعیەتی ژیانی ڕۆژانە دێت؛ واقیعیەتەکەیش لە ئاستێکی سمبۆلیی فرە ڕەهەنددا گەشە دەکات. چێخەف دەرکی بەو شاعیریەتە کردبوو، کە لە شێوازە واقیعیەکەیدا هەبوو، ئەمەیش ئەو سەربەستییەی لە نووسین و چارەسەرکردنی ئەو واقیعیە سمبۆلئامێزەدا بۆ دەستەبەر کردبوو. ئەو ساکارییەی چێخەف-یش لەم واقیعیە شیعرییە سمبۆلییەدا، مانای نزمکردنەوەی ئاستەکانی شیعر و سمبۆل نییە بۆ فۆرمە تەقلیدی و ڕووکەشەکانی ژیانی ڕۆژانە، بەڵکو بەرزکردنەوەی هەست و سۆزەکانی مرۆڤە بۆ ئاستە بەرزەکانی شیعر. چێخەف دووپاتی جوانیی ڕۆح لە دەروونی خەڵکە ساکارەکاندا دەکاتەوە، لە ژینگە و کەشە سروشتییەکاندا وێنایان دەکات و ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە دەستنیشان دەکات، کە مامەڵە و هەڵسوکەوتەکانیان دیاری دەکات. شیعر و سمبۆل لە دەقەکانی چێخەف-دا لە جیاوازییەکانی واقیع لەنێوان وەهم و ڕاستی، دیار و نادیار، ئاسان و سەخت، تەبا و ناتەبادا، دەردەکەوێت.

سمبۆلەکان مەودای کارەکتەرەکان قووڵ دەکەنەوە و بارستەی ئاست و مامەڵە و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان، گەورەتر دەکەن. سمبۆلەکان ئامرازێکی یاریدەدەرن بۆ دۆزینەوەی مەسەلەکان لەنێو واقیعدا، نەک لە دەرەوەی، لەنێو ژیانە ڕۆژانەییە ساکارەکەدا، نەک لە دەرەوەی، سمبۆلەکان تابلۆیەکی شاعیری و گۆرانیئامێز سەبارەت بە ژیانە ساکارەکە و ژیانی کەسە ساکارەکان دەخولقێنێت. هەندێک

جار سمبۆلەکان بابەتی دەق/نمایش و پێوەدانگە درامییەکە دەجووڵێنن، بۆ نموونە (نەورەس، باخی گێلاس) هەروەها (سێ خوشک) و (خاڵە ڤانیا)یش، دەریاچە و باخچە و موڵک و ماڵەکان مەودایەکی سمبۆلیی دیاریکراو لەخۆ دەگرن.

سمبۆلەکان ئاڕاستە و ئاماژە و کۆدەکانی ژیانی ڕۆژانە داناپۆشن و نایانشارنەوە، هەروەها ئەو واقیعەی چێخەف-یش باسیان دەکات، ناشێوێنن، بەڵکو ژیانێکی تریان پێ دەبەخشن، مانایەکی فراوانتر، کە لەپشت دەق و مانای دێڕ و وشەکانەوەیە. سمبۆلی چێخەف، واقیعیەتە بە شێوەیەکی قووڵ و خوێنەر و بینەر بە تەنیشت بنەما درامییەکانەوە، لەپشت تراجیدیای کارەکتەرەکانەوە، کۆمیدیا و ڤۆدڤیل دەبینن، نەک هەر لەکارەکتەرەکان، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو دەقەکە.

کەنستەنتین لە (نەورەس)دا داوای فۆرم و شێوازێکی نوێ لە ئەدەب و شانۆدا دەکات، لە کاتێکدا، خۆی، ژیان بەبێ هیچ پەیامێک، بەجێ دەهێڵێت. خاڵە ڤانیا ئەو واقیعەی تیا دەژی، تێکی دەشکێنێت و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەیش ڕێگەی بەرجەستەکردنی هیوا و خەونەکانی لێ دەگرێت. پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ لەوانەیە سمبۆلی ئەو بارودۆخە بێت، ئەو واقیعەی هەموو کارەکتەرەکان تێک دەشکێنێت، هەر لەبەر ئەوەیشە، خاڵە ڤانیا نە دەتوانێت بیکوژێت و نە دەشتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت، واقیع بەهێزترە. سێ خوشک ئەو ئاواتەیان بە ڕۆیشتن بۆ مۆسکۆ نایەتە دی، مەسەلەکەیش هەر ئەوە نییە، جانتاکانیان کۆبکەنەوە و سواری شەمەندەفەر بن بەرەو مۆسکۆ. مۆسکۆ سمبۆلی خۆشەویستییە، هاوڕێیەتی، جوانییە ڕاستەقینەکە، ئەو دونیایەی ترە، سێ خوشکەکە بێبەشن لێی و بۆی دەگەڕێن، ئەو دونیایەی واقیع ناتوانێت بە سێ

خوشـــکەکەی ببەخـــشێت. خـــاوەنی موڵـــک و مـــاڵەکەی بـــاخی گێلاس بۆ هەتاهەتایە دەڕۆن و هەموو شتێک لەدەست دەدەن، لاپەڕەیەکی تازە لە مێژووی ڕووسیادا هەڵدراوەتەوە و خۆری چینێکی تەواو ئاوابووە.

**ململانێ**

فۆرم و شێوازی کێشە و ململانێ لە دەقەکانی چێخەف-دا، هـەمـان شـێوازی ئـەو ململانێیـەنـین، کـە لـە دەقـەکـانی پـێش چێخـەفدا هـەبـوون، بـۆ نمـوونە ململانـی لە (سـێ خوشـک)دا مۆرکێکی جیاواز لەخۆ دەگرێت؛ لە ڕووکاری دەرەوە کێشەکە لە ململانێـی خـانووەکەدا دەردەکەوێـت، وەک سـمبۆلێک بـۆ ململانێی ژیـان لە شـوێندا. ململانێکـان ئاڕاسـتەیـەکی جودایـان هەیە، چونکەململانێیەک نییە لەنێوان هێرشبەر و بەرگیکەر، بـەڵکـو لایـەنێـک هێـرش دەکـات و ئـەوەی تـر خـۆی بـەدەسـتەوەدەدا. بۆیـە ئـەو شـێوازە بـاوەی تێدا نییـە، کـەبـەر لـەچێخـەف هـەبـوو. ئەمەیـش بە هـیچ شـێوەیەک مانـای ئەوە ناگەیەنێت، کە کێشە و ململانێ لە دەقەکەدا نییە: ململانێ لەم دەقەدا، قـووڵە و هـیچ گومانێـک هەڵناگرێـت، کێـشەکە لێـرەدا ململانێی نێوان جوان و ناشیرینە، خەون و واقیعە، ڕاستی و درۆیە. ئەمەی سـەبارەت بە (سـێ خوشـک) دەیڵـێن، دەکرێـت سەبارەت بە (نەورەس، خاڵە ڤانیا و باخی گێلاس)یش بیڵێن. لەوانەیە شـێوازەکانی ململانـێ بگـۆڕدرێن، لەوانەیە هۆکـار و ئامڕازەکـانی بە شـێوەیەکی تـر بـن، بەڵام لە هەمـوو دەقەکـانی چێخەف-دا ململانێیەکی ڕاستەوخۆ دەرناکەوێت.

چێخەف ژیانە ساکارەکەی خەڵکە سادەکە لە یەک ململانێدا بەرجەستە ناکات، بەڵکو دەیانبەستێتەوە بە کۆمەڵێک ململانێوە،

که پابەندن بە یەکترییەوە، یەکتری تەواو دەکەن و بەنێو یەکتریدا دەچــن. ململانـــێ ســـەرەکییەکەیش، کە هەمـــوو ململانێکـــان کۆدەکاتەوە و بە یەکیانەوە دەبەستێت، ململانێی کارەکتەرەکانە بە سیستێمی ژیانەوە، بەو واقیعەوە کارەکتەرەکانی تیا دەژی، نەک ململانێـــــی کارەکتەرەکـــــان بە یەکتـــــرییەوە. هەر لەم دەروازەیەوە ململانێـی نێـوان کارەکتەرەکـان ناگـاتە ئاسـتێکی بەرزی تەقینەوە و مەودایەکی فراوان لەخۆ ناگرێت. خاڵە ڤانیا، لەدوای یاخیبوونـە بەهێـزەکەیەوە لە سـریبریکۆڤ، بە ملکەچـی دەمێنێـتەوە و قـایلە بەو ژیـانە. چـێخەف سـتراکتوری ململانێکـان لەسەر بنەمایەکی سایکۆلۆژی ڕۆ دەنێت، نەک لەسـەر بنەمـایەکی کـۆمەڵایەتی/سیاسـی، وەک زۆر جـار لە ژیـانی واقیعیـدا ڕوو دەدات. چێخەف باسی ئەو مرۆڤانە دەکات، کە بەدوای ڕێگەیەکی نوێـدا بـۆ ژیـان دەگەڕێـن، لە هەمـان کاتـدا هەسـت بەوە دەکەن ڕۆژگارەکانیـان زەوتکـراوە، ژیانیـان وەسـتێنراوە، بەبـێ ئەوەی بتوانن هیچ شتێک بکەن. ململانێکە بە شـێوەیەکی بـازنەیی گەشـە دەکـــات. لەو دونیـــایەی ئەوانـــدا پاشـــەڕۆژ هەیە، هەروەهـــا گۆڕانکارییەکـان، کە زیـاتر وەک پەیڤێکـی نێـوان کارەکتەرەکـانە، نەک ئەگەرێـک بـۆ ژیـانی خۆیـان و ئەو ململانێـیەی لە واقیـع و سیستێمە کۆمەڵایەتییەکانی ژیاندا هەن.

پاڵەوانەکـانی چـێخەف بەرگـری نـاکەن، هـیچ دژی ئەوی تریان لە هەوڵداندا نین، هـیچ دژی ئەوانـی تـر ناوەسـتنەوە؛ ئەم کـارەکتەرانە لەگەڵ واقیـع، لەگەڵ خۆیـان و لەگەڵ ژیانـدا، لە ململانێ و کێشـەدان. خەون دەبینن، ئـازار دەچێژن، بەڵام هـیچ نـاکەن بـۆ ئەوەی بیگـۆڕن، زۆریـان ئەو بـڕوا و هێزەیـان لەدەسـت داوە بـۆ گـۆڕینی واقیـع، بـۆ بەرگریکـردن لەوانەی تێکیـان دەشـکێنێت، لەگەڵ ئەوەیـشدا ململانێـی ئەم دەقـانەی چـێخەف قـووڵ و فـرە مەودا و هەمەلایەنـن. ململانێـی بەهـا

جیاوازەکـــانن، کە ڕووبەڕووی یەکتـــری دەبـــنەوە، بەرامـــبەر یەکتـری تێـک دەشـکێن، لە ململانێـدان، کارەکتەرەکـان، بەهـای شـــوێنەکانیان لەدەســـت دەدەن. کـــارەکتەرە پۆزەتیڤەکـــان، ئەوانەی خەون بە ژیـانێکی نوێـوە دەبیـنن، دەکەونە ململانێـوە لەگەڵ کـارەکتەر و هێـزە نێگەتیڤەکـان، ئەوانەی هەڵگری بەهـا دێرین و دیدە شەڕخوازەکەن، بەڵام لەم ململانێیەدا دەیدۆڕێنن. لە دەقەکانی چێخەف-دا هێزە باشەکە و بەهـا پۆزەتیڤەکـان لە پاشەکـشەدان، بەرامـبەر بە هێـزی شـەڕ دەکەون و نـاتوانن ســـەربکەون. لەگەڵ هەمـــوو ئەمانەیـــشدا، هیـــوا و ئومێـــد بە ژیـانێکی تـری باشـتر و لە واقیعێکـی تـردا، پەیـامێکی گـرنگە. گوناهەکەیش گوناهی ئەو کـارەکتەرە پۆزەتیڤانە نییە، هێندەی گونـاهەکە دەکەوێـتە ملـی خـودی واقـیعەکە خـۆی، سیـستێمە کۆمەڵایەتییەکە، کە ڕێگەبە بەها باشەکان نادات گەشـە بکەن و جێگەی خۆیان بکەنەوە.

چێخەف ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە پێویستە ڕووداوەکان لە پەردەیەکەوە بـۆ پەردەیەکـی تـر، بە خێراییـی گەشـــە بکـات؛ پەردەی یەکەم لە پەردەکانی تر درێژتر بێت، بەڵام پەردەکانی تـر کورتتر، لەسـەر ئەم بنەمایانەیش دەقەکـانی ڕۆ دەنێت، هاوکـات ژمارەی کارەکتەرەکـان لە پەرەدەیەکەوە بۆ پەردەیەکی تر زیاد دەکات. ئەمەیش لە خاڵە ڤانیـا، سێ خوشـک و بـاخی گێلاس-دا دیــــارە. لەم دەقـــــانەی چـــــێخەف-دا ڕووداو و مەســــــەلە و کارەکتەرەکـان بنەمـا درامییەکە پێـک ناهێنێت، کە ببێـتە جێگـەی سـەرنجی بینەران، بەڵکـو ململانێـی تونـد و بەهێـزەکەی مرۆڤـی خـــودگەرا لەگەڵ گـــرووپ و سیـــستێمە کـــۆمەڵایەتییەکەدا. ئەم کێـــشەیەیش دەبێـــتە یەکەیەکـــی چـــڕ، کە لە هەمـــوو شـــتە وردەکارییەکان پێک دێت و چەمکی ململانێکان دروست دەکات.

## دیالۆگ و هەژمووونی بێدەنگی

چێخەف دیالۆگ و مەنەلۆژ تێکەڵاو دەکات، بە شێوەیەک دیالۆگەکان دەبن بە مەنەلۆژ و بە پێچەوانەیشەوە. لە دەقەکانیدا، چەندان دیالۆگی درێژ لەنێو کارەکتەرەکاندا هەن، ئەگەر ئەم کارەکتەرانەیش لە یەکتری جیا بکەینەوە، حیوارەکانی هەریەکێکیشمان لەم کارەکتەرانە جیا کردەوە، ئەوا مەنەلۆژێکی تەواو بۆ هەریەکێک لەم کارەکتەرانە دەستەبەر دەکەین. کارەکتەرەکە لەگەڵ خۆی دەدوێت، هەوڵی ئەوە نادات، بە ئەوانی تردا ڕۆبچێتە خوارەوە، لە کاتێکدا ئەم کارەکتەر یان ئەوی تریان، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان، خۆی دەربکەوێت، هەندێک جار خودی مەنەلۆژەکان دەبنە جۆرێک لە دیالۆگ، پەیڤێکی درێژ بۆ کەسێکی تر، ئەمەیش پێویستی بە وەڵامدانەوە، لێتێگەیشتن و هەندێک جاریش هەڵوەستە لەسەرکردن هەیە. لەگەڵ ئەوەیشدا ناتوانین بڵێین، کە ئەم کارەکتەرانە لە یەکتری ناگەن، ئەوان لە یەکتری دەگەن، بەڵام هەر هەموویان سەرقاڵن بە چەندان مەسەلەی ترەوە، بە گرفتەکانیانەوە، هاوکات بە خەونەکانیانەوە، کە هەرگیز نایەنە دی. لەم نێوەندەدا، لەنێوان دیالۆگ و مەنەلۆژەکاندا، شتێکی تر هەیە، شتێک ئەم دیالۆگ و مەنەلۆژانە، بە شتێکی نهێنی و نادیارەوە، بە یەکترییەوە دەبەستێتەوە. هەڵوەستەکردنێک، بێدەنگی و ئەو پشوانەی لە ژیانی کارەکتەرەکاندا، لەنێو دیمەن و دراماتۆرگی ڕۆنانە درامییەکەدا، گەشە دەکات. ئەم بێدەنگییانە جۆرە دیالۆگێکی شاراوەی ڕاستگۆ دروست دەکەن و ئەو کۆدانەی دروست دەبن، دەبن بە زمانێکی هاوبەشی کارەکتەرەکان. پشوو و بێدەنگییەکان لە دەقەکانی چێخەف-دا، دەبنە شێوەیەک لە شێوەکانی پێوەندی و بەخۆیاندا دەچنەوە و

لە یەکتردا قووڵ دەبنەوە. شتە گرنگەکان ناوترێن، بەڵکو لە بێدەنگییەکاندا چڕ دەبنەوە و زەمینەیەکی تر بۆ ڕەوشە درامییەکە و بۆ بونیادی کارەکتەر و هەروەها بۆ ئەتمۆسفێرەکەیش دەخوڵقێنێت.

ساتە بێدەنگەکان لە دەقە شانۆییەکانی چیخەف-دا، ئەو خامۆشییە نین، کە هێڵی دراماکە لە گەشە و جووڵەی خۆی بخەن، بەڵکو ساتە بێدەنگییەکان پڕن لە جووڵە و دینامییەتێکی هزریی بزۆز لەخۆ دەگرن و تێکڕای کردارە درامییەکەی دەق/نمایش بە کۆمەڵێ ئامڕازی بینراو و نەبینراوەوە دەبەستنەوە، بۆ نموونە ڕەوشێکی درامی دەگاتە ئاستێک چیتر ناتوانرێت تێپەڕێنرێت، بە بێدەنگی، قووڵی دەکاتەوە و چارەسەرێکی تری بۆ دەدۆزێتەوە. بێدەنگییەکان ئامڕازێکی سایکۆلۆژین و کاریگەرییەکی دەروونیی تەواویان بەسەر ڕەوشە درامییەکەوە هەیە، هەروەها فۆرمێکی هونەری و ئێستاتیکییش بە بارودۆخە درامییەکە و ئەتمۆسفێرەکەیش دەبەخشێت.

بێدەنگی لای چیخەف ئاستی دەق/نمایش قووڵ دەکاتەوە، ئاستی دیالۆگەکان و ڕەوشە درامییەکان لە ئاستە ئاساییەکەی ژیانی ڕۆژانەوە بۆ ئاستێکی تری سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی بەرز دەکاتەوە، ئەوەی لە پشتی دێڕەکانەوەیە، یەک دەخات و یارمەتیی گرێدانی هەموو ئەم شتانە بە یەکترییەوە دەدات. بێدەنگییەکانی چیخەف، کە بەوپەڕی سەلیقە و وردبینییەوە خوڵقاندوونی، جۆرە پردێک لەپشت دێڕەکانەوە، لەپشت دەق و نمایشە شانۆییەکانەوە دروست دەکات و دەیانبەستێتەوە بە سیستێمە ئاماژە ئامێزەکانەوە. ئەم پردە ئەو پێوەندییەیشە، کە لەنێوان دەق/نمایش و خوێنەر/بینەردا دروست دەبێت.

**خاڵی گەیشتن و ماڵئاوایی**

گەیشتنە شوێنێک و دواتر ڕۆیشتن و ماڵئاواییکردن، خاڵێکی تری ناوەندگەرای دەقەکانی چیخەف-ە و لەو نێوەندەدا شتگەلێکی زۆر ڕوو دەدات و چارەنووسی کارەکتەرەکان ئاڕاستەی جودا وەردەگرێت. هەندێک جاریش ئەم جووڵەی هاتوچۆیە، مەدای تر لەخۆ دەگرێت و تەنها سەفەرێکی ئاسایی بە مانا واقیعییەتەکەی ناگەیەنێت.

لە شانۆنامەی (پلاتۆنۆڤ)دا گلاگۆلییێڤ لە پاریسەوە دەگەڕێتەوە، داوا لە باوکی دەکات پارەی بداتێ، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ پاریس، سۆنیا دەیەوێت لەگەڵ پلاتۆنۆڤ بڕۆن بۆ شوێنێک، لە پەردەی سێیەمدا گلاگۆلییێڤ-ی کوڕ و گلاگۆلییێڤ-ی باوک دەیانەوێت پێکەوە بڕۆن بۆ پاریس، ئاننا داوا لە پلاتۆنۆڤ دەکات لەگەڵی بڕوات. لێرەدا هاتن و ڕۆیشتن بە مانا ژیانە ڕۆژانەییە ئاساییەکە نایەت، هیچ کام لەم کارەکتەرانە، جگە لە گلاگۆلییێڤ-ی کوڕ و باوک، کەسیان لە شوێنی خۆیان ناجووڵێن و بۆ هیچ شوێنێک ناڕۆن، بێگومان جگە لە پلاتۆنۆڤ، کە بۆ هەتاهەتایە دەڕوات و کۆچێکی کۆتایی دەکات. بۆ هەموو یەکێک لەم کارەکتەرانە گەڕانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، هۆکارێکی تایبەت بۆ گەیشتن و بەجێهێشتنی شوێن و ڕووداوەکان. سۆفیا دەیەوێت ژیانێکی تازە لەگەڵ پلاتۆنۆڤ دەست پێ بکات، گلاگۆلییێڤ-ی کوڕ دەیەوێت لەو ژیانەی ڕووسیا، بەرەو پاریس هەڵبێت، گلاگۆلییێڤ-ی باوک دەیەوێت ئاگری ئەو حەزەی بۆ ئاننا هەیەتی، بکوژێنێتەوە. لێرەدا ڕۆیشتن و گەیشتنە شوێنێکی تر مانای گۆڕینی شوێن، ڕاکردن لە شتێک، گۆڕینی واقیع، گۆڕینی ئێستا دەگەیەنێت. ئەم پرۆسەی ڕۆیشتن و گەیشتنە،

بەتايبەتی لە پلاتۆنۆڤ-دا ناگاتە ئاستە قووڵە کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکان، بەڵکو زیاتر لە سنووری سایکۆلۆژیی پاڵەوانەکاندا دەمێنێتەوە، گوزارشت لە ناوەوەی خودی خۆیان دەکات و زیاتر ڕاکردنە لەو ڕەوشەی لەو ساتەوەختەدا خۆیانی تیا دەبیننەوە.

ئەم مەسەلەیە لە خاڵە ڤانیا-دا مەودایەکی تری کۆمەڵایەتیی فراوان لەخۆ دەگرێت، گەیشتن و ڕۆیشتنی پاڵەوانەکان، ڕەوش و هێڵە گشتییەکانی دەقەکە دەستنیشان دەکات و ڕۆنانە درامییەکەیش دیاری دەکات. لە پەردەی یەکەمدا سریبریکۆڤ و یلێنا-ی قەشەنگ دەگەن، هەروەها دوکتۆر ئەستروڤ. لە پەردەی کۆتاییدا هەموویان دەڕۆن، وشەی (ڕۆیشتن) لە کۆتایی پەردەی چوارەمدا، بە بەردەوامی دووبارە دەبێتەوە و میلۆدی و ڕیتواڵێک پێک دەهێنێت، کە هێڵی گشتیی پەردەی چوارەم دیاری دەکات. دەقەکە لە شێوەیەکی بازنەییدا دەجووڵێتەوە، پاڵەوانەکان لە کوێدا دەست پێ دەکەن، هەر لەوێشدا کۆتایی دێت، دەڕۆن، کە دەگەن. دەگەن، کە دەڕۆن. ئەم مەسەلەیەیش لای چێخەف قووڵترە، پاڵەوانەکان، کە دەڕۆن هەمان کەسایەتی نین، لەم ماوەیەدا، لە گەیشتنەوە بۆ ڕۆیشتن، زۆر شت گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بیرکردنەوەیان، دەروونیان، مامەڵەیان لەگەڵ خۆیان و ئەو واقیعەی تیای دەژین.

لە (سێ خوشک)دا ڤێرشینین دەگات، لە پەردەی چوارەمدا لەگەڵ یەکە سەربازییەکەدا دەڕوات. توزینباخ بۆ هەتاهەتایە دەڕوات و ناگەڕێتەوە، لێرەدا چەمکی ڕۆیشتن مۆرکێکی پڕ لە خەم و ئازار لەخۆ دەگرێت. لەم ماوەیەدا شتگەلێکی زۆر لە ژیانی کارەکتەرەکاندا گۆڕانکاریی بنەڕەتییان بەسەردا دێت، لە

چـارەنووس و بیرکردنەوەکانیانـدا دەبـنە کەسـانێکی بەهێزتـر، خاوەن ویستێکی پتەوتر.

لە (بـاخی گێلاس)دا لوبـۆڤ ڕانێفسکەیا و ئانیا-ی کچی لە پەردەی یەکەمــدا لە پاریـــسەوە، دەگەنە بـــاخچە و موڵـــک وماڵەکەیـــان، لە پەردەی چوارەمـــدا هەموویـــان دەڕۆن، تەنهـــا فیــرس دەمێنێــتەوە تـــا بە تەنهـــا لەگەڵ دەنگــی کپــی تەور و بڕینەوەی دارگێلاسەکاندا بمرێت. لێرەدا لوبـۆڤ ڕانێفسکەیا و گایەڤ-ی برای و ڤاریا هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا نـایەت، لە بەرامـبەر ئەوانـدا پـاڵەوانە گەنجەکـان، کە بە هــیچ شـێوەیەک بە ڕووخـانی کـۆنەکە دڵگـران نـین، گۆڕانکارییـان بەسەردا دێت و دەیانەوێت لە پاشـەڕۆژدا باخچەیەکی جوانتر بونیاد بنێن.

**لە چاوەڕوانیی شتێکدا**

چەمکی چاوەڕوانی بەهـایەکی گرنگی لە دەقە شـانۆییەکانی چــێخەف-دا هەیە و پێوەنــدیی کارەکتەرەکــان بە واقیــع و بە شوێنیشەوە، هەروەهـا بە خـودی خۆیـان و بە کارەکتەرەکـانی تریشەوە توند و قووڵ دەکاتەوە. لە هەندێک لە دەقەکانیدا، ئەم چـــاوەڕوانییە ژیـــانی کارەکتەرەکـــان دەستنیـــشان دەکـــات، بەتـــایبەتی ژیـــانی ڕابردوویـــان و ئەو چارەنووســـەیان، کە چاوەڕوانیان دەکات.

ســەرەتای پەردەی یەکەم لە پلاتۆنـۆڤ-دا، بە چـاوەڕوانیی میوانەکـان دەسـت پێ دەکـات، لێرەیشدا مەسـەلەی گەیشتن و ڕۆیشتن گرنگ نییە، هێندەی پرۆسـەی چاوەڕوانییەکە خـۆی. زۆربەی کارەکتەرەکـانی (نەورەس) لە چـــاوەڕوانیی ژیـــانێکی باشـــتردان، ئەوان چـــاوەڕوانی ئەو ژیـــانە دەکەن، کە هەرگیــز

نایەت. ئەو خەونەی هەرگیز نایەتە دی. پرۆسەی چاوەڕوانی لای چیخەف پەیوەستە بە هیوا و ئومێدێکی نادیارەوە، هەندێک جار بە هیوایەکی دیاری کۆنکرێتییەوە. زۆربەی کارەکتەرەکان چاوەڕوانی ئەوەن، کە دێت و نایەت. ئەم چاوەڕوانییە لە پرۆسەیەکی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەدا دەژی، بەڵام لەپشت دێڕەکانەوە، لەپشت ئەو ژیانە ئاساییەی ژیانی ڕۆژانەوە، هەوڵێک هەیە بۆ تێپەڕاندنی ئەو ژیانە ئاساییە ڕۆژانەییە، هەوڵێک بۆ تێپەڕاندنی خود و دیدێکی گشتگر بۆ ئایندەیەکی تر. کارەکتەرەکانی چیخەف کەسانی تەمەڵ و بێکار نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە کەسانێکن وزەیەکی گەورەیان لەم دونیایەدا هەیە؛ گوێ نادەنە شتەکان، ناچارن بچووکترین شت بکەن بە دراما، لەبەر ئەوەی ویستێکی گەورە و بەهێزیان بۆ ژیان هەیە، لەبەر ئەوەی خۆیان بەدەستەوە نادەن.

**هەژموونێکی نادیار**

لە هەرچوار دەقە گەورەکەی چیخەف-دا، هەندێک کارەکتەری نادیار هەن و هەرگیز لەسەر شانۆ دەرناکەون، بەڵام ئامادەییەکی بەهێز و چڕیان لەسەر شانۆ و لە هۆشیاریی بینەراندا هەیە، هاوکات کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و بەهێزیان بەسەر ڕەوتی ڕووداو و پێوەندیی نێوان کارەکتەرەکانیشەوە هەیە. لە نەورەس، باوکی کەنستەنتین، باوکی نینا و باوەژنەکەی، لە خاڵە ڤانیادا، دایکی سۆنیا، ژنەکەی تیلێگین و منداڵەکانی، لە سێ خوشک-دا، پڕۆزۆروڤ و پڕۆتۆپۆپۆڤ، ژنە نەخۆشەکەی ڤێرشینین، هەروەها دایکی سێ خوشکەکەیش. باخچەی گێلاس-یش بە هەمان شێوە پڕە

له کــارەکتەر و دیمەنــی نادیــار، هەروەک ئەوەی لە شــێوە و فــۆرمێکی تــری گەشــەکردوودا، بگەڕێــتەوە بــۆ پلاتۆنــۆڤ، هــەریەکێک لەو کــارەکتەرە نادیــارانە، وێــنە، ڕەنــگ، جــووڵە و مەوداکانی خۆیان هەیە. لە (سێ خوشک)دا ژنەکەی ڤێرشینین، بە شــێوەیەک وێنــا کــراوە، وەک ئەوەی لەســەر شــانۆ و لە بەردەمی بینەراندا بەرجەستە کرابێت و ژیانی خۆی بژی: **(ئای ئەمڕۆ ژنەکەمت بدیانە... چەند هیچوپووچە! لە سەعات حەوتی بەیانییەوە بە شەڕ هاتین و ناچار لە سەعات نۆدا دەرگاکەم تونــد داخــست و هــاتمە دەرێ/.../ل٨٤)** بە ڕوونــی دیبینــین، گوێمان لەو شـەڕە قسەیەی نێوانیـان دەبێت. ئەم کـارەکتەر و دیمەنە نادیارانە مەودا و سنووری دەقەکانی فراوان کردووە، هەروەک ئەوەی دەقەکە ڕۆمانێکی گەورە و تەواو بێت.

(ســێ خوشــک) نمــوونەیەکی بــاش و دەوڵەمەنــدی ئەم تەکنــیکەیە. چــالاکیی کارەکتەرەکــان لە دەرەوەی شــانۆکەوە، وەک شوێن ڕوو دەدەن، کارەکەی ئۆلگا لە قوتابخانە، ئیرینا لە تەلگــراف، کــوڵیگین لە قوتابخــانە، ئەنــدرێی لە ئەنجــومەنی شــارەوانی. ژیــانێکی تەواو لە دەرەوەی شــانۆ، لەپــشت ئەم کـارەکتەرانەوەیە، دیمەنـی ئـاگرکەوتنەوەکە، منـداڵەکانی ناتالیـا نابینرێن، کوژرانی بارۆن لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا و مردنـی لە دەرەوەی سەر شانۆکە، ڕۆیشتنی یەکە سەربازییەکە... هتد. هەمـوو دیمەنێـک لەم دیـمەنە نادیـارانە، یـارمەتیی نووســەری داوە ســـنوورەکانی درامـــاکەی لە ڕووی ڕووداو، شـــوێن و کاتەوە، دەوڵەمەند و فرەمەودا و فراوانتر بکات.

له بـــاخی گـــێلاس-دا، مەودا و ڕەهەنـــدەکانی دیـــمەن و کـارەکتەرە نادیارەکـان گەلێـک فراوانتـر دەبـن. ژیـانی لۆبـۆڤ ڕانێفسکەیا مێژوویەکـی درێـژە؛ ئەم کـارەکتەرە لە یـادەوەریی خـــوێنەر و بینەرانـــدا، مێـــژوویەک لە ڕابـــردوو و ئێـــستا و پاشـــەڕۆژیش بەرجەســتە دەکــات. بێگومــان چــێخەف وێنــای هەموو ژیانی ئەم کارەکتەرەی نەکێشاوە، بەڵکو چەندان وێنە، لێـرەولەوێ دەردەکەون، کە بە هۆیـانەوە تـابلۆیەکی گەورەی ئەو ژیانەمان بۆ دەستەبەر دەکات: منداڵی لۆبـۆڤ ڕانێفسکەیا، ژیـانی نێـو بـاخچەی گێلاســەکە، هەروەهــا لە پـاریس، دوای ئەوەی دۆستەکەی وازی لێ دەهێنێت. ئانیا باسی ژیانی دایکی لە پـاریس دەکـات، هەروەهـا ئەو ژیـانەی لۆبـۆڤ ڕانێفـسکەیا چاوەڕوانی دەکات. بەم شـێوەیە زەمەنـی ژیانی کارەکتەرەکان تێکەڵاو دەبێت: ئەوەی ڕابردووە و ئەوەی لە پاشەڕۆژدا دێت، لە دەرەوەی تەخـــتەی شـــانۆکەدایە، تەنهـــا کـــاتە شـــانۆییەکە دەمێنێتەوە، کە لە (ئێستا)دا لەسـەر شـانۆ بەرجەسـتە دەبێـت، ئەم کـــاتەیش تـــا کۆتـــایی لەگەڵ ڕووداوەکـــانی دەق/نمـــایش دەڕوات.

له شـانۆنامەکانی چـێخەف-دا دوو ژیـان، ژیانێـک لەسـەر شـانۆ و ژیانێک لە دەرەوەی شـانۆدا هەن، ئەم دوو ژیـانەیش پێکەوە بەستراونەتەوە و پێوەندییەکی دیالێکتیکی و دینامیکیی بەهێزیـــان بە یەکتـــرییەوە هەیە، کە لە گەوهەردا یەک ژیـــانە، هەنـدێک جـاریش ژیـانەکەی دەرەوە، ژیـانە نادیـارەکە، ژیـانە دیـارەکەی سـەر شـانۆ و چارەنووسـی کارەکتەرەکـان دیـاری دەکات.

یەکێک لە سیما هونەرییە گرنگەکان لە دەقە شانۆییەکانی چێخەف-دا، دەرکەوتنی هەندێک لەو کارەکتەرانەیە، کە کارەساتێکی تایبەت بەخۆیانیان هەڵگرتووە، هەر وەک ئەوەی ژیانێکی تەواو لەپشت ئەم کارەکتەرەوە هەبێت. ئەم تراجیدیایە لەبەر چاوی بینەران و لەنێو کاتی نمایشەکەدا، لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا درێژ دەبێتەوە. ئەم ڕابردووە دێتە نێو ئێستاوە و لەوێشەوە مۆرکێکی ئایندەیی، بۆ پاشەڕۆژی ئەو کارەکتەرە پێوەیە، بە شێوەیەک کۆتایی دەبێتە سەرەتا، سەرەتایەک لەو بازنەیەدا، کە خاڵی سەرەتا لە کۆتاییدا دەست پێ دەکات.

## کۆتاییەکی کراوە

چێخەف هەمیشە کاری لەسەر کۆتاییەکی کراوە کردووە، بۆ ئەم مەبەستەیش کۆتاییەکان دەداتە دەست بینەر/خوێنەر: نەورەس، خاڵە ڤانیا، سێ خوشک، باخی گێلاس ستراکتورێکی کراوەیان هەیە، یارمەتیی بینەر و خوێنەری ئەم دەقانە دەدات، کە خۆیان بگەڕێن بەدوای وەڵامی ئەم کۆتاییە کراوانەدا. ئەمەیش یەکێکە لەو خاڵە گرنگانەی چێخەف-ی بە زیندوویەتی هێشتووەتەوە، لەبەر ئەوەی لە هەموو سەردەمێکدا، مرۆڤ دەگەڕێت بەدوای وەڵامی پرسیارەکانی سەردەمی خۆیاندا.

چێخەف وەڵامی بۆ هیچ پرسیارێک بەجێ نەهێشتووە، بە هەمان شێوە چارەسەری بۆ هیچ گرفت و کێشەیەک نەکردووە، ئەمەیش پرنسیپێکی ئاکاری و هونەرییش بووە بۆ ئەو. کۆتاییە کراوەکانیش، یەکێکە لە نهێنیی توانا هونەری و ئێستاتیکییەکەی چێخەف، بەو ڕێزەی بۆ خوێنەر و بینەرەکانی و بەو دیدە ئایندەخوازییەی بۆ کێشەکان و گەردوونیش هەیبووە.

# بەشی نۆیەم

## ئێمە و چێخەف

## دیدێکی کۆتایی و دوا پەیڤی ئەم کتێبە



(١)

نمایــشکردن و مــامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکــانی چــێخەف، لەســەر ئاســتی جیهــان، هەر مەســەلە شــانۆییەکە نییە، بەڵکــو هۆکــاری قــووڵتری هەیە؛ بــۆ نمــوونە ئەگەر چــێخەف بــۆ ڕووسییەکان مانایەکی تر ببەخشێت، ئەوە بێگومان بۆ بینەری دەرەوەی سنوورەکانی ڕووسیا، مانایەکی تری جیاوازی هەیە. چێخەف بـۆ ڕووسـەکان نووسـەرێکی نەتەوەیـی و کلاسـیکی ئەدەبەکەیــانە، کارەکتەرەکــانی، ئەو دونیــایەی ئەو وێنــای کـردوون، بەشـێکە لە کولتـوور و ڕابـردووی ئەوان، هەروەهـا زمانەکەی ئەو زمانەیە، کە ئەوان پێی دەدوێن، پێی دەنووسـن، خەونـی پـێ دەبیـنن، گـۆرانیی پـێ دەڵـێن. بـۆ دونیـای دەرەوە، چــێخەف تەنهــا زمــان و ئەو کــارەکتەرانەیش نیــیە، کە ئەو دروســتی کــردوون و ئــێمە بە بەردەوامــی لەســەر شــانۆکان دەیانبینین، هەروەها ئەوەی ئەو لە دەقەکانیدا نووسیونی، تەنها شتێکی جیاواز نییە لەو کولتوورەی ئێمە.

ئەوەی چـێخەف نووسـیویەتی، بە شـێوەیەک لە شـێوەکان، هەندێک جـار ڕاسـتەوخۆ، نزیکە لە ئێمەوە، دەیانناسـین، تێیـان دەگەین و کارەکتەرەکـانی لەنـاو ئێمەدا هەڵسوکەوت دەکەن و دەژیـین. ئەوەی لەسـەر ئـێمەیش پێویـستە، ئەوەیە بەدوای ئەو هۆکـار و مۆتیڤـانەدا بگەڕێـن، کە وامـان لـێ دەکـات هەسـت بە نزیکیـی خۆمـان لە دونیـای نێـو شـانۆنامەکانی چـێخەف-ەوە بکەیــن، کارەکتەرەکــانی بناســین و بــزانین بــۆچی ئەوێکــی ڕووسـیی دوور لە ئـێمەوە، هێنـدە لێمـانەوە نـزیکە؟ بـۆ دەقە شـانۆییەکانی وا لە ئێمە دەکـات بمانەوێت لەگەڵ ئەوان بین و بەشـێک بین لەوان. کارەکتەرەکـانی، بە هەمـوو کـەموکوڕی و

ناتێگەیشتنێکیانەوە لە ئامانجەکانیان، لە مۆسیقا و جوانییەکی قووڵی شاراوەدا دەردەکەون، ژیانێکی جوانترمان لەو ژیانەی دەژین، پێ دەبەخشن. چێخەف شیکارێکی قووڵی سایکۆلۆژییە سەبارەت بە پێوەندییەکانی مرۆڤ. هەموو ئەو سیما و هەست و هۆشە ساکار و قووڵ و جیاوازانەی لە مرۆڤدا هەن، باش و خراپ: خۆشەویستی، هاوڕێیەتی، ویستی بەهێز و بێویستی، ئیرەیی، دڵپیسی، خۆ بچووککردنەوە، خۆهەڵواسین بە کەسانی ترەوە، فێڵ، دوژمنکاری... هتد لە شانۆنامەکانی چێخەفدا، بە ساکاریی خۆی، بە قووڵی و بە سەختی و دژواریی خۆیەوە، هەن و لەم سیما مرۆڤایەتییەوە پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکانیش دەردەکەون و گەشە دەکەن. لێرەوە پێوەندییەکانی مرۆڤ بە مرۆڤەوە، تاک بە تاکەوە، تاک بە کۆمەڵەوە، کۆمەڵگە بەرامبەر بە چینە جیاوازەکان و ململانێ بەردەوامەکانەوە بەرجەستە دەبن. ئەوەی وایش دەکات، دەقەکانی چێخەف دوای زیاتر لە سەد ساڵ هەر وا زیندوو بن، پرسیارەکانە، هەروەها ئەو شێوازەی پرسیارەکانیشی پێ کراوە. دەقەکانی تابلۆ نین، بەڵکو ئەو ئاوێنەیەن، کە لە هۆڵەکەدا ڕووی کراوەتە ئێمەی بینەران. هەموو نەوەیەک، هەموو کاتێک شتێکی نوێ لەنێو دیالۆگەکانیدا دەدۆزرێتەوە، تەنانەت لە بێدەنگیی نێوان حیوارەکانیشدا. نهێنیی چێخەف لە شێوازی نووسینەکەیدایە، ئەوەی دەینووسێت و ئەوەیشی نەینووسیوە و لەنێو دێڕ و لەپشت ماناکانەوە خۆی مەڵاس داوە، شتێکی بۆ هەموو مرۆڤێک تیایە. دەقەکانی بۆشاییەکی بۆ سەردەمە نوێیەکان و دیدی شوێنە تازەکان بەجێ هێشتووە تا لە هەموو کات و شوێنێکدا پڕ بکرێتەوە؛ هەست و هۆش و خەونەکان... هتد. دەقەکانی چێخەف بە هەموو شێوەیەک

نمــایش دەکــرێن: وەک درامــا، ڤــاش، کۆمیــدی و شــێوازە لیـــریکییەکەیش. چـــێخەف ئەوەی لە دەقە شـــانۆییەکانیدا نووسیویەتی، بەوپەڕی سەلیقەوە بەڵانسی لەنێوان کۆمیدی و تراجیدیدا، لەنێوان دوور و نزیکدا، ڕاگرتووە.

چـێخەف هەمـوو ئەم شـتانە، بەوپەڕی هێمنییەوە، دوور لە ڕێـسا و بنەمـا نەریـتگەرا و تەقلیـدی و دیارەکـانی هـونەری درامــاوە چارەســەر دەکــات؛ ئەگەر درامــا جــووڵە و کــردار، ململانێیەکـی تونـد، کە لەنێـو ڕووداوە گەورە و هەنـدێک جـار تونـدوتیژەکانەوە بەرەوپێـشەوە بـڕوات، ئەوە لای چـێخەف وا نیـیە، بەڵکـو هەمـوو شـتەکان لەنێـو شـتە ئاسـایی و پەیـڤە ڕۆژانەییەکـان، بەبـێ کێـشە و ململانێیەکـی پـڕ لە هاتوهـاواردا ڕوو دەدەن. (داوا لە پــاڵەوانە پیــاو و ژنەکــان دەکرێــت، کە لەســـەر شـــانۆ مـــوجیزە بخـــوڵقێنن، بەڵام ئـــێمە لە ژیـــانی ڕۆژانەمانـــدا، لە باشـــترین ڕێکەوتـــدا فیـــشەکێک نـــانێین بە ناوچەوانی خۆمانەوە، خۆمان هەڵناواسین، یان ناکەوینە سـەر چــۆک بــۆ دەربڕینــی خۆشەویــستییەک...، نەخێــر، زۆربەی کاتەکــان خەریکــی نــانخواردن، خــواردنەوە و باســی شــتی بێمانــاکردنین. دەبێـت ئەم جـۆرە کەسـانە لەسـەر شـانۆکان ببینرێن، دەبوایە دەقێکمان بنووسیایە، کە کارەکتەرەکان دێن و دەڕۆن، نانی ئێوارە دەخۆن، باسی کەش و ئاووهەوا و گەمە دەکەن...)، لەگەڵ ئەوەیشدا چێخەف وێنای کارەکتەرەکانی، کە لە چینی بۆرژوازی بچووک، ئەرستۆکرات، خەڵکی ئاسایی و چیــنە نزمەکــانی کــۆمەڵگەوە وەردەگرێــت، بە شــێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناخاتە ڕوو، پەیڤ و دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان ڕاستەوخۆ نین، بەم شێوەیەیش کێشە و ململانێکان شێوازێکی شاراوە و نادیار لەخۆ دەگرن. نووسەرێکی مۆدێرنی ڕووسی،

ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە مرۆڤ بەو قووڵییە سایکۆلۆژییەی دۆستۆیڤسکی و نەفەسە داستانییە بێسنوورەی تۆلستۆی سەرسام دەبێت، بەڵام چیخەف ئەو مرۆڤەیە، کە دەمانەوێت ببین و ئەو نووسەرەیە، کە هەمیشە دەمانەوێت بیخوێنینەوە. خۆیشی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە نووسەر مرۆڤێکە ئەرکی لەسەرە، کاریگەریی ویژدان و هەستی بەرپرسیاریەتیی لەسەرە. چیخەف لە دەقە شانۆیی و پرۆسە و کورتەچیرۆکەکانیدا، مۆزارتە لە مۆسیقادا: تۆنێکی تەواو، تەنها یەک نۆتەی بچووک، یان وشەیەک لە شوێنێکی هەڵەدا بەکارنەهاتووە.

(٢)

واقعیەتی چیخەف ناتورالیزمی ناگەیەنێت، زۆر دووریشە لە چەمک و بۆچوونەکانی ناتورالیزمی ئەمیل زۆلاوە، واقعیەتی چیخەف زیاتر سروشتییەکی زیندووە و لەگەڵ کەسایەتییەکانیدا کۆمان دەکاتەوە. لێکنزیکبوونەوە و پێکگەیشتنی ئێمە و کارەکتەرەکانی چیخەف، پێکگەیشتنێکی مرۆڤایەتییە بە هەموو گەرموگوڕی و خەون و هیواکانیەوە، بە هەموو سۆز و لێکچوونەکانی چارەنووسێکی هاوبەشەوە. چیخەف چەندە گرنگی بە کەسی تاک دەدات و مەسەلە خودییە فەلسەفییەکان لای مرۆڤی تاک چارەسەر دەکات، هێندەیش بەو مانایەی مرۆڤ و مرۆڤی خودگەرا ئەندامی کۆمەڵگە و بەشێکی بنەڕەتیی بنەما کۆمەلایەتییەکانە. لەبەر ئەوە، شانۆنامەکانی چیخەف پاڵەوانی تاک لەخۆ ناگرێت و هەموو کارەکتەرەکانی، بەبێ جیاوازی، گرنگن و بەشێکن لە سیستێمە کۆمەلایەتییەکانیش.

(٣)

ئەوەی لە دەقە شانۆییەکانی چێخەفدا گرنگە و دەیکات بە نووسەرێکی فرە مەودای گەردوونی و سەر بە هەموو کات و سەردەمەکان، ئەوەیە، کە دەتوانرێت لە زۆر ڕووەوە بخوێندرێتەوە، لە چەندان دەرگاوە بچیتە ژوورەوە، بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی نێگەتیڤ دروست بکات، هاوکات بەبێ ئەوەی سیما تایبەتییەکانی خۆیشی لەدەست بدات. هەر لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین، مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکانی چێخەف، لەسەر بنەماکانی شیکردنەوە و ڕاڤەکردن ناکرێت، بەڵکو لەسەر بنەماکانی تێگەیشتنەوە، لەبەر ئەوەی لە شیکردنەوەدا جۆرە سنووردارییەک هەیە، کە لە بابەتگەرایی و سەراپاگیرییەوە دوورمان دەخاتەوە. ئەوەی لە چێخەفدا گەردوونییە، ئەوەیە گوزارشت لە بنەما خودگەرا سەرەتاییەکانی ڕەوشی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکات، بۆ نموونە ئەو پرسانەی سەبارەت بە ژیان و مەرگن، خۆشەویستی و ڕق و کینە، خەون و هیواکان، کە زۆر جار لە کەوتن و بێهیوابوون و دڵەڕاوکێکانماندا دەردەکەون، ئەو ئەزموونانەی ژیان، کە لە هەموو سەردەم و ڕۆژگارەکاندا و لە هەموو سیستێمەکاندا، لەنێوان مرۆڤدا بنەمایەکی هاوبەشیان هەیە. چێخەف لەم گەردوونەدا مرۆڤ تەنها، وەکو کەسانێکی خودگەرا و تەنها لەنێو گرفتە خودگەراکاندا پیشان نادات، بەڵکو مرۆڤ وەک بوونەوەرە کۆمەڵایەتییەکەیش دەبینێت. مرۆڤ بۆ چێخەف چەندە کەسێکی خودگەرایە، هێندەیش لەنێو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تۆڕی سیستێمە کۆمەڵایەتییەکاندا دەجووڵێتەوە و هەژموونی خۆی بەسەر ئەو تۆڕە

کۆمەڵایەتییانەوە، بە قووڵی بەجێ دەهێڵێت. ئەوەی لەم دەقانەیشدا گرنگە، ئەوەیە چیخەف لە هزر و دیدێکی قووڵی ژیانەوە، بە ساکاری وەک خۆی وێنای کردووون. هەموو ڕووداو و پێوەندییەکان و کارەکتەرەکانیشی دەرهاویشتەی دیدێکی دیاریکراون، ئەم دیدەیش، کە دونیا تایبەتییەکەی چیخەف پێک دەهێنێت: بەختیاری دێت، ڕزگاربوون شتێکی مەحاڵ نییە، خەون واقیعێکی ئایندەبینییە، نەوەک دیدێکی میتافیزیکی. هەموو سەردەمێک دەتوانێت چیخەف بە شێوازی تایبەتی خۆی بخوێنێتەوە، کە لەگەڵ ئەو سەردەمە بگونجێت و مەودا و مۆتیڤە ئایندەبینییەکەیشی بۆ نەوەکانی تر و پاشەڕۆژ و ئایندەیەکی تر ڕەنگ بداتەوە. کاتیش بۆ چیخەف لە سووڕی بەردەوامی شەو و ڕۆژی خۆیدا ناگیرسێتەوە، بێگومان ئەمەیش بۆ چیخەف، کە هەمیشە بەرەوپێشەوە هەنگاوی دەنا و لە ئاسۆ دوورەکانی دەڕوانی، نەدەکرا کاتیش لە شوێنی خۆیدا بوەستێت؛ بە پێچەوانەوە، بەڵکو لەگەڵ ژیان و ئەو ڕۆژگارە لە گەشە و پێشکەوتندا بووە. لەبەر ئەوەی چیخەف باسی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی دەکات، هەر لەم دەروازەیەشەوە دەکرێت بڵێین پاڵەوانی سەرەکیی کارەکانی (کات)ە. کات لای چیخەف بە پێچەوانەی هەموو ڕێساکانی (کات)ەوە، بۆ نموونە لە شاکارە کلاسیکییەکاندا، کە کات زیاتر چڕکردنەوەی چەمکی کاتە ڕاستییەکەی ژیانە، دەردەکەوێت. کات بۆ چیخەف کاتی ژیانە (مرۆڤەکان ژەمە خواردنەکانی ڕۆژانەی خۆیان دەخۆن و لە هەمان کاتدا و لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا بەختیاری بەدەست دەهێنن، یان ژیانیان وێران دەبێت).

(٤)

چێخەف دەیویست ژیانی ئاسایی ڕۆژانە بەرجەستە بکات، ژیانی هەموو ڕۆژێک، بەڵام ئەم بەرجەستەکردنەی ژیانی ئاسایی ڕۆژانە، تەنها وێنەگرتنێکی سروشتگەرا نەبووە، بەڵکو فەلسەفەیەکی لەپشتەوە بووە، کە دەکرێت بە فەلسەفەی چێخەف بۆ وێناکردنی ژیانی ڕۆژانە ئاماژەی بۆ بکەین. چێخەف لەو ژیانە ئاساییەی ڕۆژانەدا هەموو شتەکانی دەبینی، خۆشگوزەرانی، بەختیاری، ژان و ئازارەکانمان، نووشوستی، بەدبەختی و قاقای پێکەنینەکانمان، گریان و هیوا و خەونەکانمان، ئەوانەی هاتوونەتە دی و ئەوانەیشی هەرگیز نایەنە دی. ئەم فەلسەفە چێخەفییەش، لەم دیدە قووڵە هونەرییەدا کۆدەبێتەوە: بۆ ئەوەی لە ژیان و لە خۆیشمان بگەین، دەبێت وێنەی ژیان لە سیما ساکار و ساتە ناخۆش و بێزارکەر و چەمکە تەبا و ناتەباکانیەوە بەرجەستە بکەین؛ ئەوەی ڕوویش دەدات گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی لەپشت ڕووداوەکانەوەن، گرنگە. بە مانایەکی تر، ئەوەی لە ڕوانگەی هەموو ڕۆژێکەوە ڕوو دەدات. زۆر گرانە دەق و کارەکتەرەکانی چێخەف بخزێنرێنە بوارەکانی کۆمیدیا، یاخود تراجیدیاوە، بەڵکو لەو ڕووەوەی شانۆنامەکانی سیمایەکی مرۆڤایەتی گشتگر لەخۆ دەگرن، چ کۆمیدیا، یان تراجیدیا، بەشێکن لەم سیما گشتگرە مرۆڤایەتییە. چێخەف خەندە و پەژارە بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر تێکەڵاو دەکات، ئەمەیش بۆ ئەو وێنەیەکی ڕاستگۆی ژیانە، کە لە یەک کاتدا پڕە لە پێکەنین و لە هەمان کاتدا خەم و پەژارە، خۆشی و ناخۆشی. چێخەف خۆی دەقە شانۆییەکانی زیاتر وەک کۆمیدیا ناوزەد کردووە، بەڵام بۆ ریژیسۆر و ڕەخنەگرەکان زۆر گران بووە

وەک کۆمیدیا و لە ستایلە کۆمیدییەکاندا شرۆڤەی بۆ بکەن، زۆر گران بووە، شانۆنامەکانی لەنێوان کۆمیدیا و تراجیدیادا جیابکەنەوە، هەر ئەم مەسەلەیەش خاڵێکی دژوار و جیاوازی و کێشەی نێوان چێخەف و ڕیژیسۆری گەورەی ڕووسی ستانیسلاڤسکی بووە. ستانیسلاڤسکی شانۆنامەکانی چێخەفی لەسەر شانۆی هونەری مۆسکۆ، وەک تراجیدیا ڕاڤە کردوون، نمایشەکان زیاتر لە تراجیدیاوە نزیک بوون، نەک کۆمیدیا، ئەمەیش چێخەف-ی دڵگران کردووە.



(٥)

چێخەف دەستی مرۆڤ دەگرێت و ئەو جیاوازییەی پیشان دەدات، کە لەنێوان بوونی ڕاستەقینەی خۆی و ئەوەی دەبوایە ببوایە، لەنێوان گەوهەری ڕاستی و ئەو سەرابە پڕ لە پەیڤە بێماناکاندایە، لەنێوان ژیانە بێزار و ژیانێکی ڕاستەقینەدایە. چێخەف بە بایەخێکی گەورەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا دەکرد و وێنەیەکی بێ ڕتووشی ژیانی ڕۆژانە، بە خۆشی و ناخۆشییەکانیەوە، بە بێماناییەکانیەوە و بەو ڕیتمە

خـاو و هێـواش و بێـزارکەرەیەوە دەکێـشێت، لە دەروازەکـانی ئەم وێـنە و وێنایەشـەوە دەتـوانین زۆر شـت بـدۆزینەوە، زۆر شت ببینین، کە بە خەونیش نەماندیوە، هەرگیز لەو بڕوایەشدا نەبووین بیبینین.

ئێمە هەرچەندە بڕوایەکی تەواومـان بەوە هەیە، کە ئەوەی لەسـەر شـانۆ دەیبینـین، لە ژیـانێکی سـاکار و ئاسـایی بەولاوە، هیچـی تـر نـیـیە، ئەو ڕووداوانەیـشی یـان ئەو شـتانەی لە دەقە شـانۆییەکەدا هەن و بەرجەسـتە دەکـرێن، لە شـتە سـاکار و ئاسـاییەکانی ژیـانی ڕۆژانەمـان بەولاوە هیچـی تـر نـین، هـیچ شتێکی نوێیان تیا نییە، لەگەڵ ئەوەیشدا لەم وەهمە شـانۆییەدا هەموو ئەو شتانەی دەیانبینین نوێن، ڕاستیی خودی خۆمـان و ژیانی ڕۆژانەمان دەبینین. لەم هاوکێشە دژبەیەک و دووفاقەدا، لەنێوان ڕووکەش و واقیعدا، لەنێوان وەهـم و ڕاسـتیدا، لەنێوان تەبا و ناتەبادا، لەنێوان ئاسایی و نائاساییدا، شیعریەتی شانۆی چـێخەف، ڕووداوە ناوەکییەکـان و ئەتمۆسـفێرە بەهێـزەکەی دەردەکەوێت. لەم ڕووەوە شـانۆی چێخەف ئاهەنگئامێز نییە، هەروەهـا بـێ ڕووداوی درامیـیش نیـیە، وەک هەنـدێک لە ڕەخنەگرەکـان، بە درێژایـی ئەم سـەد سـاڵە ئاماژەیـان بـۆ کردووە، بەڵکو ئەو شانۆیەیە، کە توانیویەتی ئەو وەهمەمـان لا دروست بکات، ئەوەی لەسـەر تەختەی شـانۆ نمایش دەکرێت، جـگە لە ژیـانی ڕۆژانە، بە سـیما ئاسـایی و سـاکارەکانیەوە، هیچـی تـر نیـیە. بەڵام ئەوەی لەپـشت ئەمـانەوە ڕوو دەدەن، گرنگییەکـی بێهاوتایـان هەیە، لەبەر ئەوەی لە هـیچ ڕوویەکەوە هەڵقـوڵاوی ڕەوش و هەڵـسوکەوتەکانی مـرۆڤ نـین، بەڵکـو هەڵقـوڵاوی پێوەنـدییە مرۆڤایەتییەکـانن و لە نێوەنـدی ئەو پێوەنـدییانەوە گەوهەری شـتەکانمان بـۆ دەردەکەوێـت:

پێوەندییەکانی مرۆڤ بە مرۆڤەوە، بە گەردوونەوە، بە ژیان خۆیەوە. گۆڕانکارییە درامییەکان، یان گەشە سروشتییەکەی ڕووداوەکان، کە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانەوە ڕوو دەدەن، هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان، تەنانەت گەوهەری کارەکتەرەکان ناگرێتەوە، هێندەی گۆڕانکارییەکان پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان بەوانی تر و بە خۆیان و بە پێوەندییەکانیەوە، بە ژیانەوە دەگرێتەوە. ئەمەیش نهێنیی چێخەفە بە ژیان و بە مرۆڤ و بە هەموو سەردەمەکانەوەیە.

(٦)

دەقەکانی چێخەف هەوڵی ئەزموونگەری و گوزارشتئامێز نین، هەروەها مۆدانیزم و فۆرمالیزم... هتد، بەڵکو ئەوان لەو فۆرمەدا نووسراون، کە پێویستە. چێخەف هاوچەرخی هەردوو ڕێبازی ڕیالیزم و ناتورالیزم و هەروەها سمبۆلیزمیشە، هەرچەندە زیاتر نزیک بووە لە ناتورالیزم و ڕیالیزمەوە، بەڵام دەقە ئەدەبی و شانۆییەکانی، ڕاستەوخۆ ناخرێنە نێو هیچ ڕێباز و تەوژمێکی ئەدەبی و هونەرییەوە. ئەوەی چێخەف نووسیویەتی گوزارشتێک بووە لە مرۆڤی ڕووسی هاوچەرخی خۆی و ئەو ژینگەیەی تیای ژیاون، ئەو دیدەیش بریتییە لەوەی چۆن مرۆڤ لە ژیاندا ببینێت؛ ئەوەی لەپشت و لەودیوی دیالۆگەکانەوە خۆی حەشار داوە، ئەو تۆڕە چڕە دژوارە سەخت و دەوڵەمەندەیە، کە لە هزر و هەست و هۆش و پەیڤە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا کۆدەبنەوە و لەسەر شانۆکان دەبنە ئاماژە و گوزارشتێکی فیزیکی.

چێخەف تەنها بە چوار دەق: نەورەس، خاڵە ڤانیا، سێ خوشک، باخی گێلاس بوو بە وزەیەکی بەهێز بۆ

تـــازەبوونەوەی شـــانۆ، کە هەرچواریـــان بە هەمـــان شـــێوە ڕۆنـراون؛ هەنـدێک جـار زۆر لەیەکـیش دەچـن. ئەم دەقـانە بە گەیـــشتنی کەســـانێک دەســـت پـــێ دەکەن و بە ماڵئـــاوایی و ڕۆیـشتن کۆتاییـان دێت، لەم نێوانەیـشدا ژیـانی کارەکتەرەکـان گۆڕانکـارییەکی گەورەیـان بەسـەردا دێت و ڕێچـکەی ژیانیـان دەگۆڕێت.

(٧)

چێخەف خۆی لەو بڕوایەدا نەبووە، کە لە دەرەوەی وڵاتـی ڕووسیاوە لەو بگەن، یان دەقەکانی ڕەواجیان هەبێت و نمـایش بکـرێن، زۆر جـاریش ئامـاژەی بـۆ ئەم مەسـەلەیە کـردووە، بە مـاوەیەکی کـورت بەر لە مردنـی، لە نامەیەکیـدا، کە بـۆ ئۆلگـا کنیپەری نـاردووە، دەڵێت: (بـۆ بوتکێڤێت بنووسـە، نەورەس و سێ خوشک، زۆر دەمێکە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئەڵمانی "منـیش تەنهـا یەک کـۆپێکم بـۆ ئەمە وەرنەگرتـووە" بەڵام، کە خەریکی وەرگێڕانـی بـاخی گێلاسـن بۆ بەرلـین و نەمسا، هـیچ سەرکەوتنێکیان لێ چاوەڕوان ناکرێت، لەبەر ئەوەی لەوێ هیچ جـۆرە بلیاردێـک، هەروەهـا هـیچ جـۆرە نمـوونەیەکی وەک لەپـاخین و قوتـابییەک لە چەشـنی تـرەفیمەڤ، نیـیە.) چـێخەف خـــۆی بە نووســـەرێکی ڕووســـیی تەواو، کە گوزارشـــت لە ڕووســـیبوونی خـــۆی دەکـــات، دەزانـــی و بەرهەمەکـــانی، کە ڕووسین و بە زمانی ڕووسی نووسراون، تەنها ڕووسەکانیش لێـــی تێـــدەگەن. لەوانەیە ئەم بۆچـــوونەی چـــێخەف لەو ســـەرچاوەیەوە ســـەری هەڵگرتبێـت، کە چـێخەف هێـشتا، لەو ساتانەدا، بە تەواوی خۆی لەنێو دیدێکی گەورەتری ئەدەب و مێـــژووی کولتـــووری جیهانیـــدا نەدەبینیـــیەوە، هاوکـــات

نەگەیشتبووە خاڵی کۆتایی، بەڵکو تا ئەو ساتەی چاوی لێکناوە، لە نووسین بەردەوام بوون، چێخەف زۆر نزیک بووە لەو زەمەنەوەی تیای دەنووسی، کۆمەڵگەی ڕووسی و ئەو مرۆڤانەی ئەو بەرجەستەی دەکردن، نزیک بوون لە خۆی و لەو واقیعەوە ئەو تیای دەژیا.

مەکسیم گورکی، بە پێچەوانەی چێخەف-ەوە، بەر لە چێخەف بە دەقە شانۆییەکانی ناوبانگی جیهانی، بەتایبەتی لە ئەورووپا بەدەست دەهێنێت، بۆ نموونە ساڵی ١٩٠٣، کە لە ئەڵمانیا بۆ یەکەم جار نمایش دەکرێت، دەبێتە ناوێکی گەورە و لە هەموو شانۆنامەنووسێکی تر زیاتر بەرهەمەکانی لەسەر شانۆکانی ئەڵمانیا نمایش دەکرێن. تەنها لە یەک ساڵدا، شانۆنامەی (چڵپاو) لەسەر زیاتر لە چلوپێنج شانۆی ئەڵمانی نمایش دەکرێت، بەڵام هەر زوویش لە بیر دەچێتەوە. لەدوای جەنگی دووهەمی جیهانەوە، چێخەف نەک هەر تەنها گۆرکی، بەڵکو ئیبسن و ستریندبێرگ-یش دەخاتە لاوە.

(٨)

ئێمە ئێستا دوای زیاتر لە سەد ساڵ بەسەر مردنی چێخەف-دا، دەتوانین چێخەف لە دەرەوەی واقیعی ڕووسی و ئەو کۆمەڵگەیەوە ببینین، کە ئەو بۆی دەنووسی. گەرچی چێخەف بە بەردەوامی ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد، کە کاری هونەرمەند لەوەدا دەبینێتەوە (بەو شێوەیە گوزارشت لە ژیان بکرێت، وەک ئەوەی لە واقیعدا هەیە) بێگومان ئەوەیشی دووپات دەکردەوە، کە گوزارشتێکی فۆتۆگرافیئاسا نا، بەڵکو بەرجەستەکردن و گوزارشتێکی هونەرییانە. ئەم دید و هزرە هونەرییە بۆ چێخەف لە یاسایەکی ئۆبێکتیڤ و سەربەستییەکی

تەواو و ئـازاد لە هەمـوو جـۆرە دیـن، فەلـسەفەی میتافیزیـک، یـاخود سیـستێمێکی ئایدیۆلۆژیـدا چـڕ دەبێـتەوە و بەرجەسـتە دەبێـت. ئەوەی بـۆ چـێخەف، مـرۆڤ و نووسـەر، گرنـگ و پێویـست بـووە، هەسـتێکی پـڕ لە ئـازاد بـووە. چـێخەف لە ئەزمـوونی ژیـانی خـۆیەوە، بەو سەربەسـتییەی ئەو باسـی دەکـرد، لە دەرەوەی بنەمـا فەلـسەفی و دیـن و میتافیزیـک و ئایـدۆلۆژیا سیاسـییەکانەوە، وێنـای ڕووسـیایەکی کێشاوە، کە وەک وێـنەی ڕەنگاوڕەنـگ لە چیـرۆک و دەقە شـانۆییەکانیدا ڕەنگیـان داوەتەوە. چـێخەف گوتـوویەتی: (مـن نە لیبـرالم، نە کۆنەپـارێز و نە ڕیفۆرمخـواز، نە ڕاهیـبم و نە نەهلیـستی، مـن تەنهـا دەمەوێـت هونەرمەنـدێکی ئـازاد بـم-ئەوە و هیچـی دی-بەداخەوەم یەزدان توانـای ئەوەی پـێ نەبەخـشیوم بـبم بەو هونەرمەنـدە). پاڵەوانەکـانی لە خەونەکانیانـدا، لە پێوەنـدییە خۆشەویستییەکانیاندا، لە خەم و شادییەکانیاندا، یارمەتیی ئێمە دەدەن، کە لە خۆمان و لە سەردەمەکەیشمان بگەین).

چـێخەف نـزیکە لە ئەزمـوونی ژیـانی ئـێمەوە، هەمـوو ڕۆژێکیش، کە لە واقیعدا دەژیین و هەوڵـی ڕاکردن لەو واقیعە بۆ ناو دین، فەلسەفە، سیاسەت یان هەر شتێکی تر لەو جۆرە بیرکردنەوانە نادەین، خۆمان لە چێخەف-دا دەبینینەوە. فۆرمە ساکارەکەی، ئەو ژیانە ڕۆژانە زیندووە، کە لیریکێکی قووڵ و هونەری ئەتمۆسفێر ئاوێزانی بووە، هەروەها کارەکتەرەکانی، کە کەسانی ئاسایی بوون و بە زمانێکی ساکار سەبارەت بە شـتی سـاکار لە ژیـانی ڕۆژانەدا قـسە دەکەن و بە هەمـوو سـاکاری و ئاڵۆزییەکـانیەوە دەبـن بە بەشـێک لە ژیـانی ئـێمە. چێخەف وەک کیمیاگەرێک کـاری کـردووە، وەک کیمیاگەرێک بـابەتی بـووە، لایەنە بـاش و خراپەکـانی کـۆمەڵگەی دیـوە و

خستوونیەتە ڕوو، لەم ڕووەوە دەڵێت: (بۆ کەسێکی کیمیاگەر شتی پیس لەسەر زەویدا نییە، نووسەریش لەسەریەتی وەک کیمیاگەر بابەتی بێت، خۆی لە زاتییەتی ئاسایی ڕزگار بکات. ئەوەیش بزانێت، کە پیسی و پاشەڕۆ لەسەر زەویدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە. دەبێت ئەوەیش بزانێت، کە لە ژیاندا وەک چۆن شەیدابوونی باش هەیە، شەیدابوونی خراپیش هەیە).




چێخەف لە دیدەنی تۆڵستۆیدا

(٩)

دەقەکانی چێخەف لەگەڵ هەموو نمایشێکی نوێدا، وەکو ئەوە وایە، کە سەرلەنوێ بنووسرێنەوە، ئەم ئەفسوونەیش ئەو تازەبوونەوە بەردەوامەی بە چێخەف بەخشیوە، کە لەگەڵ هەموو سەردەمێکدا خۆی دەگونجێنێت و لەدایک دەبێتەوە. دەتوانین لە دەقەکانی ئەم نووسەرەدا، لەسەر شانۆکانی دونیاوە گەرمی، ساردی، نزیکبوونەوە، دوورکەوتنەوە، هەست و هۆش، ڕاڤەیەکی کردەیی، ئەو خەندە قووڵەی، وەک توێژاڵێکی قوورس، گران و هەندێک جار تەنک، هەستی مرۆڤایەتی داگیر دەکات، ئەو دیدە هەمیشە دیالێکتیکییەی مرۆڤایەتی بۆ خودی بوون هەیەتی، بە بەرجەستەکراوی ببینین. ئەمانە هەندێکن لەو ئاماژانەی، کە چێخەف نووسەرێکی گەورەیە، نووسەری گەورەیش هەرگیز خوێندنەوەیەکی کۆتایی بۆ ناکرێت، بەڵکو دەبێت هەمیشە بە شێوازێکی نوێ بخوێندرێتەوە.

چێخەف یەکێکە لەو شانۆنامەنووسانەی، کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دونیا و کاتە جیاوازەکاندا، توانیویەتی بەرگی نوێ بپۆشێت و بە هەوای زەمەنە تازەکان هەناسە بدات: چێخەف بە تەکنیک و مێتودی برێشت نمایشکراوە، لە بێکێت نزیک بووەتەوە و لە دید و فۆرمە بێکێتییەکانەوە خوێندنەوەی بۆ کراوە، کە شانۆ لەنێو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا گەشەی کردووە، چێخەفێکی کۆمەڵایەتی دۆزراوەتەوە، کە پرسە خودگەراییەکان بوونە وزەیەکی گەورە بۆ شانۆ مۆدێرنەکان، لە چێخەف-دا بنەما قووڵ و ڕەوشە ئێگزستێنتیالیسزمەکان و مرۆڤی خودگەرادا دۆزرایەوە. هەر لە سەرەتای سییەکاندا

ڕەخنەگرە ڕووسەکان چێخەف-یان بە ئیمپرۆشونیشت ناوزەد دەکرد، لەم ڕووەوە باسی ئەوەیان دەکرد، کە چۆن چێخەف ژیـــانە ڕۆژانە ڕیـــالیزمییەکەی، وەک جۆرێـــک لە گەشـــەی ڕیالیزمێکی دیالێکتیکی بەکارهێناوە، بەتایبەتی لە بەکارهێنانی لێکچوون و میتافۆرەکاندا.

ئەم هۆکارگەلانە وا دەکەن، کە چێخەف هەمیشە نزیک بێت لە مرۆڤەوە. لەم سەردەمەمانەوە، کلاسیک، هاوکات مۆدێرن و بە هەمان شێوە بۆ نەوەکانی دوای خۆیشمان مۆدێرن و تازە بێت. ئەو دونیایەی چێخەف دروستی کردووە، نزیکە لێمانەوە، شـــارەزای وردەکارییەکـــانین و هەســـت بە کارەکتەرەکـــانی دەکەیـن. چـێخەف چڕکـردنەوەی دونیـای ئـێمەیە، هەر لەبەر ئەوەیش گرنگە بۆ ئێمە.

لە کۆتـایی ئەم بەشەیـشدا دەکرێـت، دووپـاتی گـوتەیەکی ستانیسلاڤسکی بکەینەوە، کە دەڵێت: (چێخەف هێشتا کۆتـایی نەهـــاتووە، هەروەهـــا وەک پێویـــستیش نەخوێنـــدراوەتەوە، خۆیشی زوو، بەرلەوەی بە گەوهەری شتەکاندا قووڵ ببێتەوە، قەڵەمەکەی دانا و کتێبەکەی داخست، با سەرلەنوێ کتێبەکەی هەڵبدەینەوە، ڕاڤە بکرێت و تاهەتایە بخوێندرێتەوە).

# پاشکۆکان

## دوای سەد ساڵ، گەشتێك بۆ لای چێخەف



یکەرێکی خانم و سەگەکەی لە شاری یاڵتا

سەد ساڵ لەمەوبەر و لەڕێکەوتی یازدەی تەمموزی ساڵی ١٩٠٤دا نووسەری گەورەی ڕووسی، چێخەف جانتاکەی دەپێچێتەوە و بەیانی زوو لەگەڵ هاوسەرەکەی، هونەرمەندی شانۆیی "ئۆلگا کنیپەر" بەرەو ناوچەی "شوارزوڵد" لە شاری بادینڤێیلەری ئەڵمانی بەڕێ دەکەون. ئەم گەشتەیش دوا گەشتی چێخەف دەبێت و هەرگیز جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ یاڵتا و ماڵەکەی خۆی.<١>

ئانتۆن پاڤلۆڤیچ چێخەف ١٨٦٠-١٩٠٤ تەمەنی زۆر کورت بوو. ئەم نووسەرە گەورەیە هەر لەهەرەتی لاوێتییەوە دووچاری نەخۆشیی سیل دەبێت، لەبەر ئەو هۆکارەیش لەشاری یاڵتا و لە نیمچەدوورگەی کریم، بە ناچاری ژیان دەباتە سەر.

شاری یاڵتا بە لای چێخەفەوە تاراوگەیەکی تاڵ و دوور و گران بووە، بەڵام چاری نەبووە، ئاووهەوای ئەم شارە تاکەڕێگەی هەناسەدانێکی پاک و بەردەوامی ژیان بووە بۆ

ئەو. چێخەف بەهیوای ئەوەبووە، کە لە یاڵتا تەندروستیی باش ببێت و هێدی هێدی بەرەو چاکبوونەوە بڕوات. لە ڕاستیدا چێخەف دەیویست لەشاری مۆسکۆی پایتەخت و لەگەڵ ئۆلگا کنیپەری هاوسەریدا بژی، بێگومان مۆسکۆ سەنتەرێکی گەورەی ڕۆشنبیری و چالاکیی شانۆیی و ژیانی بەزموڕەزمی شەوان بووە. چێخەف هەمیشە وەک کارەکتەرەکانی شانۆنامەی "سێ خوشک" خەونی بەمۆسکۆوە دەبینی.<٢> هەر لەم سەردەمەدا شانۆی هونەری مۆسکۆ، بەردەوام شانۆنامەکانی چێخەف-یان پێشکەش دەکرد و ئۆلگا کنیپەریش ئەکتەرێکی سەرەکیی ئەو نمایشە گرنگانە دەبوو. بە پێچەوانەیشەوە یاڵتا بەندیخانە و ژیانێکی تەنیایی بووە بۆ چێخەف، لەزۆربەی نامەکانیشیدا بۆ ئۆلگا کنیپەر، ئاماژەی بە دڵتەنگی و هەستکردن بەتەنیایی خۆی، لەم شارەدا کردووە.<٣>

ئەمڕۆ دوای سەد ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئەم نووسەرە گەورەیەدا، شاری یاڵتا بووەتە شارێکی ڕازاوەی گەشتوگوزار و ئاهەنگی یادی چێخەف-یش دەگێڕێت.

### یادی سەد ساڵەی کۆچی چێخەف

لەمانگی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٥دا بەشداریی هەفتەیەکی ڕۆشنبیریم لەشاری یاڵتا کرد، کە پێکهاتبوو لەسیمینار، نمایشکردنی شانۆنامەکانی چێخەف، وۆرکشۆپ، پیشاندانی فیلمی دۆکیومێنتاری و بەفیلمکردنی شاکارەکانی، بەتایبەتیش چیرۆکی "خانم و سەگەکەی".<٤>

شارەوانیی شاری یاڵتا بەبۆنەی سەد ساڵ بەسەر کۆچکردنی چێخەفدا، گەورەترین فێستیڤاڵ و ئاهەنگ دەگێڕن،

ماڵەکەی چێخەف-یش، کە ئێستا مۆزەخانەیە، لەسەنتەری ئەم چالاکییانەدا دەبێت. ئەم مۆزەخانەیەیش ڕوویەکی کولتووری و گەشتوگوزاری شاری یاڵتایە و ساڵانە بەهەزارەها کەس لە هەموو جیهانەوە ڕووی تێدەکەن. زۆربەی چالاکی و سیمینارەکانی ئەم هەفتەیە، خوێندنەوەیەکی نوێ و جیاوازی ژیانی چێخەف بوو لەشاری یاڵتا، هەروەها شانۆنامەی "سێ خوشک" و "باخی گێلاس"یش لەسەر شانۆکانی ئەم شارە و لە لایەن تیپی جیاوازی ڕووسی و وڵاتانی تری بیانییەوە، پێشکەش دەکرێت.

### یاڵتا و چێخەف

چێخەف بەرلەوەی بە تەواوی لەیاڵتا و نیمچەدوورگەی کریم جێگیر بێت، هەمیشە ڕووی کردووەتە ئەم شارە و لەهۆتێل و ژووری کرێگرتەدا ژیاوە. دوای ئەوەی پزیشکەکان ئاگاداری دەکەنەوە، کە لەبری مۆسکۆ، لەشوێنێکی تری لەبار بژی، شوێنێک ئاووهەواکەی گەرمتر و خۆشتر بێت. ئەم ڕێنماییەی پزیشکەکان، چێخەف لە مۆسکۆ دەگوێزێتەوە بۆ یاڵتا. سەرەتا پارچەزەوییەک دەکڕێ و خانوویەکی گەورەی لەسەر دروست دەکات، خانووەکە لەسەرەتای ساڵی ١٨٩٩دا تەواو دەبێت و دواتر هەموو ژیانی تێدا دەباتەسەر.<٥>

شاری یاڵتا بۆ چێخەف زیاتر لەدوای ناسینی ئۆلگا کنیپەرەوە دەبێتە سیبریا و دۆزەخ و دوورگەیەکی بێسنووری تەنیایی.<٦> چێخەف بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٨٩٨دا، لە کاتی یەکێک لەپرۆڤەکانی شانۆنامەی "نەورەس"دا لەشانۆی هونەری مۆسکۆ، ئۆلگا کنیپەر دەبینێت. لەو دەمەدا ئۆلگا کنیپەر، کیژە ئەکتەرێکی گەنج و تازە پێگەیشتوو، بەڵام بە


پێچەوانەوەچێخەف، وەک نووسەرێک ناوێکی گەورە و دیاری ئەدەبی ئەو دەمەی ڕووسیا دەبێت. چێخەف هەر لەدوای ئەو چەند سەعاتەوە عاشقی ئەو کیژە گەنجە دەبێت، کە بۆ ڕۆژی دواییش دەگەڕێتەوە بۆ یالْتا، چیتر جێگەبە خۆی ناگرێت.

لەو سەردەمەدا، زۆربەی ئەو کەسانەی نەخۆشیی سیلیان بووە، هاتوونەتە ئەم شارە، هەوایەکی پاکی سەر دەریای ڕەش و ئاووهەوای ناوچەکە زۆر لەبار بووە بۆ ئەو نەخۆشانە، هەروەها نەخۆشەکانیش لەو بڕوایەدا بوون، کە لەشاری یالْتا چاک دەبنەوە.

## خانووەسپییەکە

چێخەف لەو ڕۆژگارەدا بە شێوازێکی مۆدێرن خانووەکەی دروست دەکات، پەنجەرەی گەورە و بازنەیی ڕووکارەکانی دەرەوەی داگیر دەکات، خودی خانووەکەیش دوو نهۆم و نۆ ژوور لەخۆ دەگرێت: نهۆمی یەکەم ژووری نووستنەکەی، ژووری کار و نووسین، هەیوانێکی بەرزی شووشەبەندی گەورە، ژوورێکی میوان و ژوورێکیش بۆ دایکی. لەنهۆمی ئەرزییشدا، ژوورێک بۆ ئۆلگا کنیپەر، ژوورێکی میوانی تایبەت بە خۆی، بۆ نموونە لەم ژوورەدا میوانداریی مەکسیم گۆرکیی کردووە، ژوورێک بۆکەسوکار، بۆ نموونە ماریای خوشکی و میخایلی برای. هەروەها لەم نهۆمەیشدا ژوورێکی گەورەی چا خواردنەوە هەیە. ئەم خانووەگەورەیە بە باخچەیەکی ئێجگار بەرفراوان چواردەوری گیراوە و ئەرکی دروستکردن و دارایی و ڕاگرتنی بۆ چێخەف ئێجگار گران دەبێت، لەبەر ئەوە ناچار دەبێت مافی لەچاپدانەوە و نووسینەکانی بفرۆشێت، تا دارایی تەواوکردن و بەڕێوەبردنی خانووەکەی دابین بکات. ئەم خانووە گەورەیە لەو

سەردەمەدا و ئێستایش هەر بە"خانووەسپییەکە" بەناوبانگە و لەسەردەمی دروستکردنیدا زۆر جیاواز و مۆدێرن بووە.



سەرمێزەکەی چێخەف لە هاوینەهەواری گۆرزۆڤ

**سەردانی ماڵی چێخەف**

سەر لە بەیانییەکی ناوەڕاستی مانگی تەمموز، لە ناوجەرگەی شاری یاڵتاوە، من و لیسای هاوڕێم بەپێ بە شەقامی "کیرۆڤدا"دا سەرکەوتین، ماڵەکەی چێخەف دەکەوێتە ژمارە١١٢ی ئەم شەقامەوە112 ,YI, Kupoba خودی ناوچەکەیش دەکەوێتە بەشە کۆنەکەی شاری یاڵتاوە.<٧> لە ڕێگە هەندێک جار پرسیارمان لە داپیرەیەک، یان پیاوێکی بەتەمەن دەکرد،ئەوانیش بە زەردەخەنە و بەڕوویەکی خۆشەوە زیاتر ڕەوانەی بەرەوژوورتریان دەکردین. کە دەشگەینە بەر دەرگاکە، بە شێوازی جاران و هەر وەک سەردەمی چێخەف، لەسەردەرگاکە ناوی تەواو و ناونیشانی ئەنتوان پاڤلۆڤیچ چێخەف، بە دیوارەکەوە داکوتراوە.

دایـەگـەورەیـەکـی سـەرسـپی لـەنـاو دەرگاکـەی بـەشـی خـوارەوەی خـانووەکـەدا، بـەدەنگمانـەوە دێـت و بـە فـەرمـوو فـەرمـوو دەمانبـاتە ژوورەوە. خانووبـەرەیـەکـی ڕازاوە، پـاک و خـاوێن و هـەمـوو کـەلوپـەل و شـتـەکـانی نـاو خـانووەکـەی سـەردەمـی چێخـەف-ەو هـیچ دەسـکارییەک نـەکـراوە، چێخـەف خـۆی چـۆن لـەسـاڵی ١٩٠٤دا بـۆ دواجـار خـانووەکـەی بەجـی هێشتووە، هەر وەکو خۆی ماوە و پارێزگاری کراوە.<٨>

خانووبــەرەکــە ئێجگــار دڵگیــرە، لــەگــەڵ ئــەوەیــشدا چێخەفهەستی بە نائارامی کردووە، بەردەوام لەنامـەکانیدا بۆ ئۆلگا کنیپەر باسی ئەوە دەکات، یادی مۆسکۆ و شەقامـەکانی، ژیانی ڕۆشـنبیری و شـانۆکانی دەکـات. چێخـەف لـە نامـەکانیدا داوا لەئۆلگا کنیپـەر دەکـات، کـە زۆر بـەوردی و دوورودرێژی باسی هەموو شتێکی بۆ بکات: هەر لەڕۆژانی مەشق، شـەوانی نمایـشەکـان و خوێندنـەوەکـانی ستانیسلاڤـسکی-یـەوە، بـۆ شانۆنامەکانی تا دەگاتە هەموو وردەکارییەکانی ژیـانی خـۆی. هــەروەهــا چـێخەف پێـوەندییـەکـی تونـدوتۆڵی بـەدایکـی و خوشکەکەیەوەهەبووە، بەردەوام سەردانیان کردووە و نامەیان بـۆ نووسـیوە، هــەر لــەبــەر ئــەوەیــش بـووە،چ دایکـی و چ خوشکەکەی، یەکی ژوورێکی تایبـەت بـەخۆیان لـەو خـانووەدا هەبووە.

چێخـــەف جگـــە لـــە نووســـین، کـــاتێکی زۆری بـــە ســـەرپـــەرشـــتیکردن، چانـــدن و ئـــاودانی باخچـــەکـــەیـــەوە بەسەربردووە، تا ئێستایش بە چواردەوری دیوارەکانی ناوەوە و دەرەوەی خانووەکەیدا بەهەزارەها گوڵی جوانی جۆراوجۆر دەگەشێنەوە. دارهەنجیر، گێلاس و سنەوبەر بە هەموو لایەکدا بـەرزبوونـەتـەوە و سـنوورێکی سـەوز و ڕازاوەیـان بـە

چواردەوری ئەو باخچە گەورەیەدا پێک هێناوە. دارەکان وەک چەترێکی گەورەسێبەرێکی فێنکیان بەسەر پانتایی و ڕووبەری باخچەکەدا دروست کردووە. لێرە و لەوێ لە سووچ و ژێر سێبەری دارەکاندا، کورسییە تەختەکانی چێخەف تا ئێستا وەک خۆیان ماونەتەوە، لە یەکێک لە سووچەکاندا، یەکێک لە کورسییە تەختەکانی چێخەف کە بەردەوام لەسەری دانیشتووە، وەک خۆی ماوە. لەسەر ئەم کورسییە دەستی لەناو دەستی ئۆلگا کنیپەردا بووە، هەر لەسەر ئەم کورسییەیش لەگەڵ مەکسیم گۆرکیی هاوڕێی دانیشتووە و گفتوگۆیان لە بارەی ئەدەب و ژیانەوە کردووە. چێخەف لەزۆر نامەیدا باسی باخچەکەی‌دەکات و لەیەکێک لەو نامانەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کەهێندە سەرقاڵی باخچەکەیەتی، خەریکە لەبری نووسەر، دەبێتە باخەوان.



چێخەف و ئۆڵگا کنیپەر

چێخـەف جگـە لـە باخچـەکـەی، ئێـوارانیش بـەنێو شـار، سـەرشـەقـام و کەنـاری دەریـای ڕەشـدا پیاسـەی کـردووە، لەیەکێک لەپیاسەکانی ئەو ئێوارانەیدا بیرۆکەی چیرۆکی "خـانم و سەگەکەی"ی لا دروسـت دەبێت.<٩> شـوێنی ڕووداوەکانی چیرۆکـەکـەیـش شـاری یاڵتـا و ڕۆخـی دەریـای ڕەشـە، ئێستا بـەیـادی چێخـەف-ەوە، ڕۆژانـە هـەزارەهـا کـەس لـەمـسەری شەقامەکەوەدەچن بۆ ئەوسەری، هەروەها بۆ ڕێزلێنان و یادی چێخەف-یش پەیکەرێکی قەشەنگی "خانم و سەگەکەی"یان لەگەڵ چێخەف پێکەوە لە ناوجەرگەی شاردا داناوە. لەکۆتایی سـەدەی نۆزدەدا، یاڵتـا بـە هـۆی ئاووهـەوا سـازگارەکـەیـەوە، بایەخێکی زۆر پەیدا دەکات و دەوڵەمەندەکان بۆ گـەشـتوگوزار ڕووی تێدەکەن.

هـەروەهـا دوای ئـەوەی "نیکـۆلای دووەم"ی ڕووسـیای قەیسەر لەساڵی ١٩١١دا کۆشکێکی گەورەی هاوینەی بۆ خۆی و خێزانەکەی بە ناوی "لیڤادیا"وە لەدەوروبەری شـاری یاڵتا دروست دەکات، هێندەی تر نـاو و ناوبانگی ئەم شـارە بەنـاو هەموو ڕووسیادا بڵاو دەبێتەوە. هاوکات زۆربەی نووسـەر و هونەرمەندەکانی ڕووسیایش، هـەر لـەم سـەردەمـەدا، بـەردەوام سـەردانـی ئـەو شـارەیـان کـردووە و هەنـدێکیان تیایدا جێگیـر بوون.<١٠>

### شانۆی هونەری مۆسکۆ لەیاڵتا

لە پاییزی ساڵی ١٩٩٠دا ستانیسلاڤسکی و شانۆی هونەری مۆسکۆ، لە گەشتێکی هونەرییاندا سەردانی شاری یاڵتا دەکەن و هـەردوو شـانۆنامەی "خـاڵە ڤانیـا" و "نەورەس" پێـشکەش دەکـەن. دوای دوا نمایـشی ئـەو وەرزەی هونـەری مۆسـکۆ

لەیاڵتا، ستانیسلاڤسکی ئاهەنگێکی گەورە بۆ ڕێزلێنان لە چێخەفدەگرێت، هەروەها تێکڕای گرووپەکە بۆ ماوەی هەفتەیەک لەماڵی چێخەف دەمێننەوە. دوای ئەو ڕووداوە هونەرییە، هەموو ساڵێک لەپایزدا ئەکتەرەکانی شانۆی هونەری مۆسکۆ، سەردانی یاڵتایان کردووە، لەم سەردانانەدا شانۆنامەکانی چێخەف و سیمینار و کۆڕ و گفتوگۆیان گێڕاوە.<١١>

چێخەف هەمیشە میوانی هاتووە، لەوەخت و ناوەختدا لەدەرگای ماڵەکەی دراوە، زۆر لە کەسایەتییە کولتوورییەکانی ئەو سەردەمە، بۆ نموونە مەکسیم گۆرکی، ئیڤان بیونی، سیرگێی ڕەحمانۆڤ... هتد سەردانیان کردووە، ئەمە جگە لەکۆمەڵێ "میوانی ناوەخت"ی تر.

چێخەف لە بەشێک لەنامەکانیدا ناڕەحەتیی خۆی بۆ ئۆلگا کنیپەر دەربڕیوە، کە هێندە میوانی زۆرە ناتوانێت کار بکات. چێخەف لەسەردەمی خۆشیدا، وەک نووسەرێکی گەورە ومەزن ناوبانگی هەموو ڕووسیای گرتبووەوە، لەبەر ئەوە زۆر جار خەڵکی لە چواردەوری ماڵەکەی کۆبوونەتەوە، بۆ ئەوەی بیبینن، لەئەنجامدا ناچار دەبێت خانوویەکی تری بچووک لەدەرەوەی شاری یاڵتاوە بکڕێت.<١٢>

لەم خانووەیدا بەبێ ئەوەی کەس هەراسانی بکات، شاکارەکانی نووسیون، هەروەها بەشێکی زۆری نەخۆشە سیلاوییەکان دەرگایان بە چێخەف گرتووە تا چارەسەریان بکات،هەندێک لەو نەخۆشانە زۆر هەژار بوون و چێخەف هەستی بەپەژارە و نەهامەتییەکی زۆر کردووە و بەهەموو شێوەیەکهەوڵی داوە یارمەتییان بدات، بۆ نموونە لەنێو هاوڕێکانیداهەوڵی پارە کۆکردنەوەی بۆیان داوە، لە

ڕۆژنامەکاندا ڕاستەوخۆ لەبارەیانەوە نووسیویەتی و ڕەوشە دژوارەکەیانی بۆ خەڵکی و دەزگاکانی دەوڵەت ڕوون کردووەتەوە.<١٣>

چێخەف هەرچەندە خۆی پزیشک بووە، بەڵام هەرگیز ددانی بەوەدا نەناوە، کە خۆیشی زۆر بەتوندی نەخۆشیی سیلی هەیە و پێویستی بەچارەسەرکردنە. هەر لەم قۆناغەدانەخۆشی، ڕاستەوخۆ تەنگ بە چێخەف هەڵدەچنێت، بەردەوام تای لێ هاتووە، کە کۆکیوە خوێنی فڕێ داوە و هەندێک جار بە تەواوی بێهیوا بووە، بەڵام لەگەڵ هەموو نەخۆشی وهەستکردن بەتەنیایی و دووری لە ئۆلگا کنیپەر و مۆسکۆ و شانۆکانەوە، بەشێکی زۆری لە بەرهەمە گەورەکانی، چ لەبواری چیرۆک یان شانۆ، لەیاڵتا و نیمچەدوورگەی کریم نووسیوە. سەردەمی یاڵتا بۆ چێخەف کاتێکی زۆر دەوڵەمەند و پڕ لەبەرهەم دەبێت، جگە لە چیرۆکی "خانم و سەگەکەی" ١٨٩٩، هەر بۆ نموونە شانۆنامەی "سێ خوشک" ١٩٠٠ و "باخی گێلاس" ١٩٠٣ی لەیاڵتا نووسیون.

بەر لەسەد ساڵ، هاوینی ساڵی ١٩٠٤ چێخەف دەرگایماڵەکەی دادەخات و لەگەڵ ئۆلگا کنیپەری هاوڕێ و دۆست و خێزان، بەرەو ئەڵمانیا دەکەونەڕێ.

هۆکاری ئەو گەشتە و بەتایبەتیش بۆ ناوچەی "شوارزواڵد"، بۆ چارەسەرکردن بووە، بەڵام چێخەف هەرگیز جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ یاڵتا و لەپازدەی تەمموزدا، لەوێ کۆچی دوایی دەکات.

ئۆلگا کنیپەر لە بیرەوەرییەکانیدا بەم شێوەیە ساتەکانیمەرگی چێخەف دەگێڕێتەوە: "سەعات یەکی شەو چێخەف لەخەو هەستا، باری دەروونی و تەندروستیی باش

نـەبـوو، هـەناسـەی بـۆ نـەدەدرا. دوای سـەعاتێـک، پزیـشکێک گەیشتە جێ. ئەنتوان هەستایەسەر پێ و بەپشتێکی ڕێک و دەنگێکی بـەرز و ڕوون و ئاشـکرا، بـەزمـانی ئـەڵمـانی گـوتی: (هەرچەندە ئەنتوان زمانی ئەڵمانیی باش نەدەزانی) شـەمپانیام دەوێت. پزیشکەکە فەرمانی پێ دام شەمپانیای بۆ بێنم. ئەنتوان پەرداخەکەی لێ وەرگرتم، بە باشی تێیڕوانی، بەڕوویەکی پڕ لەزەردەخەنەوەڕووی تێکردم و گوتی: "زۆر لەمێژە شەمپانیام نەخواردووەتەوە." پەرداخە شـەمپانیاکەی خـواردەوە، بەبێ جووڵە و بەسەر لای چەپیدا ڕاکشا و من بە تەواوی فریای ئەوە نـەکـەوتـم ڕابـکەمە لایـەوە، خـۆم بـەسـەر جێگـەکـەیـدا شـۆڕکردەوە و هـاوارم لـێ کـرد، بـەڵام ئـەو چیتـر هـەناسـەی نەدەدا و هەر وەک منداڵێک خەوی لێکەوت."

**پەراوێزەکان:**

١- یالْتا یەکێکە لە شارە گرنگ و ڕازاوەکانی نیمچەدوورگەی "کریم" و دەکەوێتە سەر دەریای ڕەش. ئەم شارە لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا بەهەشت و جێگەی گەشتوگوزار و حەوانەی ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی دەسەڵاتداری ئەوکاتە و خێزانەکانیان بووە. دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەتیش،دەرگاکانی ئەم شارە بۆ خەڵکی ڕووسیا و جیهانیش دەکرێتەوە. شاری یالْتا و نیمچەدوورگەی کریم ئێستا دەکەوێتە وڵاتی ئۆکرایناوە و نزیکەی سەد هەزار کەسی تێدا دەژی.

٢- هەر سێ کارەکتەرە سەرەکییەکەی شانۆنامەی "سێ خوشک" ئۆلگا، ماشا و ئیرینا لە شارێکی بچووکی دوورەدەستی ڕووسیادا دەژین، بەڵام هەمیشە خەون بە مۆسکۆوە دەبینن و بەو هیوایەن ڕۆژێک لەڕۆژان بگەڕێنەوە بۆ مۆسکۆ.

٣- چێخەف و ئۆلگا کنیپەر لەماوەی پێنج ساڵدا، بەردەوام ڕۆژانە نامەیان بۆ یەک نووسیوە، نامەکانیش گفتوگۆیەکی قووڵی ژیانی ڕۆژانە، بە هەموو وردەکارییەکیەوە، بە هەموو ساکارییەکیەوە، بە هەموو دژوارییەکەوە، دەگرێتە خۆ. کۆی ئەم نامانە و لەبەرگێکی گەورەی تایبەتدا و بەناوی "خۆشت بوێم و بنووسە!" _ نامەگۆڕینەوەی نێوان ئانتوان چێخۆف و ئۆلگا کنیپەر ١٨٩٩-١٩٠٤دا بەزمانی سویدی و ساڵی ١٩٩٩ بڵاو کراوەتەوە.

٤-ساڵی ١٩٧٩ "جەلال تەقی" چیرۆکی "خانم و سەگەکەی" و چەند کورتەچیرۆکێکی تری چێخەفی لە ڕووسییەوە کردووە بەکوردی و لەچاپخانەی ڕاپەڕین لەسلێمانی چاپ کراوە.

٥-ساڵی ١٨٩٩، کە چێخەف خانووەکەی تەواو دەبێت ودەچێتە ناوی، لە هەمان ساڵدا یادی لەدایکبوونی سەد ساڵەی

(پۆشکین) دەبێت، چێخەف بۆ ڕێزلێنان لەو شاعیرە گەورەیە، سەد گوڵەباخ لە باخچەکەیدا دەڕوێنێت.

٦- هەرچەندە چێخەف دڵی بە یاڵتا نەکراوەتەوە ونەیویستووە لەم شارەدا بژی، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هاریکارییەکی بەرچاوی هەبووە لەژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی ئەم شارەدا، بۆ نموونە پشتگیریی دامەزراندن و کردنەوەی یەکەم قوتابخانەی ئامادەیی کچانی کردووە و کتێبخانەیەکی گشتیی بۆ شارەکە کردووەتەوە. ئێستا ئەو کتێبخانەیە بە ناوی چێخەف-ەوە ناونراوە.

٧- ناو و ناونیشانی شەقامەکەیە بەزمانی ڕووسی.

٨- دوای کۆچی دوایی چێخەف، خوشکەکەی بۆ ماوەی پەنجاوهەشت ساڵ لەو خانووەدا ژیاوە، هەر ئەویش دوای یەک ساڵ بەسەر مردنی چێخەفدا، خانووەکەی کردووە بە شوێنێکی گشتی و خەڵکی توانیویانە سەردانی بکەن. خوشکەکەی چێخەف ساڵی ١٩٥٧ مردووە و بۆ ماوەی سی ساڵ سەرپەرشتیی ئەو خانووە مۆزەخانەیەی کردووە، بەڵام دواتر دەوڵەت دەستی گرتووە بەسەر خانووەکەدا و کردوویەتییە مۆزەخانەیەکی گشتی.

٩- چیرۆکی خانم و سەگەکەی باسی (گێورۆڤ)ی نووسەر و خاتوو (ئاننا سەرگێڤنە) دەکات. گێورۆڤ تەمەنی مامناوەندییە و ژنی هێناوە، ئاننایش گەنجە، بەڵام شووی کردووە. ئەم دوانە بە ڕێکەوت لە ئێوارەیەکی هاویندا، لەشاری یاڵتا یەکتری دەبینن و پێوەندییەکی خۆشەویستی لەنێوانیاندا دروست دەبێت. خۆشەویستییەکەیان بێئەنجام و پڕ لەسەرئێشەیە، ئاننا سەرگێڤنەدەگەڕێتەوە بۆ لای مێردەکەی و گێورۆڤیش بۆ مۆسکۆ، بەڵام جاربەجار بەدزییەوە یەکتری دەبینن.

١٠- هەر لەم کۆشکەدا و لەنێوان ڕۆژانی ٤ بۆ ١٢ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٤٥دا، شرشلی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا،

ڕۆزفیڵدی سەرۆکی ئەمەریکا و ستالینی سەرکردەی یەکێتیی سۆڤێت، لەدوا ڕۆژەکانی جەنگی دووەمی جیهانی و کەوتنی هیتلەردا، ئەورووپا لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن و سەرلەنوێ نەخشەی جیهان دەکێشنەوە. ئەو ڕێککەتننامەیەیش لەمێژوودا بەڕیککەوتنی یاڵتا ناسراوە.

١١- لەم سەردەمەیشدا و وەک یادکردنەوەیەکی ئەو ڕووداوەهونەرییە، هەموو ساڵێک لەنێوان مانگی مارت و ئەپریلدا، لەشاری یاڵتا فێستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی بۆ چێخەف ساز دەکرێت.

١٢- چێخەف ساڵی ١٩٠٠ خانوویەکی بچووکی لە شارۆچکە و هاوینەهەواری "گۆرزۆڤ" کڕیوە. خانووەکە ئێستا بەپاپۆڕ و لەناوجەرگەی شاری یاڵتاوە یەک سەعات دەخایەنێت و بەسەر لوتکەی چیایەکەوەیە. دوای مردنی چێخەف، ئۆڵگا کنیپەر ئەم خانووە وەک جێگەی حەوانەوە و کاتبەسەربردنی هاوینان بۆ خۆی بەکار دەهێنێت. لەدوای مردنی ئۆڵگا کنیپەرەوە لەساڵی ١٩٥٩دا، ئەم خانووەیش بووە بە مۆزەخانەو هەموو ڕۆژێک لەسەعات نۆی بەیانییەوە تا حەوتی ئێوارە کراوەیە. لەبەر ئەوەی چێخەف شانۆنامەی "سێ خوشک"ی لەم خانووەدا نووسیوە، دیوارەکانی دەرەوەی هەیوانی ژوورەکەی چێخەف و مۆزەخانەکە بە ئەڤیش، وێنەی ستانیسلاڤسکی، ئەندامانی شانۆی هونەریی مۆسکۆ، وێنەی مایرهۆڵدێکی گەنج و دیمەنەکانی شانۆنامە و نمایشی "سێ خوشک" ڕازاوەتەوە.

١٣- چێخەف دوای دوو ساڵ هەوڵ و پارە کۆکردنەوە، توانیویەتی نەخۆشخانەیەکی تایبەتی و جێگەیەکی ڕازاوەی چارەسەرکردن بۆ ئەو نەخۆشە سیلاوییانەی لەوێ ژیاون، دروست بکات. هەرچەند خۆی زۆر نەخۆش بووە، بەڵام بۆ چارەسەرکردن لەم شوێنەدا نەماوەتەوە.

# خۆشت بوێم و بنووسە

## نامەی خۆشەویستیی نێوان
## ئەنتوان چێخەف و ئۆڵگا کنیپەر

بۆ یەکەم جار ئەنتوان چێخەف ١٨٦٠-١٩٠٤ و ئۆڵگا کنیپەر ١٨٦٨-١٩٥٩ نـوێ ی مـانگی نـوێی سـاڵی ١٨٩٨، لە یەکێـک لە پرۆڤەکانی شانۆنامەی (نەورەس) لە شانۆی هونەری مۆسکۆ، کە هێندە نەبوو دامەزرابوو، یەکتری دەبینن.

ئۆڵگا کنیپەر تەمەنی بیستونۆ ساڵ و لە سەرەتاکانی ژیانی هونەریدا، چێخەفیش تەمەنی سیوهەشت ساڵ و یەکێک لە نووسەرە گەورەکانی ئەو دەمەی ڕووسیا، دەبێت. چێخەف بەر لەوەی لە پانزەی هەمان مانگدا بەرەو یاڵتا سەفەر بکات، دوو پرۆڤەی نەورەس و پرۆڤەیەکی (تسار فیۆدۆر)ی تۆلستۆی-یش دەبینێت.

چێخەف لەبەر باری تەندروستیی بە زستانان لە یاڵتا دەژیا. لە نامەیەکیدا، کە مانگی دەی ساڵی ١٨٩٨ بۆ (سوڤۆرین)ی هاوڕێی نووسیوە، باسی ئەو بەرکەوتنە ڕاستەوخۆیەی لەگەڵ ئۆڵگا کنیپەر و ئەو شانۆ نوێیەی، چەند پرۆڤەیەکیان دەبینێت، دەکات. (بەر لەوەی لە مۆسکۆوە سەفەر بکەم، پرۆڤەیەکی فیۆدۆر ئیۆنۆڤیچ-م بینی، خۆشحاڵی کردم، بەو تۆنە زیرەکە سەرسام بووم، ئەوەی بینیم هونەرێکی ڕاستەقینە بوو، کە لەسەر شانۆکەوە زاخاوی مێشکی دەدامەوە، هەرچەندە هیچ بەهرەیەکی گەورەی ئەوتۆیش

لەسەر شانۆکە دەوریان نەدەبینی. ئیرینا (ئۆڵگا کنیپەر) بە بۆچوونی من زۆر جوان و بەشکۆ بوو؛ دەنگی، ڕەنگی، ڕۆحی، ڕاستگۆییە قووڵەکەی، کە وا دەکات پیاو تفی بۆ قووت نەدرێت. فیۆدۆر زۆر باش نەبوو، گودیونۆف و سیۆسکی باش بوون، پیرەمێرد نایاب بوو. ئیرینا لە هەموویان باشتر بوو. ئەگەر من لە مۆسکۆ بمایەتەوە، ئەوە عاشقی ئەم ئیرینایە دەبووم).

هەرچەندە چێخەف هەست بە ترپەی دڵی خۆی بۆ ئەرینا دەکات، بەڵام تا مانگی چواری ساڵی داهاتوو، چێخەف و ئۆڵگا کنیپەر ئەو بوارەیان بۆ نارەخسێتەوە یەکتری ببیننەوە، لەم ماوەیەیشدا، شانۆی هونەری مۆسکۆ، لە ١٧ی مانگی دوانزەی ساڵی ١٨٩٨دا، نەورەس بە سەرکەوتنێکی گەورەوە نمایش دەکەن. ستانیسلاڤسکی لە یاداشتەکانیدا (ژیانی هونەریم) سەبارەت بەم نمایشە دەڵێت: (شانۆ تازەکەمان لەدایک بوو. ئەم نمایشە بۆ چێخەف و مێژووی شانۆ مانایەکی تایبەتمەند لەخۆ دەگرێت، بەبێ ئەم سەرکەوتنە، بەبێ هیچ گومانێک دوو دەقەکەی تری چێخەف، سێ خوشک و باخی گێلاس بە هیچ شێوەیەک لەدایک نەدەبوون). بێگومان چێخەف-یش نەدەبووە ناوەندگەرایەکی هێندە گرنگی شانۆی هونەری مۆسکۆ و شانۆی هاوچەرخی جیهانیش.

ئۆڵگا کنیپەر لە خێزانێکی هونەرپەروەردا گەورە دەبێت، دایکی گۆرانیبێژ و مامۆستای دەنگ و گۆرانی بووە، براکەی مۆسیقاژەن و خۆیشی ئەکتەر. لە نمایشەکەی (نەورەس)دا لە شانۆی هونەری مۆسکۆ، ڕۆڵی ئەرکادینا دەبینێت، هەرچەندە ئەو زۆر گەنج بووە بۆ ئەو ڕۆڵە، بەڵام سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت. ئۆڵگا کنیپەر، دواتر لە هەموو دەقەکانی

تری چێخەف، کە لەسەر شانۆی هونەری مۆسکۆ نمایش کراون، ڕۆڵی سەرەکیی بینیوە.

چێخەف بە سەردانێکی چاوەڕواننەکراو دەگاتە مۆسکۆ، زیاتر لە ئۆلگا کنیپەر نزیک دەبێتەوە و لە سەرەتای مانگی پێنجیشدا، شانۆی هونەری مۆسکۆ، هەرچەندە ڕێپورتواری شانۆکەیان کۆتایی پێ هاتبوو، نەورەس بە تەنها بۆ چێخەف نمایش دەکەن. نمایشێکی تایبەتمەند، لەسەر شانۆیەکی ڕووت و بەبێ هیچ جۆرە کالوسێک، چێخەف زۆر لە نمایشەکە ڕازی نابێت، بەتایبەتییش لە ستانیسلاڤسکی لە ڕۆڵی (تریگۆرین) و ڕۆکسانۆڤا لە ڕۆڵی (نینا)دا نارازی دەبێت، هەر لەم سەردانەشیدا ئەو وێنە بەناوبانگە گیراوە، کە چێخەف لە ناوەڕاستی ئەکتەرەکانی نمایشی (نەورەس) دانیشتووە و دەقەکەیان بۆ دەخوێنێتەوە. دواتر ئۆلگا کنیپەر لە نامەیەکیدا دڵنەوایی چێخوف دەکات و بۆی دەنووسێت (دوێنێ "نەورەس"ی ئازیزمان خستە سەر شانۆ، بە خۆشحاڵییەوە نمایشمان کرد. شانۆکە پڕ بوو (...) نواندنەکان باش بوون، "ستانیسلاڤسکی" دەڵێت ڕۆڵی من هەرگیز وا چاک نەبووە، ئەو دیمەنەی کە "تریگۆرین"ی تیایە، ئێستا باشترە. لە یەکەم دیمەن زۆر ڕازی نیم. تووڕە دەبم و بە پەرۆشەوە جووڵەکانم بەجێ دێنم. نووسەری ئازیز لەم لایەنەوە دڵنیا بن، دەڵێن "رکسانڤا" زۆر باش بووە، شوێنی وەستانەکانی چاک ئەنجامداوە، بۆڵەی نەکردووە، "مایرهۆڵد" پێی گوتم تێکڕای بینەران بە حاڵەتێکی جیاجیاوە گوێیان لێ دەگرت. پەردەی سێیەم ئاسایی بینەرانی زۆر خەمبار کرد و پەردەی چوارەم زیاتر چێژی دانێ و وروووژاندنی).

له شانزەی مانگی شەش چێخەف یەکەم نامە بۆ ئۆڵگا کنیپەر دەنووسێت. نامەیەکی کورتی تەوسئامێز و پرسیاری ئەوە دەکات، کە ئۆڵگا (نووسەرەکەی) لە بیر چووەتەوە (نووسەر لە یاد کراوە، چەندە بێبەزەییت، چەند دڵڕەقیت، هەموو سڵاویان هەیە. ئێرە هیچ هەواڵی تازەی تیا نییە، لێرە هیچ مێشێک نافڕێت، هیچ، تەنانەت جوانەگایش گاز ناگرێت)، ڕۆژی دوایی نامەیەکی تر دەنووسێت و لەو تۆنە گاڵتەئامێز و تەوسائاسایەوە دووردەکەوێتەوە و بۆ یەکەم جار دەنووسێت: (من ئێوەم خۆش دەوێت، ئێوە دوا لاپەڕەی ژیانی منن، ئێوە گەورەترین ئەکتەری وڵاتی ڕووسیان). دوای هەفتەیەک بە وەڵامەکەی ئۆڵگا کنیپەر نامەگۆڕینەوەکەیان، کە پێنج ساڵ دەخایەنێت دەست پێ دەکات، لە نامەکانی چێخەف تەنها چوارسەد و پەنجایان لە فەوتان ڕزگار کراون.

نامەگۆڕینەوەی نێوان چێخەف و ئۆڵگا کنیپەر، بەو شێوە بەرفراوانە، بە شێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە زۆربەی پەیوەندییەکەیان و دواتریش هاوسەرگیرییان، بە جیا و دوور لە یەکترییەوە دەژیان: چێخەف لەبەر نەخۆشی لە یاڵتا و ئۆڵگا کنیپەریش لە مۆسکۆ، وەکو ئەکتەر لە شانۆی هونەری مۆسکۆ کاری دەکرد. بێگومان پێکەوە دەژیان، بەڵام لە ماوەی کورت کورتدا، بەتایبەتی بە هاوینان، هەندێک جاریش چێخەف دەهاتە مۆسکۆ. نامە تەنها ڕێگە و ئامرازی پێوەندی و پێکەوەژیانیان، هەروەها دیالۆگێکی بەردەوامیش، لەسەر هەموو ئاستەکان، بووە. لەم نامانەدا، بە وردی ژیانی هاوبەشی چێخەف/ئۆڵگا کنیپەر خراوەتە ڕوو؛ سەرەتای پێوەندییەکەیان، دەرکەوتنی هەست و سۆزەکانیان، یەکەم نامەکانیان، گەشتە بەراییەکەی ئۆڵگا کنیپەر بۆ یاڵتا،

قوولبوونەوەی خۆشەویستی و دواتریش هاوسەرگیرییەکەیان. چێخەف لە نامەیەکی ساڵی ١٩٠٤یدا دەڵێت: (دەبێت ئەوە بزانیت، من بەبێ نامەکانی تۆ ناتوانم بژیم).

چێخەف پایزی ساڵی ١٩٩٠ دەست دەکات بە نووسینی (سێ خوشک)، لە دووتوێی نامەکانیشەوە، بە شێک لە پرۆسەی نووسینی ئەم دەقەمان بۆ دەردەکەوێت. (لەبارەی شانۆنامەکەوە دەبێت بڵێم، کە زوو یان درەنگ تەواوی دەکەم، ڕەنگە لە سێپتەمبەر، ئۆکتۆبەر یان نۆڤەمبەردا بێت، وەلێ مەیموونە ئازیزەکەم، تەواوکردنی بۆ ئەم وەرزەی شانۆ هێشتا ناتوانم هیچ بڵێم، ڕەنگە لای منەوە بڕیارێکی پێچەوانە هەبێت، لەبەر ئەوەی یەکەم لەوانەیە تەواو نەبێت و هەروەک ئێستا لەسەر مێزەکەم ڕاکشابێت و جێگە خۆش بکات، دووەمیش دەبێت خۆم لە کاتی پرۆڤەکردندا ئامادە بم! چوار ڕۆڵی زۆر گرنگی ژن، چوار ژنی گەنجی ڕووناکبیر، لەگەڵ هەموو ڕێزێکمدا بۆ هەست و هۆشی "ستانیسلاڤسکی"، بەڵام ناتوانم بیدەمە دەستی. دەبێت خۆم نیمچە چاودێرییەکی پرۆڤەکەی بکەم (...).)

چێخەف لە مانگی دەی هەمان ساڵدا، بە دەقەکەیەوە دێت بۆ مۆسکۆ، بە ئامادەبوونی خۆی لە شانۆی هونەری مۆسکۆ دەخوێندرێتەوە. دوو مانگ لە مۆسکۆ دەمێنێتەوە، لە نزیکەوە لەگەڵ ستانیسلاڤسکی و نمیرۆڤیچ و ئەندامەکانی تری شانۆی هونەری مۆسکۆ دەژی، بەشداریی گفتوگۆ و پرۆسە هونەرییەکەیان دەکات و لە نزیکیشەوە، لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا لەگەڵ ئۆڵگا کنیپەر دەژی. لە سەرەتای مانگی دوانزەدا بەرەو شاری (نیس) لە فەرەنسا دەکەوێتە ڕێ و هەموو زستانەکە لەوێ بەسەر دەبات. لەم سەفەرەیدا بە دەقەکەیدا

دەچێتەوە، هەندێک گۆڕانکاریی تیا دەکات و بە تەواویش پاکنووسی دەکات، لە هەمان کاتدا لە مۆسکۆ پرۆڤەی تیا دەکەن. چێخەف لە وەڵامی نامەیەکی ئۆڵگا کنیپەردا، سەبارەت بە پرۆڤەکانی (سێ خوشک) دەڵێت: (هیچ نەبێت باسی "سێ خوشکەکە"م بۆ بکە. ئایا دەکرێت شتی بۆ زیاد بکەیت، یان لێی کەم بکەیتەوە؟ تۆ باش دەور دەبینیت ئازیزەکەم؟ بڕوانە، لە هیچ کام لە پەردەکاندا خۆت وا پیشان مەدە، کە خەمباریت، تووڕە بە، بەڵام غەمگین مەبە. ئەو کەسانەی لە ناوەوەیاندا خەمبارن، ناتوانن قسە باش بکەن و لە بیرکردنەوەدا بزر دەبن. زۆر جار لەسەر شانۆ، کە خەڵکی قسە دەکەن، تۆ خەم داتدەگرێت. تێدەگەیت؟ بێگومان تێدەگەیت، چونکە تۆ زیرەکیت (...).

چێخەف لە ڕێگەی نامەکانی ئۆڵگا کنیپەر و ستانیسلاڤسکی-یشەوە، ئاگاداری ڕەوشی پرۆڤە و خوێندنەوەی دەقەکە بووە، لە زۆر ڕووەوە نائارام بووە و زۆر جار هەستی کردووە، لە دەقەکە ناگەن. لە وەڵامی یەکێک لە نامەکانی ئۆڵگا کنیپەردا دەڵێت: ("سێ خوشکەکە" چیی بەسەرهات؟ لە نامەکانتدا وا دەردەکەوێت، کە هەمووتان هەر لە فشەتان داوە، دەنگەدەنگ لە پەردەی سێیەمدا؟ بۆ دەنگەدەنگ؟ دەنگەکان هەموویان دوور و لە دەرەوەی شانۆکە و لەسەرخۆن، بەڵام لەسەر شانۆکە هەموویان خەواڵوون و وەنەوز دەدەن، ئەگەر پەردەی سێیەم خراپ بکەن هەموو نمایشەکە خراپ دەبێت و لەم سەرەتای کاری نمایشنامە نووسینەمدا ناوم دەزڕێنن و لە شانۆم وەدەردەنێن). ئۆڵگا کنیپەر لە (سێ خوشک)دا ڕۆڵی (ماشا) دەبینێت.

(سێ خوشک) بۆ یەکەم جار لە شانۆی هونەری مۆسکۆ، لە کۆتایی مانگی یەکی ساڵی ١٩٠١دا نمایش دەکرێت، هاوکات چـــێخەف لە ڕێگـــەی ئیتالیـــاوە دەگەڕێـــتەوە، ئەو نـــامە و تەلگرافانەی بە بۆنەی سەرکەوتنی نمایشەکەوە بۆی دەنێرن، نـــاگەنە دەســـتی، بـــۆیە چـــێخەف دەگـــاتە ئەو بـــڕوایەی، کە نمایشەکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، لە پانزەی مانگی دوودا دەگـــاتەوە یاڵتـــا، ئەوســـا هەواڵـــی ســـەرکەوتنی دەق و نمایشەکەی بەدەست دەگات.

چـێخەف دەیویـست لەگەڵ ئۆڵگـا کنیـپەر لە پێوەنـدییەکی کراوەدا بژی، حەزی بە هاوسەرگیری و زەماوەند نەدەکرد و بە هەمـوو شـێوەیەک خـۆی لەو مەسـەلانە دەدزیـیەوە، ئۆڵگـا کنیـــپەریش بەمە ڕازی نەدەبـــوو، ئەو دەیویـــست ژیـــانی هاوســەرگیری پێـک بهێـنن. چـێخەف پزیـشک بـوو، دەیزانـی نەخۆشە و هێندەیشی لە ژیاندا نەماوە، لەوەوبەر پێوەندییەکی زۆری بە ئافرەتی ترەوە هەبووە و هەرگیز نەیویستووە ژیانی هاوســەرگیری پێـک بهێنێـت، بەڵام لە ئەنجامـدا بە داواکـارییە بەردەوامەکەی ئۆڵگـا کنیـپەر قایـل دەبێـت و لە بیـستوپێنجی مانگی پێنجی ساڵی ١٩٠١دا ژیانی هاوسەرگیری و خێزانێکی پەرتەوازە پێک دەهێنن. چێخەف هەروەک جاران بە تەنها لە یاڵتا دەژی و ئۆڵگا کنیپەریش لە مۆسکۆ.

زۆر جار ئۆڵگا کنیپەر لە نامەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هەست بە ئازاری ویـژدان دەکـات، بەتـایبەتی کە چـێخەف نەخۆشـە و ئەو لەوێ نیـیە و ناتوانێـت یـارمەتیی بـدات، بەڵام چێخەف سوورە لەسەر ئەو جۆرەی ژیانیان؛ ئەو لە یاڵتـا و ئۆڵگا کنیپەریش لە مۆسکۆ. ساڵی ١٩٠٢ کێشە و قەیرانەکانیان قووڵتر دەبێتەوە، تەندروستیی چێخەف خراپتر دەبێت، ئۆڵگا

کنیپەریش لەم ساڵەدا منداڵێکی لەبار دەچێت، کە دەشبێتە هۆی هەوکردن و نەخۆشی و ڕەوشێکی گران و ناخۆش بۆ هەردووکیان دروست دەکات. هاوینی ئەم ساڵە، میوانی ستانیسلاڤسکی، لە خانووە هاوینەکەی، لە دەرەوەی مۆسکۆوە دەبن، لەم شوێنەدا کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن و سەرلەنوێ لە چیرۆکی عیشقی یەکدا دەژین، هەر لەم شوێنە چێخەف دەقی (باخی گێلاس) لە هزریدا چەکەرە دەکات.

چێخەف پایزی هەمان ساڵ، لە یاڵتا دەژی و خەریکی نووسینی (باخی گێلاس) دەبێت، ئۆلگا کنیپەریش لە شانۆی هونەری مۆسکۆ دەکەوێتەوە کار و ڕێپۆرتوارێکی تر دەست پێ دەکاتەوە. هاوینی ١٩٠٣ پێکەوە لە یاڵتا دەبن، لە مانگی نۆیشدا (باخی گێلاس) تەواو دەکات و لە ناوەڕاستی مانگی دەدا دەینێرێت بۆ شانۆی هونەری مۆسکۆ، کە لە چاوەڕوانییەکی بێپایانی ئەو باخی گێلاسەدا دەبن. چێخەف لە نامەیەکی دوانزەی ئۆکتۆبەردا، بۆ ئۆلگا کنیپەر دەنووسێت: (باشە ماینپەر خودا بە ئارامگرمان قبووڵ بکات، نمایشنامەکە تەواو بوو، بەڕاستی تەواو بووە و سبەینێ یان ئەوپەڕی لە ١٤ی ئۆکتۆبەردا دەینێرم بۆ مۆسکۆ، هەندێک سەرنج و تێبینیی لەگەڵدا دەنێرم. ئەگەر گۆڕانێکی بوویت لام وایە زۆر نییە، خراپترین شت لەم نمایشنامەیەدا ئەوەیە، کە من یەکژەمی و بێ وەستان نەمنووسیوە، بەڵکو ماوەیەکی زۆری ویست تا تەواو بوو، هەر ئەمەیشە ڕەنگە کەمێک بێزارکەر بێت. بزانم چی دەبێت). چێخەف لە مانگی دوانزەدا دێت بۆ مۆسکۆ و بەشداریی پرۆڤەکان دەکات. (باخی گێلاس) لە حەڤدەی مانگی یەکی ساڵی ١٩٠٤دا نمایش دەکرێت و لە هەمان کاتدا یادی بیستوپێنج ساڵەی چێخەف، وەکو نووسەر دەکرێتەوە.

نـامەگۆڕینەوەی نێـوان چـێخەف و ئۆڵگـا کنیـپەر لەســەر هەمـوو ئاسـتەکان بەردەوام دەبێـت، ژیـانی ڕۆژانە بە هەمـوو ساکارییەکیەوە، بە هەموو دژوارییەکیەوە لەخۆ دەگرێت؛ باری تەندروسـتیی چـێخەف، ڕەوتـی شـانۆ، پێکەوەژیـان، پێوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، هاوکات قۆنـاغێکی گرنگی شانۆی هونەری مۆسکۆ، کە بەشێکی گرنگی مێژووی شـانۆی جیهـانییە، لەم نامـانەدا جێگـەیـان بـووەتەوە. نامەکـان چەندە بە قووڵی باسی پێوەندییەکانی خۆیان و ڕۆڵی هـونەر و شـانۆ دەکەن، هێنـدەیش لایەنێکـی پـڕ لە خەنـدە و گـاڵتەوگەپ لەخـۆ دەگـرن و چـێخەف زۆر جـار بە تـۆنێکی کۆمیـدی و زمــانێکی تەنزئاســا دەنووســێت. هەنــدێک جــار پرســـیار و وەڵامەکـان لە ســاکاریدا قــووڵ دەبــنەوە و دەبــنە ڕامــانێکی فـرەمەودا بـۆ بـوون و ژیـان و پێکەوەبـوون. ئۆڵگـا کنیـپەر لە نامەیەکی ساڵی ١٩٠٤دا، لە ئەنجامی دڵەڕاوکێیەکی بێهودەدا بۆ چێخەف دەنووسێت: (ئـازیزەکەم ئەنتـوان، مانـای ژیـان چییە؟ مـن هـیچ تێنـاگەم، هەسـت دەکەم گێلم. هەسـت بە پەژارەیەکـی گـران دەکەم و وا دەزانـم بـارێکی گـرانم بەسـەر شـانەوەیە) چـێخەف-یـش لە وەڵامـدا، بە سـاکاری دەڵێـت: (لێـت پرسـیوم ژیـان چیـیە؟ وەک ئەوە وایە بپرسـیت: گێـزەر چیـیە؟ گێـزەر گێــزەرە، ئەمەیــش هەمــوو شــتێکە ســەبارەت بە گێزەرێـک بیزانین). بەڵام شانۆ هەردەم ڕۆڵێکی گەورەی ناوەندگیری لەم نامانەدا هەیە، ئەمەیش شتێکی ئاساییە، ئۆڵگا کنیپەر لە هەمـوو شـانۆنامەکانی چێخەفدا ڕۆڵـی سـەرەکیی بینیـوە، ئۆڵگـا کنیـپەر تاکە کەسێک بـووە، کە چێخەف گفتوگۆی سـەبارەت بە شـانۆ لەگەڵ کردووە، هەروەها ئۆڵگا کنیپەر تەنها کەسێک بـووە، بە بەردەوامـی چـی لەنێو پرۆڤەکـانی شـانۆی هـونەری مۆسـکۆدا

ڕووی داوە، بۆ چێخەفی باس کردووە. چێخەف باسی کارەکتەرەکانی خۆی دەکات، ئاماژە بۆ ئاست و توانای هەندێک لە ئەکتەرەکان دەکات، زۆر جار ڕۆڵەکانیان هەڵدەسەنگێنێت و ڕەخنەی توندیان لێ دەگرێت. هەر لەم نامانەدا سەرەتاکانی ئەو ناکۆکییە قووڵەی نێوان ستانیسلاڤسکی و نمیرۆڤیچ-مان بۆ دەردەکەوێت، چێخەف و ئۆڵگا کنیپەریش لایەنی نمیرۆڤیچ دەگرن. خوێندنەوەکانی ستانیسلاڤسکی بۆ شانۆنامەکانی چێخەف و چۆنیەتیی مامەڵەکردن و بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکان، کێشەیەکی گەورە لەنێوان ستانیسلاڤسکی، نمیرۆڤیچ لە لایەک و چێخەف لە لایەکی ترەوە دروست دەکەن. ئەم ناکۆکییە بە تەواوی لە نمایشی (باخی گێلاس)دا دەردەکەوێت؛ چێخەف و ستانیسلاڤسکی لە دوو دیدی تەواو جیاوازەوە سەیری ئەم دەقەیان کردووە، چێخەف لە یەکێک لە نامەکانیشیدا، کە بۆ ئۆڵگا کنیپەری نووسیوە، دەڵێت (دیمەنێک، کە لەسەر شانۆ پێویستە تەنها دوانزە دەقیقە بخایەنێت، لای ئێوە چل دەقیقە دەخایەنێت).

(باخی گێلاس) بۆ ستانیسلاڤسکی شانۆنامەیەکی تراجیدی بووە، هەر لەم دیدەیشەوە کاری لە نمایشەکەیدا کردووە، ئەمەیش پێچەوانەی تێگەیشتنی چێخەف بووە و بۆ ئەو وەک نووسەری شانۆنامەکە (باخی گێلاس) شانۆنامەیەکی کۆمیدی بووە. ئۆڵگا کنیپەر بۆ چێخەف دەنووسێت، کە ستانیسلاڤسکی (باخی گێلاس)ی خوێندەوە، دەگریا. چێخەف-یش لە وەڵامدا، بە سەرسوورمانەوە دەڵێت: (گریا؟ ئەمە کۆمیدیە! ستانیسلاڤسکی نابێت ئەم دەقە بشێوێنێت!) دواتر ئۆڵگا کنیپەر لە یاداشتەکانی خۆیدا سەبارەت بەم نمایشە دەڵێت: (دەتوانم

بڵێم کارکردن لەسەر باخی گێلاس ئازاراوی بوو، لەنێوان نووسەرەکەی و ستافی کارەکەدا لێکتێگەیشتن نەبوو. بەڵام هەموو شتێک بە چاکی کۆتایی هات).

هەرچەندە چێخەف لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ ستانیسلاڤسکی ناکۆک بووە و هەندێک جار بە توندی ڕەخنەی لە شانۆی هونەری مۆسکۆ گرتووە، بەڵام ئەو ڕاستییەشی زانیوە، کە تەنها شانۆی هونەری مۆسکۆ، شانۆنامەکانی ئەویان بەرەو سەرکەوتن بردووە و توانیویانە بەردەوامیی پێ ببەخشن، ئەگەر ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی (نەورەس) نەبوایە، ئەوە بەبێ هیچ گومانێک چێخەف چیتر بۆ شانۆی نەدەنووسی، لەم ڕەوشەیشدا نە (سێ خوشک) و نە (باخی گێلاس) نەدەنووسران.

**سەرچاوە:**

**دڵدارە هەرە ئازیزەکەم، نامەی خۆشەویستیی نێوان ئانتۆن چێخەف و ئۆڵگا کنیپەر، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ڕەووف بێگەرد. بڵاو کراوەکانی دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، ٢٠٠٨.**

# دەقە شانۆییەکانی چێخەف
# بەپێی مێژووی نووسینیان

١٨٨٠ پلاتۆنـۆڤ. ئەم دەقە ئەم ناونیشانانەیـشی هەیە: (بێباوکەکـان "هەتیمچەکان" شانۆگەرییە بێ ناوەکە).
١٨٨٥ لەسەر ڕێگەیەکی درێژ
١٨٨٦ زیانی تووتن
١٨٨٧ دوا گۆرانی
١٨٨٧ ئیڤانۆڤ (کۆمیدیا) یەکەم بەرهەمی کە خرایە سەر شانۆ.
١٨٨٧ هاملێت، شازادە دانمـارکییەکە. تەواوی نەکردووە و هەر وەک پلانێک ماوەتەوە.
١٨٨٨ ورچ
١٨٨٨ خوازبێنی
١٨٨٩ شەیتانی دارستان
١٨٨٩ تاتیانا ڕیبینا
١٨٨٩ تراجیدیایەکی نەخوازراو
١٨٨٩ زەماوەند
١٨٩٠ شەوی بەر لە دادگاییکردن
١٨٩١ساڵئاهەنگ
١٨٩٦ نەورەس
١٨٩٧ - ١٨٩٨ خاڵە ڤانیا
١٩٠٠ سێ خوشک
١٩٠٢ زیانی تووتن (سەرلەنوێ دایدەڕێژێتەوە)
١٩٠٣ باخی گێلاس

## سەرچاوەکان:

### بە سویدی:


1-Långbacka, Ralf, Möten med Tjechov, sex essäer. Söderström&C:o Förlags Ab 1986

2-Kleberg, Lars, Tjechov och friheten, en litterär biografi. Natur & Kultur 2010

3-Kleberg, Lars, Tjechovs leende, Översättaren som skådespelare. Dialoger 2001

4-Ehrenburg, Ilja, Tjechov läst på nytt. Tidens förlag Stockholm, 1960

5-Älska mig och skriv! Brevväxlingen mellan Anton Tjechov och Olga Knipper 1899-1904, översättning, urval, redigering: Ulla Roseen. Anthropos, 1999

6-Levander, Hans, Anton Tjechov. Natur och kultur, Stockholm, 1969

7-Laffitte, Sofhie, Tjechov i bilder och dokument. C W K Gleerup bokförlag, Lund, 1967

8-Nemirovitj-Dantjenko, Vladimir, Konstnärliga teatern, översättning av Inga Tegen, Stockholms Bokindustri AB, 1952

9-Granroth, Trygve, Anton Tjechov- läkaren och författaren, Vasa, 1998

10-Kjellin Gösta, Ramnefalk, Marie Louise, Modern dramatik. Bokförlaget Aldus/Bonniers, 1971 Stockholm

11-K. S Stanislavskij, Mitt liv i konsten, Froleen & Comp. Stockholm, 1951

12-Lamm, Martin, Det moderna dramat, bokförlaget Aldus/Bonniers, 1969

13-Lindberg, Per, Kring Ridån, Albert Bonniers förlag, 1932, Stockholm

14-Anton Tjechov, tre kortaromaner, modernista, 2016

15-Strehler, Giorgio, Cechovs Körsbärsträdgården, Teaterarbete, texter för teori och praxis, utgivna av Kurt Aspelin, bokförlaget PAN/Norstedts, 1977

16-Asplund, Karl Gustav, tiden och teatern 2, kim press, 2000

**دەقی شانۆنامەکانی چێخەف بە سویدی:**

1-Anton Tjechov, Fyra pjäser: Måsen, Morbror Vanja,Tresystrar, Körsbärsträdgården. Översättning och kommentarer av Lars Kleberg. Brutus Östling Bokförlag Symposion. 2004

2-Anton Tjechov, Platonov, pjäs utan titel. Översättning av Staffan Skott, Brutus Östling Bokförlag Symposion. 2003

3-Anton Tjechov, Dramer, Ivanov, Måsen, Morbror Vanja, Tre systrar, Körsbärsträdgården, Skogsspöket, i översättning av Staffan Skott, Gidlunds förlag, 2003

4-Anton Tjechov, Komedier, översättnin med efterskrift och kommentarer av Lars Kleberg. Brutus Östlings Bokförlag, Symposion, 2000

**بە کوردی**

١-هێنری ترۆیا، چیخۆف، وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٥.

٢-چیخۆف و ئۆڵگا کنیپەر، دڵدارە هەرە ئازیزەکەم، نامەی خۆشەویستیی نێوان چیخۆف و کنیپەر، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ڕەووف بێگەرد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨.

٣-ئوربــان، پيــتەر، ئەنتــوان چيخــۆف، ژيــانی لە وێــنەدا، وەرگێڕانـی لە عەرەبيـيەوە، ڕەووف بـێگەرد، دەزگـای چـاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٢.

٤-شـتاينەر، جۆرج، مەرگـی تراژيـديا، وەرگێڕانـی پێشڕەو حسێن، دەزگای چاپ و پەخشی سەدەم، ٢٠١٣.

**شانۆنامەکانی چێخەف بە کوردی:**

١-نەورەس، وەرگێڕانی لە ڕووسييەوە، شيروان مەحمـوود محەمەد، زنجيرەی شـانۆی بيانی، ژمـارە ٥٥، دەزگـای ئاراس، ٢٠١١.

٢-خاڵە ڤانيا، وەرگێڕانی لە ڕووسييەوە، شيروان مەحموود محەمەد، زنجيرەی شـانۆی بيانی، ژمـارە ٦٠، دەزگـای ئاراس، ٢٠١٢.

٣-سـێ خوشـک، وەرگێڕانـی لە ڕووسـييەوە، جەلال تەقـی، زنجيرەی شانۆی بيانی، ژمارە ٢٠، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨.

٤-باخـچەی گێلاسەکە، وەرگێڕانی لە ڕووسـييەوە، شـيروان مەحمــوود مــحەمەد، زنجيــرەی شــانۆی بيــانی، ژمــارە ٤٠، دەزگای ئاراس، ٢٠١٠.

**به عەرەبی:**

١-مسرحيات تشيخوف (من "بلاتونوف" الى "بستان الكرز") فى مختبر تشيخوف الابداعى، الاستاذ الدكتور أحمد علي الهمداني، دار المسيره للنشر و التوزيع و الطباعه، ٢٠٠٦

٢-عبدالقادر، فاروق، نافذه على مسرح الغرب المعاصر، دراسات و تجارب، دار الفكر للدراسات و النشر و التوزتع، ١٩٨٧

٣-رشدى، د. ڕشاد، نظريه الدراما من أرسطو الى الآن، دار العوده- بيروت، ١٩٧٥

٤-عبد المسيح وثروت، يوسف، معالم الدراما فى العصر الحديث، منشورات المكتبه العصريه، بيروت.

٥-ستيان، ج. ل، الدراما الحديثه بين النضريه و التطبيق، ترجمه محمد جمول، منشورات وزاره الثقافه فى الجمهوريه العربيه السوريه، دمشق ١٩٩٥

٦-بروستاين، ڕوبرت، المسرح الثورى، دراسات فى الدراما الحديثة من ابسن الى چان چينية، ترجمة، عبدالحليم البشلاوى، الهيئة المصرية العامة التاليف و النشر

٧-بروک، بيتر، النقطه المتحوله: آربعون عاما فى استكشاف المسرح. ترجمه فاروق عبدالقادر. الكويت، ١٩٩١

٨-شانۆنامەکانی چێخەف بە عەرەبی

أنطون تشيخوف، مولفات مختاره فى ٤ مجلدات، ترجمه د. ابوبكر يوسف، دار "رادوغا" موسكو، طبع فى الاتحاد السوفييتى، ١٩٨٨

ژمارەیەکی زۆر لە پرۆگرامی شانۆنامەکانی چێخەف، کە لەسەر شانۆکانی سوێد و ڕووسیا و وڵاتانی تری ئەورووپا، نمایش کراون و من دیومن.

## له بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر

١-شانۆی توندوتیژی لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا، لێکۆڵینەوە ١٩٨٨

٢-گوتاری ئەزموونگەری لە ڕەوتی شانۆی کوردییدا، لێکۆڵینەوە ١٩٩٥

٣-ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠١، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان

٤-ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، ٢٠٠١، چاپی سوێد

٥-پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٣، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان

٦-پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٤، چاپی سوێد

٧-شانۆی سوێدی، هەڵوێسته و تێڕوانین لە ڕەوتی شانۆی سوێدی لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، لێکۆڵینەوە، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦

٨-مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠٠٧

٩-مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، چاپی سوێد، ٢٠٠٧

١٠-هارۆڵد پینتەر، ژیان و شانۆ، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆی تیپی شانۆی سالار، ٢٠٠٩

١١-شانۆی سوێدی، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ، ٢٠١٠

١٢-لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن، لێکۆڵینەوە، ڕەنج، ٢٠١٠

١٣-چین، شانۆنامە، نووسینی ئێریک ئۆدێنباری، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١٠

١٤-تەرمینالٚ. سێ شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١١

١٥-پانتایی بۆش و دەروازەیەک بۆ شانۆیەکی جودا. دەزگای سەردەم، ٢٠١٣

١٦-ئاوگوست ستریندبێرگ، ژیانی مرۆڤێکی بێدەرەتان و نووسەرێکی ڕچەشکێن، بیۆگرافیا و ڕاڤەکردن. دەزگای سەردەم، ٢٠١٤

١٧-پەڕینەوە بە مەرزەکاندا. دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٤

١٨-ژان ژینییە ئەفسانە و واقیع، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٥

١٩-تیۆرەکانی دەرهێنانی شانۆیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٥

٢٠- هارۆڵد پینتەر، شانۆیەکی سیاسیی و گەمەی دەسەڵات، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٥

٢١-تیۆر و پراکتیک لە کتێبەکانی شانۆدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٦

٢٢-لاش نۆرێن، هەرەسهێنانی خێزان و بنەما کۆمەڵایەتییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٦

**بە سوێدی**

١-ڕەوش و داهێنان، لێکۆڵینەوەی شانۆ، دەزگای کالسۆن، ٢٠٠٨

٢-ژیانێکی تر، شیعر، دەزگای پیونیار، ٢٠٠٦

٣-دوو کلۆ بەفر، چیرۆکی منداڵان، وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ سوێدی. ٢٠٠١

# زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٧

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٨١٢ | سلێمانییەکان (کۆمەڵەچیرۆک) | فاروق هۆمەر | |
| ٨١٣ | شوناسی عێراق ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان | شێرکۆ کرمانج | |
| ٨١٤ | کوردەکان و وڵاتی کوردەواری | مێجەر شێخ عەبدولواحید | ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی |
| ٨١٥ | گفتوگۆ لەگەڵ کافکا | گوستاڤ یانۆخ | کەریم پەڕەنگ |
| ٨١٦ | فەلسەفەی هونەر | د. محەمەد کەمال | |
| ٨١٧ | دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت | ناتاشا ئیزرۆ ـ ئیریکا فرانتز | د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا |
| ٨١٨ | دۆستۆیڤسکی | هێنری ترۆیا | حەمەکەریم عارف |
| ٧١٩ | یادەوەرییەکانی ژێرزەوی | فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی | ڕەووف بێگەرد |
| ٧٢٠ | گەڕان لەنێوان واقیع و خەیاڵدا | عەتا قەرەداخی | |
| ٧٢١ | وێرانەپیاو | عەبدولعەزیز بەرەکە ساکن | سەباح ئیسماعیل |
| ٧٢٢ | وەرگێڕان | میشل ئۆستینۆف | فەرشید شەریفی |
| ٧٢٣ | ڕەهەندەکانی حەسەن زیرەک | | عادل محەمەد |
| | | | |
| | | | |